# پرۆژەی پاراستنی لاوان

# Youth Protection Project

ڕێکخراوی خاوێن بۆ پەرەپێدانی تەندروستی

X.O.H.D

منظمة خاوين للتطوير الصحي

# نەخۆشیە سێکسییەکانو سزای خوایی

نوسینی

د.عبدالحمیدالقضاة

وەرگێڕانی

هیدایت حسین هەورامی

٢٠١٧

چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم


- **ناوی کتێب : نەخۆشیە سێکسییەکانو سزای خوایی**
- **ناوی نوسەر :** د.عبدالحميدالقضاة
- **ناوی وەرگێر: هیدایت حسین هەورامی**
- **تایپ :** **ڕازۆ هیدایت - سۆزە هیدایت**
- **دیزاین :** **شلێر محمد**
- **چاپ : یەکەم**
- **تیراژ : ٥٠٠ دانە**
- **ساڵی چاپکردن : ٢٠١٧**



- **مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ**

# پێشەکی

## بەناوی خوای تاكو تەنها

سوپاسو ستایش بۆ دروستکەرو بەجێهێنەری بونەوەر، درودو سەلامی بێپایان بۆ گیانی پاکی حەزرەتی رەسول الله(ﷺ)، بۆ سەر یارو یاوەرو شوێنکەوتوانی تا رۆژی دوایی.

سوپاسو ستایش بۆ خوای مهرەبان کە ئەم ئاینی ئیسلامە جوانەی پێ بەخشینو کردیە رێپیشاندەرو رێڕۆشنکەرەوەمان، یاساو بەرنامەو شەریعەتی بۆ رەوانە کردینو پێغەمبەری ئازیزیشی ((ﷺ)) کردە پێشەواو پێشەنگی مرۆڤایەتیو چرا هەڵگری رێی بەختەوەریو کامەرانی.

سوپاسو ستایش بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەر کە شەریعەتو یاساو بەرنامەیەکی بۆ ناردوین کەتەواوو تەواوکارە لەگەڵ سروشتو فیترەتی مرۆڤەکان ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾
المائدة: ٣

ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا کە حەراممان کردووە) هەر کەس ناچار کرا لە گرانیی و برسێتیدا (مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات کە حەراممان کردووە (بەمەرجێک دەست درێژکار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات) و خۆی تووشی گوناهو تاوان نەکات، ئەوە بەڕاستی خوا لێخۆشبووەو میهرەبانە (بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە) ﴿ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ ﴾ الروم: ٣٠

ر دروست کردووە سەی لەیە بن کە خوا ئێوەخشەو نەندی ئەش پابەڵکینە ئێوەخە ن)، هیچ جۆرە دەکانە لێی لامەمیزادەی ژیانی ئادەخشەلۆك و نەتە(واتە قورئان کە یە دینی ڕاست و وە، ئا ئەو دروستکراوێکی خوادا نی یەخشەك لە هیچ نەگۆڕانکاریە م ڕاستیانە نازانلێکی ئەی خەڵام زۆربەدروست، بە.

**خوای پەروەردگار مرۆڤی دروستکردوە بۆ چەند مەبەستێك:**

*** بۆ پەرستش و بەندایەتی کردنی خوای گەورە** ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾ الذاريات: ٥٦

بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووەتەنها بۆ ئەوەنەبێت کەمن بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

*** بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی**

*** بۆ جێنیشینی کردنی خوای پەروەردگار لە سەر ئەم زەویە**

﴿ وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ البقرة: ٣٠

(ئەی محمد (صلی اللە علیە وسلم) باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا) پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە

خراپەو تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنرێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

بۆ ئەم مەبەستانەش پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم هێناوە لە( قورئانی پیرۆزو بەرنامەو شەریعەتو ئاینی ئیسلام)، هەروەها ناردنی پێغەمبەرانو رەوانەکراوانی خوای پەروەردگار بۆ رێنمویی رێپیشاندانی گرۆهی بەشەریەت بە قورئانو سیرەتو سونەتەکانیانەوە، ئاینی ئیسلام ئاینێکی سروشتیو گونجاوە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا بۆ هێنانە دی مەبەستەکانی دروست بونی مرۆڤ، بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامو سەرزەوی ئاوەدان بێتو بنیات بنرێو ژیانی تێدا بگوزەرێ، تاوەکو زیاتر خوای بێهاوتای تیا بپەرسترێ، بۆیە پێویستی بە بەرنامەو شەریعەتێکە کە ئەم مەرجانەی تێدا هاتبێتەدی کە بریتیە لە (جێبەجێکردنو ئەنجامدانی کاری هاوسەرگیری سروشتیو راستو دروست) بەو شێوەیەی کە خوای میهرەبان بۆ مرۆڤەگانی بڕیارداوەو دەستنیشانی کردوە، تاوەکو مرۆڤەکان ئاسودە بنو ئەرکەکانیان لەم سەر زەویەدا بە جوانی دروستی جێبەجێ بکەن، بۆیە لەم بابەتەی کە دەستمان بۆ بردوە کە بریتیە لەو لادانە رەوشتیانەی کە مرۆڤ تێی ئەکەوێت بە هۆی نەفامیو نەزانینیەوە لە بەرنامەو یاسای خوای تاكو تەنها، ئەگەر بەگوێو شوێنی ئەم

بەرنامەی خوای گەورەیە نەکرا ئەوا مرۆڤەکان توشی بەڵاو کارەسات دەبن.

دوابەدوای بەشداری کردنم لە خولێك لە رۆژی (شەممە) بەرواری (٢٠١٥/١١/١٤) کە پزیشکانی یەکگرتوو کردبوویانەوە ئێمەش وەك تەندروستکارانی یەکگرتوو بەشداریمان کرد، کە خولەکە دوو رۆژی خایاندو لە لایەن بەڕێز (د.عبدالحمید القضاة) تەواوی وانەکان وترانەوەو پێشکەش کران.

دوای تێگەیشتنم لە کاری پیاوچاکان‌ودڵسۆزانی خواو خەڵك لەسەر ئەرك‌و ماندوبون‌و گیرفانی خۆی‌و ئەم هەموو هەوڵ‌و تێکۆشان‌و گەڕان بە وڵاتان‌و لە بواری تەندروستی خۆیدا تا بتوانێ زۆرترین‌و گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات.

بۆیە وەك لە دروشمەکەیدا دیارە (دەست لەناو دەست) منیش دەستم بردووە بۆ نێو دەستان‌و قۆڵی مەردایەتیم‌و بە ئاگاییم لێهەڵماڵیوە زۆر تا نا کەمێك بتوانم بەردێك بخەمە سەر بەردێك لە سەر دیواری ئەم پیاوە بەرزو بەڕێزو دڵسۆزو ماندوونەناسەو ناوازەوە بە ئومێدی ئەوەی بتوانم

خزمەتێکی گەلەکەم بکەم بە وەرگێڕانی کتێبەکانی (ناوبراو)ی بەڕێز، ئێمەش وەك نەتەوەی کورد خۆمان دوورەپەرێز بگرین لە بێ ئەمری فەرمانەکانی خوای دروستکەرمان.

۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞

۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞

۞۞۞۞۞۞

# (بەشی یەکەم)
# ( نەخۆشییە گوازراوە سێکسییە کان لە رابردوودا)

## نەخۆشییە گوازراوە سێکسییە کان لە رابردوودا

لە مێژوودا زۆر باسی ئەم نەخۆشیانە کراوە، بەڵکو تەنها وەك بیرو باوەڕپێکراوێك کە تەنها نەخۆشی (سیلان) زۆر بڵاوبووە لای ئیغریقیی‌و رۆمانەکان، هەرچەندە بە راشکاوی باسی لێوە نەکراوەو وەسف نەکراوەو لەسەری نەنوسراوە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان لەو کاتەدا، بۆ تووڕەبوونی خواکانیان یان بەهۆی (دەرەنجامی) نێزەکە ئاسمانییەکان یان بەهۆی لەرینەوە (بومەلەرزە)کانی زەویەوە گێڕاوەتەوە.

یەکەم ئاماژەو هێما کە بۆ پەیوەندی بڵاوبوونەوەی (سیلان) بە سێکسەوە لە (لندن) بوو لە ساڵی ١١٦١ یاسایەك دەرکرا کە ئەبێت پارێزگاری نەکرێت لە هەر سۆزانییەك لە مەلهاکاندا لە کاتی توشبوونی بەم نەخۆشییە، دواتر پاشکۆیەکیان پەیوەست کرد پێوەی لە ساڵی ١٤٣٠دا، کەوا قەدەغەیە لەسەر ئەو پیاوانەی کە ئەناڵێنن بە دەست ئەم جۆرە نەخۆشییەوە کە رۆڵی داوێنپیس ببینن، ئینگلیز بەم نەخۆشیانە ئەڵێ (نەخۆشی شاراوە (المرض المخفي)، بەڵام فەڕەنسییەکان بەم نەخۆشیانە ئەڵێن (سوتانەوەی میز/میزە سۆ) (حرقان البول).

پیاوانی کڵێساش وا دەریان خست کە بگەڕێنەوە بۆ حاڵی کۆمەڵگە کە تێڕوانینێك بکەن لە هەڵوەشاندن‌و تێکچوونی

ئەخلاقی و رەوشت و ئاكاری كۆمەڵگەو، ئافرەتیان بە بەرپرس دانا لە هەموو ئەمانە، بەهۆی چوونەدەرەوەی و تێكەڵاوی بوون و وەرگرتنی چێژوو رابواردنی لەگەڵ ئەوەی ئەیەوێ و چۆنی بوێت رادەبوێرێت، بۆیە لەم رووەوەو بڕیاریاندا كە هاوسەرگیری پیس و گڵاوە، پێویستە لێی دووربكەونەوە، ئەوانەی كە شوویان نەكردووەو شوو ناكەن زۆر بەڕێزن لای خوا لەوانەی كە شوویان كردووە، تەنانەت قدیس (ترتولیان) لەسەر ئەو باسەو ژنان وتی ژن شوێنی چوونە ژوورەوەی شەیتانە بۆ دەروون و نەفسی مرۆڤ، دژوارو پێچەوانەیە لەگەڵ یاساكانی خوا، هەروەها قدیس (سوستام) وتی (ژن شەڕو خراپەو ئاشووبە بەبێ دوودڵی، دەردو نەخۆشییەكی ویستراوە، مەترسیدارە لەسەر ماڵ و خێزان و، خۆشەویستێكی (هەڵوەشێنەرە) و بەڵایەكی داپۆشراوی روكەشییە.

ئەم تێڕوانین و بۆچونە درێژەی كێشاو بێ نرخی و بێ رێزی رۆژئاواییەكان بۆ ژن و ئافرەت بەردەوام بوو بە درێژایی سەدەكانی ناوەڕاست، لە یاداشتێكی (لیكی) خاوەن كتێبی (تاریخ اخلاق اوربا) كە ئەوان (پیاوانی كڵێسا و قدیسەكان) لە سێبەری ژن رایان كردووەو، بە نزیكبوونەوەیان و كۆبوونەوە لەگەڵیاندا گوناهابار ئەبن، تەنانەت قسەكردن و لەسەرڕێ

توشبوونیان، ئەگەر چی دایكو ژنو كچیشیان بوو بن، ئەوا كردەوەكانیان بەزایە ئەچوو كردەوەكانیان ئەسڕایەوەو هەولڵو تێكۆشانە روحییەكانیان ئەشۆرایەوە.

له یاسا سەیرو سەرسوڕهێنەرەكانی ئینگلیز ساڵی ١٨٠٥ هاتووه كه رەواو دروسته بۆ پیاو كه ژنەكەی خۆی بفرۆشێتو نرخەكەشی دیاریكراوبوو كه بیفرۆشێت كه به (شەش پنس)بوو.

هەروەها لەگەڵ نەرێنیو كاره نادروستو خراپەكانی كڵێسا لەو كاتەدا، ئەوە بوو كه داوایان له خەڵكی ئەكرد كه دوور بكەونەوە له (زینا/ داوێن پیسی)، پەیوەست بن به (عفاف/ پاك داوێنی) كه ئەبێته هۆی دواخستنی بڵاوبونەوەی نەخۆشییه سێكسییەكان .

هەروەها لەو كاتەدا، سزای توند دژی (سۆزانییەكان) هەبوو له هەندێ ناوچه له ئەوروپادا، لەو سزایانه (سۆزانی) ئەبەسترا به كلكی ئەسپێكەوە، ئەیانگێڕا به رووتو قووتی له جادەو رێگەكانی شاردا، هەروەها له ناوچەیەكیتردا پێویستیان ئەكرد له سەر (سۆزانی) كه جله تایبەتەكانی خۆی دابكەنێ و تا خەڵكی بیناسنو لێی دور بكەونەوە.

لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا خەڵکی لە کۆتو زەنجیری کڵێسا رزگاریان بوو، کڵێسایان بە دوژمنی خۆیان لە قەڵەم داو، بانگەوازی کڵێسا بۆ پاك داوێنیو پاکی لەدەست داو نەما، خێزان لێك هەڵوەشایەوەو تێکچوو، گرفتو کێشەی سێکسی پەیدابووو سەری هەڵدا، لەم ناوەندە گونجاوەدا، ئەوروپا شەپۆلێکی توندی لە نەخۆشی سێکسی تازەی تێپەڕاندو هات بە سەریداو کە جۆرەها ناوی بەسەردا نرا بۆ دوا جار ناوی نەخۆشی (زهریو سفلس)ی لێنرا.

بەڵام ئەصڵو بناغەی ئەم نەخۆشییەو لە کوێوە هاتو چۆن گەیشتە ئەوروپا، زۆر راو بۆچوون هەیە، گرنگترینیان سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی لە ئەفریقاوە دەستی پێکرد.

کە لە کۆیلەو بەندەکانەوە هات بە شێوەی نەخۆشییەکی سادەی پێست کە پەیوەندی بە سێکیسەوە نەبوو، دواتر شێوەکەی گۆڕا بە هۆی گۆڕانی دابو نەریتی کۆمەڵایەتیو کەشو هەوای ساردەوە تا گەیشتە ئەم چۆنیەتیەی کڵێسا هەیەو دیارەو لە بەرچاوە.

رایەکیتر کە رایەکی راستە، ئەڵێن لەگەڵ کریستۆڤەر کۆڵۆمبسو دەریاوانەکەی لە ساڵی ١٤٩٣دا هاتوو بۆ برشلۆنە دوای دۆزینەوەی ئەمریکا، ئیتر ئەمریکا شەپۆلی نەخۆشی

نویۆ تازە گرتیەوە کە لەوەو پێش نەبیسترابوون کە پێیان وتراوە (الحصبە الهندیە- سورێژەی هیندی)، یەکەم وەصف لەسەر زمانی پزیشکێکی پورتوگالی (ری دیاز) هات کە بانگ کرابوو بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە دەریاوانەکانی کۆلۆمبس کە لەگەڵیدا چوون، هاوکاری بوون لە سەفەرە بە ناوبانگەکەیدا، کە لە کتێبەکەی باسی لێوەکردن کە خوا نەخۆشییەکی لەسەر دابەزاندوین کە لە پێشدا نەزانراوە لە کتێبی (طب) پزیشکی کۆنیشدا ناوی نەهاتوەو نەبووە.

دوای ئەوەی (تشارلزی هەشتەم، پاشای فەڕەنسا) ئیتاڵیای داگیرکردو لە ساڵی ١٤٩٤دا، لە سوپاکەیدا چڵکاوخۆرو کاسەلێس لە ئیساپانیاو کۆمەڵێك گەورەو زۆر لە ژنانو ئافرەتانی تێدابوو هەروەها لە سوپای (ناپۆل)یشدا بە هەمان شێوە ئافرەتانی تێدابوو بەم شێوەیە ئەم پەتایە لە هەردوو سوپاکەدا بڵاوبوویەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی کە (تشارلز) گەمارۆ بشکێنێو پاشەکشێ بکاتو لەگەڵیشیدا ئەم نەخۆشییە ترسناکە هەڵگریو بیهێنێتەوە، بەو شێوەیە لە ئەوروپا بڵاوبوویەوە، هەر وڵاتێك لۆمەو گلەییو گازندەو خەتای ئەویتری ئەکردو یەکتریان خەتابارو (تاوانبار) ئەکرد، ئیتالیەکان پێیان ئەوت نەخۆشی ئەسپانی، فەڕەنسییەکانیش

پێیان ئەوت (نەخۆشی ئیتاڵی)و لە ساڵی (١٤٩٦-١٤٩٧) لە ئەڵمانیاو فەڕەنساو سویسڕاو دواتر لە هۆڵەنداو یۆنان بڵاوبوویەوە تا گەیشتە ئینگلتەراو ئیسکوتلەندا، لە ساڵی ١٥٠٠ گەیشتە هنگاریاو روسیاو هند لەگەڵ دەریاوان (فاسکود گاما) دواتر گەیشتە چین‌و یابان.

لە ماوەی (بەدرێژایی) سێ سەدە بیرو باوەڕی بڵاو ئەوە بوو کە سفلس‌و سیلان، دوو شێوەو شکڵن بۆ یەك نەخۆشی لە بەر ئەوەی بە یەك رێگە ئەگوازرێنەوە تاوەکو دکتۆر (بل) لە ئەدنبرە لە ساڵی ١٧٩٣دا دەریخست‌و جێگیری کرد، کە دوو نەخۆشی جیاوازن بە تەواوی، هۆکارەکەشیان دوو میکرۆبی جیاوازن، دواتر دکتۆر (ولیام ولاك) لە ساڵی ١٨٠٨دا دەریخست‌و سەلماندی کە نەخۆشی (زهری) نەخۆشییەکی گوازراوەو زیانگەیێنەرە.

نەخۆشی (زهری/ سفلس) بەم ناوەوە نەناسراوەو نەزانرابوو تا ساڵی ١٥٣٠ ،لە دواوە ئەوەی دکتۆر (فراکاستور) لە (سەرگوزەشتە) قەسیدەیەکدا نوسیبووی شوانێك کە ناوی سفلسە یاخی‌و وازی هێنابوو لایدابوو لە یاساو قانونی ئاینی کە خواکەی بەم نەخۆشییە تازەیە سزای داوە، ئیتر لەوێوە ئەم ناوە تازەیەی وەرگرتووە ئیتر لەو

ساتەوە پێی وتراوە سفلس، هەندێکیشیان ئەیگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە شوانەکە (سفلس) (ئەو نەخۆشییە زۆر کاریگەری کردووەتە سەری بەو هۆیەوەو بەو نەخۆشییە مردوە).

کار هەرچۆنێك بێت بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی (١٥) پازدەهەمدا، زۆر بە خێرایی بڵاوبویەوە (بڵاوەی کرد)و کاری کردە سەر ژیانی (ملیۆنەها) خەڵك، لە نێوانیشیاندا ناودارانی وەك پاشا (تشارلز)ی هەشتەمو فرانسیسی یەکەمو پاپا ئەسکەندەر جۆرجیا وە لە بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارانی تەندروستی لە پاریس و ئەدنبرە، هیچ دەستپێشخەریی و دەست پێکردن لە دەرکردنی هەندێ یاسادا بۆ قەڵاچۆکردن و دەست بەسەراگرتنی ئەم نەخۆشییە نەبووە، کێشەو گرفتە کە زۆر گەورە بوو ئەوەندەیتر ئاڵۆز بوو دوای ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك چەمکی بەهاداری نوێی هێنا لەگەڵیدا بوارو لایەنی سەربەستی و ئازادی کەسێتی بە مانای حەیوان فراوان بوو، پەیوەندی خێزانی تێکچوو هەڵوەشایەوە، منداڵ و ژنان بۆ پارویەك ئەگەڕان بۆ بژێویان دوای ئەوەی کە سەرۆکی خێزانەکەی وازی لە خێزانەکەی هێنا، ئەم هەلەیان قۆستەوەو ژنیان بەکارهێنا لە کارگەکاندا ئیشیان پێئەکردو بە خراپترین

شێوە بەکاریان هێنا، کەوا پێویست بوو لە سەری کە کاتژمێرانێکی زۆر کار بکات بە کرێیەکی کەم، سێکسیش گەیشتە بازرگانییەکی برەوپێدراو.

رۆڵی لەشفرۆشەکان بڵاوەی کرد هەتا گەیشتە ئەوەی کە تەنیا لە لەندەندا (٢٠٠٠) دوو هەزار ماڵ (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار سۆزانی لەشفرۆشی بگرنە خۆ، بەڵام لە فینیسیا لە بەندەری دەریا لەوێ رێژەکە زۆر گەورەو زیاترە، هەروەها لە ڤییەننا گەیشتنە ژمارەیەکی زۆر بەرزو چاوەڕوان نەکراو، بە شێوەیەکو بە جۆرێك هاتنە دەرو لە شێوەی رووتو قوتو بەرەڵڵاو لەسەر جادەو کۆڵانەکاندا رەقسو سەمایان دەکرد ئەگەر وا نەبا ژنە پاشا (مارییتریزا) ئەیگرتن بەندی ئەکردنو بە توندی ریسوای ئەکردن.

بەڵام لە ئەڵمانیادا (فردریك)ی یەکەم دەرگای لەسەر داخستنو رۆڵی هەموو (لەشفرۆشانی نەهێشت)، بۆیە هەموو لەشفرۆشو سۆزانییەکان رایان کرد بۆ شوێنو ناوچە جیاوازەکانو ئەوێیان بەجێهێشت، بەمەش بووە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان لە ناوچەو شوێنە جیاوازەکاندا، لە فەڕەنسادا ژمارەیان زیادی کردو گەیشتە (٣٠٠٠٠) سی هەزار سۆزانی، سێیەکیان (٣/١) یان توش

بووبوون به سیلان یان سفلس یان هەردووکیان، لەو کاتەدا ئیش‌و کاری پۆلیس بریتی بوو لە دەرکردنی تووش بووان، هەتا ڕێژەی دەرکردن گەیشتە (٤٠٠) سۆزانی لە مانگێکدا، ئەوانیش دوای دەرکردنیان شێوەی کارکردنیان گۆڕی‌و بە سۆزانی گەڕۆک‌و هەر جارەی لە شوێنێك داوێن پیسیان ئەکردو ئەنجام ئەدا، لەو کاتەدا پاشا (لویس)ی شانزەهەم قەدەغەیکردن‌و نەیهێشت بە هیچ شێوەیەك ئەو کارە خراپەیە بکەن‌و، سزای هەموو ئەوانەی ئەدا کە ئەو کارەیان ئەکرد... بە سزایەکی ماددی زۆر گەورە پێی ئەبژاردن.

بەم شێوەیە ئەم کێشەیە سێکس هەموو ئەوروپای بە لاوان وگەنجانییەوە گرتەوە، داوای سەربەستی‌و ئازادییە کەسێیان ئەکرد تەنانەت گەیشتە مەستبوون، خراپترین کتێب لەسەر وەسفی سێکس‌و حاڵەتەکانی لە ڕێگەی نوسینە رووتەکان‌و چیرۆکە بێ ئابڕووییەکان، لەولایشەوە هونەرمەندان‌و پەیکەرتاشان هیلاك بوون بە دروسترکردنی پەیکەری رووت ئەم دەرەنجامانە هەموویان بوونە هۆی خراپبوونی حاڵی کۆمەڵگەی ئەوروپی لەو کاتەدا، بۆیە هەندێ یاسا دەرچوون بۆ دانانی سنوورێك لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم بەڵا تووشهاتووە

به ناچاری بەبێ چەندو چوون، لەو یاسایانە یاسای ١٨٦٤ پەیوەست بە پاراستنی سەربازو دەریاوان لەم نەخۆشیانە.

به پشکنینی هەموو ژنێك لەبەردەم دادوەرو بەندکردنی تووشبوو هەتا چاك دەبێتەوەو لەگەڵ ئەمەشدا ڕێژەی تووشبووان لە نێوان سەربازان‌و دەریاوانەکاندا زیادی کرد لە یەك ساڵدا ٢٧٥٠٠ بیست‌و حەت هەزارو پێنج سەد لە نێوان هەموو ١٠٠٠٠٠ سەت هەزار سەربازدا واتە (٣/١) سێیەکی سوپاکە.

۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞

۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞

۞۞۞۞۞۞

# نەخۆشیە گوازراوەسێکسیەکان لە سەدەی بیستویەکەمدا

سەرەڕای ئاوو هەوای گونجاو بۆ ئاژاوەو هاتو هاواری سێکسی کە شۆڕشی پیشەسازی ئامادەی کردبوو لەگەڵ خۆیدا هێنابووی‌و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتەوە لەگەڵ دەرکەوتن‌و سەرهەڵدانی سەدەی بیستەمدا، بیرو فیکری رووخێنەر هەبوون‌و پەیابوون.

ئەیان وت کە ژیان تەنها لە سك‌و خواردن‌و دامێن تێناپەڕێت‌و، بریتیە لە رابواردن‌و خۆشی‌و هەوەس، بەڵکو مرۆڤ دروست بووە بۆ ئەوەی بخواو بخواتەوەو وەچەی هەبێت‌و زیاد بکات‌و دواجار کۆتایی بە لەناوچوون‌و تیاچوونی چیرۆکەکەی بهێنێت بۆ هەتاهەتایی.

ئەم بیروباوەڕە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك بیردۆزو گریمانە دروس ببن بە دەستکردی سێ جولەکەکە (مارکس، فرۆید، دیرگایم) لە هێرش‌و پڕوپاگەندەکانیان بۆ سەر ئاین، رەوشت‌و بەهاو داب‌و نەریت‌و تێکدانیان‌و شك‌و گومان دروست کردن بۆیان.

نەهێشتن‌و لابردنی‌و نەبوونی پیرۆزی تیایاندا بە ناوی زانست‌و توێژینەوەی زانستیدا، تاوەکو مرۆڤ گرنگی‌و بایەخ‌و شکۆمەندی نەمێنێت‌و بەبێ مەبەست‌و بێ ئامانج بمێنێتەوە، ئیتر ببێتە پەڕێك لە هەوادا، حەیوانێك لە سەربڕیندا مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت‌و نەمێنێت، زیاتر ئاگرەکە کڵپەی سەندو گەرمتر بوو بە دەرکەوتنی نەخۆشی سێکسی تازەو (نوێ) کە لە پێشتردا نەزانراو نەناسراو بوون، (پرۆتۆکۆلات حکماء صهیۆنی) ئەڵێت سەرکەوتنی (داروین‌و مارکس‌و نیتشە)مان ڕێکخست بە گرنگیدان بە بیروڕاکانیان‌و کاریگەری روخێنەر بۆ رەوشت‌و بەها کە زانستیان پێ گەشە ئەدەن‌و پێ نیشان ئەکەن، لە فیکری غەیری جولەکەدا، لای ئێمە رونە بە دڵنیاییەوە، بە واتایەك ئێمە کۆمەڵگەیەکی تازەی پێشکەوتوو چالاك‌و بەبێ ئاین بەبێ ئەخلاق‌و بەهاو داب‌و نەریت هەیە مامۆستا (محمد قطب) لە کتێبەکەیدا (التطور والشباب في حياة البشرية) ئەڵێت فیتنە گرنگی خۆی هەمووی چڕکردوەتەوە لەسەر داگیرکردنی ئافرەت، چونکە بەهێزی خراپ‌و نەگریسی ئەزانێت هیچ هۆکارو ڕێگرییەك بۆ فەسادو گەندەڵ کردنی خراپەکردنی گەل‌و ئومەت باشتر نیە لە داگیرکردنی ئافرەت، واتە دەرکردنی (ئازادکردنی‌و بۆ سەر

ڕێگەی ئاژاوەو فیتنە نانەوەی پیاوان) بۆ ئەوەی ئەخلاقو ڕەوشتی خراپو داروخاو بکات، ئەخلاقی توشی داڕمان بکات ئیتر بە هەر نرخێك بوە، تاوەکو ئافرەت دەربکاتە سەر جادەو ڕێگە، دەربچێ بە بەڵگەی خوێندنو فێربوون یان بە بەڵگەی کارو پیشە دەربچێ بۆ خۆشیو چێژوەرگرتنو ڕابواردن، گرنگ ئەوەیە کە دەربچێ لە ماڵ ئیتر بە هەر هۆکارێك بوە، بۆ هەر کارێك بوە.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش فریودەر دەربچێ، بەڵام ئەگەر دەرچوو بۆ خوێندنو فێربوون بۆ کارو فەرمان یان بۆ مومارەسەکردنی ژیانی خۆی، داپۆشراوو پارێزراو بێت، کە پارێزگاری لە ئەخلاقیو لە سروشتی خۆی بکات (ئەخلاقو سروشتی) پارێزراو بێت، بە واتای ئارەزوو لە جێگیریو ئارامی خێزان هەیە کاتێ کە بارودۆخ زۆر گونجاوو لەبار بێت).. کەواتە ئێمە هیچ سودێکمان نەبینیوە فائدەی نەبووە لەو هەموو ماندووبوونەی کە ماندووبووین لە تێکدانو خراپکردنی مرۆڤایەتیدا.

ئەبێتو، پێویستە ئافرەت لە ماڵ دەربچێت لە شکڵو شێوەیەك سەرنج ڕاکێش فریودەر کە پیاو تووشی فیتنەو (خراپەکاری) بکات ئەگەر نا هیچ شتێکمان نەکردوە هیچ

سودێکمان پێنەگەیشتووە، بەڵام چ ڕێگەیەك هەڵبژێرن (ڕێگا چارە چی بێت) چۆن ئافرەت لە ماڵ دەربکرێت بیخەینە سەر جادە، ڕێگەش بریتییە لە (بانگکردنو بانگهێش کردنی)و نوسەرەکان لەسەری بنوسن، ڕۆژنامەنووسانو چیرۆك نووسان ڕێگە بدرێت لە سینەما بە لێدانو پێشکەشکردنی فیلی ڕوتو بێئابرویی، ئافرەتان بانگ بکات بۆ خراپەکاریو فەساد، ڕێگەیەکیتر بریتییە لە رادیۆو تەلەفزیۆن، ڕێگە بدرێت لە (پۆشاکیو جلو بەرگی ژنانەو شوێنی خۆڕازاندنەوەی ئافرەتان، ڕێگە بریتییە لە دروست کردنی کەلو پەلو ئامرازو پێویستی خۆ جوانکردنو خۆڕازاندنەوە، ڕێگە بریتییە لە پێشاندانی وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئافرەتانی فیتنەو ڕوتو بەڕەڵڵا هیچ پێویستی بە پیاو نەبێت بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانەی، هێنایە کایەی کەشو هەواو بارودۆخێکی کردەیی کە ژنو ئافرەت بێ گوێ دانە پیاوو بێ باك بن لە پیاو، هیچ گرنگیو بونێك بۆ پیاو دانەنێن، ئەبێ ئەم پلانە بکرێت بە کردەوە پیاو لە کاری ڕۆژانەو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوونی نەبێت تەنها ئافرەت بۆ ژیان هەوڵ بداتو هیچ نرخێك بۆ پیاو نەهێڵیتەوە، هەروەها ڕێگەیەکیتر هەوڵدانو کارکردن بۆ تێکدانو خراپ کردنی مرۆڤایەتی، بەهۆی ڕوودانی جەنگی

جیهانی یەکەم‌و دووەم‌و بوە هۆی کوژرانی ١٠ ملیۆن مرۆڤ لە (جەنگی جیهانی یەکەمدا) کوژرانی ٤٠ ملیۆن مرۆڤ لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بووە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانیان (بەدەست هێنانی) زۆرێك لە خێزانی بێ سەرپەرشت‌و ئافرەتی بێ پیاو، بەو هۆیەوە ئافرەت لە ماڵ دەرچوو بۆ پەیداکردنی قووتی رۆژانەی خۆی‌و خانەوادە بێ سەرپەرشتەکەی‌و خۆی چووە ئەو مەیدانە بۆ پەیداکردنی پارویەك نان، دەستی کرد بە کارکردن، هەلپەرستان ئەمەیان قۆستەوەو زیاتر دەستیان گرت بە سەرداو ئەمەش بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەخلاق‌و رەوشت‌و ئاکاری کۆمەڵایەتی، ئیتر ژیان زۆر سادە بوویەوە بەهۆی کە هەرچی کچ‌و ژن هەیە زۆر لای سادە بوو کە بچێ کار بکات چونکە جەنگە جیهانییەکان پیاوان‌و سەپەرشتانی نەهێشت‌و هەموویان کوژران‌و تیاچوون، وردە وردە کچان‌و ئافرەتان بیریان لە بواری سێکسی کردەوە لەو ماوە زۆرەی کارکردنیاندا کە هاوڕێ‌و عاشقێکیان هەبێت تا بتوانن بواری سێکسی خۆیان تێر بکەن بە تەواوەتی ئەمە بووە هەم‌و غەمێکیان‌و زۆر بەلایانەوە سادە بوویەوە لە مەیدانی کارکردنیاندا لەگەڵ هاوڕێ‌و یارو دڵدارو خۆشەویستەکەیدا کاری سێکسیش ئەنجام بدات.

دکتۆر (مۆرتن) پسپۆڕ له نەخۆشیە سێکسیەکاندا ئه ڵێت (جەنگی جیهانی یەکەم) کارێکی زۆر خراپی لێکەوتەوە لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە بە جۆرێك بووە هۆی پەیدابوون و دەرکەوتنی نەخۆشی سێکسی له سوپاکاندا، کاتێك که هەستابون بە دروستکردنی مەلهاو یانە بۆ سێکس لە هێڵەکانی هاتوچۆ (گەیاندن/ پەیوەندی) کە خەندەقەکان ئەبەستێتەوە بە ناوەندی گەیاندنی چەك و خواردن بە سەربازەکان، بە جۆرێك بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە سێکسیەکان که سۆزانیە گەڕۆکەکان بڵاویان ئەکردەوە بە سەربازەکاندا، کە ئەم ڕێگەیەی دروست کردنی مەلهاو یانانەش هیچ سوودێکی نەبوو تەنها زیان نەبێت (کە بڵاوبونەوەی نەخۆشی سێکسی) بوو قازانجەکەی، کارەکە خراپترو ئاڵۆزتر بوو، ئەم کێشە پزیشکییە کۆمەڵایەتییە زۆر زیانی گەیاند بە بەریتانیا، بۆیە هەستا بە دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ تاوتوێ کردنی گرفتی نەخۆشییە سێکسییەکان (گرفتی پزیشگی) ئەوە بوو له ساڵی ١٩١٧دا لیژنەی توێژینەوەکە له ڕاپۆرتێکی دوورو درێژ، توێژینەوەو ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش کرد، که تیایدا ڕێژەی تووشبوان و ڕێگەی بڵاوبوونەوە لەگەڵ ئاگاداریەکی توندو له

مەترسیو (ترسناکی)یەکی کتوپڕو دەست بەجێ. بۆیە لیژنەکە هەستا بە دەرکردنی یاسای (نەخۆشیە سێکسیە گوازراواکان)، کە تیایدا فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی سەرپشك کرد بە کردنەوەی نۆرینگە (عیادە)ی تایبەت بەم نەخۆشییە سێکسییانە تا وای لێهات ئەم نۆرینگانە زۆر بوون گەیشتنە سەدەها نۆرینگە، لەگەڵیشیدا نەخۆشی زیادی کردوو زۆربوو لەبەر ئەوە، کار لەوە دەرچوو کە پسپۆڕکان دەرمانی زۆر چاكو پێویست بەردەستو پەیدابکەن بۆ چارەسەری ئەم کێشە سێکسییە، بەمەشەوە نەوەستا تێڕوانینی کۆمەڵگە گۆڕا بۆ سێکسو بۆ خێزانو پەیوەندییە ناشەرعیەکانی، هەموو ژیان گۆڕانی بەسەردا هات، هەموو ئەم تێڕوانینە نزمو رۆخێنەرە سەرکەوتوو نابێت لەگەڵ ئەو هەموو دەرمانو پزیشکە پسپۆڕانەی نەخۆشییە سێکسیانەدا، بەڵام کاتێ سەرئەکەون کە کۆمەڵگە دەستی گرتبێ بە رێگەی راستو (نیگای) ئاسمانیەوە پێویستی بەو هەموو دەرمانو پزیشکە پسپۆڕانەی نەخۆشییە سێکسیەکان نەبێت.

جەنگی جیهانی یەکەم دەرهاویشتەی زۆر خراپی ناتەندروستو زیانو بەڵاو کارەساتی بەجێهێشت لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی بە گشتیو لەسەر ئافرەت (ژن) بە تایبەتی

ئافرەت خۆی بینیەوە، بە ملیۆنان (ملیۆنەها) خێزانی بێسەرپەرشتو بێ بەخێوکەر کەوتن بەهۆی کوژرانیان یان تێکچونی ئەندامەکانی لەشیان، یان تێکچوونی هەستو شعورو دەروونیان بەهۆی دەرەنجامیترسو تۆقو گازە کوشندەکانەوە، کە بە درێژایی ٤ ساڵی جەنگ لەو گازە کوشندەیە بەکارهێناوەو هەڵمژیوە بۆیە ئیتر لەمەولا دوای ئەوەی بێسەرپەرشت بوو خۆی پەیوەست بکات بە خێزانو پەیوەندییە خێزانییەکانەوە بۆ ئەوەی بژێنو یان پارووە نانێکی بدەنێ، دوای ئەو شەڕە نەگریسە ئافرەت خۆی بینییەوە تاکو تەنهاییو بەبێ خێزانو سەرپەرشتو هەموو کارگەکان وەستانو هەموو کۆگاکانیان سووتان دەرەنجامی شەڕو کوشتارو وێرانکاری جەنگی جیهانی یەکەم، ئیتر ئەبێت کاربکات، ئەبێ زۆرترو زیاتر کاربکات بۆ ئاوەدانکردنەوەو بونیاتنانی سەر لەنوێ دەرەنجامەکانی وێرناکاری جەنگ، لەم کاتەدا کێ کاری لەگەڵدا بکات خۆ پیاوەکان نەمانو کوژرانو شێتو کەمئەندام بوون... تەنها ژن (ئافرەت) مایەوە دوای ئەو هەموو شەڕو کوشتارە کەسیتر نەمایەوە بۆ مەینەتیەکانی ژیان، بۆیە ئەبێ کاربکات ئەگەر نا خۆیو مناڵەکانی لە

برساندا ئەمرن، هەموو کارگەکان وەستان، لەکارکەوتن، شارو دێو گوندەکان تەخت بونو بونە وێرانەو تەختایی.

دەستی بەکارکردن کرد لەدەرونیدا هەستی بە برسێتی مادیو سێکسی کردو لە عەقڵدا ئاوازی ئازادیو سەربەستی کەسێتی هەبوو، ئەم پێداویستیەی بە تەنها بە خواردن بۆ جێبەجێ نەئەبوو (بۆی نەئەچووەسەر) بەڵکو پێداویستەکەی بەهۆی سێکسەوە جێبەجێ ئەکراو ئەهاتە دی، بۆیە لە توانای خۆیدا نەبوو کە خۆی لەم بوارەدا تێربکات، بۆیە پەنای برد بۆ ئەو پیاوانەی کە تاکو تەرا لە جەنگ مابوونەوە شوویان پێبکەن تاوەکو غەریزەی سێکسی خۆی پێ تێر بکات یان ئەبێ هەموویان بهێنن، بۆیە زۆربەی زۆری ئەو کچانە شوویان کرد بەو پیاوانەی کە لە شەڕ مابوونەوە، بەڵام ئەی ئاخۆ چارەنوسی ئەم هەموو کچە قەیرەو بێوەژنانە چی بەسەربێت کە هیچ پیاوێك نەماوەتەوە کە شویان پێبکەن، ئەی چۆن بێت چۆن لەو بوارەدا تێربکرێن، کە ئەو لەژێر سایەی (انظمة) یاسایەك ئەژی کە هەموو ڕێگاکانی استقامەی خۆگریو (ڕاوەستاوی) لەسەر داخستووە لەم ڕووەوە ئەوروپا هیچ چارەسەرێکی ڕاستو دروستی نەبوو نەیتوانی وەك ئیسلام لەم بارە کتوپڕە کە هاتوتە ئاراوە یاسایەك وەك فرەژنی

دەربكات بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە بۆیە ئافرەت بەو شێوەیە ڕازی بێت یان نەمایەوە لە ژێر پاڵەپەستۆی پێداویستییە گرنگەكانی ژیانی (خواردن‌و سێكس).

ئیتر لەمەو بەدوا ئافرەت كەوتە سەر ڕێگەی چارەنوس‌و قورسی‌و گرنگی ژیانی خۆی، ئەبێ خۆی ماندوو بكات ئیش‌و كاربكات لە كارگەكاندا ئەبێ وا لە خۆی بكات تاوەكو ئارەزوبازان بتوانن ئارەزووەكانی تێر بكەن لەسەر ڕێگەی عەیش‌و نۆشەوە، كاركردنی لە كارگەكاندا بۆ بەدەستهێنانی پاروە نانێك بۆ خۆی‌و منداڵەكانی، هەموو هەنگاوێك كە ئەیهاویشت بەرەو خراپتر ئەڕۆیشت، نەیتوانی لەم كۆمەڵگە داڕوخاوەو نزمەدا كارەكانی جێ بەجێ بكات.

ئەگەر هەر هاوارو بانگەوازێك بكرێت لەم بارو كەش‌و هەواو نێوەندەدا ئەوا لەژێر سایەی ئازادی‌و سەربەستی تاكەكەسی‌و سەربەستی سێكسیدا خۆی (ئەبینێتەوە)، ئەگەر چی ئەم بانگەوازانەش سەركەوتووبن ئەوا بە ناشازی ئەمێنێتەوە، ئەگەر چی لە شێوەیەكی جوانیشدا بخرێتە ڕوو، هەرچەندە زۆر هەوڵی ژنانەیاندا (ژنان زۆر هەوڵیاندا) لە پەڕلەمانی ئەڵمانیدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی سۆزانی‌و داوێنپیسی، كە كۆتا هەوڵیان لە ساڵی ١٩٢٧دا بوو كە توانرا

ئەو شوێنانە دابخرێن، لەگەڵ ئەمەشدا حاڵەتەکە زیادی کرد ئەوەندەیتر بارەکە (حاڵەتە)کە خراپ بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی (سۆزانیو لەشفرۆشان) لە هەموو کونو قوژبنو کەلەبەرێکی وڵاتدا، هەروەك چۆن لە زۆربەی زۆری وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا تەشەنەی سەندو بڵاوبوویەوە بەم شێوەیە باشترین کەش لەباربوو (رەخسا) بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان.

لەو کاتەدا توانرا کردارو کاری داخستنو رۆڵی سۆزانیو داوێنپیسان بکرێتو چاودێرییەکی توندوتۆڵو بەهێزی سۆزانیو لەشفرۆشان بکرێت، چونکە ئەگەر کارەکەیان سوودی هەبوایە بۆ کۆمەڵگە بێگومان رێگەیان لێنەئەگیراو ئەمانەوە، بەڵام کار بەوەشەوە نەوەستاو بەڵکو کار گەیشتە ژنانی ماڵەوەش، بەم شێوەیە کێشەکە ئەوەندەیتر قورسو ئاڵۆزبوو چونکە نەئەکراو نەئەگونجا چاودێری هەموو خەڵك بکرێت لە ماڵی خۆیدا، لە کاتێکدا ئیسلام پێویستی بە زۆر شت نەبوو تەنها بە یەك رستە وەڵامی دانەوە فەرمووی﴿ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾ المائدة: ٩١

﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَـٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴾ الإسراء: ٣٢

هەر یەکێك لەم ئایەتانە (نەهی) نەکردنی ئەم کارە ئەکات بەهۆی بوونی دەردو نەخۆشیو شەکەتیو هێزلێبڕان کە

تەندروستی‌و پزیشکەکان دەستەوسانن تیایداو، ملیۆنەها خەڵك لە رۆژئاواو رۆژهەڵات تیاچوون‌و بە هیلاکدا چوون.

ئیتر دوای ئەوە تێکەڵاوی بوون بوو بە رەمزو دروشمی دەرکەوتووو دیار بۆ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، دواجار شەهوەت‌و هەواو ئارەزو خەبەری بوویەوەو خۆی حازرو ئامادە کرد بۆ دەرچوون لەو کۆت‌و زنجیرەی کە لە هەموو لایەکەوە دەورە درابوو بە وروژێنەرو هەژێنەکان.

ئەم تێکەڵاویەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئافرەت دامەزرا لە کارگەکان‌و لە فرۆشگاکان‌و فەرمانگە فەرمییەکاندا.

هەروەها ئەدەب‌و هونەرو رادیۆ تەلەفزیۆن‌و سینەماو رۆژنامە ئەوانیش هێزی بانگەوازی بەهێزیان هەیە، بەهێزن بۆ راکێشان‌و پیشاندان‌و لە خشتەبردنی گەنجان‌و ژنان، گەرمکردنی بازاڕ ئەمانە هەموویان کەلوپەل‌و شمەکی روخێنەرن، دروشمیان تەنها سێکسە، ماددەکەشیان تەنها ئافرەتە بۆ چەواشەکاریان، لە سەرلێشێواندنیان، هەر چەندە هیچ بانگەوازو وێنەو دیمەنێك بە ئاشکرا نییەو بەڵکو بە زمانی حاڵ ئەڵێن تێکەڵاوی خۆشی‌و شادی‌و رابواردن‌و چێژە، سەربەستی‌و ئازادیە... ئەی پیاو ئایا تۆ حەزت لە رابواردن‌و چێژوەرگرتن نییە، ئەی ئافرەت ئایا تۆ حەزناکەیت

بوونی خۆتو رۆڵی خۆت بسەلمێنیتو تۆ بەڕاستی نەرمو نیانو جوانو سەرنجڕاکێشو دڵڕفێنی، ئەگەر بێتو تەنها خۆت ئارایشت بکەیتو خۆت برازێنەرەوەو خۆت جوان بکەیت، جلێکی جوان لەبەربکەیت، ئەوا پیاو لائەکات بەلاتەوەو سەیرت ئەکاتو سەرسوڕمان ئەبێت بە بینینتو بەهەستو نەستەکانییەوە دێت بۆ لاتو بەرەوە رووت دێت، خۆشی ئەوێیتو مارەت ئەکات، حەز ئەکات ببی بە ژنی ئەوو ئەتخوازێت.

جا ئەگەر ژن لە ماڵ هاتە دەرەوەو دابەزییە مەیدانو گۆڕەپان ئیتر بۆ خانوو (ماڵ)و شوێنی رازاندنەوەی ئافرەتان بێت یان بۆ کارکردن بێت لە کارگەکانی جوانکاری، ئیتر ئەی پیاو تۆ تەنها یەك ساتت بەسە بۆ تێرکردنی هەواو ئارەزوەکانتو سارد کردنەوەی کڵپەی ئاگری دەرونت.

- ئەی کچ ئاگاداربە لەوەی کە باوکت نەهێڵێ خودتو بونی خۆت بهێنیتەدیو جێبەجێ بکەیت، لە دەستی دەرچۆ، راکە لە ژێر دەستیو خۆت ئازادو سەربەست بکەو دەستی هەموو دابو نەریتە خراپو پڕوپوچەکان هەیە بیدەرەوە بەڕوویانداو خۆت ئازاد بکە.

• ئەی کوڕی گەنج ئەتەوێ دینداربیت؟!.. تۆ شێتیت، نەفسی خۆت ئەگریت هەموو شتێ لە خۆت حەرامو زەوت ئەکەیت لە ژیانتدا، رابوێرەو چێژ وەرگرەو خۆشی ببینە لە ژیانتو زاتو خودی خۆت بسەلمێنەو سەربەستو ئازادببە.

بەم شێوەیە فیکرو بیری سەربەستیو ئازادی گەشەی کردو فراوان بووو بڵاوبوویەوە لە جەستەی رەوشتو بەهاو ئەخلاقدا، ئیتر هەڵتەکاندنو هەڵوەشاندنی رەوشت هەموو لایەکی گرتەوەو گشتگیربوو بەڵام بە سروشتی حاڵ پێی ناوترێ هەڵوەشاوە، بۆ ئەوەی تامو چێژەکەی خراپو پیس نەبێت نەك کاریگەریەکەی نەمێنێت، بەڵکو پێی ئەوترا گەشەکردنو پێشکەوتن، تاوەکو کاریگەرییەکەی بۆ هەمیشە بێ راوەستاوی بمێنێتەوەو چێژوو تامی بە بەردەوامی بمێنێتەوە بە درێژایی ژیان.

ئەم شەپۆلە خراپو پیسە ئەوەندە فراوان بوو هەموو شوێنێکی گرتەوەو هەموو شتێکی داپۆشیو تەنانەت هیچ هێزیکی بەهێز ناتوانێت لەبەرامبەریدا بوەستێتەوە، بەم شێوەیە نەوەیەکی داماڵراو لە هەموو کۆتو بەندێك، لە ئەورووپاو ئەمریکا گەشەی کردو هاتە ئاراوە، کە ئەم نەوەیە لە

ژێر سایەی ڕەوشتو بەهاو دابو نەریتو ڕێنماییو یاساو شەرعێك ژیانی ئەباتە سەر.

که له سێکسو رازاندنەوەی سێکسەوە ئەم یاسایانە سەرچاوە ئەگریتو لە سێکسەوە ئامادە ئەکرێتو دەرئەچێتو پاڵپشتی لێوەئەکرێتو چێژو لەزەتی سێکسی پارێزراوەو ئەم سێکسو چێژ وەرگرتنە بە شێوەیەکی یاسایی بە یاسایی کراوە، وەك مافێكو داواکردنێك کاراو جێبەجێ ئەکرێتو بۆیە سروشتی بوەتەوە بە شێوەیەك هەموو گەنجێك کچێکی هاوڕێی هەبێت، هەموو کچێکی گەنجیش هاوڕێ کوڕێکی هەبێت، ممارەسەی سێکسی بکەن بەیەکەوە بەبێ بەرگریو پەردەو بەبێ بەربەستێك، وحەبی (ڕێگری لە سکپری)و شێوەکانی بۆ ئەم کارە ئاسانکارییان بۆ بکرێت هەموو بوارە ماددییەکان بۆ ئەم بواری سێکسە ڕێك بخرێتو ئامادە بکرێتو ئامادەکاری بۆ جێبەجێ کردنی بواری مادی برەخسێنن تاوەکو چێژ وەرگرتن لە سێکس بەردەوام بێت.

ئەمریکاو ئەوروپا ئەنجامی ئەم تێکەڵاویە تەواوەیان کۆکردەو وەرگرت تەنانەت لەلای خەڵی ئەم کارە تەواو سروشتی بوویەوە کە بە هیچ شێوەیەك ئینکاری لێناکرێو، بە ڕاستی ئەم کاری تێکەڵاوییە هەموو سنوورە لۆژیکیو

ژێرییەکانی شکاندو تێپەڕاندووە تاوەکوو وای لێهات کە جیهانی رۆژئاوا یاسای برەو پێدانی داوێن پیسی و سێکسی ناباوو نامۆو ناسروشت دابنێو برەوسیپێدان، مادام کارەکە بە رەزامەندی هەردوو لایەن بێت.

بەو هۆیەوە کۆمەڵەی داوێن پیسی و سێکسی ناباوو نامۆو ناسروشت و نێربازو مێباز زیاد بوون و بڵاوبوونەوە و دروستبوون کە بە فەرمی رێپێدراو روخسەت درابون، لە رووی ماددیشەوە هاوکارییان ئەکراو یارمەتیان ئەدراو لەرووی سیاسیشەوە مافییان پارێزراو بوو هاوکاریشیان ئەکرا، ئەمە حاڵی ئەمریکا بوو، ئەمریکا کەوتبویە ئەم حاڵەتەوە، لە سەرژمێریەکدا سوود وەرگیراوە کە ١٨ ملیۆن ئەمریکی بەدڕەوشت و داوێن پیس و نێربازو مێباز کاری بەدرەوشتی و شەرواڵ پیسی ئەکەن و ئەنجام ئەدەن لە ئەمریکادا بەڵام لە دانیمارکدا کە یەکەم وڵاتە لە جیهاندا کە لە ساڵی ١٩٨٩ بڕیاریدا بە هاوسەرگیری شارستانی (زواج مدنی) هاورەگەزی (نێر بۆ نێر، مێ بۆ مێ) بە جۆرێك چێژ وەرگرن و بە هەمان مافی هاوسەرگیری دوو رەگەزی جیاواز (پیاوو ژن) واتە/ هەمان مافیان هەبێت لە هەموو روویەکەوە وەك هاوسەرگیری دوو رەگەزی جیاوان).

له ١٩٩٩/٣/١٤ وەزیری تەندروستی دانیمارك (پوربن لوند)٤٩ ساڵ سەرۆكی حزبی (كۆمەڵایەتی دیموكراتی دەسەڵات بۆ هەڵبژاردنە ئەوروپییەكان) لە (كوبنهاجن)و هاوڕێكەی خۆی (كلاوس لاوتروپی ٢٨ ساڵ)ی لە خۆی مارە كرد بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی زۆر لە بانگكراوانی هەردوو رەگەز، هەردوو پیاو (بوكو زاوا) بەجلێكی رەشی بووكێنیەوە لە بەرچاوی ئامادەبووانەوە هەستان بە گۆڕینەوەو (لە پەنجە كردنی) ئەڵقەی هاوسەرگیری پێش واژووكردنیان لە بەردەم سەرۆكی شارەوانی (جینس كرامر) لەسەر بەڵگەنامەی (الشراكه مسجله) (بە شەریكو هاورێ تۆماركراو) بەڵێ لەوێ لیژنەیەكی نێودەوڵەتی هەیە كە بەرگری لە مافی دوو هاوسەری هاورەگەز دەكات كە (سوزان كان) سەرۆكایەتی ئەكات، ئەو لیژنەیە بنكەو بارەگا سەرەكییەكەی لە (سانفرانسیسكۆ) لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە، هەرگیز ناكرێو نابێت كە رەوشت جیابكرێتەوە لە سێكسو نەخۆشییەكانی، لە هیچ مێژوویەكدا نەبووەو تۆمار نەكراوە كە نەخۆشییە سێكسییەكان باسكرابێت، لەگەڵیشی باسی هەڵوەشاندنو لێك هەڵوەشانو داڕمانی كۆمەڵگە باسكراوە (لە مێژوودا ئەگەر باسی نەخۆشییە سێكسییەكان كرابێت، ئەوا

لەگەڵیشیدا باسی تێکچوونی کۆمەڵگا کراوە واتە تێکچوونی کۆمەڵگەو نەخۆشی سێکسی) پەیوەستن بە یەکەوە، هەروەها لەگەڵیشیداخەڵك رەوشتە بەرزو باڵاکانی تێکچوو بۆ دواجار رووی کردە مادەو هەموو هەم و غەمێکی بوو بە ماددە، هەرچی گەورەیی و بەرزی و شەرم و شکۆو رێزە هەیە لە کۆمەڵگەدا بارگەو بنەی خۆی پێچایەوە.

١- بۆ نموونەی ئەوە کە (فرۆید) بانگەواز ئەکات و ئەڵێ (مرۆڤ بوونی خۆی ناسەلمێنێ بەبێ تێرکردنی سێکسی) هەموو کۆت و بەندێکی دینی یان ئەخلاقی یان نەریتە باوەکان، لاسایی یەکان) هەموو ئەمانە کۆت و بەندی ناڕەواو پڕوپووچ و بەتاڵن، لەناوبەری وزەی مرۆڤن، ئەوە (کپکردن و دامرکاندن)ی نادروست و ناشەرعین.

٢- هەروەها لە نموونەی ئەوەشدا بزووتنەوەی سەهیۆنی ئەویش لە پرۆتۆکۆلاتی (الصهیونیە)دا ئەڵێ (پێویستە لەسەرمان کاربکرێت بۆ داڕوخان و داڕمان و لە ناوبردنی ئەخلاق لە هەموو شوێنێکی ئەم دوونیایەدا، ئیتر زۆر بە ئاسانی ئەتوانین کۆنترۆڵی بکەین و زاڵبین بەسەر هەموو جیهاندا، فرۆید لە ئێمەیەو بە بەردەوامی پیشاندانی (پەیوەندییە سیکسیەکان) ئەمێنێت لە ژێر سایەی تیشکی

ڕۆژدا، تاوەکوو لای گەنجو لە تێڕوانینی گەنجدا شتێك نەمێنێت بە ناوی پیرۆزییەوە، تاوەکوو خەمو غەمو پەژارەی گەورەی ببێتە تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی، ئیتر ئەو کاتە ئەخلاقیشی ئەڕووخێو ئەخلاقیش لەدەست ئەداتو بێ ڕەوشتو بێ نرخ ئەبێت.

پلانەکان تا ئێستاشو دواتریش بەردەوامنو بە هەموو هێزو دەسەڵاتێك هەوڵ ئەدرێت بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانیان، ڕۆژئاوا بە حکومەتەکانو ڕێکخراوەکانو ئامێرو کەلوپەلەکانیەوە سورە لەسەر جیهانگیری خراپو پیسو بۆگەن، سەپاندنی ژیانی ئاژەڵیو بێ یاساییو بێ دینیو بێئەخلاقی لە تەواوی جیهاندا بە داهێنانی پەیوەندی چەندەها جۆر لە (سێکسی ناباو نامۆو ناسروشتی) لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا، کە ئەبێتە هۆی وێرانکردنی خێزان، بە شەلەلو پەکخستنی هێزو توانای باوكو دایك لەسەر منداڵەکانیان.

بڵاوبوونەوەی فیتنەو فەساد لە نێوان ژنو پیاوەکانداو، بڵاوبوونەوەی خراپەو داوێن پیسیو بەدڕەوشتیو خراپەکاری، بە هەموو جۆرەکانییەوەو بە چەندەها شێوە، ڕۆژئاوا خۆی ئامادە کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە

خراپەکارییەی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەستا بە بەستنی کۆنگرەکانی (نیرۆبی) لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥و لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٩٤و لە پەکین لە ساڵی ١٩٩٥ دواتر لە ئەستەنبول لە ساڵی ١٩٩٦و لە ساڵی ١٩٩٩ لە نیۆیۆرك‌و بە کۆنگرەی (ژن، خانم) کۆتایی هێنا بە کۆنگرەکانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا کە لە نیۆیۆرك بەستی لە ٢٠٠٠/٦/٥دا لە شێوەی دانیشتنێکی نائاسایی‌و کتوپڕی بۆ هەموو کۆمەڵە گشتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵیشیدا نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومییەکانی (NGO) بە ئامانج‌و مەبەستی دەرکردنی بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی یەکگرتوو پەیوەست بێت بۆ هەموو (١٨٩) وڵاتانی جیهانی کە ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

بەم شێوە ئەخلاق‌و ڕەوشت هەرەسی هێنا‌و روخا لە شوێنیدا شێواوی‌و شەیدایی سێکسی بەرهەمی گرت‌و شۆڕشی سێکسی زیانبەخش هاتە کایەوە‌و بەرهەمداربوو هەوڵەکان‌و پلانەکان بە مەبەست گەیشتن (شۆڕشی سێکسی سەرکەوت‌و ئەخلاق‌و ڕەوشت نەما لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا).

ئیتر لەمەبەدوا کلێپەو بڵێسەی رازینراوەکان‌و ئارایشت‌و جوانییەکان‌و شمەکەکانی خۆ جوانکردن‌و خۆڕازاندنەوە‌و

کتێبە روتو بەرەڵاکان، گۆڤارە روخێنەرەکانی ئەخلاقو رەوشت فیلمە (روت)ەکان هاتنە کاییەوە، ئەمانەش بۆ فریودانی ئەوە بوو کە هەموو کەس ئازادو سەربەست بێت بە ویستی خۆی چی بوێت بیکات، بۆیە لێرەدا بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەم واتایە مامۆستا (فتحی یكن) ئەڵێت (سبەینێ سێکس وەك خۆراك شێوەو رەنگی جیاوازو جیایای لێدێت، دەبێتە خۆراکی رەنگاورەنگو جیاوازو جۆراوجۆر).

بەهاراتو پێشەکییەکانی جۆراوجۆر ئەبن، ئەو کاتە ملکەچ نابێت بۆ هیچ زەوقو چێژو میزاجو سروشتێك یان بناغەیەك، هەرگیز مل نادات بۆ هیچ کلتور دابو نەریتێك بەڵکو ئەو تەنها ئازادیو سەربەخۆیی دەوێت، بۆیە گوێ ناداتو ناچێتە ژێر رکێفی هیچ کۆتو بەندێكو دابو نەرتێکی کۆمەڵایەتیو ئاینیەوە.

بەڵێ بە راستیو بە کرداری سێکسی نامۆو ناسروشتو نێربازیو پانۆکێو ئەنجامدانی کاری سێکسی بە کۆمەڵ هاتە کایەوەو پەرەی پێدرا هاوسەرگیری ئەزمونی یان خۆشەویستی پێشینە بۆ هاوسەرگیری پەیدا بوونو دەیان شوێنی رابواردنو بەرەڵاییو بێڕەوشتی شوێنی رابواردن دروست بوون، یاریو قوماری شەوانەو گۆڤارە بێ ئابڕوو

روتەكان، فیلمە سێكسییەكانو وێنە روتو بەرەڵاو بێئابڕووەكان ئەمانە هەموو بوونە سیفەتە دیارو تایبەتەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەموو كونو كەلەبەرێكی سەر گۆی زەوی گرتەوە ئەمانە هەموویان بە هۆی دەرەنجامی ئەو بارودۆخەو بەهای باوەڕو بیرو بیردۆزو بیرو بۆچونە دروستكراوو پلان بۆ داڕێژراوەكان، نەخشەو پیلان داڕێژەرەوەكانەوە پەیدابوون هەر لە خۆیانەوە پەیدا نەبوون وەك رێكەوتێك، رێكەوت دروستی نەكردوونو نەیهێناونو لەژێر ناونیشانی (الجنس والأنحلال عناصر الحرب القادمە) (سێكسو هەڵوەشاندنەوەی رەگەزەكانی شەڕو جەنگی داهاتوو) لە راپۆرتێكی ئاشكرا بوو (زانراو) كە لە ٢٠٠١/٨/٢دا لە پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەمەریكیدا بەیانی كردووە كە دەستكەوتی ئیسرائیل لە برەوو برەودانی بە فیلمە روتەكان (اباحیە) لە جیهاندا لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتۆتە (١٥٠٠، ٠٠٠، ٠٠٠)یەك ملیارو پێنج سەد دۆلارو، راپۆرتەكە ئاماژەشی بەوە كردووە كە ئیسڕائیل سەركەوتوو بووە لە (غزو) داگیركردنی دەوڵەتە عەرەبییەكاندا بەم فیلمانە لە رێگاكانی (پیشەسازی، بازرگانی، رۆشنبیریو ئەخلاقو رەوشت) سەركەوتنی بەدەستهێنا لە سەرەتاو پێشەكی هەموو

ولاَتانی عەرەبییەوە (یەکەم دەوڵەت لە میسری عەرەبییەوە دەستی پێکرد، هەروەها بەم فیلمانەش دەوڵەتە ئیسلامییەکانیتریشی داگیر کرد لە ئەفریقاو ئاسیاو لەگەڵ چاوخستنە سەرو چڕبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر تورکیا.

دکتۆر (مۆرتن) پسپۆڕ لە نەخۆشییە سێکسییەکاندا ئەڵێت‌و ئاماژە ئەدات، کاتێك خەڵك رزگاری ئەبێت لە چاودێری‌و ئازاد ئەبن بۆ غەریزە سێکسییەکانیان بەبێ لێپرسینەوەو حیساب بۆ کردنێك‌و لێپێچینەوەیەك، دوای ئەوەی خۆگرتن‌و تواناو دەسەلاَتیان بەسەر خۆیاندا نەشکاو نەما، ئیتر کاتێ ئەخلاق لایان نەماو گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی، لە شوێنیدا بێ ئەخلاقی‌و بێڕەوشتی هاتە کایەوەو هاتە ئاراوە، هەر شتێك پەیوەندی (پەیوەست بوو) بە سێکسەوە هەبوو بە تەوای جیایان کردەوە لە ئەخلاق، ئیتر هەواو ئارەزوەکان، خراپ بوون، شەهواتەکان داگیرکران بۆیە دەرەنجام کێشمە کێشمێکی سەخت پەیدا بوو لە نێوان گەنجان لاوان‌و نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکاندا کە لەم سەدەیەدا (سەدەی٢١) پەیدابوون.

بۆیە لێرەو لەوێ دەنگی ناڕەزایی‌و دەرکەوتن‌و دەستیان پێکردو سەریان هەڵدا لە لایەن پسپۆڕانەوە ئەوانەیان

ئەیانزانی قەبارەی کێشەکانو مەترسیان چەندە، بەڵام بە بێهودەو بێکەڵکە، بۆ نمونە ئەو راپۆرتانەی کە لیژنەی مەلەکی لە کۆمەڵەی پزیشکانی بەریتانی لە ساڵی ١٩٦٤ پێشکەش کردو راپۆرتەکەی دکتۆر (سکوفیڵد) لە ساڵی ١٩٧٢ پێشکەش کرد سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان، ئەم راپۆرتانە وایان کرد کە دەسەڵاتداران کە فەرمانێك دەر بکەن کە گرنگی زۆر بدەنو سەبارەت بە مەترسی زۆر گەورەی ئەم کێشەی (نەخۆشیی سێکسییە گوازراوەکان)وە پێشنیاری رێکەوتنێك بکەن (پێشنیار رێککەوتنی نێودەوڵەتی کاریگەرو چالاكو گەورە بکەن بۆ رێکخراوی تەندروستی جیهانی، بۆ سنوردار (سنور دانان)و هەڵوێستە لەسەر کردنێك لە مەترسی ئەم نەخۆشییە کە بەرۆکی گەلانو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی لە پێش هەموو کەس گرتوەو دەوڵەتانی زلهێزی هەڵوەشاندوە، هەر لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە هۆکاری خێراو زۆر بڵاو بوونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان پەیوەستە (بەندە) بە بڵاوبوونەوەی داوێن پیسیو لەشفرۆشیو پەیوەندییە سێکسییە نامۆو ناباوو ناسروشتو ناشەرعییەکان ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتیو هۆکاری دەروونی.

**هۆكاره كۆمه‌لایه‌تییه‌كان بریتیین له:**

*ئاسانكاری تاكو كۆمه‌ڵ به‌ په‌یوه‌ندییه‌ سێكسییه‌كانه‌وه‌، هه‌روه‌ها كۆمه‌ڵگه‌ش له‌ ڕێكخستنیاندا ئاسانكاره‌، له‌ بناغه‌دا هاوسه‌رگیری به‌ به‌ندو كۆتێك دائه‌نرێت له‌سه‌ر ئازادیو پێویست به‌م كۆته‌ ناكات (هاوسه‌رگیریه‌) چونكه‌ جێگره‌وه‌كه‌ی به‌ جوانترین شێوه‌ ئاماده‌یه‌و ڕازێنراوه‌ته‌وه‌ به‌بێ لێپرسینه‌وه‌و به‌بێ خه‌رجكردنی هیچ پولو پاره‌و ماده‌یه‌كو له‌لایه‌ن یاساشه‌وه‌ ئه‌م ئاسانكاری له‌ په‌یوه‌ندییه‌ سێكسییه‌كان پارێزراوه‌، كه‌س بۆی نییه‌ ده‌س بهێنێته‌ ڕێگه‌یان.

*گۆڕانی ژیان بۆ ماده‌یه‌كی (په‌تیو رووت) به‌ جۆرێك گرنگیدانی هه‌موو خه‌ڵك بوه‌ته‌ مادده‌و عه‌وداڵه‌ به‌ شوێنیدا، هه‌وڵو كۆشش بۆ مادده‌ ئه‌دات هه‌موو ڕێگه‌یه‌ك ئه‌گرێته‌ به‌ر بۆ به‌ده‌ستهێنانی ژیانێكی ماددی خۆش گوزه‌رانی، بۆیه‌ له‌م پێناوه‌شدا خێزانه‌كان لێك هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌، له‌ یه‌كتر دائه‌بڕێن دائه‌پچڕێن ئیتر لێپرسینه‌وه‌ خۆی بۆ خۆی سستو كه‌م ئه‌بێت، له‌گه‌ڵیشیدا یاساغیو به‌ربه‌ست ئه‌خلاقیو ره‌وشت نامێنێت (بێڕه‌وشتی په‌ره‌ ده‌سێنێت).

*مانەوەو ئالودەبوون لەسەر مادە بێهۆشکارەکان (هۆشبەرەکان)و مەیو عارەقو، دیارە پەیوەندییەکی رونو ئاشکرا هەیە لە نێوان ئالوودەبوونو بڵاوبونەوەی سێکس، دەرکەوتووەو جێگیر بووە کە ٩٠٪ پەیوەندییەکان لە کورتە سەردانو کورتە گەشتی هاوڕێیانەوە بوە کە لە مەیخانەکانەوە دەستیان پێ کردوە.

* بڵاوبوونەوەی دەرمانە (بیهۆشکار) هۆشبەرەکانو رێگەی چۆنییەتی نەهێشتنی (بەربەست کردنی) دووگیانبوون کە ئەم دووگیانیو سکپڕیە (سکبون) بە بەردەوامی بۆ نەهێشتنیو رونەدانی لە مێشكو بیری کچان پەردەیەکی رەشی هێناوە بە سەریاندا لە ناڕەحەتیو قورسیو ماندوو بوونەکانی دووگیانی ئەترسن، تەنانەت ئەگەر لەم رێگەیەشدا سك دروست بوو ئەوا فڕێدانیو لەباربردنی بە دروست ئەزانرێتو کارێکی رەوایەو لەلایەن یاساوە ئەپارێزرێ (بە یاسایی کردنی لەناوبردنی منداڵە لەباربووەکان) (زۆڵەکان) واتە لە باربردن بە دروستو رەوا ئەزانرێ ئەم کارە لە لایەن یاساوە رێپێدراوەو پارێزراوە.

*زۆربوونو زۆر کردنی زۆری گەشتو گوزارو ئاسانکاری زۆر کردنو زیاد کردنی هۆکارەکانی گەیاندن (سەیارەو

تەیارە...هتد) بە جۆرێك كە بتوانرێت لادێكان‌و پارێزگاكان پەیوەندی بكەن بە شارەكانەوەو خەڵك‌و دانیشتوانی شارەكانیش بە ئاسانی بتوانن گەشت‌و گوزار بكەن بۆ دەرەوەی خۆیان (واتە لادێ‌و پارێزگاكانیتری دەرەوەی خۆیان) بە تایبەتی ئێستا كە جیهان بووەتە گوندێكی بچووك‌و سێكسیش بووەتە بازرگانییەكی برەوپێدراو بە داهات پەیداكەرو بەرهەمدار دائەنرێت بۆ بازرگانەكان.

*نەمانی پەیوەندییە هاوسەرگیرییەكان (ژن‌و مێرد) بەهۆی هەڵوەشاندنی كۆمەڵگەوە، لە توێژینەوەیەكدا كە لە شاری گلاسكۆ لە بەریتانیا ئەنجامدرا دەركەوت (جێگیربوو) كە ٨٥٪ ئەو ژنانەی هاوسەرگیری ناشەرعیان كردووە (هاوسەریان نیە) بە نا شەرعی شوویان كردووە ئەوانەن كە سەردانی پزیشكیان كردووەو توش بوون بە نەخۆشییە سێكسییەكان كە لە پیاوەكانیانەوە بۆیان گوازراوەتەوەو، لە ٤٠٪ لەو ژنانە كە سەردانی پزیشكیان كردووە ئەم نەخۆشییەیان گواستووەتەوە بۆ هاوڕێكانیان، بەم شێوەیە زنجیرەیەك لە بڵاوبوونەووەی نەخۆشیی بەردەوامەو ناوەستێت، هەر یەكەو لەویترەوە بۆی ئەگوازرێتەوە.

*هەروەها دكتۆر (ديرك جونز) ئەڵێت زۆربەی زۆری ئەم بەڵایانە (نەخۆشیانە) لە ژنانەوەیەو خەتای ژنانە نەك تەنها ئەو ژنانەی كە ئەم پیشەیان هەیە (لەشفرۆشن) ئەم نەخۆشیانەیان هەیەو بوونەتە هەڵگری ئەم نەخۆشیانە بەڵكو ژنانی ماڵەوەشی گرتۆتەوە بە جۆرێك هیچ مەترسییەك‌و ترسانێك نایێت بە خەیاڵیاندا كە ئەمانیش تووش بوون بەم نەخۆشییە سێكسیانەو بوونەتە هەڵگری ئەم نەخۆشییە سێكسیانە.

*هەروەها هۆكارە دەرونییەكانیش بۆ ئەم دیاردەیە بێگومان رۆڵی خۆی هەیە پەیوەستە بە كۆمەڵگاوە هەروەك لە پێشەوە باسمان كردن (ئاماژەمان پێدان) وەك (هۆكارەكانی بڵاوبوونەوەی ئازادی‌و سەربەستییە سێكسییەكان بێ مەرج‌و كۆت‌و بەند)، هەستی بون بە دایك‌و هەستی خۆشویستنی ژنهێنان‌و ئارامی‌و هێمنی، هۆكاری جیاكردنەوەی ژن‌و مێردەكان هەندێكیان لە هەندێكیان‌و جیاكردنەوەیان لە منداڵ‌و خێزانەكانیان بە هۆكاری ژیان‌و گەڕان بە دوای پاروویەك ناندا.

*هۆكارێكیتر هەستكردن بە غەریبی‌و (تاك)ی ژیان بەسەربردن لە بێئیشی‌و (فەراغ)و بۆشاییدا بۆ رزگاربوون لەم هەستی

تاکیو بێئیشییەیداو گەڕان بە شوێن باشترین کارێك بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، باشترین کارێك کە بیکات بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی سێکسی نادروستو ئەم جۆرە لە پەیوەندی سێکسیی لە مرۆڤێکەوە دەردەچێت کە ئیرادەی لاوازەو پێنەگەیشتووە لە عەقڵو جەستەیداو (لە هەستیو نەستییدا) لە قسەو قسەکردنیدا زۆر تەواوەو پڕە لە قسەی زل قسەی لوس زۆر بڵێیە، ئەم جۆرە خەڵکە هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان، چونکە تەنها یەك شوێنیان (یەك ماڵو خێزانیان) نییە کە ژیانی تێدا بەسەربەرن.

چونکە (بێلانەو بێ ماڵو حاڵن گیرفان خاڵیو دانەمان لە قسەی زلو زمان لوسییدا).

لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا دکتۆر (سکۆفیلْد) پێشنیاری ئەوەی کرد کە: هەندێ بیرو فیکر هەیە کە ئەبنە هۆی چارەسەری ئەم کێشە ترسناکە (ئەبنە کەفیلی چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە)، لەو فیکرو بیروبۆچونانە:

١- زیندوکردنەوەی باوەڕبەخۆبوون (الثقة بالنفس).

٢- بەگەورە زانینی هەستی خۆشەویستی (پیرۆزی هەستی خۆشەویستی).

٣- پێویستی تەواوو سووربوون لەسەر ڕێزی پەیمانی ژیانی هاوسەرگیری.

٤- دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە ئەبنە هۆی لادانو دورەپەرێزی ژیریو عەقڵو دانایی.

دواجار ئەوەندەیتر قوڕەکە خەست بوویەوە جیهانگیری ڕەزیلو پیسو چەپەڵ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کە ١٠ ملیار لاپەڕە هەیە کە لە ٢,٥٪ تایبەتکراوە بۆ سێکسو شێوەکانی، ئەمە هەموو کەسێك ئەتوانێت بە کاری بهێنێت هەمیشە لەبەر دەستە هەندێ جار بەشوێنیشیدا ناگەڕێو ئەخرێتە بەردەستی بەبێ ویستی خۆی، لە کۆی ئەوانەی کە چوونە ناو ئەم بەشەی (لاپەڕانەی) بەرەڵاییو داوێن پیسی سەردانیان کردوون، تێچوونو بەخشینی ئەو پارەیە ئەگاتە ٣ ملیار دۆلار بۆ ساڵی ٢٠٠٣، هەر لاپەڕەیەك بەشێکی سێکسی بێت لە ساڵێکدا زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس سەردانی ئەکات، (سەردانیکردنی یەك بەشی لاپەڕەی سێکسی لە ساڵێکدا پێشوازی ئەکات لە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن (سەردانکەر).

ئەوانەی کە زۆر سەردانی ئەم بەشە سێکسیەیان کردووە تەمەنیان لە (١٢-١٧) ساڵدایەو لە هەندێ سەرژمێریدا ئاماژە بەوە ئەدەن کە لە ٨٠٪ی تاوانی هەڵگرتنو فڕاندن، تۆمار

کراوە لەسەر ئەوانەی کە گیراون‌و دانیان ناوە بە تاوانەکەیاندا لەسەر تاوانی مادەی‌و بەرەڵایی‌و داوێن پیسی.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە تەنها ١٥ هەزار کتێبخانەو ٩٠٠ (یانە)ی تایبەت بە دروستکردنی گۆڤارو فیلمی سێکسی هەیەو ساڵانە ٨٠٠ هەزار ژمارەی نوێ لەو گۆڤارە (بەرەڵایی‌و داوێنپیسی)یانە بەرهەم ئەهێنن‌و ئەیخەنە بازاڕەوەو، بۆ هەر ژمارەیەك بە سەدان ملیۆن (دانە) لە چاپ ئەدرێت (چاپ ئەکەن)و قازانجی ئەم بازرگانییە برەودارە ساڵانە ئەکاتە ٨ ملیار دۆلار، هەرچی کەناڵە ئاسمانییە جۆراو جۆرەکانیشە، لەوانە هەندێکیان تایبەتکراون بۆ سێکسی راستەوخۆ کە لە سەر شاشەکانیان بە وێنەی زیندووەوە دائیەبەزێنن‌و دیارە، ناونیشان‌و راهێنانی روونی پێوەیە بۆ بانگکردنی بە ئاشکرا بۆ سێکس، هیچ پەردەیەك‌و ناڕوونییەکی لەسەر نییە (ئاشکراو روونە)، گەنجان بانگ ئەکرێن‌و ئاگری هەست‌و نەست‌و هەواو ئارەزووەکانیان هەڵئەگیرسێنن بەبێ ئەوەی حیساب بکرێ بۆ ئەم حاڵەتە کە کۆبوتەوەو کەڵەکە بوە کە نەخۆشی‌و داهاتوو دەرەنجامی خراپ‌و بەد ئەنجامی ئەبێت بۆ کۆمەڵگە.

سادەترین شتێك كە تووشی كۆمەڵگەدا ئەبێت بە هۆی ئەم فەسادو بێ رەوشتیەوە بەهۆی كەناڵە ئاسمانییەكانەوە هەزارەها پیاو وازیان هێنا لە ژنەكانیان، (گۆڤاری (الاسره) ژمارە ١١٢).

هەر بۆ زانیاری سەرژمێرییەكان لە گۆڤاری (ولدی) ئاشكرای ئەكاو ئەڵێت (٩٢٪) لە مناڵەكان سەیری ئەوە ئەكەن كە پێی ئەوترێ (ڤیدیۆ كلیپ)، قازانجی یەك وێستگەی عەرەبی (ڤیدیۆ كلیپ) ساڵانە ئەگاتە زیاتر لە ٦٠ ملیۆن دۆلار.

ئینتەرنێتو كەناڵە ئاسمانییەكانو مۆدەو فیلمە نزمو دابەزیوەكانو گۆڤارە سێكسییەكان شریتە (CD) پێكداچونەكانو تێكەڵاویە گەرموگوڕو وروژێنو هەژێنەكانو، جیهانگیرییە رەزیلەكەو پاراستن پارێزگاری لە داوێنپیسیو سێكسی نامۆو ناسروشت بە یاساو، هەرچی لە ترسو تۆقی سێكسی نامۆو نادروست دێتە بەرهەم.

دەركردنی یاسای نوێ سەبارەت بە فراوانكردنی ئازادی تاكە كەسی بۆ لاوانو گەنجانو زۆركردنی گەشتو گوزارو بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانەو نزیكخستنەوەیان لە یەكتر، تا ئەم نزیككردنەوەیە وای لێهات نەخۆشیە گوازراوە سێكسییەكان ببنە كێشەو گرفتی نالەبارو ئاڵۆزی جیهانیی

لەبەر ئەوەی ئەم نەخۆشیانە جۆرەكانیان زیادی كردو قوربانیانیان زۆربوون‌و هەموو رۆژێك شتێكی نویٚ دێتە ئاراوەو كایەوە، جیهان هەر ئاوا ئەمێنێتەوە بەو شێوەیە تا ئەگەڕێتەوە سەر راستی (ڕاستە شەقام).

لە راپۆرتێكدا تایبەت بە تەندروستی ئافرەتان، كە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠دا دەرچووە كە (بامیلابیك) ئەڵیٚ لە ٧٠٪، خوێندكارانی ناوەندی ممارەسەی سێكس ئەكەن پێش ئەوەی قۆناغەكەیان تەواو بكەن‌و دەربچچن (تخرج) بكەن‌و لە ١٢٪ بە لایەنی كەمەوە توش ئەبن بە یەكێك یان زیاتر لەو نەخۆشییە سێكسییە گوازراوانەوەو ٢٠٪ی كچانی باڵق تووش بوون بە یەكێك لە نەخۆشییە سێكسییەكان بەبیٚ ئەوەی خۆشی هەستی پێبكات، زۆرترین مەترسی ئەوەیە كە لە راپۆرتێكدا هاتووە كە لە بریتانیا دەرچووە لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەژێر ناونیشانی (بۆچی ژمارەی تووشبوانی نەخۆشییە گوازراوە سێكسییەكان لە زیاد بوون‌و بەرزبوونەوەدان)، راپۆرتەكە ئەڵیٚ توشبوون بە نەخۆشی سفلس زیادی كردووە بە رێژەی ٦،٤٨٪ ئەمە پێش ٧ ساڵ لەمەو پێشتر، هەر بۆ زانین كە دكتۆر (روجر ئینگهام) لە (سەنتەری توێژینەوەی تەندروستی سێكسی) لە زانكۆی

(ساوپ هامبتن) ئەڵێ هیچ تەفسیرێك بۆ ئەمە نیە تەنها ئەوە نەبێت کە زۆربەی خەڵکی نغرۆو نوقم بوون لە لیتاوو قوڕاوی زۆنگاوەکانو بڵاوبوونەوەی سێکسیدا کە هەموو سنورەکانی تێپەڕاندوە تەنانەت هەتکی دیوارە قەدەغەکراوەکانیشی کردوە.

هەروەها دکتۆر (کینج هولمز) لە کتێبە کۆکراوەکەیدا بە ناوی (الأمراض المنقولة سيَكسيا) کە لە ساڵی ١٩٩٩دا لە چاپی سێهەمیدا، کە یەکەم چاپی لە ساڵی ١٩٧٥دا دەرچوەو لە ساڵی ١٩٩٥دا چاپی دوەمیشی دەرچوە، باسی ئەوەی کردوە کە (١٢) جۆر میکرۆبی نویٌو تازە لەسەر شانۆی (نەخۆشیو هەوکردنی گوازراوەی سێکسی) دەرکەوتووە کە هەموو رۆژێك نەخۆشیەکی تازە دێتە ئاراوە بۆیە جیهان بەم شێوەیە دەمێنێتەوەو بەرەو لێوارو کەندەڵاَن ئەڕوات تاوەکو نەگەڕێنەوە بۆ رێگەی راستو سروشتو فیترەتی مرۆڤایەتی، رێگەی هیدایەت ئەگرنە بەرو ئەگەڕێنەوە.

# بەشی دووەم:

- کۆئەندامی زاوزێی پیاوان
- کۆئەندامی زاوزێی ژنان

# پێشەکی

شتێکی شاراوە نییە میکرۆبی نەخۆشیە سێکسییەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە ڕێگەی کۆئەندامی زاوزێوە ئەچێتە جەستەی مرۆڤەوە، بەتایبەتی ئەندامی سێکسی دیارو دەرکەوتووە، دەستپێکردنی گەشەی ئەم میکرۆبە لە ماوەیەکی درێژدا کە چەند ساڵێك ئەخایەنێت.

بەڵام حاڵەتی دەگمەنیش هەیە کە ئەم میکرۆبە ئەچێتە لەشی مرۆڤەوە لە ڕێگەیترەوە کە ئەویش وەك حاڵەتی زگماکی کە لە دایکەوە ئەگوازرێتەوە بۆ کۆرپەکەی کاتێك کە کۆرپەلەیە لە ناوپۆشی رەحمیدایە، یان لە کاتی مناڵبوونیدا هەندێ جار دەگمەنترە زۆر کەم، ئەم میکرۆبە لە ئەندامی سێکسی پیاو یان ژن ئەگوازرێتەوە بۆ لێوەکان‌و زمانی (ئەنجامدەرانی سێکسە نامۆو ناباوو ناسروشتیەکان) کە ئەم حاڵەتە ١٪ تێپەڕناکات لە کۆی تووشبووندا بە نەخۆشییە گوازراوە سێکسییە جیاوازەکان.

ئەو میکرۆبەی کە ئەبێتە هۆی هەوکردنی جۆراوجۆری (چوك) بە تایبەتی نەخۆشی سیلان ئەم هەوکردنە لە (چوکەوە) درێژئەبێتەوە تا دەگاتە قوڵایی کۆئەندامی زاوزێ بە تایبەتی لە ژندا کە ئەگاتە رەحم‌و جۆگەی فالوب‌و

هێلکەدانەکان کە ئەبێتە هۆی هەوکردنێکی زۆر سەختو بەو هۆیەشەوە ئافرەتەکە تووشی نەزۆکی ئەبێت، هەروەها بە نیسبەتی پیاویشەوە ئەم میکرۆبە زیاتر بڵاوئەبێتەوەو ئەگاتە گونەکانو بەو هۆیەشەوەو بەهەمان شێوە ئەبێتە هۆی نەزۆکی لە پیاودا، بۆ تێگەیشتن لەم نەخۆشیە بە تەواویو بە جوانی ئەبێ لە سەرەتاوە شوێنو ڕێگەو ڕۆیشتنی ئەم میکرۆبە بزانینو دوای بکەوینو بەدواداچوونی بۆ بکەین لە سەرەتادا، تاوەکوو باشترو زیاتر ماکەکان (مضاعفات)ی ئەم نەخۆشییە بزانین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە ئامادەکردنی کورتە باسێکی (تێڕوانینی توێکاری) هەیە لەسەر کۆئەندامی زاوزێی پیاوو ئافرەت.

## کۆئەندامی زاوزێ لە پیاودا.(نێرینە).

کۆئەندامی زاوزێ لە پیاودا پێکهاتووە لەم ئەندامە سەرەکیانەی لەلای خوارەوە:

١- ئەندامێك کە دروستکەری (تۆو سپێرم/ الحیوانات المنوی)ین کە گونەکانن، گونەکان ئەندامی دروستکردنی (سپێرم /تۆو)ی پیاون.

٢- ئەندامێك بۆ گواستنەوەی ئەم تۆوانە/ سپێرم (حیوانات منوی)یانە لە شوێنی دروستبوونی گونەکان بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی ئەکرێتە دەرەوەی لەش (جەستە) ئەویش (جۆگەی گواستنەوەیە لە هەر گونێکدا.

٣- ئەندامێك بۆ دەرکردنی (سپێرم تۆو/ حیوانات منویە) فڕێدانە ناو (میهبەل/ زێ)ی ژنەوە لە نزیك (دەرگا/دەمی) منداڵدانەوە ئەویش (چوکە)ە.

٤- گون، (تەنێکی) هێلکەیی بچووکە کە درێژییەکەی ئەگاتە (٤-٥) سم کێشەکەی نزیکەی (٢٠) گم بە پەردەیەکی ریشاڵی سپی شینباو داپۆشراوە کە ئەستووریی ئەگاتە نزیکەی یەك (ملیمتر)، لە ناو هەر گونێکدا روپۆشی ناتەواو هەن کە دابەش ئەبن بۆ (بەش/کوت)ی شێوە هەڕەمی، کە هەر گونێك نزیکەی (٢٥٠- ٣٠٠) (بەش/ کوت)ی تێدایە

کە هەریەکێك لەم (بەش/کوت)انە جیهازێکی بچووکی تەواوە بۆ دروستکردنەوەو بەرهەم هێنانی تۆماو هەموو (بەش/ کوت)ێك، (٢-٤) (تۆواوگە/ ناوکۆکە)ی تۆوی پیاوی تێدایە کە درێژی هەر یەکێکیان (٢٠- ٧٠) سم، تیرەکەشیان (٥٠- ٢٠٠) مایکرۆنە (کە یەك مایکرۆن= بە ملیۆن مەتر)، کە بە توندیو بەهێز پێچو لول دەخۆنو خول دەدەن بۆ ئەوەی هەتا بکرێت لە بچوکترین قەبارەو شێواز ئیش بکەن، ئەمە ئەتوانرێت بەرهەمی (تۆو) ئاوی پیاو بەرهەم بهێنن لە سالانی باڵغیدا تاوەکو مردن ئەگەر سەلامەت بێت ئەگەر (میکرۆبی پێنەگەیشتبێت).سەیری وێنەی ژمارە (١) بکە.







**وێنەی ژمارە (١)**

**ئەندامە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان**

دوای دروستبوون‌و بەرهەهێنانی (تۆو) لەم تۆواوگە/ ناوکۆکانە ئەم (تۆو/ سپێرم)ە ئەڕوات بۆ ڕێگەی گواستنەوە... لە هەر پەلێك جۆگەیەکی ڕێك دەرئەچێت‌و ئەڕوات بۆ تەنی (هیگمور)، لەوێشەوە بوتڵی ڕێك دروست ئەبن کە ئەبنە یارمەتیدەری تۆڕێکە کە پێی ئەوترێت تۆڕی (هالەر) کە لێیەوە (١٥- ٢٠) بوتڵی گەیەنەر دەرئەچێت تیرەی هەر یەکەیان (٠,٥) نیو ملیمترەو درێژی هەر یەکێکیشیان لە نێوان (٤- ٦) سم ئەم بوتڵە گەیەنەرانە ئەچنە ناو سەری (البربخ)، لار ئەبنەوە تیایدا لول ئەبن بە توندی پێچاوپێچ‌و لول ئەخۆن، هەموویان یەك ئەگرن‌و کۆئەبنەوە لە جۆگەی (البربخ)دا (جۆگەیەکی لاروپێچ‌و لولدراوە) کە درێژیەکەی ٦ م بۆ ئەوەی تەنی بربخی تیا وەستاوو نیشتەجێ ببێت، بربخ (تەنێکی بچوکە لە شێوەی فاریزە (،) لەسەرو لەش‌و کلك پێك دێت.

*** جۆگەی گۆزەر (گوازەرەوە):**

جۆگەیەکی لولەکی رەقە لە پێش کۆتاییەکەیدا ئاوساوە (هەوای تێدایە) کە درێژی ٤٥ سمو چێوەکەی ٢ ملم، دەست پێ ئەکات لە بربخو کۆتایی دێت لە بۆشایی سکدا لە پشت میزەڵدانەوە لە جۆگەی (دەرپەڕ/ هەلقولاو) لە پاڵ رێژگەی سیکلۆچکەی تۆواودا.

*** جۆگەی (دەرپەڕ/ هەلقولاو):**

جۆگەیەکی شێوە قوچەکییە تیرەکەی بە (٢) ملم دەست پێدەکات بە (٠,٥) ملم کۆتایی دێتو درێژییەکەی (٢,٥) سم درێژ دەبێتەوە بە ناو پرۆستاتدا تۆواو ئەگوازێتەوە لە جۆگەی گواستنەوەو بۆ بۆری میز.

* بۆڕی میز/ بریتییە لە شوێنو رێگەی (بۆری میز) درێژبۆتەوە لە میزەڵدانەوە بۆ (چوک)، ئەم بۆری میزە بەکارئەهێنرێت وەك بۆری میز بۆ میزکردنە دەرەوە، وەك بۆری زاوزێ لە کاتی جوتبووندا تۆواوی پێدا هەڵئەدرێت.

* (چوك/ کێر)/ تاکە ئەندامێکە خاوەنی بونیەو قەوارەیەکی ئیسفەنجیە، رەق ئەبێت کاتێك ئەم قەوارە ئیسفەنجییانە پڕبوون لە خوێن، بەم شێوەیەو لەم حاڵەتەدا، توانایی چوونە ژوورەوەی شوێنو جۆگەی زاوزێی مێینەی ئەبێت، بۆ

گەیشتنی (تۆواو) پیایدا، پیاو لە هەر کرداریێکی جوتبوونی ئاساییدا ئەتوانێت (٣٠٠-٥٠٠) ملیۆن (تۆو/ سپێرم) فڕێو هەڵبدات، بگاتە نزیک دەمی قووڵایی منداڵدانی ژن (قولایی رەحم لە ئافرەتتدا).

*** سیکڵۆچکەی تۆواو/:**

جانتایەکی (پارێزراوێکی ریشاڵییەو ناوپۆشکراوە بە خانە، شلەیەکی لینج (مخاطي) دەرئەدەن‌و ئەڕژێنێت، لە جۆگەی هەڵدان‌و هاویشتنەوە بۆ پاڵ رێژگەی جۆگەی گواستنەوە لەکاتی هەڵدان‌و فڕێداندا.

*** رژێنە پاشکۆییەکان/**

کۆئەندامی زاوزێی پیاو رژێنێکی خڕی پاشکۆی پێوە بەستراوە کە بە بۆڕی میز دەورە دەدرێت دوای دەرچوونی لە میزەڵدا، کە پێی ئەوترێت (پرۆستات).

کە لەسەر بۆری میز ئەکرێتەوە بە بوتڵی بچوک نزیک رێژگەی بوتڵی پاڵنەرو هەڵدەر، کە لەکاتی دەرکردنیدا بە شێوەی شلەیەکی رون دەڕژێت، کە کارلێکی تفتی سوک‌و کەم دەکات کە خاڵییە لە ریشاڵ بۆ ئەوەی تێکەڵی شلەی (تۆو/ سپێرم) ببێت، کە ئەبێتە هۆی زیاترو ئاسان کردنی‌و خێراکردنی جوڵەی تۆو، کە دەوڵەمەندە (پڕە) بە خۆراك، بۆیە

کۆگای خۆراك زیاتر ئەکات بۆ شلەی (تۆو/ سپێرم)و خێرایی (تۆو/ سپێرم) زیاترە لە خێرایی هەر ساروخێك کە هەتا ئێستا دروست کرابێت لەوە زیاتر خێراترە، خێرایی ئەم (تۆو/ سپێرم) ئەگەر بە راورد بکرێت لەگەڵ قەبارەی زۆر بچوکیدا، لەگەڵ ئەو ماوەیەی (مەسافەیە) کە ئەیبڕێت تا ئەگاتە هێلکەکەو، لەلای پرۆستاتدا، دوو رژێنیتر هەن کە پاشکۆن و بەستراون بە کۆئەندامی زاوزێی پیاوەوە کە پێیان ئەوترێ رژێنەکانی (کوبر)و هەر یەکێك لەم رژێنانە خڕن بە قەبارەی تۆوی (گێلاس) کە هەر یەکەیان ئەگەنەوە بە بۆری میز بەهۆی جۆگەیەکی خاڵییەوە کە درێژەکەی ئەگاتە نزیکەی (٣-٤) سم ئەبێت و کاری هەر یەکێکیان بریتییە لە ئامادە کردنی (تۆو/ سپێرم) بە دەرکردنی لینجاییەکی رون دەردەکرێت لە کاتی قوڵپدان و تێکردنەوە لە رێگەی (بۆڕی میز)ەوە.

خوای گەورە لوتفی کردووە لەگەڵ پیاودا کە دوو گوونی پێبەخشیوە، بۆ زانین (علما) بە مەرجێك کە تەنها یەك گوون توانای بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست لە (تۆو/ سپێرم) هەیە بۆ پیتاندن و خستنەوەی وەچەو زۆر بوون.

## **(کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا) (مێینە).**

**کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا پێك دێت لەم ئەندامانەی خوارەوە کە لە وێنەی ژمارە (٢)دا دیارەو دەرئەکەوێت).**

**یەکەم: دوو ئەندامی جوت (جوتە) ئەوانیش:**

**١- هێلکەدانەکان.**

**٢- النفیران (دەرپەریوو بەرزبۆوەکان).**

**دووەم: دوو ئەندامی تاك:**

**١- منداڵدان (الرحم).**

**٢- زێ (مهبل).**

**_دێینە باسی هەریەکێك لەو بەشانە:**

*** هێلکەدانەکان (المبیضان):**

**دوو هێلکەدان هەن لە بەشی خوارەوەی سك، کە قەبارەی هەر یەکەیان ئەگاتە قەبارەی (دەنکە بادەمێك)و رەنگیان مەیلەو سپییەو دووکار(ئیش)ی گرنگیان هەیە:**

**یەکەم/ دەردانی هۆرمۆناتی مێینە کە بەرپرسە لە رێکخستنی سیفاتی مێینە لە مێدا، وەك گەشەی مەمکەکان، ناسکیو نەرمی دەنگ، تەسکی شانەکان، فراوانی سمتو نیشتنی چەوری لە ژێر پێستداو رودانی سوڕی مانگانە.**

دووەم/ دروستکردنو پێکهێنانی هێلکۆکەو ئامادە کردنو تێپەڕکردنی تەنها یەك هێلکە هەموو مانگێك (الاباضة/ هێلکە کردن (دەرچونی هێلکۆکە لە هێلکەدان) لەم کردارەشدا هێلکەدانەکان هەر جارەی یەکێکیان بەم کارە هەڵئەستن، ئەگەر هێلکەدانی لای راست هێلکەیەکی دەرداو رەوانەی کرد ئەوا هێلکەدانی لای چەپ لە مانگی دواییدا هێلکە ئەنێرێتو دایئەبەزێنێت ئیتر ئاوا هەر مانگەو یەکێك لەو هێلکەدانانە، راست یان چەپ هێلکە دروست ئەکەنو ئەینێرنو دەری ئەدەن.




**وێنەی ژمارە (٢) کۆئەندامی زاوزێی ژنان**

**لە رووی ریشاڵیەوە (النسیجیە) هێلکەدان پێك دێت لە دوو ناوچەی ئاشکراو دیار.**

١- شێوە دڵی قوڵ.

٢-توێکڵیو روکەشیو، لە ناوچەی توێکڵێدا، دروستبوونی هێلکەو گەشەو گەورەبوونی هێلکە تەواو ئەبێت، هەروەها هەر لە ناوچەی توێکڵدا بەرگی هێلەدانەکانو قۆناغە جیاوازەکانی گەشەو گەورەبونو پێگەیشتنو تەواو بون دێتە ئەنجامدان.

بەرهەم هێنانو دروست کردنی هێلکە لە مێدا (ئافرەت)دا بەردەوام ئەبێت لەباری ئاساییدا لە تەمەنی باڵق بوندا تاوەکو تەمەنی بێهیوایی (سن اليأس)، ژمارەی هێلکەکان کە ئەم هێلکەدانانە بەرهەمیان ئەهێننو دروستی ئەکەن لە ماوەی ئەم تەمەنەدا (باڵقی بۆ بێهیوایی) ئەژمار ئەکرێن بە ئەگاتە نزیکی (٤٠٠) هێلکە، ئەگەر زانیمان (ڕێژە)ی تێکڕای یەك هێلکە کە هێلکەدانەکان دروستی ئەکەن (بەرهەمی) ئەهێنن هەموو مانگێك، ئەتوانین بڵێین کە هەر ئافرەتێکی ئاسایی بە بەردەوامی ئەتوانێ هێلکە بپیتێنێو دروست بکات لە کاتو ساتێکدا کە لە نێوان (٣٣- ٣٤) ساڵدایەو، لە ڕۆژو بەرواری باڵقبوونیەوە.

- **النفيران: دورپەڕیوو بەرزبۆوەکان/:**

**دوو بۆری بەرزی کراوەن لەسەر مندالْدان، تیرەی بەشی ناوەوەیان ناگاتە ٢ ملم، لە هەمان کاتدا بەشی دەرەوەیان کەمێك فراوانترە، کۆتاییەکەی پێی ئەوترێ (بوق یان صیوان)و بوق کۆتایی دێت بە هەڵتۆقیوو هەڵئاوساوی بچوك لە شێوەی پەنجەکان، ئەم شێوە پەنجانە بە بەردەوامی لە جوڵەدان بۆ ئەوەی هێلکە (وەربگرێت) کاتێك لە هێلکەدان دەردەچێتو دێتە خوارەوە تێبینی کراوە کە جوڵەی ئەم هێلکەیە ئەگاتە لوتکە لە رۆژی ١٤ لەسەرەتای تێکەوتنو بێنوێژیدا، یان لە کاتی روودانی (الإباضة/ هێلکە کردن (دەرچونی هێلکۆکە لە هێلکەدان)و کەوتنە خوارەوەو دەرچوونی هێلکە لە هێلکەداندا، ئەم هەڵئاوساو پیزۆکە شێوە پەنجانە بە بەردەوامی لە جوڵەدان هێلکەکەیان گرتووە تاوەکو بیگەێننە شوێنی خۆی، تا لە ڕێڕەوی خۆی نەترازێو بۆ ئەوەی هێلکە بچوکەکە نەکەوێتە ناو سکەوەو بفەوتێتو، ئەو بەشەی کە لە دوای دوو بۆریە بەرزەکان (نفیر)ەوە دێت پێی ئەوترێت (صیوان)، کە خاوەنی تیرەیەکی گەورەیە نزیکەی ١ سم ئەبێت، کە تیایدا پیتاندنی ئاسایی تەواو دەبێت بەڵام بەشەکەیتری (نفیر) خاوەنی تیرەیەکی وردە کە بە نزیکی**

ئەگاتە ٣ سم، کە لە لایەکی گۆشەی منداڵدان ئەکرێتەوە یان کە پێی ئەوترێ (قرن الرحم) شاخی منداڵدان.

- **(رەحم) منداڵدان:**

دوای ئەوەی هیلکەکە پیتێنرا ئیتر پێویستی بە شوێنێکی پارێزراو قایمو مەحکەم هەیە کە ئارامو جێگیربێ و دڵنیابێت لە هۆکارەکانی پاراستنو چاودێریو گەشەو ئەم شوێنە گرنگەش بریتییە لە ﴿ فَجَعَلْنَٰهُ فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴾ المرسلات: ٢١

منداڵدان لە بنەڕەت لە (بناغە)دا ماسولکەیەکی بۆشی شێوە هەڵوژەیی پەستێنراوە لە پێشەوەو دواوە، بنکەکەی لە سەرەوەیەو لوتکەکەشی لە خوارەوەیە، ئەکەوێتە دواوەی میزڵدانەوەو پێشەوەی (ڕێکە/ المستقیم)و ژێر ریخۆڵەکان کە بەهۆی داچونێکەوە دابەش بووە بۆ دوو بەش کە پێی ئەوترێ (برزخ الرحم)، بەشی سەرەوەی پانەو فراوانە پێی ئەوترێت (جسم الرحم) لەشی منداڵدان، بەشی خوارەوەی تەسكو شێوەی تەشیو کە خاوەنی (دەم) دەرچەیەکە کە بەسەر روی (زێ/ مهبل)دا ئەکرێتەوەو پێی ئەوترێت ملی منداڵدان.

قەبارەی منداڵدان ئەگاتە نزیکەی ٨ سم بە باری درێژیو، ٥ سم بە باری پانیو، ٣ سم بە باری ئەستوری، خوای گەورە ماسولکەکانی منداڵدانی تایبەتمەند کردووە بە تایبەتمەندی

سیفاتی جیاوازو جیاکەرەوە کە هیچ ئەندامێکیتری جەستە ئەم تایبەتمەندیەی پێنەبەخشیوە، ریشاڵەکانی ماسولکەکانی دیواری منداڵدان توانایەکی زۆر لە رادەبەدەریان هەیە بۆ کشان لە کاتی پێویستدا.

منداڵدان کە درێژیەکەی لە باری ئاساییدا ناگاتە ٨ سم، کەچی ئەکشێ بۆ ئەوەی فراوان ببێت بۆ منداڵێك کە کێشەکەی (٣-٤ کگم)، زیاد لەوەش وێلاش‌و شلەی ئەمینوسی‌و ریشاڵەکان کە بەستراون بە منداڵەکەوە، ئەمانە هەموویان ١٠ ئەوەندەیتر قەبارەی پێشوو منداڵدان زیاد ئەکەن.

دکتۆر (احمد الترعانی) پسپۆڕی منالبوون‌و نەخۆشییەکانی ژنان لە کتێبەکەیدا (مرشد الحامل والمرضع) ئاماژە بەوە ئەکات کە ماسولکەکانی منداڵدان کە بە شێوەیەکی رێك‌وپێك‌و وردەکاری دروست بوون بە شێوەیەك کە منداڵ‌و وێلاش لە کاتی منالبووندا زۆر بەسوکی‌و ئاسانی لە منداڵداندا دێتە دەرەوە، بە جۆرێك کە بەشی سەرەوەی منداڵدان لە کاتی منداڵبووندا دێتەوە یەك‌و کرژ ئەبێت پاڵ بە منالّ‌و وێلاشەوە دەنێت بۆ خوارەوەی منداڵدان، لە هەمان کاتدا بەشی خوارەوەی منداڵدان ئەکشێ‌و فراوان ئەبێت، بەم شێوەیە منداڵ لەدایك ئەبێت‌و بە دوایدا وێلاش دێتە دەرەوە.

بەلام ئەگەر بێت‌و بەشی سەرەوەو بەشی خوارەوەی منداڵدان هەردووکیان بەیەکەوە (گرژببونایە) لە یەك کاتدا ئەو

کاتە منداڵدان نەیئەتوانی پاڵی پێوەبنێ و منداڵەکە بکاتە دەرەوەو ئەو کاتە مناڵ نەیئەتوانی بێتە دەرەوە.

تێبینی ئەوە ئەکرێ کە ریشاڵەکانی ماسولکەکانی منداڵدان رێك‌وپێکن لە شێوەی ژمارە هەشتی (٨) ئینگلیزین‌و لە ناو ئەم ریشاڵانەدا، مولولەی خوێن هەیە لە خوێن بەرو خوێن هێنەرەکاندا دوای دابەزینی ویلاش ماسولکەکانی منداڵدان دێنەوەیەك‌و پەستان ئەخەنە سەر مولولەکانی خوێن کە لە ناو ریشاڵەکانی منداڵداندان خوێنبەربوونەکە ئەوەستێننەوەو ئەگەر منداڵدان ئەم تایبەتمەندییەی نەبوایە ئەوا خوێنبەربوون بەردەوام ئەبوو لە دوای منداڵبوون، هەروەها لێرەدا هۆکارێکیتر هەیە کە یارمەتی وەستانەوە (گیرسانەوە)ی خوێن (وەستانەوەی خوێنبەربوون) ئەدات ئەویش تایبەتمەندی مەیینی خوێنە، کە کاتێ خوێن دەمەیێت، ئەو کات دەمی (کون)ی مولولەکانی خوێن ئەوانەیان کە خوێنیان لێوە دەڕواتە دەرەوە دادەخرێن، بەو شێوەیە خوێنەکە ئەوەستێتەوە (بەهۆی مەیینی خوێنەوە).

هەروەها تێبینی ئەوە ئەکرێت دوبارە کە ملی منداڵدان لە ناوەوە داپۆشراوە بە پەردەیەکی تەنك‌و ناسك کە مادەی لینج دەر ئەدات بۆ ئەوەی ملی منداڵدان دابخرێن، بۆ ئەوەی رێگری بکات لە چوونە ژورەوەی میکرۆب بۆ ناو منداڵدان، ئەم شلە لینجە دەرئەکەوێ‌و زۆر تەنك‌و رون ئەبێت‌و زیاد لە پێویست لە رۆژی (١٤)و سەرەتای بێنوێژیدا، واتە لە کاتی دروستبوونی هێلکەدا،

بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ (تۆو/ سپێرم ) ەکانی پیاو تاوەکو بە ئاسانی ئەم شلەیە ببڕن‌و سەرکەون بۆ سەرەوە، بۆ ئەوەی بگەن بەو هێلکەیەی کە لە چاوەڕوانیاندایە (واتە هێلکەکە چاوەڕوانی تۆوەکان) ئەکات ئەو کاتە پێك دەگەن‌و هێلکەو تۆوەکە دەپیتێنرێن‌و دەبێتە کۆرپەلەیەك بەم شێوەیە پارێزگاری لە جۆری مرۆڤ دەکرێت.

**ملی منداڵدان: کە فراوانی دەرچەکەی ناگاتە چەند ملیمترێك، کە لە کاتی منداڵبووندا فراوان ئەبێت تاوەکو کۆرپەلەکەو وێڵاشەکەی لەم دەرچە تەنگەلان‌و تەنگەبەرو تەسکەدا بێنەدەرەوە** ﴿ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾ ﴾ عبس: ١٧ - ٢٠

**منداڵدان جێگیرە بەهۆی ژمارەیەك لە بەستراوە (گورزە)ی ریشاڵییەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دوگیانیدا بتوانێ ئازادانەو سەربەستانە هاتووچۆ بکات‌و بجولێ‌و بەپێی پێداویستی (مقتضیات) سکەکەو گەشەی کۆرپەلەکەو منداڵبوون، پڕبوونی میزەڵدان‌و لاوازی‌و بێتوانایی میزڵدان‌و جوڵەی هەناوو ریخۆڵەکان، ئەم هۆکارانە کاریگەریان هەیە لەسەر شێوەی منداڵدان.**

- **المهبل (زێ/ كۆئەندامی زاوزێ):**

بریتییە لە ڕێڕەوێك کە درێژییەکەی (٨- ١٠)سم (گونجاوە بۆ کشانو گرژبوونو هاتنەوەیەك) توانای کشانو گرژبوونی هەیە بەپێی پێداویستی حاڵەتەکە، بۆ نموونە لە کاتی جووتبووندا، ئەکشێو فراوان ئەبێ هەروەها لە کاتی منداڵبووندا بە جۆرێك فراوان ئەبێت کە منداڵی پێدا بێتە دەرەوە.

دیواری ناوەوەی (زێ/ کۆئەندامی زاوزێ) داپۆشراوە بە پەردەیەکی ئەستووری جۆرێك لە خانەکان، هەروەك خانەکانی ناپۆشی دەم بۆ ئەوەی زێ بە پاکیو خاوێنی بمێنێتەوەو پارێزراو بێت لە کاریگەری لێکخشان لە کاتی منداڵبوونو لە کاتی جوتبووندا.

لە ناو زێدا جۆرێك بەکتیریای (العصویە) سوودبەخش هەیە (Lacto bacilli) کە هەڵئەسێ بە شیکردنەوەی مادە شەکریەکان (الکلایکۆجین)ی ناو خانەکانی دیواری (میهبل/ زێ)و گۆڕینیان بۆ (ترشی شیر/ حامچ اللبن)، ئەم ناوەندە ترشە یارمەتی کوشتنی زۆرێك لە بەکتیریاکانو میکرۆبە زیان بەخشەکان دەدات، بەم شێوەیە (میهبل/ زێ) بە سەلامەتیو پاکی ئەمێنێتەوە خاڵی ئەبێت لە هەوکردن بە درێژایی ماوەی

پیتاندن مادام هێرشی نەکرابێتە سەر لەلایەن میکرۆبی نەخۆشییە گوازراوە زاییندییەکانەوە.

الفرج/ دامێن (شەرمی ئافرەت/ شەرمگا):

بریتییە لە بەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا (لە ئافرەتدا) پێك دێت لە (کۆمەڵێك) بەش، (لەچەند بەشێك) کە هەر بەشێکیان کاری تایبەتی خۆی هەیە، ئەم بەشانە زۆر گرنگن، لەبەر ئەوەی یەکەم بەشێکن کە توشی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان ببێت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا.

<u>بەشەکانیش بریتین لە:</u>

- قیتکە دەرکەوتێکی بچوك و سادەیە کە لە چوك ئەچێت لە پیاودا، بەڵام بچوك لە قەبارەداو کونی میزی تێدانیە.

<u>الشفران الصغیران/</u> دوو لێوی بچوك/ کە زۆر هەستیارن کە رێرەو (چوونە ژورەوەی) دەمی (زێ/ میهبەل) ئەپارێزن.

<u>الشفران الکبیران/</u> دوو لێوی گەورە/ کە زۆر هەستیارن دووبارە ئەمانیش رۆڵیان هەیە لە پارێزگاری کردنی (زێ/ میهبل).

<u>فتحة القناة البولیة/</u> کونی جۆگەی میز/ (الصماخ البولی)/ کە پەیوەستەو ئەگات بە بۆری کورتی میز لە ئافرەتدا، کە رێرەوی میز پێك دەهێنێ، کە لە سەرەتادا لە میزڵدانەوە

دەست پێئەکات (ڕێڕەوی میز لە میزڵدانەوە پێك دەهێنیٚ و دروست ئەکات).

**فتحة المهبل/** دەرچەی (دەمی) (زێ/ میهبل) پێشتر ئاماژەمان پێدا.

**غشاء البكارة/** پەردەی کچێنی/ پەردەیەکی توندو ڕەقو شێوە مانگی (هیلالی) یەك شەوەی هەیە لە زۆر کاتدا، کونێکی (دەرچەیەکی) بچوکی تێدایە کە خوێنی (سوڕی مانگانە) لیٚ دێتە دەرەوە لە کاتی کچێنیو عازەبیدا، ئەم پەردەیە لە کاتی هاوسەرگیریو مناڵبووندا ئەدڕیٚو شی ئەبێتەوەو پارچە پارچە ئەبێت.

**العانة/** سەرووی (شەرمگا، دامێن) ئەو ناوچەیەیە کە داپۆشراوە بە موو لە خواررووی سکەوە، ئەم ناوچەیە بەشێك نیە لە ئەندامە سێکسییەکان، بەڵام ڕۆڵکی زۆر گەورە ئەبینێت لە گواستنەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان لە پیاوو ژندا (پیاوو ئافرەتدا) وەك یەك کە دواتر لەم کتێبەدا دێینە سەریو باسیان لێوە ئەکەینو ئاماژەیان پێئەدەین.

# (بەشی سێیەم)
# (نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکان)

# (نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکان)

**نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکانی ناو ئەم پەڕتوکە:**

**١- نەخۆشی زهری (سفلس)** (Syphilis).

**٢- نەخۆشی سیلان (گۆنۆریا)** (Gonorrhoea)

**٣- نەخۆشی (قرحە الرخوە) نەرم برین** (Chancroid)

**٤- گرێی زیبکۆکەیی (الحبیبی) لیمفاوی سێکسی** (Lymphogranuloma)

**٥- گرێی زیبکۆکەیی (الحبیبی) الاربی** ( Granuloma Inguinale)

**٦- هەوکردنی بۆری میزی کلامیدی** (chlamydia) U.S.N

**٧- هەوکردنی بۆری میزی مایکۆ پلازمی** N.S.U (mycoplasma)

**٨- ترۆکۆمۆنیاسیس** (Trichomoniasis)

**٩- کاندیاسس.**

**١٠- گەڕی (جرب)** (Scabies).

**١١- نەخۆشی ئەسپێی عانە (شەرمگا/ دامێن)** ( phthirius pubis in Festation)

**١٢- نەخۆشی مولوسکمی ڤایرۆسی گوازراوە** (molloscum contagiosum)

**١٣- نەخۆشی هربسی ئەندامە سێکسییە گوازراوەکان** (Herpes Genit alis)

**١٤- نەخۆشی بالوکەی ئەندامە سێکسییە گوازراوەکان** (Genital warts)

**١٥- نەخۆشی ئەیدز** (AIDS)

## نەخۆشی زهری (سفلس) (Syphilis):

ئەم نەخۆشییە لە کۆتایی سەدەی (١٥)ی زاینیدا زانراوەو دەرکەوتووە، نەخۆشییەکە ئاسایی تەنها توشی مرۆڤ ئەبێت وەك پەتایەکی سێکسی[١] هۆکارەکەشی (میکرۆبی شێوە لولپێچ کە ناویتریبونیمابالیدیم (Treponema Pallidum) لە ساڵی ١٩٠٥ دا لەلایەن دوو زاناوە دۆزرایەوە کە ناوی (سکاودن و هۆفمان).

بریتیە لە میکرۆبێکی زۆر وردو بچوك کەبە چاوی ئاسایی نابینرێ، درێژی ئەگاتە (٢٤,٥) مایکرۆن، پانییەکەشی ئەگاتە ( $\frac{1}{4}$ بۆ $\frac{1}{2}$ ) مایکرۆن، (سەیری وێنەی ٣) بکە

---

[١]– نێرەی کەروێشك وەك ئاژەڵێکی تاقیگەیی بەکارئەهێنرێت بۆ کوتاندنی (بە کوتانی بە میکربی زهری) بەمەبەستی توێژینەوەو تاقیکردنەوە.




**وێنەی ژمارە (٣) میکرۆبی (زهری) سیفلسی لولپێچی**

میکرۆبی ئەم نەخۆشییە زۆر هەستیارە بە گەرمیو بە وشکی، پاکۆکەرەوە جیاوازەکان بە خێرایی لەناویان ئەبات (ئەبەن)، تەنانەت ئاوو سابونیش، هەروەها بە ئۆکسجینیش تێك ئەشکێن.

ئەم میکرۆبە بە شێوەیەکی سروشتی ناژیت تەنها مەگەر لە مرۆڤدا نەبێت، بە شێوەیەك لە کاتێکی زۆر کەمدا ئەگەر لە مرۆڤ دەرهێنرا میکرۆبەکە ئەمرێتو ناژیت، بۆیە هەڵدەستێت بە چونە ناو برینو ناوچە لاوازو تەنکەکانی پێستی مرۆڤ بە جوڵە لولپێچییەکەی کە وەك برغوو وایە، کە بەڕاستی (زانایانی میکرۆب) سەریان سوڕئەمێنیو سەرسامی کردوون، تا ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە لە کێڵگە پیشەسازییەکاندا بیچێنێت، تاوەکو توێژینەوەی زۆر وردو زۆر باشی لەگەڵدا بکرێت، وەك لەگەڵ میکرۆبەکانیتر کە لێکۆڵینەوەی وردو زۆر باسیان لەسەر کردوون، تەنها میکرۆبی ئەم نەخۆشییە نەتوانراوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، هەر بۆیە لێکۆڵەرانو توێژەران زۆر هەوڵیانداوە کە کوتانێك یان شلەیەکی زیچکاو (مصل)ی پارێزەر دروست بکەن بۆ مرۆڤ، دواجار دەرکەوت هەموو هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوونو شکستیان هێنا.

میكرۆبی ئەم نەخۆشییە بە زۆری لە نەخۆشێكەوە بۆ كەسێكیتر لە ڕێگەی بەیەكگەیشتنی سێكسیەوە (الاتصالات السێكسیە) ئەگوازرێتەوە ڕێژەیەكی زۆر میكرۆبی نەخۆشییەكە لە ڕێگەی (چوك /قضیب)ی پیاوو دامێنی ژنو یان هەر هۆكارێكیتر ئەچێتە ناو لەشەوە (جەستەوە)، لە ماوەی نیو كاتژمێردا لە چوونەژورەوەو بڕینی پێستدا، ڕاستەوخۆ ئەچێت بۆ ڕژێنە لیمفاویەكی نزیكترین ناوچەی (شوێن)ی پێست، هێرش ئەكاتە سەر سوڕی خوێنوولە دوای ماوەیەكی كەمدا بۆ ئەوەی بەهۆی خوێنەوە بگاتە هەر شوێنێك لە جەستەدا (بگاتە هەموو بەشەكانی جەستە).

لە كاتو ساتەوەختی چوونە ژوورەوەی میكرۆبەكەو پێش ئەوەی هیچ نیشانەیەك لەسەر نەخۆش دەركەوێ، ڕێژەیەكی (ژمارەیەكی) زۆر گەورە دروست بوون، لە بەر ئەوەی لە زیادبوونی بەردەوامدان تاوەكو (ژمارە/ ڕێژە)یان ئەگاتە دەیەها (دەیان) ملیۆن بەبێ ئاگاداریو ئاگای لێبێتو بەبێ ئەوەی هەستی پێبكاتو سەرنجی بداتێ.

دوای ماوەی چوونە ژوورەوەی كە بە نزیكی ئەگاتە (٢٠-٩٠) ڕۆژ، دەركەوتنی یەكەم نیشانەی نەخۆشییەكە لە شێوەی برینێكی (سەختو ڕەق) كە هەست بە هیچ ئازارێك ناكرێ لە

شوێنی چوونە ژوورەوەی بەکتیریاکەدا، ئەگەر پەستان بخرێتە سەر ئەم برینە ئەوا شلەیەکی رون‌و پڕ بە ملیۆنەها میکرۆبی (لولپێچی) گوازراوە، (سەیری وێنەی ژمارە (٤) بکە، نەخۆش لەم حاڵەتەیدا زرۆ ئامادەیە بۆ تەنینەوە، (ئەتەنێتەوە) بەردەوام دەبێت ماوەی میکرۆبەکە هەندێك جار ئەگاتە (٥)پێنج ساڵ،



وێنەی ژمارە (٤) ئەو برینەی کە لە قۆناغی یەکەمی نەخۆشی (زهری) سیفلسدا لەسەر لێوی خوارەوەی نەخۆشەکە دەرئەکەوێت

دوای چەند رۆژێك لە دوای دەرکەوتی برین لەسەر چوك (قضیب) یان دامێنی ژن یان هەر هۆکارێکیتر، رژێنە لیمفاوییەکان لەو شوێنەدا گەورە دەبن‌و بەبێ ئێش‌و ئازارو ئەبن بەیەك (پارچە/ بارستە) لاستیك، دوای ئەوە برینەکە دەست ئەکات بە نەمان‌و لاچوون دیارنامێنێت لە ماوەی (٤-٨) هەفتەدا نەخۆش وا گومان ئەبات کە لەم نەخۆشییە چاك بۆتەوە، بەڵام نازانێت کەوا نەخۆشییەکەی کە دەستی کردووە بە شێوەو جۆرە گۆڕانێکی نویتر کە زیاتر مەترسیدارترو بەسوێ‌و بەئازارتر دەبێت.

لە یەکەم ساتی چونە ژوورەوەی میکرۆبەکە دەست دەکات بە زۆربوون، ئیتر نەخۆشەکە (توش بووەکە) ئەبێتە هەڵگری نەخۆشیەکەو ئامادەیە بۆ گواستنەوەی بۆ کەسێکیتری لەشساغ، ئەگەر نەخۆشەکە لەیەکەم ساتەوەختیدا پەیوەندی بکات بە کەسێکیترەوە (گەیشت بە کەسێکیتر) بە تایبەتی لە کاتی دەرکەوتنی برینەکەیدا، ئیتر ئەم میکرۆبە ئەگوازرێتەوە بۆی، کەسەکە توش ئەکات بە هەمان نەخۆشی‌و دەست ئەکات بە رۆڵی خۆی لە گواستنەوەدا، بەم شێوەیە ئەم نەخۆشەش ئەبێتە قوربانیەکی نوێ‌و ئەچێتە ریزی قافڵە توشبووکانەوە، لەگەڵ هەموو پەیوەندیەکی سێکسی نوێ لە هەموو لایەکەوە نەخۆشیەکە مەودایەکی فراوانتر وەردەگرێت‌و زیاتر بڵاوئەبێتەوە.

قەبارەی برینەکە کە لە نەخۆشەکەدا دەرکەوتووە جیاوازە لە قەبارەی توش بوویەك‌و نەخۆشێکیتر، لە هەندێکیاندا قەبارەی برینەکە بچوکەو فێڵ لە نەخۆشەکە (تووشبووەکە) ئەکات لە بچوکیدا نایێت بە خەیاڵیاو زۆر گوێی پێنادات‌و بیری لێناکاتەوە، بۆیە نەخۆشیەکە لە قۆناغی یەکەمەوە ئەچێت‌و (ئەگۆڕێ) بۆ قۆناغی دووەم، ئەو کات حاڵەتەکەی قورس‌و گران‌و ئاڵۆز ئەبێت‌و ئیتر چارەسەریشی قورس‌و گران ئەبێت.

لە هەنێکیتریاندا قەبارەی برینەکە گەورەترە، ئەبێتە جێگەی بایەخی‌و هەمیشە پڕ ملی ئەکاتەوەو سەرقاڵ ئەبێت پێوەی، بۆیە ئەچێتە لای پزیشك‌و خۆی پیشانی پزیشکی پسپۆڕو تایبەت دەدات.

لە سەرەتادا هەست (دەرك)بە مەترسی‌و ترسناکی ئەکات بۆیە لە ترسی حەیاو (ئابڕو) چوونی واز لە کارە خراپەکان دێنێ، بۆ ئەوەی برینەکەی نەمێنێ، لە ماوەیەکی کورتدا وا گومان ئەبات کە چاك بۆتەوە..

بەڵام لە ئافرەتاندا کارەکە زیاترو زۆرتر قورس‌و گرانترو مەترسیدارترە، حاڵەتی زۆر بەسەریا تێدەپەڕێ بەبێ ئەوەی کەسەکە هەست بکات کە توشی برین بووە، بەبێ ئەوەی سەرنج بدات کە توشی برینێك بووە، چونکە لە ملی

منداڵداندا/ عنق الرحم) سەر هەڵدەدات‌و دەرئەکەوێت، ئەم جۆرەیان زۆر ترسناك‌و مەترسیدارە، لەبەر دوو هۆکار.

**یەکەمیان:** چونکە زۆر زوو ئەگوازرێتەوە.

**دووەمیان:** برینەکە شاراوەیە لەبەر چاو نیەو کەس نایبینێ، نەخۆشەکە نایبینێ‌و هەستی پێ ناکات‌و کەسی تریش نایبینێت تا پێی بڵێت کەوا توشی نەخۆشی (برینێك) بوویت.

(سەیری وێنەی ژمارە (٥) وێنەیەکی (ناوخۆ)ی ملی منداڵدان لە ئافرەتی توشبوودا)




وێنەی ژمارە (٥) ناوەوەی ملی منداڵدان لەلای مێی تووشبوو بە نەخۆشی سیفلس(زهری).

بەم جۆرەو بەم شێوەیە (نەخۆشییەکە لە شێوەیەکەوە (قۆناغێکەوە) بۆ قۆناغێکیتری زۆر مەترسیدارتر ئەگوازرێتەوەو ئەچێتە قۆناغێکیتری قورس‌و ترسناکترەوە، هەندێ جار لەسەر (فرج) دەرئەکەوێت‌و ئەو شوێنە توش ئەکات ئەکرێ ببینرێ‌و هەستی پێ بکرێت‌و ئەکرێ چارەسەربکرێت.

لە ٥٪ی حاڵەتەکان برینەکە لە شوێنەکانیتری جەستەدا دەرئەکەوێت بێجگە لە (قضیب) یان (فرج) لە کۆم یان لە رێکە دەرئەکەوێ‌و ئەو شوێنە توش ئەکەن بە تایبەتی لە (هاوڕەگەزبازەکان) (نێر بۆ نێر، مێ بۆ مێ)دا، هەروەها لەسەر زمان‌و لێوەکانی (هاوڕەگەزبازەکان) دەر ئەکەوێت ئەوانەی کە دەم‌و زمان بەکارئەهێنن لە کرداری سێکسیدا سەیری وێنەی ژمارە (٦) بکە.




**وێنەی ژمارە (٦) برینێك لەسەر زمان**

سفلس نەخۆشییەکیترسناك‌و مەترسیدارو درێژخایەنە کە تەواوی تەمەنی نەخۆشەکە دادەپۆشێ (دەگرێتەوە)، یەکێ لە مەترسیەکانی ئەوەیە کە یارمەتی‌و هاوکاری چالاککردن‌و بەدەرخستنی (دەرکەوتی) هەندێ نەخۆشی شاراوەیتر ئەدات لە لەشی مرۆڤدا، ئەگەر نەتوانرا بدۆزرێتەوە لە سەرەتا نەتوانرا چارەسەر بکرێت‌و چارەی بۆ بدۆزرێتەوە... ئەوا بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت.

## قۆناغی یەکەم/ primary syphilis:

دەست ئەکات بە دەرکەوتنی یەکەم نیشانە لە نیشانەکانی (نەخۆشی برین) (مرض القرحة) هەروەك لە وێنەکانی (٤،٥،٦)دا دیارە، دوای گەیشتنیان بەیەك هەردوو رەگەز (نەخۆش‌و ساغ) تاوەکو بە تەاوی لائەچێت‌و نامێنێت‌و دیار نامێنێت، هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد.

## قۆناغی دووەم/ secondary syphilis:

دوای چەند هەفتەیەك لە دیار نەمان‌و لاچوونی برینەکە، قۆناغی دووەمی نەخۆشییەکە دەست پێئەکات بە دەرکەوتنی:-

* نەخۆش هەست ئەکات بە (سەرئێشە، تا، هەوکردنی گەرو قوڕگ، ئازاری جومگەکان، دواتر نیشانە دیارەکان دەست ئەکەن بە دەرکەوتن‌و لەسەر جەستە بڵاودەبێتەوە، یەکەمیان‌و زۆرترینیان کە دەرئەکەوێ بریتییە لە دەرکەوتنی پەڵەی سوور

که ٨٠٪ی نەخۆشەکان ئەم پەڵە سوورەیان پێوە دیارە، ئەم پەڵە سوورانە بە خێرایی زیاد ئەکەنو پێئەگەن هەتا هەموو جەستەو لەش دائەپۆشنو ئەیگرنەوە، بە تایبەتی دەستەکانو دەموچاو روخسارو پشتو قاچەکان، (سەیری وێنەی ژمارە (٧) بکە.



وێنەی ژمارە (٧) (برینی نەخۆشی زوهری) لە قۆناغی دووەمی نەخۆشییەکەدا)

بە رۆیشتنو تێپەڕبوونی کات ئەم پەڵە سورانە زیاد ئەکەن، ئەبنە هۆی زیاتر هەوکردنی پێست، بەهۆی چوونە ژوورەوەی میکرۆبیتر بۆ پێست هەوکردنێکی پڕ لە (کێمو جەراحەت) زۆر دروست ئەبێت لە ناو پێستداو، لە دوای ٦ هەفتە ئەم پەڵە سورو کێماویانە ون ئەبنو خۆیان ئەشارنەوەو دیار نامێننو ئەگەر

چارەسەر نەکران ئەوا دووبارە بۆ جاری دووەم دەر ئەکەونەوە، لەسەر نەخۆش نیشانەیتر بەدەرئەکەون، کە زۆر بە ئێش‌و ئازارن‌و زۆر مەترسیدارن، کە لەپەردەی ریشاڵی‌و لە ناوچە شێدارو تەڕەکان‌و هەستیارەکاندا وەك دەم‌و چوك‌و زێ‌و کۆم بە دیار ئەکەون (دەر ئەکەون) کە لە کۆمدا دەردەکەون (سەیری وێنەی ژمارە (٨) بکە، کە لە شێوەی بالوکەو لوی بە ئازار (ئازاراوی) کە بە تێپەڕبوونی کات فراوان ئەبن‌و گەورە ئەبن، تاوەکو هەموو شوێنەکە ئەگرنەوەو هەموو شوێنەکە دادەپۆشن.



وێنەی ژمارە (٨) هاوڕەگەزبازێك توشی نەخۆشی (زهری) سیفلس بووەو نیشانەکەی لەسەر کۆمی دەرکەوتووە لە قۆناغی دووەمی نەخۆشییەکە

بەڵام ئەوەی کە لە چوكو زێدا دەرئەکەوێ کە ئەویش زۆر بە ئێشو ئازارەو زۆر شکڵو شێوە وەرئەگرن سەیری وێنەی ژمارە (٩) بکە هەروەك لە دەمدا دەرکەوتون، نزیکەی ١٠٪ی توشبووان بەم نەخۆشییە نیشانەی هەوکردنی پەردەی مێشك (التهاب السحايا)و سەرئێشەیەکی توندی بەردەوامو دووبارە بووەوەیان لێدەردەکەوێت، ئەو برینانەی کە لە قۆناغی دووەمدا دەرکەوتن بۆ ماوەی (٣-١٢) مانگ ئەمێنێتەوەو دواتر بە دیار نامێننو خۆیان ئەشارنەوە کە بە درێژایی ئەم ماوەیە لە گواستنەوەدانو کەسانیتریش توش ئەکەن.



(وێنەی ژمارە (٩) برینی جۆراو جۆر لەسەر ئەندامی زاوزێی مێینەدا دەر ئەکەوێ)

## قۆناغی سێیەم/ (Tertiary syphilis).

بریتیە لە قۆناغێکی پێشکەوتووتری نەخۆشییەکە، کە چاکبوونەوەی دەگمەنە، دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی دووەم بە ماوەیەك نیشانەکانی دەردەکەون کە بە نزیکی ئەگاتە (٣-٢٠) ساڵ هەندێ جار زیاتریش درێژە ئەکێشێ، کە لە شێوەی دیاردەی جۆراوجۆرو ترسێنەر خۆی ئەنوێنێو کە شێوەو روخساری نەخۆشەکە ئەگۆڕێو حاڵەتو باری نەخۆشەکە زۆر بەرەو خراپتر ئەڕوات.

ئەم نەخۆشییە نیشانەی زۆری هەیە، هەندێکیان لەسەر پێست دەردەکەون لە شێوەی برین (تقرحات)، هەندێکیتریان لە ناوەوەنو (ناوخوێن) لەسەر جگەرو رێخۆڵەو گەدەو قورگو سییەکانو گونەکانی نەخۆش بە دەردەکەون.

هەروەها شوێنەواری گەورە بەجێی ئەهێڵن لەسەر دڵو خوێنبەرەکانیو دەمارەکانیو ئێسکە پەیکەری نەخۆش، زۆر گەورەن، هەروەك لە وێنەی (١٠)دا دەر ئەکەوێت.



**وێنەی ژمارە (١٠)**

هەروەها لە وێنەی ژمارە (١١)دا (اثار) شوێنەوارو کاریگەری تێکچون (تشوه) لەسەر دەمارو جومگەکانی نەخۆش بەدەرئەکەون بەهۆی نەخۆشی (سفلس)ەوە.



وێنەی ژمارە (١١) ئەژنۆیەکی تێکچوو لە یەکێ لە نەخۆشەکانی زهری (سیفلس) لە قۆناغی سێهەمدا).

هەروەها کاریگەری‌و شوێنەوار لەسەر دەم‌و چاوو روخسارو رومەت) ئەبێت تەنها سەیرکردن بەسە بۆ کەسێك کە پەند وەربگرێت. (سەیری وێنەی ژمارە (١٢) بکە



وێنەی ژمارە (١٢) نەخۆشی زهری لە قۆناغی سێیەمدا، کە چۆن دەم‌و چاوو روخسار گۆڕاوەو تێکچووە).

**وەزارەتی تەندروستی ئەمریکی[٢] لە ساڵی (١٩٣٢)دا تویێژینەوەیەکی نا مرۆڤانەی کرد لەسەر (٦٠٠) توش بووی نەخۆشی سفلس لە زنجە رەشەکاندا، ئەم خوێندنەوەیەی (لێکۆڵینەوەیە)ی ناونا (تسکیقی).**

**دکتۆر (میلر) سەرۆکی لیژنەی بنەبڕکردنو قەڵاچۆکردنی نەخۆشییە سێکسییەکان لە (ئەتڵەنتا) بە دورو درێژی ئەم تویێژینەوەیەی وەزارەتی تەندروستیەی ئەمریکی بڵاوکردەوە.**

**کورتەو پاکو پوختی ئەم تویێژینەوەیە ئەوە بوو کە لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئەوەی بۆ دەرکەوت (ئەوەی لەم نەخۆشیە) بەرهەم هێنا کە (نەخۆشی سفلس بەهۆی پەیوەندی سێکسییەوە بڵاو ئەبێتەوەو، ئەبێتە هۆی تێکچوونی ئێسکو (ئیسقان)و ددانەکانو لە دەستدانی بیستنو بینینو، توشبوونی وەستانی دڵو لەناوچونو زیانی بەردەوام لە**

---

[٢]– وێنەیەکی زیندوە بۆ ویژدانی ئەمریکیەکان کە چۆن هەژاری‌ونەفامی‌و نەزانی ئەم (زنجە رەشانەیان) بەهەل زانیوەو قۆستوەتەوەو بەکاریان هێناون (استغلال)یان کردون، وەك ئاژەڵی تاقیکراوە لەسەریان بەکاریان هێناون (وەك ئاژەڵ بەکاری هێناون بۆ تاقیکردنەوەو (راهێنان لەسەریان) بەکاریان هێناون بۆ جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوە مرێنەرەکانیان لەسەریان, دوای ئەوەی کە بەڵێنیان پێدان کە خواردنو خۆراکیان جادەو بانو رێگەیان بۆ چاك بکەنو جادەیان بۆ بهێنن، چارەسەری هەر نەخۆشییەکیان هەیە بۆیان بکەنو بێجگە لە (سفلس)، داپۆشینی مردووەکانیان بە خۆڕایی‌و بێبەرامبەر، ئەوەبوو زۆربەیان مردنو لەگەڵ ئەو هەموو داوو دەرمانو چارەسەرەش کە پێیان بوو لایان دەست ئەکەت ئەمەشیان تەنها لە پێناو لێکۆڵینەوەیەك ئەنجامدا، لەسەر ئەو هەژارو نەدارانەدا.

کۆئەندامی دەماری ناوەندی کە ئەمەش ئەبێتە هۆی ژیانێکی تێکچووی دەروونی و یان ئەبێتە هۆی مردن، سەیری وێنەی ژمارە (١٣) بکە.



وێنەی ژمارە (١٣)

نەخۆشی سیفلس هەر لەکاتی دروست بوونی کۆرپەلەدا ئەگوازرێتەوە کاتێ کە لە منداڵدانی دایکە نەخۆشەکەیدایە کە توشبووە بە نەخۆشی سفلس، توشبوون بەم نەخۆشییە بەردەوام

ئەبێت تا منداڵانی تەمەنی ٧ مانگ، منداڵانی تەمەنی (١،٢،٣) مانگ، بە مردوویی ئەمرن یان راستەوخۆو یەکسەر دوای لە دایکبونیان ئەمرن، بەڵام منداڵانی تەمەن (٤،٥،٦) مانگ بۆ ماوەیەك جیاواز ئەژین، نیشانەی نەخۆشییەکەیان بۆ ماوەیەکی جیاواز لەسەر دەرئەکەوێ..

ئەو منالانەی کە هەر لە سکی دایکانەوەو لە کاتی دروست بوونیانەوە توش بوون بەم نەخۆشییە، بەهەمان شێوە بە هەرسێ قۆناغەکانی ئەم نەخۆشییەدا تێدەپەڕن (کاتێ لە منداڵدانی دایکیاندان)، سەیری وێنەی ژمارە (١٤) بکە.



وێنەی ژمارە (١٤) منالێك لە دایك ئەبێت، منالێکی تێکچوو لە دایك ئەبێت، بەهۆی توشبوونییەوە بە نەخۆشی سفلس (زهری) لە رێگەی دایکیەوە).

قۆناعی یەکەمی نەخۆشییەکە دەست پێئەکات کاتێ کە لە منداڵدانی دایکیایەتی، بەڵام قۆناغی دووەم کاتێ دەست پێ ئەکات کە منداڵەکە روناکی ببینێت (کاتێ لە دایك ئەبێت)، بە جۆرێكو لە حاڵەتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر دێتە دونیاوەو لەدایك ئەبێت کە پڕە لە برینو کە هەموو جەستەو لەشی منداڵەکەی گرتۆتەوە (لوتو قوڕگو لێوەکانو سكو پشتو دەستو قاچو کۆم) هەموو بەشەکانی جەستەی هەر هەمووی بوەتە برینو هەوی کردووە، هەروەها ئێسقانەکان (ئێسکەکان) کاریگەریان لەسەر بووە بە شێوەیەك هەر جوڵەو جوڵاندنێك ئەبنەهۆی ئازارو ئێشێکی زۆر سەخت، لەم قۆناغەشدا نەخۆشەکە زۆر ناخایەنێت لە ماوەیەکی کەمدا ئەمرێت، ئەوانەشیان کە لە قۆناغی سێیەمی نەخۆشییەکەدا لە دایك ئەبن، نیشانەکانی نەخۆشییەکەی (نیشانە خراپەکان)ی لێدەرئەکەون لە تەمەنی (١٠-١٧) ساڵی هەرزەکاریدا (تازەپێگەیشتندا) ئەویش نیشانەی (تێکچوونی ئەندامەکانیەتی) کە هەتا مردن (هەتا لە ژیاندابێت) لێی جیانابنەوە لەگەڵیایەتیو پێوەی نوساوە. سەیری وێنەی ژمارە (١٥) بکە



وێنەی ژمارە (١٥) نەخۆشێکە توشبووە بە سفلسی زگماکی (کاتێ لە منداڵدانی دایکیدا بووە)و نەخۆشیەکە لە قۆناغی سێیەمیدایە (Congenital)

دایکی تووشبووش بەم نەخۆشییە (سفلس) بەردەوام ئەبێت لە گواستنەوەی میکرۆبی ئەم نەخۆشییە بۆ منداڵەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ (لەو ماوەیەی کە میکرۆبی نەخۆشییەکە ئەگوازرێتەوە بۆ کەسێکیتر لە رێگەی سێکسەوە... ئەویش

بەهۆی ئەوەی کە میکرۆبی سفلس لە خوێنی دایکەکەدا ئەمێنێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر بە شێوەیەك کە هەموو ژیانیو تەمەنی لەگەڵیدا دەبێت، بەم شێوەیە ئەگات بە کۆرپەکەی لە ڕێگەی خۆراکەوە، (هەروەها بەم شێوەیە ڕێگە خۆش بوو بۆ ئەوەی چەوریەکە ژەهراو ببێت.

کێشەی ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە راستەوانە گونجاوە لەگەڵ (سێکسی ناباوو ناسروشت) بێڕەوشتی بە تایبەتی هاوڕەگەزبازی، پرۆفیسۆر (سومرز) لە کتێبەکەیدا (القواعد البیولوجیة والسریریة للامراض المعدیه) باس ئەکات کە ٦٦٪ ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەرکراون (چارەسەریان وەرگرتووە) لە ساڵی ١٩٧١دا لە وڵاتی واشنتۆن، ئەوانە بوون کە کاری هاورەگەزبازیان کردووەو ئەم نەخۆشییە زۆر ترسناكو مەترسیدارە، چونکە کاریگەریو شوێنەواری زۆر خراپو زۆر گەورە بە جێدەهێڵن زۆر کاریگەرە بە جۆرێك کە چاك بوونەوەی نییەو چارەسەری نابێت بۆ (دڵو دەمارو بۆریەکانی خوێنو کۆئەندامی دەماری ناوەندیو کۆئەندامی ئێسکە پەیکەرو ماسولکەکان، (الهیکل العظمی والعظلي).

سەلمێنراوە (جێگیربووە) کە لە (١٣) کەسی توشبوو بە نەخۆشی سفلس یەکێکیان توش بووە بەو نەخۆشییەو

(توشی دڵو دەمارەکانی خوێنی بووە)و لەهەر (٢٥) نەخۆشدا یەکێکیان کەم ئەندام دەردەچێت (خاوەن پێداویستی تایبەت ئەبێت) کە ناتوانێت بە هیچ کارێك هەستێتو هیچ کارێك بکاتو، لە (٤٤) نەخۆشدا یەکێکیان تووشی بووە بەو نەخۆشییەو کۆئەندامی دەماری توش کردووە، (کۆئەندامی دەمار توشی ئەو نەخۆشییە بووە)و لە (٢٠٠) نەخۆشدا یەکێکیان بینینی لە دەست ئەدات بە درێژایی ژیانی، تا ماوە لە ژیاندا نابینا دەبێت بینین لەدەست ئەدات.

ئەو جەستەیەی کە توشی ئەم نەخۆشییە بوو بەرگری تیایدا دروست نابێت بۆ پاراستنی لەو نەخۆشییە، رێگری کردنی لە توش بوونەوەی بۆ جاری دووەم ناتوانێت رێگری لێبکات هەروەك لە نەخۆشیە (میکرۆبی)یە گوازراوەکانیتردا، روو ئەداتو بەدەرئەکەوێت، بەم جۆرە کەسی توش بوو بە سفلس بەرگری سروشتی نییەو لەشی بەرگری تێدا نییە بەرگری دەرەکیش نیە تا بکوترێتو لێی بدرێت بۆ هاوکاریو یارمەتیدانی بۆیە ئەبێ زۆر بە خێرایی چارەسەری نەخۆش بکرێت، لەوانەیە بتوانیرێت هاوکاری بکرێتو چارەسەری بۆ دابنرێتو بەرەو چاکبوونەوە بڕوات، هەر بۆ زانین (با ئەوەش بزانرێت کە چارەسەر بە دەرمان هەموو شتێك نییە لەم

نەخۆشییەدا بۆیە پێویستە بە تەنها پشت نەبەسترێت بە دەرمان، هەرکاتێ خەڵکی پشتیان بە چارەسەرو بە دەرمان بەست دڵنیابوون لە نەخۆشییەکەو ممارەسەی (سێکسی ناباو ناسروشت)یان کردەوەو بۆیان رەواو حەلاڵ کرا ئەوا رێژەی توشبوان بەرز بوونەوەی زۆر بەرز بە خۆیەوە ئەبینێت، واتە (رێژەی تووشبووان ئەوەندەیتر زیاد ئەکاتو بەرز ئەبێتەوە).

هەروەها لیژنەی (تحریر)ی گۆڤاری کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکی باسیان لەوە کردووە کە لە ساڵی ١٩٥٩- ١٩٦٣ حاڵەتی سفلسی نوێ زیادی کردووە بە رێژەی (١,٥) جار لە هەموو ساڵێکدا بە بەراورد بە ساڵی پێش خۆی، ئەو حاڵەتە زیادانەشی کە ١٣٪ زۆربەیان لە نێوان گەنجو هەرزەکارە (سێکسی ناباو ناسروشت)ە کاندان کە تەمەنیان لە نێوان (١٥- ١٩) ساڵی دەبێت هەروەها دکتۆر (مانسون) باس لەوە دەکات کە شاری (رشموند) لە ولاتی فرجینیا، لە ساڵی ١٩٦٢دا موعاناتیان هەیەو گیرۆدەن بە دەست زیادبوونی زۆری توشبوان بە نەخۆشی سفلس کە رێژەکەی ئەگاتە ٤ چوار ئەوەنەی توشبوانی ساڵی پێشوتر.

هەروەها دکتۆر (مور / Moore) دووبارە باس لەوە ئەکات کە لە ساڵی ١٩٦٣دا لە ئەمریکای باکوردا بە تەنها لەو ولاتەدا

(١،٢٠٠،٠٠٠) مليۆنێكو دووسەد هەزار توش بوون بە نەخۆشی سفلس هەیەو پێویستیان بە چارەسەری زۆر خێرا هەیە.

ئەمانە هەموویان (پشتگیری) ئەمە ئەكەنو ئاماژەن بەوە كە گرنگە كەوا پشت نەبەسترێت بە تەنها دەرمان وەك چارەسەرێك بۆ نەخۆشییە سێكسییەكان (چونكە ئەمە تەنها لەوە ئەچێت (وەك ئەوە وایە، كە (الرقعة الجديدة في الثوب البالي/ پینەیەكی تازە لە پۆشاكو جلێكی رزیوو شڕووڕ)دا ئەبێو پێویستە بۆ مرۆڤایەتی یاسایەكی رێكو پێكو خوایی هەبێت بۆ ئەوەی ژیانیان پێی رێك بخەن، بۆ ئەوەی بتوانێ كێشەو گرفتەكانی (سێكسیش)ی پێچارەسەر بكات، لەو ماوەیەی كە باسمان كرد لە پێشەوە كەوا خەڵكی بۆ چارەسەری گرفتەكانیان پشتیان بەستبوو بە دەرمان ئەوە بوو نەك چارەسەری دەردیان نەكرد بەڵكو نەخۆشییەكە زیاتر بڵاو بوویەوە.

بۆیە وەك دكتۆر (بڕاون) ئەڵێت ئێستە باجی ئەو پشتبەستنە بە دەرمان ئەدرێت، بە راستی ئەوە فەرامۆشكردنو گوێپێنەدانو خەم نەخواردنە بۆ كێشەو گرفتەكە، ئەبێ باجەكەی بدەن ئەویش بە دروست بوونو هێنانە كایەی پەیمانگایەكی نەخۆشییە عەقڵییەكان (ژیرییەكان) كە ئەم باجەش (زەرەرو زیانە) بەرامبەرو

هاوڕێك‌و یەكسانە خۆی ئەدات لە (٥٠) پەنجا ملیۆن دۆلار ساڵانە بۆ داپۆشین‌و شاردنەوەی خەرج‌و تێچوی ئەوانەی كە توشی حاڵەتی دەروونی‌و عەقڵی بوون بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە، هەروەكو چۆن ئەبێ باجی (دەیەها هەزاران) لە گوڵەكانی گەنجی لاوێتییان بدەن.

هەروەها پرۆفیسۆر (زنسر) باس لەوە ئەكات‌و ئەڵێت ئەم نەخۆشییە تەنها لە ڕێگەی گەیشتنی سێكسیەوە ئەگوازرێتەوە، بێجگەو تەنها لە حاڵەتێكدا (لە یەك حاڵەتدا) لە ١٠ هەزار حاڵەت كە بە ڕێگەیتر ئەگوازرێتەوە، هەروەها دكتۆر (دێرك جونز) لە ساڵی ١٩٧٤دا، رایگەیاندو ئاگاداری بڵاوكردەوە كە (٥٠) ملیۆن خەڵك توشی نەخۆشی سفلس بوون لە هەموو ساڵێكدا، گومانی تێدا نیە كە ئێستە ژمارەكە زیادی كردووە، لەبەر ئەوەی كە تێكچوون‌و سێكسی ناباو ناسروشت زیاد ئەكات‌و چەند جارە ئەبێتەوە.

هەروەها پرۆفیسۆر (زنسر) باس لە هەندێ هۆكار ئەكات كە بونەتە هۆی دەركەوتنی ئەم ژمارە گەورەو زەبەلاحە لە توشبووان بە نەخۆشی سفلس بە تایبەتی لە ناوەندی گەنجان‌و لاواندا، كە گرنگترینیان ئەو سەربەخۆیی‌و ئازادییە رەهایەی سێكسە، لەگەڵ تێڕوانینی شلگیری كۆمەڵگەیە بۆ سێكس، تێڕوانینی كۆمەڵگەو خەمساردی‌و شلگیری بۆ

سێکس)و زۆر جدی نەبوون، (کەم سەیرکردنی مەسەلەکەو) لە هێنانە ئارای (جێبەجێ کردنی) پەیوەندیەکی ڕێك‌وپێك‌و دروستی خەڵك سەبارەت بە سێکس.

هەروەها مێژوو باس لە هەندێ شتی دەگمەنی جوان‌و ناوازە ئەکات کە هۆکاری نەخۆشی (سیفلس)ە.

لەوانە: پاشا هینری هەشتەم نەخۆش بووە بە سفلس، پێش ژن هێنانی یەکەمی زۆر گەڕاوە بۆ ژنێك کە توش نەبووبێت بەم نەخۆشییە (سفلس) بۆ ئەوەی منداڵێکی لێببێت ببێتە جێگرەوەی خوێ بیخاتە سەر کورسی عەرش لە دوای خۆی، دوای ئەوەی کڵێسای ڕۆما ڕازی نەبوو (ڕەفزی) کرد کە ژنی یەکەمی (کاثرین)ی تەڵاق بدات، بۆیە ئاگاداری بڵاوکردەوە بە جیابوونەوەی لە کڵێسای (ڕۆما)و خۆی کڵێسایەکیتری تایبەتی دروست کرد لە (ئینگەلتەرا) لە ژێر چاودێری‌و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خۆیدا، ڕێپێدراوبوو بۆ هەر کەسێك بیەوێت ژن بهێنێ‌و ژن تەڵاق بدات بە کەیفی خۆی.

مێژوونوسان باس لەوە ئەکەن کە بە تەنها ژنی شەشەمی پاك‌و لەش ساغ بوە ئەم نەخۆشییەی نەبووو سەلامەت بووە لەم نەخۆشییە.

هەروەها مێژوو باس لەوە ئەکات کە پاشا (تشارلز)ی هەشتەم پاشای فەڕەنسا تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبێت،

یاساغ‌و قەدەغەی کردووە لە هەر منداڵێك کە جێگرەوەی ببێت‌و بچێتە سەر کورسی عەرشەکەی، پاشا مردوو کەس نەبوو بچێتە سەر کورسی عەرشی پاشایەتی‌و ببێتە جێگری، بۆیە عەرش‌و کورسیەکەی گواسترایەوە بۆ (فرانسیس)ی یەکەم، (سەرەڕای ئەوەش ئەو دوورییەی خزمایەتی نێوانیان، بە مەرجێك لە رووی خزمایەتییەوە زۆر دوور بوون لە یەکتر، لەبەر ئەوەی نەخۆشی سفلس توشی پاشاو هەموو خزمانی بووە، لە نێو هەموویاندا بڵاوبۆتەوە، لەبەرئەوە نەخۆشی سفلس توانی زاڵبێ بەسەر پاشاو هەموو خزمەکانیدا، بەم شێوەیە نەخۆشی سفلس توانی دەسەڵات‌و کورسی عەرشی خێزانێکی فەرمانڕەوا بگوازێتەوەو رادەستی کەسانیتری بکات، بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی‌و لە ئەوروپاو ئەمریکا بەتایبەتی لە زیادبووندایەو رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو زیادبوون ئەڕوات، نەخۆشییەکیترسناك‌و مەترسیدارە لە جیهاندا بە ملیۆنان خەڵکی کوشتوەو ئەکوژی‌و بە بەردەوامی خەڵك لە ناوئەبات‌و ئەیانکوژێت، مادام خەڵکان لە ناڕێکی‌و ئاژاوە شێواوی سێکسیدا ئەژین، هەڵپەو هەناسە بڕکێیانە هەمیشە بە دوای سێکسەوەن‌و زیناو داوێنپیسی‌و بەدڕەوشتی‌و لەشفرۆشی ئەکەن.

حاڵەتی توشبوون بە نەخۆشی سفلس بەرەو کەم بوونەوەو نزمی هات لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، دابەزی بۆ نزمترین ئاست لە ساڵی (٢٠٠٠)دا بەهۆی چارەسەرکردن‌و توێژینەوەکان‌و دابەزاندنی بەرنامەی چڕو پڕو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی نەخۆشییەکەوە، بەڵام مەخابن گەڕایەوەو دەرکەوتەوەو دووبارەو سەر لەنویٚ زیادی کردەوە بە تایبەتی لە نێو هاوڕەگەزبازەکاندا، کە حاڵەتەکان بە جۆرێك زیادی کرد بە ڕێژەی ١٢,٤٪، هەروەها لە ڕاپۆرتێکی (ناوەندی چاودێری ژینگە)دا هاتوو، لە (ئەتلەنتا) (CDC) لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەڵام لە بەریتانیادا تووش بوون بە نەخۆشی سیفلس زیادی کرد بە ڕێژەی ٦،٤٨٪ لە حەوت ساڵی کۆتاییدا، بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاگادارکەرەوە ئامێزدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەرچوو.

## نەخۆشی (سیلان/ Gonorrhoea)

بریتییە لە زۆرترین نەخۆشی بەکتیری گواستراوە، کە لە ئێستادا، زۆر بڵاوەی کردووە (کە لەم کاتی ئێستادا بڵاو بۆتەوە بە زۆری) کە بەهۆیەوە (٢٠٠– ٢٥٠) ملیۆن کەس لە هەموو ساڵێکدا توش ئەبن، کە زۆربەیان لە توێژی (چینی) گەنجان و لاواندان، ئەگەر زانیمان دۆزینەوەو دەست نیشانکردن و چارەسەرکردنی بە تەنها یەك نەخۆش تێچوونی (٢٥٠– ٤٠٠) دۆلاری تێدەچێت، ئەوا تەنها بۆ نەخۆشی سیلان لە جیهاندا ساڵانە زیاد لە (١٠٠) ملیار دۆلاری تێدەچێت.

گرنگترین هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییە کە تووشی نەخۆش ئەبێت بریتییە لە نەزۆکی، تەنانەت پرۆفیسۆر (سومرز) ناوی ناوە (نەزۆکی گەورە) کە هەندێ لە نەخۆشەکانی بێبەش ئەکات لە نیعمەتی تەندروستی و نیعمەتی منداڵ، (واتە مناڵیان نابێت و تەندروستیشیان باش نابێت) هەمیشە نەخۆشن و ئەناڵێنن.

ئەم نەخۆشییە هۆکارەکەی بەکتیریایەکی زۆر بچوکەو بە چاوی ئاسایی نابینرێ کە پێی ئەوترێ (نایسیریا گۆنۆریا Neisseria Gonorrhoae/) کە زانا (البرت نایسیریا)

دۆزیەوە لە ساڵی (١٨٧٩)ی زاینی کە بەکتیریایەکی شێوە هێلکەییە، ئاسایی لە شێوەی (جووت/ دوانە)دا هەن و لە ژێر میکرۆسکۆبدا بە زۆری ئەبینرێت لە ناو خڕۆکە سپییەکانی خوێنداو لە شلەی هەوکراودا (کێم و جەراحەتدا) کاتێ کە لە چوکی پیاو یان لە دامێنی ئافرەتدا دێتە دەرەوە.

ئەم بەکتیریایە زۆر هەستیارە بە گەرمایی و وشکایی (بە گەرما و وشکی)، کە زۆر بە خێرایی دەمرێ و لە ناوئەچێ لە پلەی گەرمی ژوردا کە پلەی گەرمی ئاژەڵان لە پلەی گەرمی مرۆڤ ئەچێت کە (٣٧ °) سەدیە، کە لە هیچ شوێنێك ناژیت تەنها لە سەر ئەودا ئەژێت و تووشی نەخۆشی (سیلان)یشی ناکات تەنها بۆ ئەوە (بەکتیریای سیلان) کە لە سەر ئاژەڵ بژی و توشی سیلانی نەکات، بۆ هیچ دروستکراوێکیتری خوا نییە بەو شێوەیە بێت. ئەم نەخۆشییە لە مرۆڤێکەوە بۆ کەسێکیتر ئەگوازرێتەوە لە رێگەی (پەیوەندی سیکسی)و بۆیە رێژەی بڵاوبوونەوەی زۆر گەورەی هەیە لە (ناوەندە شیکارە تێکچووە سێکسییەکاندا)، گواستنەوەی لە هەر رێگەیەکیترەوە بێجگە لە رێگەی سێکسەوە زۆر نزیکە لە خەڵەفاو و پڕو پوچی و دوورە لە راستییەوە، مەگەر لە هەندێ حاڵەتی دەگمەنەوە کە ئەگوازرێتەوە لە دایکێکی تووش بووەوە

بۆ چاوی کۆرپەکەی لە کاتی منداڵبووندا کە دواتر دێینە سەر باسکردنی و ئاماژەی پێئەکەین.

زیاتر ترسناکی و مەترسیداری ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە هەندێ لە بەکتیریاکانی بەرگری و بەرەنگاری) دەرمانەکان ئەبنەوەو کاریگەریان لەسەریان نابێت، وەك دەرمانی (سلفا) کە هیچ کاریگەرو رۆڵێکی نەبووە لەسەر بەکتیریای (سیلان) کە بڵاوبوویەوە لە ئەمریکای سەروو، هەروەها هەندێکیتر لەو بەکتیریانە کە بەرگری ئەکەن لە دەرمانی پەنسلین و ئەمپیسیلین (PPNG).

لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دەستی کرد بە بڵاوبوونەوەی بە هۆی پیرۆزی سەربازە ئەمریکییەکانەوە کە لە ڤێتنامەوە گەڕابونەوە، دواتر چەند حاڵەتێك دەرکەوت لەو سەربازانە لە شاری لیڤەرپول لە بەریتانیا و، لە زۆر وڵاتیتری جیهان حاڵەت دەرکەوت.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢ کە ٣٠٪ی ئەو کەسانەی کە بەم نەخۆشییە تووش بوون، هیچ چارەسەرێك سوودو کەڵکی نابێت بۆیان (بەهۆی پەیداکردنی بەرگری ئەم جۆرەی میکرۆبە بە دەرمانەکان) (بەهۆی ئەوەی کە جۆری ئەم بەکتیریایە بەرگری پەیداکردووە دژی چارەسەرو دەرمانەکان).

هەوەها ئێستە بەهۆی ئەوەی کە جیهان بۆتە گوندێکی بچوك بەهۆی ئاسانی گەیاندنەکانو خێرا گەیشتنەوەو زۆربوونی گەشتو گوزارو هاتو چۆکردنی خەڵكو تێکەڵاوبوونی مرۆڤەکان، ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی زیادبوونی ئەم کێشەو گرفتەو گیرخواردن بە دەستیەوە، بە شێوەیەك کە چارەسەرکردن زۆر قورسو گرانە.

دوای ئەوەی پیاوێك توش ئەبێت بەم نەخۆشییە بەهۆی پەیوەندیو گەیشتنی سێکسییەوە بە ئافرەتێکی تووشوو بە نەخۆشییەکە، ئیتر ئەم میکرۆبە ئەگوازرێتەوە بۆ پیاوەکە، هیچ هەستی پێناکات لە پێش (٣-٥) رۆژدا هەست بە هیچ شتێك ناکات، بۆیە دوا جار، دواتر) لەسەر ریشاڵە هەستیارەکانی (بۆری میز، احلیل/ چۆك) ئەنیشێتەوەو لەسەری ئەژیت وردە وردە خانەکانی ئەو ریشاڵە هەستیارانە لە ناوئەبات، ژمارەی لە میکرۆبێکەوە زیاد ئەکات بۆ (١٠٠) سەدان ملیۆن.

یەکەم نیشانەی ئەم نەخۆشییە بریتی ئەبێت لەهەستکردن بە کزانەوەو بێتاقەتیو ئێشو ئازارو تەسکبونەوەلە بۆری میزدا (چوك).

به دوایدا شلەی زەردی کێماوی دێت بە شێوەیەی دڵۆپە دڵۆپ لە کونی (چوك) بۆری میزەوە، ئەم شلەیە پڕپڕە لە میکرۆبی ئەم نەخۆشییە ئا لەم کاتەدا نەخۆش بە تەواوی ئامادەی گواستنەوەی میکرۆبەکەیە، ئیتر میکرۆبەکە ئەگوازرێتەوە بۆ هەر ژنێکیتر ئەگەر لەگەڵیدا کاری سیکسی ئەنجامداو گەیشتن بەیەك، ئەوا ژنەکە توش ئەبێت، لەبەر ئەوەی میکرۆبەکانی نەخۆشییەکە لەگەڵ ئاوی پیاوەکە چونەتە میهبەلی ژنەکەوە، میکرۆبەکان چوونەتە خۆشترین و باشترین کەش و هەوا کە ئەکروێ ئەبێت گەشەبکەن و بژین و زۆر زیاد ببن تیایدا (لە میهبەلدا).

دواجار نەخۆش (نێر) هەست بە سوتانەوەو تەسك بوونەوەو ئێش و ئازار ئەکات لە کاتی میزکردندا.

شوێنەکەو دەوروبەری سوور ئەبێتەوە لە کونی چوکدا بەهۆی هەوکردنییەوە، هەوکردنەکە لە جۆگەی میزدا (چوك) بەرەو زیاد بوون ئەڕوات و دوای (١٠-١٤) رۆژ هەوکردنەکە بەرز ئەبێتەو سەردەکەوێت و ئەگات بە میزەڵدان، میزڵدانیش توشی هەوکردن ئەکات (ئەبێت) دواجار سوتانەوەو کزانەوەو ئێش و ئازار لە کاتی میزکردندا پەیدا ئەبێت، لەگەڵیشیدا سەرئێشەو تاو لەش داهێزران ئەبێت.. بەهۆی ژەهری

میكرۆبەكەوە كە دەگات بە خوێن‌و تێكەڵ بە خوێن ئەبێت ئەو سەر ئێشەو تا و ئازارەی لەگەڵدا ئەبێت.

ئەگەر نەخۆشەكە چارەسەر نەكرێت (دەرمان وەرنەگرێت) ئەوە حاڵەتەكە زیاتر ئاڵۆز ئەبێت بە جۆرێك كە نەخۆشییەكە بڵاوئەبێتەوە بە هەموو بەشەكانیتری كۆئەندامی زاوزێ ئەو كات رژێنی پرۆستات توشی هەوكردن ئەبێت‌و رژێنی (كوبر)و جۆگە جیاوازەكانی گەیشتوون بە (احلیل/ چوك) تووشی هەوكردن ئەبن، بەجۆرێك جۆگەكان دائەخرێن بە هۆی توندی ئاوسانی ناوەوە دواجار هەوكردنەكە ئەگات بە (حوصلات المنویە/ سیكلۆچكە تۆو (سپێرم))ەكان، دواجار كرداری سێكسی زۆر بە ئێش‌و ئازار ئەبێت، بە رێژەیەك (بە جۆرێك) كە خوێنی تێكەڵاو بە (تۆو (سپێرم) شەهوەت) دێتە دەرەوە.

ئەمەش بەزۆری ئەبێتە هۆی نەزۆكی لە پیاودا، هەروەها هەوركردنەكە بەردەوام ئەبێت‌و درێژ ئەبێتەوەو ئەگاتە گونەكان هەردووكیان دەئاوسێن‌و بە جۆرێك ئاوساوییەكەی زۆر مەترسیدارو ترسناكە تا رادەی لەناوچوونیان، بەم شێوەیە نەخۆش هیچ ئەملاو ئەولایەك‌و هیچ هەوڵێك دادی نادات بە بێ گومان‌و دوو دڵی‌و بەدڵنیاییەوە تووشی نەزۆكی بووەو هاتووە.

له وێنەو شێوەی (سێکسی نامۆو ناسروشت) لەگەڵ بازنەی ئەم نەخۆشییەدا فراوان ئەبێتو بڵاوئەبێتەوە بریتییە لە نێربازی، کە بە زۆری نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لەو کەسانەدا دەرئەکەون کە ئەم نێربازیە ئەکەن لە کۆمو ڕێکەوە کاری سیکسی ئەنجام ئەدەن، ئەمەش بە وردی دەرناکەوێتو نادۆزرێتەوە مەگەر (پشکنین)و شیکاری وردوربە ئامێری تایبەت دەرکەویو بدۆزرێتەوە، هەروەها مەترسی زیاتری ئەبێتو ترسناکی زۆرتری لێدەرئەکەوێ لەم جۆرە نەخۆشییەدا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لە کاتی چوونە سەر ئاوو پیسایی کردندا ئازارێکی زۆری لەگەڵدا ئەبێت بە شێوەیەك هەوو کێمو خوێن لەگەڵ پیساییەکەیدا ئەبێتو دێتە دەرەوە.

ئەم نەخۆشییە لە ئافرەتدا زیاتر مەترسیدارترو ترسناکتر ئەبێت وەك لە پیاودا، بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەی توشبووان لە ئافرەتان نزیکەی ٥٠-٨٪ ی ژنان (ئافرەتان)ی توش بوو، هیچ نیشانەیەکی لیٚ دەرناکەوێت.

کە لە هەمان کاتدا ئەبنە هەڵگرێکیترسناكو ئامادەن بۆ گواستنەوەی میکرۆبی نەخۆشییەکە کە هەر کەسێك پەیوەندی سیکسیان لەگەڵدا ئەنجام بدات زۆر بە خێرایی و بە زوویی تووشی ئەکەن.

ئەو هەوکردنەی کە بەهۆی ئەم نەخۆشییە تووشی بووە بەردەوام ئەبێت (درێژە ئەکێشێ)و ئەگاتە زۆر جێگەیتری ناو کۆئەندامی زاوزێ و دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ، ئەگاتە رژێنی (بارپولن) لە (فرج/ دامێن) دەیئاوسێنێ و دامێن سور ئەبێتەوە بە ئازار دەبێت، هەندێ جار بەکتیریاکە کە دەست ئەکات بە سەرکەوتن و بەرەو سەرەوە رۆیشتن و بەرەو ملی منداڵدان دواتر هەوکردنەکە بەرەو بۆشایی منداڵدان ئەڕوات و بڵاو ئەبێتەوە، دواتر بەرەو جۆگەی فالوب بە زۆری لە کاتی سوڕی مانگانەدا، دوای ئەوەی ئەم جۆگانە هەویان کرد، ئەو کات نەخۆشەکە هەست بە تاو سەرئێشەو ئازاری توند لە خوار سکیەوە، ئەگەر هەر پشکنینێکی بۆ بکرێت بە دەست لێدانی کۆئەندامی زاوزێ ئەوا یەکسەر توشی ئازارێکی زۆر توند ئەبێت، ئەم هەوکردنە بەردەوام ئەبێت زۆر بە چڕی لەسەر (بوقین)و هێلکەدانەکان دەر ئەکەوێت و توشیان ئەبێت، بەم شێوەیە ئەبێتە هۆی داخستنی جۆگەکان و بۆ دواجار ئافرەتەکە توشی نەزۆکی ئەبێت و لە نیعمەتی مناڵ بێبەش ئەبێت.

ئەکرێت ئەم بەکتیریا بگاتە کۆم و رێکەو توشی هەوکردنیان بکات ئەویش یان لە رێگەی کۆمەوە (نێربازی) سێکسی کۆم، یان لە رێگەی ئەو شلەیەوە کە لە (زێ/میهبەل )ەوە دێتەوە لە کاتی خەودا.

دکتۆر (دێرك جونز) باس لە توێژینەوەیەك ئەكات كە لە دانیمارك كراوە، دەركەوتووەو جێگیربووە كە ٣٠٪ی توشبوانی نەخۆشی (سیلان) لە (زێ/ میهبەل )دا بوون، ئەو نەخۆشییە كۆم‌و ڕێكەشیانی توش كردووە (كۆم‌و ڕێكەش توش بوون بە نەخۆشی سیلانی (زێ/ میهبل).

بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم میكرۆبە لە كۆئەندامی زاوزێ ئافرەتدا سەیری وێنەی ژمارە ١٦ بكە.




**وێنەی ژمارە (١٦) ڕێڕەوەكانی میكرۆبی سیلان لەناو كۆئەندامی زاوزێی ژندا**

بوونی میکرۆبی ئەم نەخۆشییە لە ئافرەتدا لە ڕێڕەوی مندالّ لە کاتی مندالّبووندا، زۆر مەترسیدارەو ترسناکە، بە جۆرێك کە ئەم میکرۆبە ئەچێتە چاوی کۆرپەکەوە (منالّەکەوە) توشی هەوکردن ئەبێ، ئەمەش دوای (٢-٥) رۆژ دەرئەکەوێت دوای لەدایکبوونی منالّەکە، ئەویش بە دەرکەوتنی (دیاربوونی) دەردراوی لینج‌و جەراحەت لە پێڵووی چاوی منالّەکە کە تێکەڵە لە خوێن، دواجار چاوەکان دەئاوسێن‌و قەرەنییەی چاو توشی هەوکردن ئەبێت‌و حالّی منالّەکە زۆر خراپ ئەبێت.

بڵاوبوونەوەی میکرۆبی ئەم نەخۆشییە تەنها لەسەر کۆئەندامی زاوزێی پیاوو ژن، کۆتایی پێناهێنێت تەنها ئەو کۆئەندامەی زاوزێی هەردوولا تووش بکات‌و بەس، بەڵکو بەوەشەوە ناوەستێتەوە، بەهۆی (سێکسی نامۆو ناباوو ناسروشت)و ئەگات بە دەم‌و قوڕگی ئەوانەی کە دەم‌و زمانیان بەکارئەهێنن لە کرداری سێکسیدا، کە لێوەکانیان توشی برین‌و هەوکردن دێن‌و زمان‌و پوکیان دەئاوسێت، ئەم هەوکردنە درێژەی ئەبێت‌و بەردەوام ئەبێت تا ئەگاتە پەردەی ناوپۆش (ئاسمانە)ی دەم‌و قوڕگ، کە لە شێوەی شلەیەکی

زەردباودا کە لەو شلەیە ئەچێت کە لە دامێن‌و میهبلی ئافرەت‌و چوکی پیاو)ی توشبوودا دێتە دەرەوە، کە ئەم شلەیە پڕپڕە لە میکرۆبی (سیلان) ئەگەر ئەم نەخۆشییە درێژەی کێشاو ماوەیەکی زۆر مایەوەو کۆن بوو ئەوا پەڵەی سوور لەسەر پێست دەرئەکەوێت، هەروەها دووبارە بوونەوەی هەوکردن لە لاکانی دەم‌و هەوکردنی گشتی لە جومگەکان‌و تێکدان‌و تێکچوونی شێوەی هەندێ لە جومگەکان، ئەکرێت‌و ئەگونجێ میکرۆبی ئەم نەخۆشییە بگات بەهەر شوێنێکی لەش کاتێ کە چووە سوڕی خوێنەوە، دکتۆر (سکۆفیلْد) باس لەوە ئەکات کە میکرۆبی ئەم نەخۆشییە کە چووە ناو خوێنەوە ئەوا ئەبێتە هۆی هەوکردنی پەردەی مێشك‌و هەوکردنی جگەرو هەوکردنە جیاجیاکان لە دڵ‌و زمانەکانی دڵدا.

ئاماژە بەوەش کراوە کە نزیکەی چوار یەکی ($\frac{1}{4}$)ی توشبووان بە سیلان نیشانەکانی هەندێ لە نەخۆشییە سێکسییەکانیان لەسەر دەرئەکەوێ دوای (٥- ٢٥) ڕۆژ لە دوای تووش بوونیان بە نەخۆشییەکە، کە بریتییە لەو نەخۆشییانەی کە ئەگوازرێنەوە لەگەڵ نەخۆشی (سیلان)دا بە هەمان ڕێگەی گواستنەوەی نەخۆشی سیلان‌و، نیشانەکانی سیلان‌و شلە دەردراوەکانی وردە وردەو قۆناغ بە قۆناغ

نەخۆشەکە دائەپۆشن‌و توشی ئەبن، مەگەر ئەم نیشانە دەرکەوتووانەو بە دیارانەی سیلان نەمێنن‌و لاچن‌و خۆیان بشارنەوە ئەوجا ئەم نەخۆشیانە دەرئەکەون کە گرنگترینیان‌و زۆر بلاوەکەیان بریتییە لە هەوکردنی گشتی چوك کە دواتر بە درێژی باسی لێوە ئەکەین.

لە پێشتر بیرو باوەڕی بلاو وابوو کە نەخۆشی (سفلس)و نەخۆشی (سیلان) هەردووکیان یەك نەخۆشین‌و دوو شکڵ‌و شێوەی جیاوازنیان هەیە، دکتۆر (جۆن هنتر) لە ساڵی ١٧٦٧ هەوڵی دا کە ئەمە بسەلمێنێ، هەستا بە ورگرتنی نمونەیەك لە هەوو کێمی نەخۆشی سیلان، کردیە بۆری میزەوە دوای هەفتەیەك نیشانەکانی سیلانی لێدەرکەوت، هەروەها لە دوای مانگێك نیشانەکانی (سفلس)یشی لێی دەرکەوت،

هەرچەندە لەو کاتەدا زۆر دڵخۆش‌و شادمان بوو بە بیروباوەڕەکەی بیردۆزەکەی جێگیر بوو سەلماوە کەوا هەردوو نەخۆشییەکە (سفلس‌و سیلان) یەك نەخۆشین، زۆری نەبرد تا ئەوە بوو (جۆن هنتر) مرد بەهۆی ئەو نەخۆشی (سفلس)ەی کە توشی بووبوو، خەڵکی قەناعەتیان کردو بۆیان دەرکەوت کە بیردۆزەکەی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئەو (عیینە)ی کە (جۆن هنتر) وەریگرتبوو لە نەخۆشێکی (سیلان) پێکهاتبوو لە دوو

میکرۆب (سیلان‌و سفلس ) بەیەکەوە، بۆیە سروشتییەو ئاساییە کە نەخۆشێك هەردوو نەخۆشییەکەی گرتبێت‌و توش ببێت، وەك زۆرێك لە توشبوان بە کۆمەڵێك نەخۆشی سێکسی لەهەمان کاتدا، خەڵکی لەسەر بیرۆکەکەی (جۆن هنتر) مانەوە، تاوەکو دکتۆر (بل) هات لە (ئەدنبره) لە ساڵی ۱۷۹۳ هات راستەوخۆ دای لە بەها مرۆییەکان‌و بەهاو رەوشتی پیشەیی‌و سنوری بەزاند، هەروەك چۆن ئەمریکییەکان کردیان لەگەڵ رەش پێستەکان، هەدنێك لە خوێندکارە رەش پێستەکانیان هێنا کوتانیانن بە نمونەی جۆراو جۆری (جیاوان) (جیا جیا) لە نەخۆشی سفلس‌و نەخۆشی سیلان، لەم تاقیکردنەوەیاندا کە لەسەر خوێندکارە رەش پێستەکان ئەنجامیان دا بۆیان دەر کەوت‌و سەلمێنرا کە نەخۆشی (سفلس) جیاوازە لە نەخۆشی (سیلان)، ئەمەش (ئەم تاقیکردنەوەیە) هۆکارێك بوو بۆ ناوبانگ دەرکردنی دکتۆر (بل)، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك (کۆمەڵێك)، لە قوتابیەکانی مردن بەهۆی تاقی کردنەوەیەکەوەو لە دوای (۱۵) ساڵ دکتۆرێکیتر کە لەوان زۆر زیاتر خۆپەرست بوو، ئەویش دکتۆر (ولیام) بوو لە (دبلن) کە هەستا بە ورگرتنی نمونە لە نەخۆشانی توش بوو بە سفلس، کردبونی بە نەخۆشی ئاسایی کاتێك کە هاتبوون بۆ لای‌و بۆ

سەردان کردنی لە نەخۆشخانەو بەبێ ئاگاداری خۆیان، بەبێ ئەوەی ئەو کەسانەی کە سەردانی دکتۆریان کردوە لە نەخۆشخانە بە خۆیان بزانن‌و، واشیان زانیوە کە ئەم کوتانە چارەسەرێکە بۆ نەخۆشیەکەیان، بۆیە بۆی دەرکەوت کە ئەو شلەیەی لە برینەکانی (سفلس)وە دێتە دەرەوە زوو بڵاو دەبێتەوەو دەگوازرێتەوە، تەنها مێژوو رووی رەشی تۆمار کرد لەسەر قوربانیانی تاقیکردنەوەکەی، مێژوو هەڵە گەورەکەی لای خۆی تۆمار کردو تاقیکردنەوە شکستخواردووەکەی لای خۆی تۆمار کرد، کە چ ناحەقی‌و ستەم‌و زوڵمێکی لەو خەڵکە بێئاگایانەی کە سەردانی کردبوون بۆ نەخۆشی سادەی خۆیان کەچی لەولاوە بونە کەرەستەی تاقی کردنەوەیەکی هەڵەی دکتۆر (ولیام) کە مێژوو رووی رەش کرد، بۆیە ئەم نەخۆشیە پێش کەوت‌و توشبوانی بە بەردەوامی لە زیادبوون‌و زۆربوندان، تا کار گەیشتە ئەوەی کە لیستی ناوی نەخۆشیە گواستراوەکان (لە سێکسی‌و ئاسایی) دەربچێت، ئەوەبوو کاربەدەستان‌و فەرمان رەوایان‌و دەسەڵاتدارانی تەندروستی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٧٦ بەیانی کردوو بڵاوی کردەوە کە (٢,٥) دوو ملیۆن‌و نیو تووشبوی نوێ (تازە توشبوون) بەم

نەخۆشی (سیلان) کە رویداوە لە ئەمریکا لەو ساڵەدا، گومانی تێدا نیە کە ئێستا ژمارەکە زۆر زۆر بووە لەو ساتە.

دکتۆر (کاتیراڵ) پسپۆری نەخۆشیە سێکسیەکان باس لەوە دەکات‌و جەخت لەسەر ئەوە ئەکات کە هەندێ لە هۆکارەکان کە بونەتە هۆی بەرز بونەوەی رێژەی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکەو زانراون، کە تا ئێستاش نەفامی‌و نەزانی بەربەست‌و کۆسپن لە بەردەممماندا بۆ زانینی هۆکارەکانیتر، ئەوەش ئێمە دەیزانین زۆر جیاواز نیە لەو هۆکارەی کە دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی (سفلس)و، کار هەرچۆنێك بێت دەمێنێتەوە لە سەر زیادەڕەوی‌و لە رادەبەدەری لە سێکس، بڵاو بونەوەی (زینا/ بەدڕەوشتی)و خانوی تایبەتی (لەش فرۆشی) بۆ ئەو مەبەستە، بە ئاسان دەست کەوتنی‌و بە ئاسان چوون بۆ ئەو شوێنانە کە ئەم کارە خراپەیان تێدا دەکرێت‌و، زیادو زۆر تێکەڵاوی بوون‌و دەرکەوتنی سێکسی ناباوو ناسروشت بڵاو بونەوەی ئەساس‌و بناغەی ئەم بەڵاو موسیبەتەیە سەری هەموو کارەکانە.

ئەو کارەی کە زیاتر نەخۆشی (سیلان)ی ئاڵۆزتر کردوە، ئەوەیە کە کۆمەڵێکی زۆر لە توشبوان بەم نەخۆشیە نیشانەی نەخۆشیەکەیان لێدەرناکەوێ (بێ نیشانەن) کە ئەمەش بۆ

خۆی زیاتر ئاڵۆزی خولْقاندنەوە، بە مەرجێك ئەوانەی دەیگوازنەوە (نەخۆشیەکە دەگوازنەوە) کەسیش پێیان نازانێت نە خۆیان‌و نە خەڵکانیتریش بۆیە زۆر مەترسیدارن، ئەوانەی کە نیشانەی نەخۆشیەکەیان لێدەرنەکەوێت هیچ کەس بە کارەکەیان نازانێت تا ئەو کاتەی نەخۆشیەکەیان دەگوازنەوە بۆ زۆرێك لە خەڵکان، رێژەیەکی زۆر لە خەڵکی داماو تووش ئەکەن ئەوانە بە رۆژهەلاَت‌و رۆژئاوادا دەیگوێزنەوە (بە خێرایی گەیاندنەکان) بەم شێوەیە لە رێگەی هاتوچۆو گەیاندەنەوە زۆر بە ئاسانی زۆر بە خێرای بلاَو دەبێتەوە، بەهۆی ئاسانکاری لە گەیاندن‌و هاتوچۆدا، ئەم نەخۆشیە لەسەر بوارو سنورێکی فراوان بلاَو دەبێتەوە.

دکتۆر (سکۆلفید) ئەمەشی خستە سەر کە هەست کردن بە بێباکی‌و گوێ پێنەدان‌و نەترسان لەم نەخۆشیە، دروست نەکردنی بەرگری سروشتی لە لەشی مرۆڤدا بۆ دژی نەخۆشیەکەو پاراستنی لە توشبونوەی بۆ جاری دوەم‌و سێیەم، لەبەر ئەوەی کۆئەندامی بەرگری خاڵی ئەبێت لە خاوەنەکەی لەم حاڵەتەدا، زیاترو زۆر بونی دورە پەرێزی‌و مەیل نەکردنی هاوسەرگیری، ئەمانە هەمویان یارمەتی دەری زۆرن‌و هۆکارن بۆ بلاَو بونەوەی نەخۆشی، گران زاڵبون بەسەر

نەخۆشیەکەو فەشەلی پزیشکی لە وەستانو پاشەکشێو بەرەوپێش چوندا.

لە نوێترین راپۆرتدا کە دەرچوە لە ناوەندی چاودێری ژینگە لە ئەتلَەنتا (CDC) لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دەرکەوت کە نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساڵانە (١٣) ملیار دۆلار خەرج دەکات (دەبەخشێت) بەسەر (١٩) ملیۆن توشبووی نوێ بە نەخۆشیە گواستراوە زایەندیەکان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە توشبوان بە نەخۆشی سیلان کەمیان کردوە تا رادەی زۆر گرنگ، بەڵام کێشەو گرفتی بەرگری (بەکتریا)کە بۆ دەرمانو چارەسەرەکەی بە بەردەوامی لە زیاد بوندایە، بەڵام لە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٥ توشبوان زیادیان کرد بە رێژەی ٧٪ لە ئاستی سەرژمێری پێشووتری.

## (نەخۆشی (القرحة الرخوة) شلو نەرمە برین)
## (chancroid)

برینی خاو (نەرم، شل) نەخۆشیەکی گواستراوەیە سروشتێکی توندو تیژی هەیە، هۆکارەکەی بەکتریایەکی زۆر وردی بچوکە لە رێگەی پێستو روپۆشە پەردەوە دەچێتە ژورەوەو دەبێتە هۆی دروست کردنی برین لەو شوێنەوە کە لێی چوەتە ژورەوە لەسەر پێستو روپۆشە پەردەوە بەدوایشیدا، دوای ئەوە رژێنە لیمفاویەکانی دەوروبەری ئەو برینە دەئاوسێنو گەورە دەبنو هەو دەکەن (هەوکردنو گەورە بونی رژێنە لیمفاویەکانی دەوروبەری برینەکە دێت بە دوایدا) ئەم نەخۆشیە بەهیچ رێگەیەك ناگوازرێتەوە تەنیا لە رێگای پەیوەندی (سێکس)یەوە نەبێت، گەیشتن بە یەك لە رێگەی (سێکس)ەوە بۆیە زیاتر بڵاو دەبێتەوە لە ناوەندی (سۆزانیەکان) بە تایبەتی لە ناوچە گەرمەکاندا (گەرمە سێرەکاندا) ئەم نەخۆشیە زیاتر پیاوان توشی ئەبن لە ژنان، دکتۆر (کاتیراڵ) باس لەوە دەکات لە توشبوان بەم نەخۆشیە هەیانە بونەتە هەڵگرو گوێزەرەوەی ئەم ( بەکتریا)ی نەخۆشیە، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیەکەی لێ دەرکەوێت کە گومانی تێدا نیە کە ئەمە ترسناكو مەترسیدار ترین جۆریانە،

لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکە بڵاو دەبێتەوە بێئەوەی کەس پێی بزانێت‌و کەس هەستی پێبکات‌و سەرنجی بداتێ (ئاگادار بێت پێی).

ئەو بەکتریایەی کە هۆکارەو (دەبێتە هۆی) ئەم نەخۆشیە پێی دەوترێت (هیمۆفلس دیکرای) (Haemophilus Ducreyi) نزیکەی پێش سەدەیەك دەبێت دۆزراوتەوە (درێژیەکەی لە نێوان ۱-۲) مایکرۆن دەبێت پانیەکەشی نزیکەی $\left(\frac{1}{2}\right)$ مایکرۆن دەبێت لەو (هەوە)ی کە لە برینەکە دێتە دەرەوە هەیە (لەو هەوەدایە کە لە برینەکە دێتە دەرەوە)، یان لە گرێی لیمفاویە هەوکردوەکاندایە، یان لە دەوروبەری ئەندامی دەرەوەی (زاوزێ) نەخۆشدایە.

دوای پەیوەندی سێکسی لەگەڵ نەخۆشی توشبوی بەرامبەردا (بەکتریاکەدا) راستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەر (بەرامبەرەکەیتر، دوای (۳-۷) رۆژ پەڵەی سوری بە ئازارو ئێش دەر دەکەوێ لە شوێنی چونە ژورەوەی میکرۆبەکە، دواتر زۆر نامێنێتەوەو جێگیر نابێت تاوەکو دەگۆرێت بۆ برینێك کە ناوەراستەکەی رەق‌و دەوروبەرەکەی نەرم‌و شل‌و زۆر بە ئازار دەبێت، تەنها بە دەست لێدان خوێنی لێ دێتە دەرەوە کەوا لە هەندێك حاڵەتدا دەبێتە هۆی لە

ناوچوونی بەشێکی گەورەی ریشاڵەکانی دامێن‌و چووك، ئەم برینانە جیاوازن لە قەبارەو دوری‌و ماوەیان.

هەندێکیان (لەو برینانە) چەند میللی مەترێك چوارگۆشە دادەپۆشێت، هەندێکیتریان چەند سانتیم مەترێك دادەپۆشێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئازارو ئێشێکی زۆر توندو بێزاریەکی زۆر گەورە بۆ نەخۆش.

هەروەها دکتۆر (سکۆفیڵد) باس لەوەش دەکات کە هەر برینێك دەتوانێت لە دەورو بەرەکەی خۆی چەند برینێکیتر دروست بکات، ئەویش بەهۆی رژانی (هاتنە دەرەوەی) شلەی هەوکردوی پڕ بەکتریاو میکرۆبی ئەم نەخۆشیە کە لە یەکەم جارو یەکەم برینەدا لێرەو لەوێ، بەو شێوەیە ئەندامە سێکسیەکانیتریش توش دەبن‌و پیس دەبن بەو نەخۆشی‌و بەکتریایە.

لە ژناندا (ئافرەتاندا) هەوکردن‌و برین دروست دەبن لەسەر لێوە بچوك‌و گەورەکانی دامێنی ئافرەتان، بەتایبەتی پەردەی ناوپۆشی هەردو لێوەکانی دامێن، دواتر (هەوکردن‌و برین دروست کردن) زیاتر بلاو دەبێتەوە تا ئەگاتە ناوچەی نێوان کۆم‌و دامێن، بەڵام لە پیاواندا چوك دادەپۆشێت‌و بلاْ

دەبێتەوەو بەرەو پێستی گونەکان دەڕوات‌و توشی لەناوچون‌و لەکەڵك خستنیان دەکات.

دواتر هەوکردنەکە دەڕوات‌و دەگاتە رژێنە لیمفاویەکانی بن ران، بەو هۆیەشەوە دەئاوسێن‌و گەورە دەبن‌و تا وای لێدێت شێوەی هێلکەیی وەردەگرن کە زۆر بە ئازارن‌و، رەنگی پێست دەگۆڕێت بۆ سور، ئەو رژێنە لیمفاویانە هەو دەکەن‌و لەژێر پێستدا دەتەقنەوە، ئەو کاتە هەوەکە بۆ شوێنێك لەسەر پێست دەگەڕێ کە لێی بێتە دەرەوە بەتایبەتی لەو شوێنەی کە لێی دروست بووە، کونی هەوکردنەکە وردە وردە گەورە دەبێت، تاوای لێدێت بە برینێکی زۆر گەورەتر لەبن راندا کۆتای پێدێت‌و دروست دەبێت، هەندێك جار کارەکە زۆر زیاتر ئاڵۆز دەبێت برینە زۆر قوڵ‌و گەورەکە دەبێتە هۆی دروست بون‌و رودانی گانگرین (شین‌و رەش بونەوە) لە ئەندامی زاوزێ (ڕەگەز)ی دەرەوەی نەخۆش، یان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە بەردەوامی برینەکە خوێنی زۆری لێ بێتە دەرەوە هەندێك جار دەبێتە هۆی کون بوونی چوك، یان تەسك بونەوەیەك بە رادەیەك کە زۆر گران ئەبێت کە میز لە بۆریەکە بێتە دەرەوە یان دەبێتە هۆی هەوکردنی پێستی سەری (چوك) زەکەر.

ئیتر نەخۆش دەناڵێنێت زیاد لە نەخۆشیەکی سێکسی لەیەك کاتدا لەگەڵ برینە نەرمو شلەکە (القرحە الرخوە). نەخۆش توشی نەخۆشی سفلسیش دەبێت یان توشی هەوکردنی رژێنە لیمفاویەکان دەبێت بە هەردو جۆرەکەیەوە، ئەگەر هاتو نەخۆش چارەسەری وەرگرت بۆ یەکێکیان بە تەواوی لەدوای ماوەیەك ئەویتریان دەردەکەوێت، ئەوەیان کە زۆر ئازاری دەدات بریتیە لە سفلس، کە بە جۆرێك دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دوەمو سێیەم بەبێ ئاگا بوونو زانینی نەخۆشەکە (بوەتە هەڵگر) دیاریکردنو زانینی جۆری ئەم نەخۆشیە زۆر ئاسانە دەکرێت بدۆزرێتەوە بە ئاسانیو چارەسەریشی زۆرو زەبەندەیە بەڵام بێ زیان نابێت (خاڵی نابێت لە زیان) چونکە هەندێك دەرمان کە نەخۆشەکە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی دەیخوات (القرحە الرخوە/ شلو نەرمە برین) دەبێتە بەربەستو رێگر لە دەرکەوتنو دۆزینەوەی نیشانەکانی هەندێك لە نەخۆشیە سێکسیەکانیتری وەك سفلس وەك نمونە، کە نەخۆشیەکە لەم حاڵەتەوە دەگۆرێت بۆ حاڵەتو باریتر کە مەترسیو ترسناکیەکەی ئەوەندەیتر زیاد دەکات.

بۆ چارەسەری برین بە سەرکەوتووی دەوەستێت لەسەر نەشتەرگەریتر کە هەردولاکە بگەڕێتەوە کە ئەم نەشتەرگەریە بریتیە لە راکێشانی هەوی کۆبوەوە لە رژێنە دەورو بەرەکان کاتێك کار گەیشتە ئەوە، هەروەها جێ بەجێ کردنی کرداری سونەت کردن (خەتەنە کردن) بۆ ئەوانەی کە پێستی سەر چوکیان هەوی کردوەو، دەبێت بە بەردەوامی پشکنین بۆ نەخۆشەکە بکرێت (باس لە توێژینەوە لە نەخۆشی سفلس) بکرێت لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگدا، کە ئەمەش لەسەر نەخۆش دەکەوێت لەڕوی ماددەو پارەو پول تێچویەکی زیاتری لەسەر دەکەوێت بێجگە لە ناڕەحەتی‌و ئەشکەنجەو ئازار کە توشی نەخۆش دەبێت‌و، ئەم نەخۆشیە زۆر تیژو بە ئازارەو، بە زۆری لە ناوچە گەرمەکان‌و کەم گەرمەکاندا بلاو دەبێتەوە، هەروەها زۆری گەشت‌و گوزارو زۆری خێرای هاتوچۆو بلاو بونەوەی لەش فرۆشان‌و بەدڕەوشتان‌و (سێکسی نابا‌وو نامۆو ناسروشت) ئەمانە دەبنە هۆی زیاتر بلاوبونەوەی ئەم نەخۆشیە بە جۆرێك لە جیهاندا شوێنێك نامێنێتەوە کە پێی نەگات ئەوا هەر پێی دەگات.

# (لوو/ گریَ)ی زیپکۆکەیی (حبیبی) لیمفاوی سێکسی)

Lumpho Granuloma Venerum

ئەم نەخۆشیە گوازراوەیە لە کۆتای سەدەی (١٨)یەمی کۆچیدا زانراو دۆزرایەوە، کە بەهۆی سێکسی نا تەندروستو نا شەرعیەوە دەگوازرایەوەو ئێستاش بە بەردەوامی دەگوازرێتەوە، لە ناوچە گەرمو کەم نیمچەگەرمەکاندا ئەم نەخۆشیە زۆرەو زۆر دەبێت، مەگەر ئەوە نەنەبێت کە جیهان سەرئاو کەوتوەو هەموو گرۆهی مرۆڤایەتی سواری بونو دەریاش بەویستی خۆی بەرەو کویَ شەپۆل ئەداو کەنار ئەگریَو ئەمان بات، لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە لە خەڵکە دەبێت شوێن (پەنجەمۆری) خراپ بەجیَ بهێڵێت لە هەر شوێنێك بێت).

لەگەڵ سەربازە ئەمریکیەکان دەرکەوتو دۆزرایەوە ئەوانەی کە لە ڤێتنام گەڕانەوە ئەم جۆرە نەخۆشیە ئێستا لە هەردو ئەمریکای (باکورو باشور) بڵاو بوەتەوە، هەروەها لە دورگەکانی دەریای کاریبیو رۆژئاوای ئەفریقاو هیندو مالیزیاو باشوری چین، هەروەها لە زۆربەی بەندەرە ئاویەکان و کەناراوەکاندا هەیەو بونی هەیە و بڵاوە .

ئەم نەخۆشیە بە هەوکردنێکی سادەو ساکار دەست پێدەکاتو رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزو گران دەبێت بە جۆرێك کە رژێنە لیمفاویەکان هەو دەکەنو پڕ دەبن لە جەراحەتو، دۆزینەوەی ئەم نەخۆشیە لە پیاواندا ئاسانترە وەك لە ژنان هۆکاری ئەم نەخۆشیە بەهۆی بەکتریایەکەوەیە کە پێی دەوترێت (کلامیدییتراکو ماتس)(Chlamydiat trachomatis)، ئەمە جۆرێکە لە بەکتریا کە جیاوازە لە ڤایرۆسیش، کە دوو جۆر تایبەتمەندی هەیە:

١- تەنها لە ناو خانە زیندوەکاندا دەژیتو گەشە ئەکاتو، هەموو رۆژێکی ژیانی سەر سوڕهێنەرە، کە بەشێك لەم بەکتریایە دەبێتە هۆی نەخۆشیتری وەك (تراخوماو هەوکردنی چاو) (Conjunctvitis) کاتێك کە پەیوەندیە سێکسیەکان تەواو دەبن میکۆبی ئەم نەخۆشیە دەگوازرێتەوە بۆ کەسە ساغەکە (تەندروستەکە) لە رێگەی ئەندامی دەرەوە (چوك- دامێن) بکتریاکە دەست دەکات بە گەشەکردنو زۆربون لە دوای ماوەیەك نزیکەی (١-٦) هەفتە، یەکەم نیشانەی ئەم نەخۆشیە دەردەکەوێت لەسەر شکڵو شێوەی زیپکەیەکی بچوکی بێ ئازار لەسەر چوکی پیاوو یان دامێنی ئافرەت یان لە زێ یان لە ملی منداڵداناو، ئەم زیپکەیە ئاسایی

دەردەکەوێت لەو شوێنانەی کە بکتریاکە لێوەی چووەتە ژورەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك جار لەسەر لێوەکانو زمانی هاورەگەزبازەکان دەردەکەونو، زۆر جاریش ئەم زیپکانە دەردەکەونو دواتر دیار نامێنن بەبێ ئەوەی نەخۆش هەست بە خۆی بکاتو (سەرنج بدات)، بۆیە نەخۆش پێی نازانێت مەگەر دوایو ئێشو ئازارێکی توند کە لە قۆناغی دواتر دێتە ئاراوە، هەست بەو ئازارە توندە ئەکات کە لە شێوەیەکیتردا خۆی دەنوێنێت.

دوای ٣ سێ هەفتە لەسەر هەندێك لە نەخۆش نیشانەی هەوکردنی چوك دەردەکەوێت کە بووە بە درێژخایەن کە لە زۆربەی زۆریان ئازارێکی زۆر دەست پێدەکات لە یەکێ لە رژێنە لیمفاویەکان لەبن راندا، وردە وردە هەوکردنەکە زیاد دەکات لە هەندێك جاردا سەر ئێشەو لەش داهێزرانی گشتو تاو پشت ئێشەی لەگەڵدا دەبێت بەتایبەتی لە ئافرەتاندا.

ئافرەتە توشبوەکان هەوکردن لە ملی رەحم دەست پێدەکاتو رژێنە لیمفاویەکان لە (حەوز) گەورە دەبنو دەئاوسێنو ئەم رژێنانە بەشێوەیەکی گشتی جیاو دور لە یەك دەبن بەڵام لە دوای هەوکردنیان قەبارەیان گەورە دەبێت تا وایان لێدێت لە پێست نزیك دەبنەوە، دواتر زیاتر گۆڕانکاریان

بەسەردا دێتو پڕ دەبن لە جەراحەتو پێستەکەیان سور بە لای شیندا هەڵئەگەڕێت، دواتر لە چەند لایەکەوە ئەم جراحەتە ئەتەقێتو کێمو جەراحەتو کەمێك خوێنی لەگەڵدا دەبێتو خوێن دێتە دەرەوە لە رژێنەکان، هەندێك جار کارەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەتی کاتێك رژێنە لیمفاویەکان لە حەوزو دەوروبەری ناوچەی رێکە هەویان کرد، دواتر ئەم رژێنانە کە کێمو جەراحەتیان کردوە کاریگەریان دەبێت لەسەر دیواری ناوەوەی رێکە، ئیتر ئەو شوێنەش هەو دەکاتو لێوەی شلەی زەردی تێکەڵاو بە خوێن دێتە دەرەوەو دوای ئەوەی ئەم دومەڵە کێماویە ناوخۆیانە گەورە بوون، تەسك بونەوەیەکی توندو بەهێز لە رێکەدا رودەدات بە جۆرێك دەبێت هۆی کوونکردنی رێکە، ئەمەش دەبێت هۆی هەوکردنی زۆرو بەجێهێشتنی ماکی مەترسیو خەتەرناكو ترسناك، بەتایبەتی ئەگەر کونەکە (کون بون لە رێکە) لە ئافرەتدا رویدا، ئەوا لە رێکەوە دەگات بە زێ ئەو کات زێیش پیس دەبێت بە بکتریای جۆراو جۆر کە لە پیساییدا هەن بەو جۆرە هەندێك جار دەبێتە هۆی رودانو دروست بوونی دومەڵی پڕ کێماویو درێژخایەن لە حەوزدا، ئەمە بە تەنها خۆی بەسە بۆ داخستنی ڕێخۆڵەکان، (ئەمە بەتەنها بەسە بۆ دروست بوونی داخستنێك لە ریخۆڵەدا)

ئیتر پیسای لە جەستەو لەشی مرۆڤدا ناچێتە دەرەوە ئەمەش هۆکارێکە بۆ کوشتنی نەخۆشەکە بە تەنهاو، ئەم هۆکارە بەسە بۆ کوشتنی نەخۆشە ئافرەتەکەو هەندێك جا داخستن و گیران روو دەدات لە رێرەوی لیمفاویەکاندا لە ناوچەی ئەندامەکانی زاوزێ (ئەندامی سێکسی) کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروست بوونی برین و خوێن پژان و خوێن تێزانی زۆر زۆر لە ناوچەکەدا، کە رۆڵی دەبێت و کاریگەری دەبێت لەسەر چوك و گونەکان لە پیاواندا و لەسەر دامێن لە ئافرەتاندا.

دیاریکردن و دۆزینەوەو دەستنیشان کردنی ئەم نەخۆشیەو چارەسەر کردنی لە قۆناغی یەکەمدا زۆر سوك و ئاسانە، بەلام لە قۆناغەکانی پێشکەوتوودا زۆر قورس و گران و نارەحەتە هەندێ جار کارەکە ئەخوازێت (کار بەوەشەوە ناوەستێ) بەڵکو (نەشتەرگەری) دێتە ئاراوە بەشداری دەکات و دەست تێوەردانی ئەبێت بۆ لابردنی زیادە (تێك چووو شێواو)ە بە ئازارەکان کە لە دەرەنجامی زۆر پێشکەوتویی ئەم نەخۆشیەوە دێتە ئاراوەو، بە بەردەوام نەخۆشیەکە پێویستی زۆری هەیە بە توێژینەوەو بەخویندنەوە بۆ کردن لەسەری.

# (لوو/گریّ)ی زیپکۆکەیی (حبیبی) ئیربی)
# (Granuloma Inguinale)

بەکتریای ئەم نەخۆشیە لە ناوچە گەرمەکانو نیمچە گەرمەکاندا گەشە دەکاتو دەژی بەڵام دەگوازرێتەوە بۆ هەر شوێنێك لەم جیهانە بەهۆی پەیوەندی سێکسییەوە مادام کەسێك هەبێت هەڵگری بێت، مشەخۆری ئەم نەخۆشیە لە رەش پێستو پێست رەنگاو رەنگەکاندا زیاترە وەك لە کەسانیتر، زۆر بڵاوە لە هەموو (شوێنێکی ئەم جیهانە)و بەشێوەیەکی گشتی لە ئەمریکای باشورو دورگەی دەریای کاریبیو هیندو ئەندۆنوسیاو خۆرئاوای ئەفریقاو باشوری چینو باکوری ئوسترالیاو بەشێك لە باشوری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

هۆکاری ئەم نەخۆشیە بەکتریایەکە (مشەخۆرێکە) پێی دەوترێ (دونوڤانیا گرانیلوماتوسس) (Donovania granulomatosis) کە بەکتریایەکی زۆر بچوکە، لە خانە ریشاڵیەکانی توشبوەوە دەردەکەوێ دوای رەنگ کردنیانو خرانە ژێر میکرۆسکۆبو سەیرکران، کە زانا (دونفان) دۆزیەوە لە ساڵی ١٩٠٥.

دوای ماوەیەك کە لە نێوان هەفتەیەك تا چوار هەفتە دەخایەنێت دوای پەیوەندی سێکسیو چونە ژورەوەی ئەم

مشەخۆرە بۆ لایەنی بەرامبەری ساغو سەلیم، ئیتر پەڵەی سوری بێ ئازار دەر دەکەوێتو وردە وردە ئەم پەڵانە دەگۆڕێن بۆ برین دواتر دەگۆرێن بۆ (لو) کەمێك بەرز دەبنەوە لە شێوەی زیبکەیەکی ئاسایی ئەم زیبکانە دەردەکەون لەسەر ئەندامی زاوزێی دەرەوە (ئەندامی دەرەوەی زاوزێ) یان لە بن راندا دەردەکەون، یان لەسەر (عانە) یان لەسەر ران، یان لەنێوان دامێنو کۆم، یان لەسەر دامێن یان لەسەر کۆمی هاورەگەزبازانو ئەم نەخۆشیە جیاوازە لە (لوی حبیبی لیمفاوی سێکسی) بەوەی کە نابێتە هۆی هەوکردنی رژێنە لیمفاویەکان بەڵام لە خۆیەوە لە زیپکەیەکەوە بڵاو دەبێتەوە لە دەوری خۆیدا زیپکەی زۆر ورد دروست دەکات بە دەوری خۆیدا تا هەموو شوێنەکە پڕ دەکاتو ئەتەنێتەوە، بەڵام زۆر بە لەسەر خۆیو بەهێواشی هەمو ئەندامی زاوزێی سێکس دەگرێتەوەو تا وای لێدێت شێوەکەشی دەگۆڕێت بە تەواوی، تا وای لێدێت پێویست دەکات کە لابرێتو نەشتەر گەری بکرێت، تا وای لێدێت لابردنی بە تەواوی پێویستە دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت لەبەر ئەوەی نەشتەرگەرییو لابردنی سەلامەترو ئاسانترەو سوکترە لەسەر نەخۆش کەمتر ئازارو

ئەشکەنجە دەکێشێت وەك لەوەی بەو دەردەوە بتلێتەوەو بەو برینە ئازاریەوە بمێنێتەوە (سەیری وێنەی ژمارە ١٧ بکە.



وێنەی ژمارە ١٧/ نەخۆش تەنها چارەسەری بڕینی ئەندامی (سێکسیەتی).

لە ئافرەتدا ئەم نەخۆشیە دەبێتە هۆی لەناوچونو خراپ بونی زۆرینەی زێو ملی رەحمو رێکەو، هەندێ لەم برینانە زۆر بەئێشو ئازار دەبن، بەهۆی چونە ژورەوەی هەندێك بەکتریایتر، بەوەش کارەکە ئەوەندەیتر ئاڵۆز دەبێت، دواجار

لەناوچونی زۆر گەورە لە ریشاڵەکاندا رودەدات، دوای ئەوە تەسك بونەوە لە چوكو هەوکردنی رێڕەوی بۆری میز رودەدات، دواتر کونێك یان چەند کونێك لە رێکە دروست دەبن‌و، هەروەها گیران‌و داخستن لە جۆگەلە لیمفاویەکان دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی (احتقان/ خوێن پڕانێکی) زۆر بە ئازارە.

دیاریکردن‌و دەست نیشانکردنی ئەم نەخۆشیە ئاسان‌و سوکە، ئەویش بەهۆی وەرگرتنی (خزعات)ی ریشاڵی لە نەخۆشەکەو پشکنینی‌و سەیرکردنی لەژێر میکروسکۆبدا، ئەگەر هاتوو نەخۆشیەکە لە قۆناغی یەکەمدا بوو ئەوا چارەسەری زۆر ئاسان دەبێت‌و، ئەگەر قۆناغەکە درێژ خایەن بوو ئەوا گومانی تێدا نیە چارەسەر کردن قورس‌و گران‌و ناڕەحەتە، لە هەردو حاڵەتەکەدا وەك ئەنجامدان‌و خۆپاراستن (جێ‌بەجێکردن‌و خۆپارێزی)، پێویستە ناوو شوێن‌و ناونیشانی ئەو کەسانە بزانرێت کە کەسی توشبوو پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا کردون بۆ ئەوەی بپشکێنرێن‌و چارەسەر وەربگرن (چارەسەر بکرێن) پێش ئەوەی ئەوانیش بیگوازنەوە بۆ کەسانیتر، بەڵام نەخۆش (توشبوو) خۆی پێویستە

پشکنینی دوبارەو چەندجارەو چەند بارەی بۆ بکرێتەوە بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە تووشی نەخۆشی سێکسیتر نەبوە.

ئەم نەخۆشیە ناگوازرێتەوە تەنها لە رێگەی پەیوەندی سێکسیەوە نەبێت وەك نەخۆشیە سێکسیەکانیتر، بۆیە زۆر پێویستە شوێنی بڵاوبونەوەو جۆری ئەوانەی تووش بوون زانراوو ئاشکرابێت.

# هەوكردنی جیاجیاو (جیاواز)ی چوك

Non specific urithritis

بریتیە لە حاڵەتێکی نەخۆشی بێزارکەر زیاتر توشی پیاوان دەبێت لە ئافرەتان، ئەویش نە خۆشیەکی گوازراوەیە هۆکاری توشبونەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەندەها جۆری جیاواز لە مشەخۆر (بەکتریا)، دەگوازرێتەوە بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە، لە نێو خەڵکیدا زۆر بەخێرایەکی بەرچاو بەشێوەیەکی (مضطرد) بڵاودەبێتەوە، دکتۆر (دیرك جونس) باس لەوە دەکات ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە بۆ ئەم حاڵەتە چارەسەریان وەرگرتوە (چارەسەر کراون) لە ساڵی ١٩٥٢ لە ئینگلتەراو ویلزدا خۆیان بە تەنها (کە بەشێکی زۆر کەم لە جیهان) کە ژمارەیان ١١,٥٠٠ نەخۆشەو، لە ساڵی ١٩٦٢ ڕێژەی توشبوان بەرز بویەوە بۆ (٢٥٠٠٠) نەخۆش، گومانی تێدا نیە کە ئەم ژمارەیە ئێستا زۆر گەورەیە لەوەی پێشترو لەویتر، کار گەیشتە ئەوەی تا وای لێهات ئەم نەخۆشیە بڵاوبونەوەیەکی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینی تاوەکو توشبوانی ئەم نەخۆشیە توشی نەخۆشی (سیلان)یش بوون بەهۆیەوە، ئەو بەکتریاو (مشەخۆر)ەی کە دەبێتە هۆی ئەم حاڵەتی نەخۆشیە زۆر جۆری جیاوازن گرنگترینیان:

- كلاميدييتراكوماتس ـــــــــــــــــ chlamydia trachomatis
- مايكوپلازما هومنس ـــــــــــــ Mycoplasma hominis
- يوريا پلازما يورلايتكم ــــــــــ Ureaplasma ureaiyticum
- أشباه جرثومة الدفيتريا ـــــــــــ Diphtheroids
- هيموفيلس فاجينالس ـــــــــ Haemophilus Vaginalis

هەروەها كۆمەڵيكيتر لە (بەكتريا) لە خانەكانى چوك ئەگەرى ئەوەى هەيە كە بەشێوەيەكى نائاسايى ببنە هۆى هەوكردنى جۆراو جۆرو جياوازى رێڕەوى ميز (چوك).

بەكترياى كلاميديا زۆر زۆر بچوكە، پێشتر ئاماژەمان پێدا لە نەخۆشى (رژێنى ليمفاوى حبيبى سێكسى)دا ئەم حاڵەتى نەخۆشبيە بە رێژەى ٪٤٠ ئەبێتە هۆى حاڵەتى هەوكردنى چوك (رێڕەوى ميز)، بەڵام بەكترياىتر بەتايبەتى مايكوپلازما، كە هۆكارێكى سەرەكيە لە توشبونەكانيتر بەشێوەيەكى گشتى.

ئيتر ئەم حاڵەتى نەخۆشيە دوا بەدواى پەيوەندى سێكسى دەست پێدەكات، چونە ناوەوەى (چونە ژورەوەى) بەكترياى

نەخۆشیەکە بە ماوەیەك کە لە نێوان (٧-١٤) هەفتەدا دەبێت، ئیتر نیشانەکانی لە شێوەی شلەیەکی زەرد باودا دەردەکەون کە لە چوکەوە دەتکێتو دڵۆپ دڵۆپو تنۆك تنۆك دێتە خوارەوە، ئەم حاڵەتەش درێژە دەکێشیتو ماوەیەکی زۆر دەخایەنێتو چەند جار دوبارە دەبێتەوە، هەندێك جار دەردەکەوێت هەندێك جاریش نامێنێت، نەخۆش لەو ماوەیەدا زۆر هەست بە چونە سەرئاو دەکات بۆ میز کردن، کە بەڕاستی زۆر کردارێکی بەئازارو ئەشکەنجەیە چونکە ڕێڕەوی بۆری میزی توشی هەوکردن بووە ئەمەش بوەتە هۆی تەسك کردنەوەو داخستنی بۆری میز بۆیە میزکردنەکەی زۆر بە ئازارەو، هەندێك جار ئەم نەخۆشیە لە نیشانەی خراپو ماكو ئاڵۆزی زۆر قورسو مەترسیداری لەگەڵدا دەبێت، وەك هەوکردنی (بربخ) لە گونەکاندا کە دەبێتە هۆی نەزۆکی لە پیاواندا، هەروەها هەوکردنی پڕۆستات کە چەند ساڵێك بەردەوام دەبێت، دواتر تەسك بونەوەی ڕێرەوی بۆری میز، تەسك بونەوەیەکی زۆر توند کە دەبێتە هۆی پەنگ خواردنەوەی میز کە بە جۆرێك نەخۆشەکە ناتوانێت میز بکات، بەهۆی زۆر تەسك بونەوەو داخستنی بۆری میز لە چوکیدا، هەندێك جار بەوەشەوە ناوەستێت ئاڵۆزیەکە دەگاتە

میزەڵدان‌و (Cystitis) دەبێتە هۆی هەوکردنێکی زۆر توندو سەخت‌و دژوار دواتر دەبێتە هۆی خوێن بەربونێکی توندو تیژو زۆر، نەخۆش لەم حاڵەتی نەخۆشیەیدا توشی (تا) پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە، هەروەها دەرچونی هەندێك (دڵۆپ‌و تنۆك) خوێن دوای هەموو میز کردنێك.

لەلای هاوڕەگەزبازەکان بەکتریاکە لە پیسایشدا هەیە ئاسایی بەهۆی هەوکردنی چوکیانەوە کە ئەم ڤایروسانە زۆر جۆریان هەیە.

دکتۆر (سکوفیلد) پسپۆری نەخۆشیە سێکسیەکان باس لەوە دەکات کە حاڵەتی زۆر دەرکەوتون لە دەم‌و قورگی هەندێك لە هاوڕەگەزبازەکان لە هەردوو رگەز ئەوانەیان کە دەمیان وەك هۆکارێك بۆ سێکس بەکاردەهێنن بەهۆی ئەو بەکتریایەی بوەتە هۆکاری هەوکردنی چوك، بەڵام لە ئافرەتاندا زانیاری زۆر لەسەر ئەم نەخۆشیە کەمترە وەك لە پیاواندا ئەویش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی کە توشی ئەم نەخۆشیە بوون هیچ نیشانەیەکیان لێ دەرناکەوێ (لەسەر دەرناکەوێ)، ئەگەر دەریش بکەوێ شاراوەیەو لە ملی منداڵدانیاندایە، بەهەمان شێوە تووش بوەکەش (ئافرەتەکە) هیچ هەستی پێناکات، بۆیە

دۆزینەوەو دیاریکردنی ئەم نەخۆشیە کە کارێکی ئاسان نیەو زۆر گرانە زۆر دواش دەکەوێ لە دۆزینەوەو دیاریکردنی نەخۆشیەکە، دواجار نەخۆشیەکە لە قۆناغی سەرەتای دەردەچێتو پێدەنێتە قۆناغی درێژ خایەنەوە، لەگەڵ گۆڕینو بوونی بە قۆناغی (دریژ خایەن)، ئیتر نیشانەکانی بە ناڕونیو تەواو دەمێنێتەوە کە تەنها لە (شلەیەکی زەرد باوی بەردەوام لە پیسایدا) زیاتر دەرناچێت، واتا هیچ نیشانەیەکیتری نیە تەنها ئەم نیشانەیە نەبێت (شلەیەکی زەرد باو لە پیسایدا بە بەردەوام) دەبینرێت، هەروەها لەگەڵ زۆری چارەسەرو دەرمانیشدا کە نیشانەکە جارو بار دەردەکەوێت شاراوە دەبێتو بەدیار نامێنێت، هەندێك جار هەوکردنەکەش لەم ئاستەشدا ناوەستێت بەڵکو زیاد دەکاتو دەگۆڕێت، ماکی زۆر خراپو نیشانەی لاوەکی زۆر خراپو ترسناك دروست دەبن، وەك هەوکردنی هەردوو رژێنی بارثولین، یان رودانی خوێن بەربونی توندو تیژو هەوکردنی خانەکانەوە کە کتوپڕ دەردەکەوێت، کە لەش داهێزرانی گشتیو تایەکی زۆر توندی لەگەڵدا دەبێت، ئارەزویەکی زۆر زۆری دەبێت بۆ میز کردن بە بەردەوامیو هەمیشە حەز ئەکات کە میز بکات، یان دەبێتە هۆی هەوکردنی کۆتاییەکانی جۆگەکانی (فالوب)ی گەشتوو

به (بوق)، (فالوب) كه دەگات به (بوق)، كه ئەم هەوكردنەش زۆر مەترسيدارو ترسناكه به جۆرێك كەوا دەبێته هۆی نەزۆكی له ژناندا.

دۆزينەوەو دەست نيشانكردنی ئەم نەخۆشيه زۆر ئاسانو سادەو ساكاره بەتايبەتی له پياواندا، بەڵام ئەوەی زۆر گرانو قورسه بريتيه له زانينی هۆكاری تەواوی درێژ خاياندنی نەخۆشيەكەيه به تەواوی، واته ئەم نەخۆشيه بەتەواوی نازانرێ هۆكارەكەی چيەو تا چەند دەخايەنێتو دەمێنێتەوە، بۆيه ئەگەر هاتو بەكترياكه زانراو دەست نيشان كرا ئەوا لەسەر نەخۆش پێويست ئەبوو كه رێنمايەكانی پزيشك جێ بەجێ بكات هەلێكی زۆر گەورە بوو بۆ چاك بونەوەیو، چارەسەری پێويست بۆ ئەم نەخۆشيه جياوازە، بەهۆی نەخۆشيەكەو نيشانه لاوەكيەكانی (ماكەكان)و ماوەی توش بوونەكەی، له هەموو حاڵەتەكاندا دەمێنێتەوە سەر پشكنينی نەخۆش كه زۆر گرنگه كەمتر نەبێت لەسێ مانگ (واته هەموو ٣ مانگ جارێك ئەم نەخۆشه دەبێت پشكنينی بۆ بكرێت)، بۆ دڵنيا بوون لەوەی كه تووشی هيچ نەخۆشيەكيتری سێكسی نەبووەو، ئەگەر هاتوو هەوكردنەكه بلاو بوەوەو گەيشتە رژێنی پرۆستاتو بو به (درێژخايەن) ماوەيەكی زۆر مايەوە،

لەگەڵ چارەسەر کردنیدا (نەخۆشەکە دەرمانەکان دەخوات) دەبێت هەفتانە کاری شێلانو مەساج بۆ ئەم رژێنانە بکرێت بۆ دەرکردنو دەردانی ئەو کێمو جەراعەتە کۆبوەوە کە بەهۆی هەوکردنەوە کۆبوەتەوە، دەبێت هەفتانە رژێنەکە مەساج بکرێت تا بتەقێنرێتو دەربدرێتو پاك بکرێتەوە لەو هەوو کێمو جەراعەت، بەڵام لە ئافرەتانی توشبوودا لەگەڵ خواردنو بەکارهێنانی دژەتەنی (المضادات الحيوية) پێویست، دەبێت پەیوەست بوون بەجێگەی پشوو مانەوە بۆ حەوانەوە کارێکی تەواو پێویستو گرنگەو، ئەگەر هەوکردنەکە بڵاو بویەوەو گەیشتە هەردوو رژێنی (بارثولين) ئەوا کارەکە پێویستی بە راکێشانی کێمو جەراعەتە کۆبوەکەیە تیایدا (ئەو کێمو جەراعەتەی لە هەردوو رژێنی (بارثولين)دا کۆبوەتەوە دەبێت بە زوترین کات رابکێشرێتو دەر بدرێتو پاك بکرێتەوە) یان لە رێگەی نەشتەرگەریەوە بەشێك لە شوێنە هەوکردوەکە بپڕدرێتو لابرێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا پێویست دەکات کە نەخۆش پابەند بێت بە رێنمایەکانی پزیشکەوەو، دەبێت دور بخرێتەوە لە پەیوەندی سێکسی تاوەکو بە تەواوی چاك دەبێتەوە لە نەخۆشیەکەی، ئەوەی شایەنی وبیر هێنانەوەیە ئەم حاڵەتی نەخۆشیانە وەسف دەکرێت بە سوكو ئاسان رێگریو قەدەغە ئەکرێ چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا نەخۆش زیاترو زۆرتر سزای دەرونی دەچێژێت وەك لە جەستەیی و لاشەیی (واتە زیاتر دەرونی سزا دەچێژێت زیاتر لە

جەستەو لاشەی)و هەندێك جار حاڵەتی نەخۆشیەکەش بەدیار نامێنیٚو شاراوە دەبێتو گومان دەبرێت کە نەخۆش چاك بوەتەوەو شیفای وەرگرتوە شیفای بۆ هاتوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دوبارە بەدیار دەکەوێتەوەو پێویستی بە چارەسەرو دەرمان دەبێتەوە.

## نەخۆشی ترایکۆ مۆنیاسس

Trichomoniasis

نەخۆشیەکە دەگوازرێتەوە بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە، زۆربەی قوربانیانیش (توش بووان) لە ئافرەتاننو زربەی زۆری نەخۆشیە سێکسیە گوازراوەکان لە ناوەندی ئافرەتاندا بلاٚو دەبێتەوە، کە نزیکەی رێژەی ٢٠٪ لە ئافرەتان تووش دەبن بەتایبەتی لە مانگی سکپڕیو دووگیان بونیانداو، زۆربەیان نیشانەکانی نەخۆشیەکەی لەسەر دەرناکەوێت، لە هەمان کاتدا نیشانەکانی نەخۆشیەکە لە پیاواندا دەردەکەوێت لە شێوەی هەوکردنو پرۆستاتو چوكو بۆری میزو چەندان نیشانەیتریش.

زۆربەی زۆری توشبوان بەم نەخۆشیە لە تەمەنی هەرزەکاریدان (١٥- ٢٥)و زۆربەی زۆری توش بووان ئەو ئافرەتانانەن کە لەگەڵ یەك پیاو زیاتر پەیوەندی سێکسی

دەکەن، زیاترن لەو ئافرەتانەی کە تەنها لەگەڵ پیاوەکانیاندا کاری سێکسیی و سەر جێی دەکەن، هەروەها دکتۆر (کاتیراڵ) ئەوەشی بۆ زیاد کردو وتی زۆر بە دەگمەن ئەم نەخۆشیە خۆی بە تەنها بگوازرێتەوە بەڵکو بە زۆری نەخۆشی سێکسیتریش لەگەڵ خۆیدا دەگوازێتەوە وەك (سیلان، بەتایبەتی لە (دوگیان و سکپڕ)انداو، ئەوانەش کە دەنکۆڵەی ڕێگری سکبوون بەکار دەهێنن و، شتێکی ئاسایی و سروشتیە کە زۆر زۆر گرانە دۆزینەوەو دەست نیشان کردنی نەخۆشی سیلان لە نەخۆش (توش بویەکدا) پێش چارەسەر کردن و بەکارهێنانی دەرمان (پێدان و چارەسەرو دەرمان بۆ نەخۆشیەکەی).

هۆکاری ئەم نەخۆشیە مشەخۆرێکی وردبینیە، نە بەکتریایەو نە ڤایرۆسە بەڵکو مشەخۆرێکی یەك خانەییە پێی دەوتری (ترایکو موناس فجینالس) Trichomonas vaginalis و ئەم مشەخۆرە لە (ناوکە) قەیسی دەچێت کە درێژیەکەی دەگاتە (٢٠ مایکرۆن)، کە زۆر جوڵەی خێرایە (خێرا جوڵەیە)و زۆر قاچی هەیە لە سەرەتایەکەیەوە، کە زانای بەناوبانگ (دونی) دۆزیەوە لەپێش نزیکەی سەدەو نیوێك و، دکتۆر (دیریك جونز) باس لەوە دەکات و دەڵێ لە

بەریتانیادا لە دو ملیۆن کەمتر نین ئەو ئافرەتانەی کە هەڵگری ئەم مشەخۆرەن لە (مهبل/ زێ) یاندا.

هەروەها توێژینەوەیەك و خوێندنەوەیەك ئەنجامدرا لە نێوان ٩٩٧ کچی شونەکردوو پاك داوێن و پاکیزەدا، کە تەمەنیان لە نێوان (١٢-١٤) ساڵ بوو، بۆیان دەرکەوت و روون بویەوەو (سەلماندیان) کە ئەم نەخۆشیە بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە (سەرجێگاییەوە) دەگوازرێتەوە، چونکە ئەوانەیان کە گەورەن و تەمەنیان هەیەو بەتەمەنن زیاتر لە کەسێك پەیوەندی سێکسیان لەگەڵ کراوە زیاترو زۆر گیرۆدەن و دەناڵێنن بەدەست ئەم نەخۆشیەوە، لەهەمان کاتدا ئەوانەیان کە شویان نەکردوەو پاکن وەك ئەوان گیرۆدە نین و کێشەو گرفتیان نیەو (غەمبارو پەشێو) نین، ئەم نەخۆشیە زۆر زوو بڵاو دەبێتەوە، راستەخۆ دوای تەواو بوونی پەیوەندیە سێکسیەکە مشەخۆری توشبوو بەم نەخۆشیە دەچێتە ناوەوە ئیتر نیشانەکانی لە دوای ماوەیەك بە نزیکەی لە نێوان (١-٤) هەفتەدا دەردەکەون یان هەندێ جار لە دوای مانگێك یان ساڵێك دەردەکەون بەتایبەت لە ئافرەتانداو، هەر ئافرەتێك هەڵگری ئەم مشەخۆرە بێت ئەوا هەمیشە ئامادەیە بۆ نەشونماو زیادبون و گەشەی ئەم نەخۆشیە لە هەر کاتێکی

گونجاودا بێت، بەتایبەتی لە کاتی سکپڕی (دوگیان)یدا، کاتێك کە بەرگری‌و بەرهەڵستی لاواز دەبێت.

دوبارە دکتۆر (سکۆفیلد) باس لەوە دەکات کە هەندێ لە لەدایك بوان (منداڵ) ئەم مشەخۆرەیان وەرگرتوە لە دایکیانەوە کە توش بووبوو بەم نەخۆشیە، ئیتر مشەخۆری ئەم نەخۆشیە دەمێنێتەوەو جێگیر دەبێت لەو منداڵەدا تاوەکو بارودۆخێکی گونجاوی بۆ دەرەخسێت‌و دەلوێت راستەوخۆ دەست دەکات بە گەشەو زیاد بوون‌و دەبێتە هۆی تووش بوونی منداڵەکە بە نەخۆشیەکە، ئەمە بە زۆری کاتێك دەبێت کە منداڵێکی کچ دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری (١٥-٢٥) ساڵ‌و، هەندێ توشبوان بەم نەخۆشیە هیچ نیشانەیەکیان لێ دەرناکەوێت تەنها دەرکەوتنی شلەیەکی کەم نەبێت لە (زێ/ دامێن/ مهبل)ەوە دێتە خوارەوە لە شێوەی دڵۆپە (تنۆك) لەگەڵ هەست کردن بە کەمێك ماندوبون (ماندویی)، لە هەمان کاتدا هەندێکیتر گیرۆدەن (دەناڵێنن) بەدەست شلەیەکی زۆر خەست‌و رەنگ مەیلەو زەردو بۆنێکی زۆر پیس‌و بۆگەن‌و ناخۆشی شلە زەردەکە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەوکردنێکی زۆر خراپ‌و پیس لە زێ‌و ئەندامی زاوزێی ئافرەتان، ئەو ناوچەیەش کە لەدوای دێت لە رووی کۆمەوە ناوچەی نێوان (دامێن/ ئەندامی

زاوزێو کۆم) ئیتر ڕێرۆشتنو هاتوچۆ زۆر گرانو نارەحەتو بەئێشو ئازار دەبێت چونکە ڕانەکان ئەدەن لە یەکترو ئازارێکی زۆر سەخت دەگەیەننو، دانیشتنیش زۆر بێزارکەرو گرانو بە ئێشو ئازار دەبێت، هەروەها کارەکە زیاترو زۆرتر خراپو ئاڵۆز دەبێت ئەگەر هاتوو توشبوەکە هاوسەری هەبێتو شوی کردبێت، بە جۆرێك کە کرداری سێکسی زۆر قورسو گرانو بە ئازارو ئێش دەبێت بە پلەی (تێکچونو ستەمی) لەتاو ئازاری توند، دوای ئەوەی هەوکردنەکە بڵاو بویەوەو گەیشتە میزڵدان، نەخۆش هەست بە ئارەزووی بەردەوامی میز کردن ئەکات لەگەڵ ئەوەشدا کە کرداری میز کردن زۆر بە ئازار دەبێت لایان، دواجار هەوکردنی تیژو خێرای خانەکان بەردەوام بەدوایدا دێت، (تووشی هەوکردنی خێراو بەردەوامی خانەکان دێت).

لەهەندێ کاتدا کتوپڕ هەوکردنێکی زۆر خراپو پیسو بەردەوام دەردەکەوێت بەتایبەتی لەو کەسانەو کە بۆ یەکەم جارە کاری سێکسی ئەنجام ئەدەن، بەم بۆنەیەوە دکتۆر (جونز) ئاماژە بەوە دەدات کە هەرزەکارە بچوکەکان بەم نەخۆشیە توش دەبن بەهۆی ئاکامو دەرەنجامی پەیوەندی سێکسی گوماناوی، نیشانەکان دەست پێدەکات بە

دەركەوتنی شلەیەكی زۆر خەستو چڕو بۆندارو بۆگەن كەلە (زێ /دامێن /مهبل)ەوە ئەتكێتو دڵۆپ دڵۆپ دێتە خوارەوە، دواتر (زێ /دامێن/ مهبل) توشی هەوكردنێكی زۆر خراپو پیس دەبێت دواتر دەوروبەری ناوچەی ئەندامی زاوێی ئافرەت ئەگرێتەوەو ئەتەنێتەوە بە جۆرێك كە توشبوەكە تەنها یەك جوڵەی ئاسایيو سادەش بكات ئازارێكی زۆر سەختو توندی توش دەبێت، زیاد لەوەش ئەم نەخۆشیە لەلای (سۆزانيو لەشفرۆشەكان) زۆرترە وەك لەلای پارێزگارانو لە رەش پێستەكاندا زیاترە وەك لە سپی پێستەكانداو لە دوگیانەكاندا زیاترە وەك لە وانەی كە دوگیان نینو لە دەوڵەمەندەكاندا زۆرو زیاترە وەك لە هەژارەكانداو لە ئەوانەی كە زۆر (حەبی/ دەنكۆڵەی) رێگری سك ئەكەن زۆرترو زیاترە وەك لە ئەوانەی كە حبی رێگری بەكار ناهێنو، لە ٤٠٪-٦٠٪) توشبوانی نەخۆشی سیلان دوبارە توش دەبن بەم نەخۆشیە گرفتاريو نارەحەتی پەستان لە پیاواندا كەمترو سوكترە وەك لە ئافرەتان، چونكە زۆربەی حاڵەتەكان لە پیاواندا سوكو ئاسانەو نیشانەكانیشیان سوكو ئاسانو كەمترە، نەخۆش ناڕەزايیو سكاڵاو داخاوی هەست بە سوتانەوەو كزانەوەیەك دەكات لە بۆری میزداو لە كاتی میز كردندا هەست بە ئازار

دەکاتو، دەرکەوتن (بەدیار بوون)ی شلەیەکی مەیلەو زەردو، کاری سەر جێیی و جوت بون بە ئازار دەبێت، ئەم نیشانانە هەندێ کات دەردەکەونو هەندێ کاتیش دیار نامێننو شاراوە دەبن، لەبەر سوکو ئاسانیو سادەیی حاڵەتەکە نەخۆش پشتگوێیان دەخات، ئیتر نەخۆشیەکە وردە وردە کە چارەسەری بۆ نەکرا دەچێتە قۆناغێکیترەوە (قۆناغی کۆنو درێژ خایەن) دوا جار بە هەوکردنی پرۆستاتو هەندێ جاریش بە (بربخ) کۆتای پێدێت.

دەست نیشانکردنی ئەم نەخۆشیە زۆر سوکو ئاسانە، تەنها بە وەرگرتنی (عینە) نمونەیەك لە نەخۆشیەکەو خستنە ژێر میکرۆسکۆبو سەیرکردنی تاوەکو بە رونی مشەخۆرەکەت بۆ دەردەکەوێت کە بوەتە نەخۆشیەکە.

هەورەها پێویستە بە بەردەوام پشکنین بۆ نەخۆشەکە بکرێت هەتا دوای چارەسەر کردنو وەرگرتنی دەرمانو چاك بونەوە لە نەخۆشیەکە، تاوەکو بە تەواوی دڵنیابین لە سەلامەتیو توش نەبونی بە نەخۆشی سێکسیتر (دڵنیابین لە سەلامەتیو لە نەخۆشی سێکسیتر)و، چارەسەری ئەم نەخۆشیە زۆرو زەبەندەیەو کاریگەر دەبێت ئەگەر نەخۆش پەیوەست بێت بە خواردنو بەکارهێنانیانەوە بەو شێوەیەی

كه پزیشك بۆی دیاری دەكات، لەگەڵ ئەنجامنەدانی پەیوەندی سێكسیو جوت بوون بۆ ماوەیەكی درێژ خایەن (دورو درێژ) كه پزیشك بۆی دیاری دەكات.

هەروەها دكتۆر (میكالس) ئاماژە به پێویست بونی زانین لەسەر ئەوانەی كه نەخۆش (توشبوەكه) پەیوەندیو كاری سێكسی لەگەڵدا كردونو ئەنجامداون، گرنگو پێویسته ئەوانیش بەهەمان شێوە چارەسەرو دەرمان وەربگرنو ئەبێت ئەوانیش هەر هەمویان چارەسەر وەرگرنو چارەسەر بكرێن، دەركەوت بەهۆی ئەو بەدواداچونانەو به دوركەوتنەوەی ئەو كەسانەی كه توش بوونو پەیوەندی سێكسی لەگەڵدا ئەنجام داون ٧٠٪ بەلای كەمەوە توشی ئەم نەخۆشیه بوونو، دەركەوت كه ئەم توش بووه بۆی گواستونەتەوە بۆ هەندێكیان.

وەك له سەرەتاوە لەپێشەوە بۆمان رون بویەوە كه ئەم نەخۆشیه توشی (شونەكردوان) نابێت له هەمان كاتدا توشی ئەوانه دەبێت كه كاری (سێكسی هاوڕەگەز) ئەنجام دەدەن، له ئاژاوەی سێكسیدا ئەبێت بۆیه دوای ئەوە ئەبینی شوێنو ناوچەی بڵاو بونەوە دیارو زانراو ئاشكرایەو، كەمترین توش بوون لەوانەدا روو دەدات كه پارێزگاری له داوێنیان ئەكەنو پاك داوێنو پاكیزەن.

# نەخۆشی کاند دیاسس

Genital Candidiasis

**هۆکارەکەی جۆرێکە لە جۆرەکانی (کەڕوەکان) بە ناوی (Candidia albican)**

**کە مشەخۆرێکی قەبارە بچوک‌و شێوە هێلکەیی هەیەو درێژیەکەی لە نێوان (٣-٦) مایکرون ئەبێت، گەشە ئەکات‌و ئەژێت لە ناوەندە شێدارەکاندا کە نیشاستەمەنیەکانی تێیدا زۆر ئەبێت وەك (مهبل/زێ ).**

**ئەم نەخۆشیە ئافرتان زیاتر توشی ئەبن وەك لە پیاوان، ئەبێتە هۆی هەوکردنی (مهبل/زێ)و سوتانەوەو کزانەوەو هەڵئاوسان (ئاوسان)و سوربونەوەیەکی توند لە (دامێن/ ئەندامی زاوزێی ئافرەت)، هەروەها دەبێتە هۆی هەوکردنی چوك‌و ئەو پێستەی کە چۆکی داپۆشیوە ئەو کەسانەی کە خەتەنە نەکراون (سونەتیان نەکردوە).**

**توشبوان بەم نەخۆشیە زیادی کردوەو (لە زیاد بووندایە) بەهۆی زۆرێك لە هۆکارەکان گرنگترینیان:**

*** بڵاو بونەوەی پەیوەندی (سێکسی) ناشەرعی‌و نادروست.**

*** بەکارهێنانی (دژە تەن).**

* بەکارهێنانی دەنکۆڵەی ڕێگری سك بوون (منع الحمل)، کە دواتر باسی لێوە دەکەین. توێژینەوە نوێکان ئاماژە بەوە ئەدەن بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم (مشەخۆرە) لە هەموو ٤ ئافرەتدا لە یەکێکیاندا هەیە کە تەمەنیان لە نێوان باڵغ بوون تەمەنی بێ هیوایی دایەو، نزیکەی (٥-٣٪) لەو ئافرەتانە نیشانەکانی ئەم نەخۆشیەیان لێ دەردەکەوێت (لەسەر دەرئەکەوێت)، ئەو ڕێژەیەش کە دەمێنێتەوە لە ئافرەتان لە (٣٠-١٠٠٪) تری ئەم (بەکتریا، مشەخۆرەیە) ئەم بەکتریایە لە (مهبل/ زێ/ دامێن)دا ئەمێنێتەوە بەبێ دەرکەوتنی هیچ نیشانەیەك، تاوەکو بارودۆخ‌و کەشێکی گونجاوی بۆ دەرەخسێت ئەوجا توشی نەخۆشیەکەی دەکات‌و، ئەو بارودۆخەی کە گونجاوە بۆ دەرکەوتنی بریتیە لە زۆر بەکارهێنانی (دژەتەنی زیندەگی) کە دەبێتە هۆی کوشتنی بەکتریاکان لە (زێ/ مهبل )دا ئیتر بەمە کە بەکتریاکان کوژران کەش‌و بارو دۆخ دەرەخسێت بۆ میکرۆبی ئەم نەخۆشیەو، یەکێتر لە هۆکارەکان دوبارە بریتیە لە بەکارهێنانی دەنکۆڵەی ڕێگری لە سك بوون (حبی منع) کە بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەکار دەهێنرێت لەو کەسانەی کە کاری (سێکس نامۆو ناسروشت)دەکەن لەگەڵیشیاندا نەخۆشیە سێکسیەکانیش

زیادیان کردوەو زۆر بوون،و، لە ساڵانی ١٩٧٠ زیاتر لە ملیۆن،و نیویێك ئافرەت حەبی (دەنکۆڵەی) بەرگری لە سك پڕی،و سك بوون بەکارهێناوە لە بریتانیادا هەروەها بەکارهێنانی هەندێ هۆرمۆنی سێکسیتر، بڵاوبونەوەی نەخۆشی (شەکرە، کەم خوێنی، سك پڕی،و دوگیانی) ئەمانە هەموویان یارمەتی دەرو هۆکارن بۆ دەرکەوتن،و زیادبوون،و زۆر بوونی ئەم نەخۆشیە.

دکتۆر (دیرك جونز) لە کتێبەکەیدا Sex and V.D باس لەوە دەکات کە ڕێژەی توش بوون،و رودانی ئەم نەخۆشیە لەو کچانەی کە کاری سێکسیان نەکردوە هەرگیز بونی نیەو زۆر زۆر دەگمەنە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو ژنانەی کە کاری سێکسی زۆر دەکەن، (ممارەسەی سێکسی زۆریان کردوە) بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەگەڵ یەك کەس یان زیاتر ممارەسەی سێکسیان لەگەڵ دەکەن.

لە دوای ئەوەی ئافرەت توشی ئەم نەخۆشیە بوو چی روئەدات ؟

زۆر شت روئەدات لە ئافرەتدا کە بریتین لە دەست پێکردن بە دەرکەوتنی شلەیەکی تۆخی مەیلەو سپی زۆر کە لە (مهبل/زێ)وە دێتە دەرەوە کە هەندێ جار دەبێتە هۆی

خورانی مهبل‌و ئەندامی زاوزێیی ئافرەت، کە ئەم خورانە زۆر بە ئازارەو بە تایبەتی لە شەودا ئەو خورانە رودەدات‌و دەست پێدەکات، کە ئەو زۆر خورانەش دەبێتە هۆی بریندار بوون‌و روشاندنی شوێنەکەو هەوکردنی ئەندامی زاوزێی ئافرەت، کە ئەم برینداری‌و روشاوییە دەبێتە هۆی رێخۆشکردن‌و رەخساندنی کەش‌و هەوای لەبارو گونجاو بۆ بەکتریاو مشەخۆریتر بۆئەوەی بە تەواوی لە هەموو لە جەستەدا بڵاو ببنەوە لەهەموو لەشدا بتەنێتەوە بۆیە کارەکە ئەوەنەیتر ئاڵۆزتر دەبێت، بەجۆرێك کە هەردو لێوە (شفرات) گەورەکان‌و هەردوو لێوە بچوکەکانی دەوروبەری ئەندامی زاوزێ توشی خورانێکی زۆر توندو بە ئازار دەبن‌و بەو هۆیەشەوە شوێنەکە ئاوساویەکی توندی توش دەبێت (شوێنەکە زۆر دەئاوسێت)، بەڵام لە پیاواندا نیشانەی نەخۆشیەکە بەشێوەی جیاوازو جۆراو جۆر دەردەکەوێت، وەك هەوکردنی پێشەوە (سەر)ی چوك هەوکردنی پێستی(قلفە) ملی چوك لەو کەسانەی کە خەتەنە نەکراون، لە هەندێکیتردا بۆری میز هەو دەکات‌و لێیەوە شلەیەك بەشێوەی تنۆك تنۆك دێتە دەرەوە، لە هەندێتردا پێستی گونەکان هەو ئەکەن، بۆ دواجار هەوکردنەکە بەرەو ناوچەی دەرەوە ئەتەنێتەوەو بڵاو دەبێتەوە کە

لەگەڵیشیدا خورانێکی زۆر بێزارکەری لەگەڵدا دەبێت، بەڵام لەوانەی (سێکسی ناباوو نامۆو ناسروشت) (هاوڕەگەزبازی) ئەنجام ئەدەن برینو پەڵە لە دەوروبەری کۆم دا دەردەکەون، کە بە تێپەر بوونی کات نەخۆشیەکە فراوان ئەبێت (ناوچەی فراوانتر) ئەگرێتەوە لە جەستە، وەك دەرکەوتنی ئەم برینو پەڵانە لەسەر زمان، کە هەندێ جار ئەبێتە هۆی روданی هەوکردنی زۆر تیژو توندی زمان کە لە ڕێگەی سێکسەوە نەبووە.

دەست نیشانکردنو دیاری کردنی ئەم نەخۆشیە زۆر سوكو ئاسانە ئەکرێو ئەتوانرێ بەکتریاکە ببینرێتو ئەوکاتە (عینە/ نمونە)یەکی گونجاو لە نەخۆشەکە وردەگیرێت لە ژێر میکرۆسکۆبدا سەیر ئەکرێتو دەپشکێنرێت، یان چاندنیەتی لە ناوەندی تایبەتدا بۆ گەشەی ئەم میکرۆبە).

هەروەها چارەسەری ئەم نەخۆشیە بە زۆری لە ناوەوەیە لەسەر شێوەی شاف یان مرهم کە شوێنی هەوکردنەکەی پێ چەور دەکرێتو، چارەسەری پیاو ئاسانترە لە ژن بەتایبەتی ئەوانەیان کە حبی (دەنکۆڵەی) ڕێگری لە سك بوون بەکار دەهێنن، بەڵام بەتەواوەتی هەوکردنەکە کۆتای پێ نایەت، بەڵکو هەوکردنەکە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە هەتاوەکو ئەو هۆکارانە کە بونەتە هۆی توش بوون دەوەستێنرێت (هەتا ئەوەستێت) کە هۆکارەکەشی دیارە بریتیە لە (پەیوەندیە

سێکسیە گوماناویەکان)، یان گۆڕینی حەبی مەنعەکان (دەنکۆڵەی ڕێگر)، کارەکە هەرچۆنێك بێت چارەسەری ئەم نەخۆشیە لەوەوە دەست پێدەکات کە چاودێری تەندروستی نەخۆش بکرێت کە نەخۆش دەبێت لە ۳ مانگ بۆ دڵنیا بوونەوەی لە خاڵی بوون (نەبوونی) نەخۆشیتری سێکسی وەك (سفلس) بە نمونە.

## (گەڕی/ الجرب)

## Scabies

گەڕی یاخود خوران نەخۆشیەکی گوازراوەیە، بەزۆری بەهۆی پەیوەندی (سێکس)یەوە دەگوازرێتەوە، نیشانەکانی لە هەر بەشێکی جەستەو لەشدا دەردەکەوێت بەتایبەتی ناوچەی ئەندامە سێکسیەکان (ئەندامی زاوزێی نێرو مێ)، هۆکارەکەشی (قرادە/ مێرو (گەنە. زچ) یەکی قەبارە بچوکە پێی دەوترێت (سارکوبتس سکابی (Sarcoptes Scabiei) سوڕی ژیانی ئەم (قرادە/ مێرو (گەنە. زچ) بە ئاسایی تێناپەڕێت لە ۳ هەفتە، بە جۆرێك دەست دەکات بە دانانی هێلکە لە درزو قڵیش‌و کونەکانی سەر پێست، دواتر دەگۆڕێت بە (یرقە) پێکوڕە دواتر کونەکانی سەر پێست بەجێ

دەهێڵێت‌و دێتە گیرفانی بچوك لەسەر رووی پێست ئەمێنێتەوە دواتر شێوەکەی چەند جارێك ئەگۆڕێت تا سوڕی گەشەی تەواو دەکات لە ماوەی دوو هەفتەدا، دوای ئەوە دەست دەکات بە لێدانی (درزو قڵیش‌و کون)ی یەك لە دوای یەك لەسەر پێست هەموو رۆژێك بە رێژەی (بڕی ١-٢) ملیلتر، بەردەوام ئەبێت لە دروست کردنی درزو قڵیش‌و کون لەسەر پێست، مێیەی (قرادە/مێرو (گەنە. زچ) رۆژانە ٢ هێلکە بۆ ٣ هێلکە دائەنێت لەو درزو قڵیش‌و کونانەی سەر پێست، دواتر ئەم هێلکانە لە ماوەی (٣-٤) رۆژدا هەڵدێن‌و دەبنە (یرقە) پێکوڕەیەکی نوێ، بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت لە گەشەو زیاد بوون، گواستنەوەی ئەم نەخۆشیە بەهۆی بەریەك کەوتنی راستەوخۆی جەستەو لەشەوە ئەبێت کە سێکسیش یەکێکە لەو نمونەو هۆکارە بەریەکەوتنە راستەوخۆیانەی کە سەر جێگە (شوێنی خەوتنی) هاوبەش بەکار دەهێنرێت، بۆیە چانس‌و هەلی زۆر گەورە لە سێکسدایە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە زۆربەی توشبوان بەم نەخۆشیەو دەرکەوتنی نیشانەکانە لەسەریان کە بریتیە لە بینینی ئەو کونانەی کە هێلکەی (قرادە/ مێرو (گەنە. زچ) کەیان تێدایە لە دەوروبەری ئەندامی سێکسی (ئەندامی زاوزێ)ی نێرو مێ، هەروەها

هەندێ جاریش لەسەر یان لە دەوروبەری کۆم ئەبینرێت ئەو هێلکانە، ئەمەش نابێتە رێگرو بەربەست لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشیە بەبێ پەیوەندیو گەیشتنی سێکسی، واتە بەبێ پەیوەندی (گەیشتن) سێکسی ئەم نەخۆشیە دەگوازرێتەوە، لە کاتی هەڵکەندنی لێدانی (قرادەکە) (قرادە/ مێرو (گەنە. زچ) بۆ کونی نوێ لەسەر پێستو چونە ژێر روکاری پێست بۆ ئەوەی هێلکەکانی تیا دابنێ، ئەبێتە هۆی هەوکردنی شوێنە توش بووەکە (ئەو شوێنەی پێست کە کونی تێ بووە)و زۆر ئەخورێت بە تایبەتی لە شەوداو، دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی نەخۆشو زۆر هەست بە خورانی شوێنەکە ئەکاتو هەمیشە حەز دەکات کە بیخورێنێت بۆیە بازنەی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە فراوان دەبێت، قەبارەو ژمارەی درزو قڵیشو کونی پێست بۆ (قرادە/ مێرو (گەنە. زچ) کە زیاد دەبن، بەم شێوەیە نەخۆش کەشو هەوای لەبارو رەخساوە بۆ بڵاو بوونەوەی میکرۆب ئامادەیە بۆ بەکتیریاو مشەخۆریتری پێست، شوێنو کەشو هەوا لەبار ئەبێت بۆ زیاد بوونیان، بەم جۆرە میکرۆب ئەبێتە هاوکارو یارمەتی دەری نەخۆشیەکە بۆ گەشەو زیادبوونیان بەبێ ئەوەی نەخۆش بزانێت.

لەگەڵ دووبارە بونەوەی ئەم کردارەو زیادبوونی ژمارەو قەبارەی کونەکان (نفق)ەکان، شوێنەکە زیاتر ئەخورێو هەو ئەکاتو بە تێپەر بوونی کات ئەم خورانو هەو کردنە دەگۆڕێت بۆ برینی بە ئازارە کە بڵاو دەبێتەوەو ئەگات بە هەر شوێنێك لەسەر جەستەو ئەم کونانە (نفق) لە شێوەی خەت خەتی ورد (درزی ورد)ی رەشی نارێك دەرئەکەون.

لە زۆربەی کاتدا نەخۆش وەرسو بێزاردەبێت لە حاڵو گوزەرانی خۆی بەهۆی ئەم نەخۆشیەو هەر وەك نەخۆشیە سێکسیەکانیتری وەك (سفلس)و نەخۆشیتر، ئەم نەخۆشیەش تەنها خۆی نیە، زۆربەیان ئەکرێ ئەم نەخۆشیە دەست نیشان بکرێت لەسەر روکاری دەرەوەی پێستی نەخۆشەکەو، ئەکرێ بۆ دڵنیا بوون لە دەستنیشان کردنەکەمان (عینە/ نمونە) یەك وەربگیرێت لە شوێنی (کونەکان/ نفق) بە میکرۆسکۆب سەیر بکرێت (بپشکێنرێت)و ئەکرێ (قرادە/ مێرو (گەنە. زچ)ی نەخۆشیەکەیان هێلکەکەی ببینرێت.

وەك هەر نەخۆشیەکیتری سێکسی پێویستە نەخۆش بپشکنینی بۆ بکرێت بە بەردەوامی لە شێوەی خولاودا لە ماوەی کەمتر لە (٣ مانگ)دا بۆ دڵنیا بوون لە خاڵی بوونو لە (نەبوونی) نەخۆشیەکیتری سێکسیو، باشترینو

چاکترین چارەسەری بنەبڕی ئەم نەخۆشیە بریتیە لە (چەورکردنی جەستە)ی نەخۆش بە گیراوەی (بنزایل بنزویت) بۆ ماوەی ٣ شەو لەسەر یەك، دواتر بە ئاوی گەرم لە شەوی چوارەمدا جوان بشۆرێت تاوەکو بەتەواوی نەخۆش لە پاشماوەو پاشەڕۆی گیراوەکە رزگاری بێت.

# ئەسپێی دامێن

Pediculosis Pubis

هۆکاری ئەم حاڵەتی نەخۆشیە جۆرێك لە ئەسپێیە کە لەسەر موی (بەر، دامێن)و ناوچەی (بەر/ دامێن) ئەندامی زاوزێ، هەندێ جاریش ئەگاتە موکانی ران‌و کۆم سنگ‌و بن باڵ‌و برۆکان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە موەکانی سەردا ناژیت.

ئەو ئەسپێەی کە ئەبێتە هۆی ئەم حاڵەتی نەخۆشیە پێی ئەوترێ (Phthirus Pubis)

کە بە چاوی سەر ئەبینرێت‌و درێژیەکەی دەگاتە (١-٢) میللمتر (ملم)، رەنگی مەیلەو زەرد باوە (بەلای زەرددایە)، هێلکەکەی زۆر بچوکەو رەنگی رەشەو پەیوەندی هەیە بە سەلکی (بنی) موەکەوە، سوڕی ژیانی نزیکەی ٤ هەفتە ئەبێت، کە مێیەی ئاسایی (٨-١٠) هێلکە دادەنێت، دوای هەفتەیەك هەڵدێن ئەبن بە پێکورە (یرقە)، لە دوای هەفتەکیتر گەشەی تەواو ئەکات‌و هەر یەکێکیان ئەبێتە ئەسپێیەکی نوێ‌و دەست بە ژیانی خۆیان دەکات.

لە زۆربەی کاتدا ئەسپێی دامێن دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکیتر لە رێگەی (بەهۆی) پەیوەندی (سێکس/ سێکس )یەوە، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە لەسەر روی پێست‌و لەبنی مووەکاندا خۆی ئەژێنێ لەسەر خوێنی توش بوو لە رێگەی ئەو پێستەی کە لەسەری

ئەژیو توشی هەوکردنی کردوە، لەگەڵ خوران کە نەخۆشەکە هەندێ جارو هەندێ کات هەست بەو خورانە ئەکاتئو، یەکەم نیشانەی ئەم حاڵەتی نەخۆشیە بریتیە لە بوونی پەڵەی خوێنی بچوك لەسەر جلەکانی ژێرەوەی نەخۆشەکە.

دوا بەدوای دەست نیشانکردنی ئەم حاڵەتە بە بینینی ئەسپێکە بە چاو یان لە ژێر میکرۆسکۆبداو ئەبێو پێویستە بە بەردەوامی چاودێری توش بوو بکرێت، ئەوانەش کە کەمتر لە (٣ مانگ) پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا کردون، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا هیچ نەخۆشیەکی سێکسیتری توش بووە نەخۆشەکەو دڵنیابن لێی.

باشترینو چاکترین چارەسەرو دەرمان بۆ ئەم نەخۆشیە بریتیە لە (دایکسوفان) کە پێستی نەخۆشەکەی لە نێوان ناوكو ئەژنۆوە پێی چەور دەکرێت، وازی لێ دەهێنرێت تا وشك دەبێتەوە (وشك ببێتەوە)، وا چاکترە کە ئەم کردارە حەوت جار لەسەر یەکتر دوبارە بکرێتەوە لە ماوەی ١٤ رۆژدا (کە ماوەی دانانی هێلکەکەو هەڵهێنانو بوونی بە (پێکوڕە)یە ئەم ماوەیە زۆر پێویستە چونکە هێلکەی ئەسپێ کە دەورە دراوە بە دیوارێکی ئەستور لە (کایتن)، بۆیە پێویستە ماوەیەکی زۆر ئەم دەرمانە بەکاربهێنرێتو ئەم گیراوەیەی پێوە بێت لەسەر پێستی تاوەکو هەموو پێکوڕەکان لەناو پێستدا بمرن.

# نەخۆشی (مولوسکم)ی گوازراوە

## Molluscum Contagiosum

نەخۆشیەکی گوازراوەیەو هۆکارەکەی ڤایرۆسێکی تەواو بچوکە لە خێزانی ڤایرۆسەکان کە ئەبنە هۆی توشبونی نەخۆشی (جدری/ ئاوڵە)، کە ئەتوانرێت ببینرێت بەهۆی میکرۆسکۆبی ئەلیکترۆنیەوە دوای ئەوەی سەد هەزار جار گەورە کرا، ڤایرۆسی ئەم نەخۆشیە لەسەر پێست ئەژی، نیشانەکانی نەخۆشیەکە لەسەر نەخۆشەکە دەردەکەون دوای (١-٣) مانگ لە شێوەی پەڵە لە شوێنی چونە ژورەوەی ڤایرۆسەکە بۆ سەر پێست، نیمچە بازنەی رەنگ زەرد بەلای سوردا، کە ئەم پەڵانە پڕن لە مادەی لینجی سپی، ئەم پەڵانە بەشێوەی تاك یان کۆمەڵ کۆمەڵ هەن لەسەر پێست، کە باوەڕ وایە هەموو پەڵەیەك کۆمەڵێك پەڵەیتر لە دەوربەری خۆی دروست بکات، بەم شێوەیە روبەرێکی فراوان داگیر دەکەن لە جەستەو کە هەندێ جار ئەگاتە سانتیمەترێکی چوارگۆشە.

ئەم نەخۆشیە خۆی بۆ خۆی ئازاری نیە، بەڵام بە بوونی ئازاری نەخۆش ئەدات بەهۆی ئەوەی کە نەخۆش توشی دڵە راوکێ و ترس لە ماکەکان، ئاسایی دەناسرێتەوەو دەست نیشان دەکرێت دوای ئەوەی کە نەخۆش سەردانی تاقیگە ئەکاتو سکاڵای نەخۆشی سێکسیتر ئەکات، کاتێ کە

پەڵەکانی ئەم نەخۆشیە (خوران و کڕان/ خورێنران و کڕێنران) ئیتر زۆر بە ئاسایی (میکرۆب)یتر دەچنە پێستەوە ئەبنە هۆی دروست کردنی هەو برینی زۆر بە ئازارو، چارەسەری ئەم نەخۆشیە زۆر بەئێش و ئازارترە لە نەخۆشیەکە خۆی، ئەگەر چارەسەر کرا بە رونی پەڵە بە گیراوەی خەست و چڕ لە ئایۆدین یان فینۆل، کە دەبنە هۆی لە ناوبردنی خانەو شانە ساغ و توش نەبوەکانی پێستی ناوچەکەو دەوروبەر، ئەگەر بە جوانی و رێکوپێکی بەکار نەهێنرا، بۆیە پێویستە بە جوانی و بە چاودێری و ژیرانە پەڵەکان چەور بکرێت، واتە تەنها ئەبێ شوێنە توش بووەکە چەور بکرێت، زۆر ئاگاداری جەستەو ئەو شوێنەی کە ساغە نابێ چەور بکرێت چونکە خانەکان ئەسوتێنێ و تێکیان دەشکێنێ، هەروەها دکتۆر (کاتیراڵ) دەڵێت کە سوتاندن (الکی والتجریف) بەکار دەهێنران بۆ چارەسەر کردنی ئەم نەخۆشیە بە سەرکەوتوی.

گومانی تێدا نیە کە ئەم رێگەیەو پێشینەی ئەم رێگەیەش پێویستە بەردەوامی پێ بدرێت تاوەکو کۆتایی بەم نەخۆشیە دێت، لە لایەکیتریشەوە پێویستە دوبارە بەردەوامی بدرێت بە چاودێری نەخۆش کە کەمتر نەبێت لە ٣ مانگ بۆ دڵنیا بوون

له سەلامەتی نەخۆش له نەخۆشیه سێکسیەکانیتر که پێی نەخۆش کەوتون‌و پێیان توشبوه.

هەروەها پەڵەکانی ئەم نەخۆشیه زۆرتر له ئەندامی زاوزێ‌و (سێکسی)و دەوروبەریدا دەردەکەون لەو شوێنەدا زۆر زۆرن، بۆیه لەسەر چوك‌و گونەکان‌و ناوچەی ناو گەڵ‌و بن ران (عانه/ بەر) دەردەکەون بەڵام له ئافرەتاندا لەسەر ئەندامی زاوزێ‌و میزەڕۆو ناوچەکانی دەوروبەری دەردەکەون، هەروەها له دەرووبەری کۆمی نێربازەکان (سێکس ناسروشت‌و ناباو)وەکان دەردەکەون.

۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞

۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞۞

۞۞۞۞

# (نەخۆشی هبرسی سێکسی )

## Herpes genitalis

بریتیە لە نەخۆشیەکی تەواو زۆر قورس و گران و توند، جیا دەکرێتەوە بە برینە توندو سەخت و رەنگ سورەکانی کە بەخێرایی گەورە دەبن و زۆر زیاد دەبن، هۆکارەکەشی (ڤایرۆسێکە) پێی دەوترێت (هبرس هومنسس) Herpes hominis ئەم نەخۆشیە بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەندامە سێکسیەکان یان دەم لە (سێکس ناسروشت و ناباو) نیشانەکانی لە پیاودا دەست پێدەکات بە هەست کردن بە خوران و شوێنەکە سور دەبێتەوە و دێتە خوران و پەڵەو برین لە پێشەوە(سەر)ی چۆک و چۆک خوشی دەردەکەون و، لەسەر ناوچەی کۆم لەوانەی کە نێر بازن و، ئەم پەڵە قەبارە بچوك و زۆرانە وردە وردە قەبارەکەیان گەورە دەبێت و ئازاریشیان زۆر دەبێت، دواتر پەڵەکان هەو دەکەن و پڕ دەبن لە بەکتریاو بۆ دواجار کارەکە ئەوەندەیتر ئاڵۆزو قورس و گران دەبێت بە جۆرێك کە پەڵەکان شلەیان لێ دێتە دەرەوە کە لە پلازما دەچێت و دواتر کێم و جراعەت لێیانەوە دێتە دەرەوە، دواتر هەوکردنەکە درێژ دەبێتەوە و ئەگاتە رانەکان و ناوچەی بن ران و ناوگەڵ بەمەش رژێنە

لیمفاویەکانی ئەو ناوچەیە گەورە دەبن‌و دەئاوسێن بەوەش ئازارێکی زۆر سەخت پەیدا دەبێت‌و دروست دەبێت، بەڵام لە ئافرەتدا ئەم نەخۆشیە شکڵ‌و شێوەی زۆر ترسناك‌و مەترسیدار وەرئەگرێت بە جۆرێك ئەندامی زاوزێ‌و میزەرۆ لەگەڵ هەردوو لێوە گەورەکان‌و هەردوو لێوە بچوکەکان‌و ناوچەی دەوربەری (بن ران‌و ناوڕان) سور ئەبنەوەو ئەخورێن، هەروەها ملی منداڵدانیش هەو دەکات هەوکردنێکی زۆر کە دەبێتە هۆی ئێش‌و ئازارێکی زۆر بەهێزو خورانێکی هەراسان‌و بێزارکەر لێرەدا مەترسیەکی گەورە هەیە کاتێ کە ئافرەت توشی ئەم نەخۆشیە ببێت راستەوخۆ لە پێش منداڵبووندا کە ئەمەش ئەبێتە هۆی توش بوونی کۆرپەکەی بە نەخۆشی هەوکردنی خانەکانی مێشك یان چاو یان جگەر، باوەڕ وایە کە پەیوەندیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەم نەخۆشیەو دەرکەوتنی شێرپەنجەی ملی منداڵدان لە ئافرەتدا، بەڵام ئەوانەی کە دەم‌و زمانیان بەکار دەهێنن لە کرداری سێکسیدا چانسیان (ئەگەری) توشبونیان بەم نەخۆشیە زۆر زۆرە، بەجۆرێك کە ئەوانە لێوەکانیان‌و قورگ‌و گەرویان توشی هەوکردنێکی زۆر خراپ‌و توند دەبێت‌و، لە زۆربەی کاتدا ئەم نەخۆشیە کۆتایی پێ نایەت بەڵکو دوبارە دەبێتەوەو هەندێ جار دەردەکەوێت‌و هەندێ جار دیار نامێنێت.

دكتۆر (مورس) پسپۆری نەخۆشیەکانی (هربس) لە دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کە لە بریتانیا ئەنجامی داوە ئاماژە بەوە دەدات کە بڵاو بونەوەی ئەم نەخۆشیە رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەسەندن‌و زۆر بوندایەو، زۆربەی توش بووەکان کوڕو کچە گەنجەکان ئەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٣٠) ساڵدایە، ئەم نەخۆشیە گونجاوەو راستەوانەیە لەگەڵ سێکسداو لەگەڵ چۆنیەتی ئەنجامدانی‌و زیاد بوونی لە کۆمەڵگەدا بە رێگەی نا تەندروست‌و نادروست لە بەرامبەردا کەمتر لەوانەی کە پاك داوێنی‌و پاکیزەییان لا خۆشەویستەو هەوڵ‌و تەقەلای بۆ ئەدەن، هیچ چارەسەرو دەرمانێکی کاریگەرو چاك بۆ ئەم نەخۆشیە تا ئێستا نیە، بەڵام دەبێت‌و پێویستە کە نەخۆش بپارێزرێت لە هەوکردنە (بەکتریاییە دوانیەکان) لەگەڵ بەردەوام پشکنینی نەخۆش (توش بوو) لە ماوەی ٣ مانگدا بۆ دڵنیا بوون لە نەخۆشیە سێکسیەکانیتر.

# (بالوکەی ئەندامی سێکسی گوازراوە)

# Genital Warts

هۆکاری توش بوونی ئەم نەخۆشیە ڤایرۆسێکە پێی دەوترێت (ڤایرۆسی پاپیلوما) Papilloma Virus لە ئەندامی سێکسی/ زاوزێی توش بووەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی ساغ بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە، کاریگەری ئاسەواری نەخۆشیەکە دوای ماوەیەك بەنزیکی (١-٩) مانگ دەردەکەوێت، نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە دەرکەوتنی بالوکەی سور کە هەموو ناوچەی ئەندامی سێکسی نەخۆشەکە (توش بووە)کەی داپۆشیوەو گرتوەتەوە کە لە سەرەتای چۆك (سەری چۆك) دەردەکەون و لەسەر ئەو پێستە کە چوك و هەر هەموو چۆکی داپۆشیوە دەردەکەوێت، سەیری وێنەی ژمارە (١٨) بکە.



(وێنەی ژمارە ١٨ بالوکەی ئەندامی زاوزێ لە پیاودا)

هەروەها ڕێژەی بونیان لەوانەی کە خەتەنەیان نەکردوە زیاتر دەردەکەوێت لەوانەی کە خەتەنەیان کردوە، هەروەها ئەم بالوکانەش دەردەکەون‌و بونیان هەیە لەو کەسانەی کە (سێکسی ناباو نامۆو ناسروشت) هاورەگەزبازەکان کە لەسەر کۆمیان‌و دەوروبەری کۆمیان دەرئەکەون.

(سەیری وێنەی (١٩) بکە



وێنەی ژمارە ١٩ بالوکەی ئەندامی سێکسی لەسەر ناوچەی کۆم)

هەروەها دکتۆر (أورال) باس لەوە دەکات کە لە لندن لە ٦٩٪)ی ئافرەتان‌و (٨٣٪)ی پیاوان، ئەوانەی کە بالوکە لە کۆمیان دەرکەوتوەو بونیان هەیە، دانیان ناوە بەوەدا کە (سێکسی ناباو نامۆو ناسروشت) کاری نادروستی سێکسیان کردوە، ئەم بالوکانەیان تاك تاکن یەك لەپاڵ یەکدا یان بەشێوەی کۆمەڵ (تۆپەڵ)ی بچوك بچوکی سور، گەورە دەبن‌و بڵاو دەبنەوە بەجۆرێك لە دەوری یەك کۆمەڵەو (تۆپەڵە)

کۆمەڵەیتریان لێ دروست دەبێت و گەورە دەبن و زۆر ئەبن تاوای لێ دێت لەهەندێ کاتدا روبەرێکی زۆر دادەپۆشن و داگیر ئەکەن و کە دەگاتە (١-١٠) سم٢ دوجاو، ئەم بالوکانە دەرونیەن بە ئازارن، کە نا ئارامی و دڵەڕاوکێی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەم ئازارە زیاترە لە ئازاری هەستی و جەستەی و، ئەگەر هاتوو ئەو بالوکانە بە بەکتریای جەستە (لەش) پیس بوون، ئەوا هەو ئەکەن و دواتر خوێن بەربوونی خێراو توندو تیژی لێ دەکەوێتەوە لێ پەیدا دەبێت.

بەڵام ئەم بالوکانە لە ئافرەتاندا لەسەر لێوە بچوکەکان و گەورەکانی ئەندامی زاوزێیان دەردەکەون هەروەها لە ناوچەی نێوان کۆم و ئەندامی زاوزێی مێ دەردەکەون و، لەملی منالڵداندا دەردەکەون و، خراپترین حاڵەتی توش بوون بەم نەخۆشیە کاتێکە کە نەخۆشەکە سك پڕو دوو گیان بێت و، لە هەندێ کاتدا ئەم نەخۆشیە خۆی تەنهاو تاك نابێت بەڵکو بە زۆری هەوکردنی (ترایکوماناس یان کاندیدا)ی لەگەڵ دەبێت یان جۆریتری نەخۆشی سێکسی لەگەڵ دەبێت، بۆیە ئەبێت و پێویستە پشکنینی وردو چاودێری زۆر ورد بکرێت بۆ نەخۆش و چارەسەری زۆر باش بکرێت تاوەکو دڵنیا بین لە نەخۆشەکە کە نەخۆشی سێکسیتری نیەو، ئەوەی شایەنی

باس‌و وەبیر هێنانەوەیە ئەم نەخۆشیە زیاتر لەو پیاو ژنانەدا بڵاو دەبێتەوە کە تەمەنیان لە (١٨-٢٤) ساڵن کە ئەو تەمەنەیە زۆر بە ئاسانی توشی نەخۆشی سیلان ئەبن‌و کەش‌و هەوای لە باری بۆ رەخساوە، بۆیە ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بریتین لە خۆیان (واتە نەخۆشیە سێکسیە گوازراوەکان) کە رۆڵی گرنگ دەبینن لە بڵاو بونەوەی ئەم نەخۆشیە.

# ئايدز

# AIDS

من له چاوەروانی قەدەردام (چاوەروانی قەدەر دەکەم)، کەی تەقە لە دەرگام بدات، گوێم لە دەنگە دەنگیەتی لە ناخمەوە نامەوێت‌و حەز ناکەم کە ئازارو ئەشکەنجە بکێشم‌و، بەهۆی لە رێگەی فلان ئەم نەخۆشیە نەفرەت لێکراوە (ئایدز) شێرپەنجەی سەردەم، لەگەڵ خەندەو دەم بە پێکەنینەکان زۆرێك لە خەڵکان پیرۆزبایی‌و دڵدانەوەی چاك بونەوەم لێ دەکرێت‌و بەڵام من لەگەڵ قەدەردا (موعد)م هەیە (کاتی دیاری کراو چاوەرێمە) کە لە دەرگام دەدات لە ساتە وەختەکانی کۆتایدا... ئەمانە وشە گەلێکن کە لە زاری کەسێکی توش بوو بە نەخۆشی ئایدز پێش مردن دێتە دەرەوەو پێی دەئاخاوتێ‌و پێی دێتە گۆ، کە (روك هدسون) پێی وت کاتێ لەسەر کورسی سینەما چوار مەشقی دابوو، کاتێ کە سەروەت‌و ماڵ‌و سامان‌و ناوبانگی کەمی نەکردبوو، پێی وت کاتێ لەسەر جێگەو نوێنی مردن راکشابوو دوای ئەوەی ئازارەکانی ئایدز تێك‌وپێك شکاندبوو روخاندبووی، ئەم نەخۆشیە نوێیە نەخۆشیەکی ناکاو لەپڕبوو بۆ بواری پزیشکی‌و پزیشکەکان،

بەهەمان شێوەی قەدەریش ناکاوو لەپڕ بوو بۆ نەخۆشیەکان‌و توش بووەکانیش.

پێش (بیست‌و پێنج ساڵ) لەکات، بیرو باوەرو بۆچونێکی خراپ‌و باو هەبووە سودیان لێ بینیوە (سود بینراوە لەو بیرو باوەڕە باوەی پێش (بیست‌و پێنج ساڵ)، کە نەخۆشیە گوازراوەکان، نەبونەتە هۆی شێوە هەڕەشەیەکی راست‌و تەندروست بۆ خۆرئاوا، ئەگەر بێت‌و بهاتایە بناغەو بنکەی تەندروستی گشتی جێبەجێ بکرێت ئەو کاتە رێگە دەگیرا لە بڵاوبونەوەی میکرۆبی نەخۆشیەکان‌و زاڵبون بەسەریاندا، بۆیە گرنگی دان لەسەر نەخۆشیەکانی دڵ‌و شێرپەنجە بۆ خۆی پۆست‌و پایەیەك بوو... تاوەکو نەخۆشی ئایدز دەرکەوت، کە هاوسەنگیەکان ئاوەژوو بونەوەو هەڵوگێڕمان کردوەتەوە گەلیش لە بەردەم فەرمانێك خۆیان بینیەوە (کەوتنە سەرسورمانەوە)، بە جۆرێك کە خۆیانیان لە بەردەم نەخۆشیەکی گوازراوەدا بینیەوە کە لە نێوان گەنجاندا بە خێرایەکی زۆر گەورە بڵاو دەبێتەوە، سنورو رەگەزو رەنگ نازانێت.... بەڵام ئەگەر کەسێك توشی هات ئەو یەترس‌و بیمێك رودەدات‌و دێتە گۆرو ئاراوە لە کۆمەڵگە گەورەکاندا، لە راستیدا ئەگەر هاتوو شارایەوەو خرایە لاوەو گوێی پێنەدرا

لەبەر کەمی زانیاری، ئەوا دواجار ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، توانای چارەسەر کردنی نامێنێت.

لەم کەش‌و هەوای ترسناکەدا پزیشکەکان‌و زاناکان لە شوێنە جیاوازەکان‌و لە وڵاتە جیاوازەکان لە جیهاندا دەستیان پێ کرد بە توێژینەوە لەسەر ئەو رووداوە ترسناك‌و مەترسیدارەی کە بەرۆکی جیهانی گرتوە، بۆیە زۆر بە وردی تاوتوێی حاڵەتەکانی نەخۆشیەکانیان کردو، یەکەم ئاماژەی باوەڕ پێکراو لەسەر ئەم نەخۆشیە لەلایەن دکتۆر (میشیل گوتلیب)بوو کە لە (لۆس ئەنجلۆس)، کاتێك کە چارەسەری هەندێ حاڵەتی ئەکرد لە هەوکردنی تیژی سیەکان بەهۆی (لەدەرەنجامی) مشەخۆرێك کە بوونی زۆر دەگمەنەو زۆر بە کەمیش بڵاو دەبێتەوە کە ناوی (Pnumocysts Carinii) ئاسایی کەس توشی نابێت مەگەر ئەوانەی کە ئازار ئەچێژن‌و ئەناڵێنن بە لەناوچوون‌و لەدەستدانی کۆئەندامی بەرگری لەش‌و کەمی رێگریان یان بەرگری‌و، ئەوەی شایەنی ئاوڕدانەوەو لاکردنەوە رووتێکردن بەلایدا ئەوەیە کە نەخۆشەکان لە گەرمەی گەنجێتی‌و لاویەتیاندان ئەوانە بوون کە لە پێشودا (لە پێشدا) چێژیان لە ژیان

ئەبینیو تەندروستیەکی باشو چاکیان هەبووەو هەمویان ئەوانە بوون کە (سێکسی ناباوو نامۆو ناسروشت).

هەروەها لە هاوینی ساڵی (١٩٨١)دا یەکەم راپۆرت لەسەر ئەم نەخۆشیە دەرکەوت لە (سەنتەری) ناوەندی قەڵاچۆکردنی پەتاکان (مرکزمکافحة الاوبئة) (CDC)

لە ئەتڵەنتا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کە سەنتەرێکی پێشکەوتوو تایبەتو پسپۆڕیە لە چاودێری قەلاچۆکردنی نەخۆشیەکان، دواتر روداوەکانو راپۆرتی بەدواداچونەکان یەك لە دوای یەك زۆر بوونو هاتن بە دوایداو هاتنە گۆڕێ.

دەرکەوت کە ژمارەی توش بووان بە نەخۆشی ئایدز زیادی کردوە بە قەد ژمارەی پێشووتر بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەکی ئەندازەیی ترسناكو ترسێنەر، ئەمەش کە زیاتر بوو بوە مایەی دڵەراوکێو ترسو بیم لەم نەخۆشیە ئەوەبوو کە توشبوان لە پایتەختی پزیشکی لەجیهاندا دەمردن لە بەردەمو لەبەر چاو پزیشکەکان بەبێ ئەوەی بتوانن یارمەتیان بدەنو رزگاریان بکەن.

ئەوەی شایەنی باسە کە وڵاتە یەکگرتوەکان کە ئەمریکا پشکی شێری بەرکەوت لەم نەخۆشیە بەهۆی زۆری گەشتو

گوزار تیایداو خێرایی هاتوچۆوو گواستنەوە، یارمەتیەکی زۆر باش‌و گەورە بوو بۆ بڵاوبونەوەی لە هەموو لایەك‌و تەواوی گۆی زەوی، رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی ۱۹۸٥ رایگەیاند کە ئایدز لە (٤٣) وڵاتدا لە جیهاندا دەرکەوتووەو بوونی هەیەو، ژمارەی توشبووان گەیشتوەتە (۲۰۰۰۰) بیست هەزارو لە ساڵی ۱۹۹۱دا دوبارە بڵاوی کردەوەو لەسەر زمانی بەرێوبەری پرۆگرامی (بەرنامەی) جیهانی بۆ (قەڵاچۆکردن)و بنەبڕکردنی ئایدز، رایگەیاند کە ئەم ڤایرۆسە گەیشتوەتە هەموو وڵاتەکانی دونیاو، (۱۱۷) وڵات سودمەند دەبن لە خزمەتگوزاریەکانی ئەم رێکخراوەیە بۆ قەڵاچۆو بنەبڕکردن هەروەها لە هەمان کاتدا رایگەیاند کە ژمارەی توش بووان نزیکەی (۸–۱۰) ملیۆنە، کە ئەم ژمارەیە بۆ گەیشتن بە ساڵی ۲۰۰۰ ئەگاتە (٤۰) چل ملیۆن بە لایەنی کەمەوە، ژمێریاری رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژە بەوە دەدات کە لە ساڵانی کەمی داهاتودا شایەنی بوونی کەمتر نەبوو لە (۱۰) ملیۆن هەتیوو کە دایکیان لە دەست داوەو مردوە بەهۆی تووش بوون بە نەخۆشی ئایدز، بەهۆی (زخم) روداوەکان کە جیهانی سەرقاڵ‌و مەشغول کردوە، کە هیچ گۆڤارو رۆژنامەیەکی رۆژانەو مانگانە (خولاوی)

نەهێشتوەتەوە کە ئاماژەی نزیك یان دوور نەدەن بەم نەخۆشیە کە هەر ئەم سەرژمێریەکەی ئەم نەخۆشیەوە بیگرە لەو وڵاتەدا تا دەگاتەوە بە درێژە باسکردنی لە وڵاتێکیتردا بۆ نەفی کردنیو سەلماندنیو بۆ کەم کردنەوەو گەورەکردنی لە مەترسیو ترسناکیەکەی بۆ هاواری نویٚ پێی بۆ وانەو نەدوەو کۆنگرە لەسەریو، توێژینەوەی تایبەت بەم نەخۆشیە بەردەوام دەبێت لەسەر (پیٚو قاچ) لە سەنتەری جیهانی پێشکەوتودا توێژینەوەو (باسو لێکۆڵینەوە) بکریٚ لەسەر چارەسەرێکی سەرکەوتوو یان (کوتانی پارێزەر بۆ ئەم ڤایرۆسە، ئەوەی شایەنی باسە بە ملیارەها خەرج کراوە لەم پێناوەدا بۆ ئەم باسو لێکۆلینەوانە، کە هیچ سودێکی نەبووە بۆیە باوەر وایە کە ئێمە تا ئێستا دوورین لە مەبەستو ئامانجەوە، دوربین لە ئامانجو مەبەستمانو نەمان پێکاوە،

لە کۆنگرەی نێو دەوڵەتی بۆ وەزیرەکانی تەندروستی کە لە لندن لە ساڵی ١٩٨٨ بەستراو گێڕدرا فیکرەو بیرو بۆچوونی رۆژی جیهان بۆ پێناسەو ناساندنی بە ئایدز، کە قەناعەتێك بۆ بەشداربوانی کۆنگرە هاتە ئاراوەو بۆیان دروست بوە کە لە نەبوونی چارەسەری باشو چاك سەرکەوتوو بۆ ئەم نەخۆشیە چەکێك نیە بەدەست باش بێتو چاك بێت لە ناساندنیو

پێناسەکردنی مەترسیەکانیو ترسناکیەکانیو ڕێگەی بڵاو بوونەوەو گواستنەوەیو چۆنیەتی دور کەوتنەوەو خۆپاراستن لەم نەخۆشیە، لەبەر ئەوە (خۆپاراستن لە چارەسەر کردن باشترە).

لە ١٢/١ لە یەکی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانی (باوەر پێکراو) کە هەموو وڵاتێك بەشداری دەکات بەپێی توانای ناساندنو پێناسەکردنی ئەم نەخۆشیە بۆ هۆشیاری پێدانی گشتی (بە پێدانی هۆشیاری گشتی) گونجاو بێت لەگەڵ مەترسیەکانی کارەکەدا، بۆ هۆشیار کردنەوەی گونجاو لەگەڵ مەترسی کارەکە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زیاتر لەوەی کە پێشبینی ئەکرد دەستی کەوت لە ٢٠٠٦/١/١ دا ئەم ژمارەی ئەوانەی کە توشی ئەم ڤایرۆسە بوون لەسەر ئاستی جیهان (٧٣) ملیۆن مرۆڤ بوون، ٢٨ ملیۆنیان لێ مردنو ٤٥ ملیۆنیان بە توش بوویی ماونەتەوە لەو ٤٥ ملیۆنەدا (٦) ملیۆنیان زۆر پێویستیان بە هاوکاریو یارمەتی هەیە، هەروەها (١٥) ملیۆن هەتیویش لە جیهاندا هەیە کە بەهۆی نەخۆشی ئایدزەوە هەتیوو کەوتوون، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەنزیکی دایئەنێ کە لە هەموو ڕۆژێکدا (١٦٠٠٠) ملیۆن مرۆڤ توشی ڤایرۆسی ئایدز دەبێتو، لە باشوری بیابانی ئەفریقا ڕۆژانە (٥٥٠٠) مرۆڤ بەهۆی نەخۆشی

به ئایدزەوە دەمرنو، تێکرای تێچونی یەك نەخۆش لە ئەمریکادا (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دۆلارەو زۆرترین ناوچەکان لە جیهاندا کە ئایدز تیایدا زیاد بکاتو لە زۆر بوندا بێت دوای ئەفریقا بریتیە لە ولاّتانی ئەورپای رۆژهەلاّتی (رۆژ هەلاّتی ئەوروپا)، بەلاّم هیندو روسیاو باشوری رۆژهەلاّتی ئاسیا بە بەرمیل ئایدزی (موقوتەیان) هەیە دانراوی کاتیان هەیە، بە تەقینەوەیان (ئەو بەرمیلانە) مەترسیەکی زۆر گەورە هەڕەشە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەلاّم ولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەراست لە ولاّتانی عرەبیو ئیسلامی هەرچەندە لەگەڵ نەبوونی سەرژمێری زۆر ورد، لەگەڵ ئەوەشدا بلاّوبونەوەی ئایدز کەمترە وەك لە باقی ولاّتانیتردا، شاردنەوەی ئەم حالّەتەو ئەم نەخۆشیە ئەبێتە هۆی زیاد بوونی ئەوەنەیتری نەخۆشی ئایدزو، گرنگی نەدان بە هۆشیار کردنەوەو رۆشنبیر کردنی تەواوی خەلّكو ئاگادار نەکردنەوەیان لە مەترسی گەورەو ترسناکی ئەم نەخۆشیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستە جیهان وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووە، گەشتو گوزارو کۆچکردن سەفەر کردنو ئاسانکاری لە هاتووچۆو خێرا رۆیشتنو یەك شوێن نەماوە کە دور بێت لە مرۆڤ، واتە ئاسانکاری کراوە بۆهاتوچۆو رۆشتنی مرۆڤەکان بۆ هەموو لایەكو تەواوی جیهان.

# (ڤایرۆسی ئایدز)

دوای زنجیرەیەکی دورو درێژ لە گریمانەکانو بیردۆزەکانو توێژینەو لێکۆڵینەوەکان لەناوەندو سەنتەرە جیاجیاکانی جیهاندا، زانایان بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ئەم نەخۆشیە (ئایدز) گەیشتنە ئەوەی، کە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٤-١٩٨٢) کە دکتۆر (لوك مونتەیجنیر) (Luc Montagnier) باس لەوە دەکات کە ڤایرۆسی ئایدزی جیاکردەوەو لە پەیمانگای باشور لە فرنسا ناوی نا(L.A.V) کە کورت کراوەی (Lymphoadenopathy Associated Virus)

دوای ئەویش دکتۆر (روبرت جالو) (Robert Gallo) کە ئاشکرای کرد لە (عزل ڤایرۆس الایدز) لە تاقیگەکانی پەیمانگای نەتەوەیی بۆ توێژینەوەی شێرپەنجە لە ئەمریکاو ناونرا (پێی وترا) (HTLV lll) کە کورتکراوەی (Lymphotropic Virus Human-Cell) کە دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوکیان ناوێکن بۆ یەك شت، لیژنەیەکی زانستی دەوڵەتی پێکهێنرا بۆ دیراسە کردن (خوێندنەوەو)و تاو توێ کردنو لێکۆڵینەوەو ناو دیاریکردنی دۆزەرەوەکەی، لە دەرەنجامدا دۆزەرەوەی تۆمارکرد کە هەردوو زانا کە لە پێشەوە باسمان کردن یەکەم ناویان هەڵوەشاندەوەو لە شوێنیدا (HIV) یان دانا کە کورت کراوەی(Human Immuno Deficiency Virus) ئەم ڤایرۆسە شێوەی

بازنەی هەیە، قەبارە زۆر بچوکە چێوەکەی دەگاتە یەك بەش لە (١٠) دە هەزار بەش لە یەك ملیمەترێکدا (١/١٠٠٠) ملم کە بەراستی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، کە بەم ئاڵۆزیەی لە هەموو ڤایرۆسەکانیتر جیا دەکرێتەوە، ئێستە زیاتر لە وەچەیەك نەوەیەك لە ڤایرۆسی ئایدز دۆزراونەتەوە، کەئەمەش ژمارەیەکی یەك لە دوای یەکت ئەداتێ (HIV١ HIV٢)و هەر یەکێك لەمانەش جیاوازە لەویتریان، یەکەمیان (HIV١) کۆمەڵێکی تیایە لە یەك جیاوازن، کۆمەڵەی (M) زیاتر بڵاو دەبنەوە ئەمجا دوای ئەو کۆمەڵەی (O) دواتر کۆمەڵەی سێیەمیش دەرکەوت کە کۆمەڵەی (N).

## رێگەی بڵاوبونەوە

بێجگە لەوەی کە ئایدز لە نەخۆشیە گوازراوەکانەو توش بوون پێی هەروا کارێکی ئاسان نیە، هەروەك چۆن لای هەندێك ئاوا دەیبینن کە نەخۆشیەکی ئاسانو سوكو سادەیە، نەخێر وانیە، ئەم نەخۆشیە لە رێگەی خۆراك (خواردن)و خواردنەوە یان هەوا یان تەوقەکردن یان لە رێگەی بەکارهێنانی کەلو پەلی نەخۆشەوە، تەنانەت بەکارهێنانی (نوێنو دۆشەك)ی نەخۆش، یان لەگەڵی دابنیشیت لەسەر هەمان مێزو لە دانیشگاو زانکۆو لەسەر کار بەیەکەوە، بەڵکو لێرەدا رێگەی تایبەتیو دیاریکراو

هەیە بۆ گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسە، کە هەموویان پەیوەندیان هەیە بەبوونی ڤایرۆسەکە لە ناو لەش‌و جەستەی توشبوودا، کە چڕ دەبێتەوە لە شلە جیاوازەکانی (جیاجیاکانی) جەستەو لەش ئەگەر هاتوو بەهۆی هەر یەکێکیانەوە (لەو شلانە) بەهەر ڕێگەیەك گوازرایەوە ئەو کاتە گواستنەوە ڕودەدات‌و هۆکارەکانیشی بریتین لە:

**یەکەم/** شلەی تۆوەکانی پیاو (سائل منوی)/ شلەی تۆوی پیاوی توش بوو بە ڤایرۆسی ئایدز کۆمەڵێکی زۆر زۆر لەم ڤایرۆسە هەڵدەگرێت ئەگەر هاتوو گوازرایەوە بۆلایەنی بەرامبەر بە هەر هۆکارێك کە لە خوارەوە باسیان دەکەین ئەو کاتە نەخۆشەکە بە ڤایرۆسەکە توش دەبێت.

**هۆکارەکانی:**

١- سێکسی ناباوو نامۆو ناسروشت/ نێربازی بەتایبەتی لە نێوان لاوان‌و گەنجاندا، هەر یەکێك لە لایەنی بەرامبەر ئەکرێ‌و ئەبێت توشی ڤایرۆسەکە ببێت‌و بیگوازێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەری لەگەڵ بێگوێدانە بوونی دەورو ڕۆڵی لە کرداری سێکسی ناسروشت‌و نادروستدا، ئەم ڕەفتارە ناوازەو شازو تاکە لەگەڵ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان (بێ هۆشەکەرەکان) بەهۆی دەرزی لێدانەوە، کە هەردوکیان بەرپرسن (هۆکارن) واتە

کرداری سێکسی ناسروشتو نادروستو دەرزی لێدانی ماددەی هۆشبەر بۆ گواستنەوەی لە (٪۹۰)ی حاڵەتەکانی ئایدز، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بەپێی دابەشکردنی رێکخراوی تەندروستی جیهانیانی.

٢- زینا (داوێنپیسی/ بەدڕەوشتی) ئەمەش بریتیە لە گواستنەوەی ڤایرۆس لە پیاوەوە بۆ ئافرەتو ژنان، لەگەڵ شلەی ئاوی (تۆوی) پیاو یان بە پێچەوانەوە لە ژنانەوە بۆ پیاوان بەهۆی شلەی (زێ) (مهبل)یانەوە ئەم جۆرە رێگەیە تایبەتمەندی گەورەی هەیە لە ئەفریقادا.

٣- کوتانی دەستکرد/ (پیتاندنی دەستکرد) ئەمەش هۆکارێکە بۆ روودانی هەندێ حاڵەت لە رۆژئاوادا، کە شلەکە (تۆوی پیاوەکە) بەکار دەهێنێت بە بێ ئەوەی پشکنینی بۆ بکرێت یان بگەرێن بۆ بونی ڤایرۆسی ئایدز تیایداو نە دۆزینەوەو نەگەران بۆ ڤایرۆسەکە لە شلەی (تۆوی) پیاوەکەدا، بەڵام پێویستە ئەو رۆڵەو ئەو جۆرە نەماو دوای بە دەسەڵاتێکی (أمکانیەتێکی) باشو زۆر بونی ئامێری پێشکەوتو لەو بوارەدا، ئێستە پێش کرداری پیتاندنەکە زۆر بە وردی پشکنینی بۆ ئەکرێت.

دووەم/ دەرزی (سرنجو نیدڵ)ی پیس بوو/ ئیتر ئەمەش یان بە مەبەستو بە نیاز بەکارئەهێنن (بەهۆی دەرەنجامی ئالودەبونیان) یان نەزانیو نەفامیو هەژاری بەکاری ئەهێنن بەهۆی پشتگوێ خستنیانەوە وەك ئەمەی خوارەوە:

١- ئالودەبوون لەسەر مادە هۆشبەرەکان (المخدرات) بەهۆی دەرزی لێدانەوە، لێرەدا کۆمەڵێك لە لاوانو گەنجان لە هەردوو رەگەز بەتایبەتی لە رۆژئاوادا، کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی دەرزی هێرۆین بەسەر خۆیاندا دابەش بکەنو ریزو سەرە ئەبەستن بۆ لێدانی دەرزی هیرۆین کە پێشیان دەوترێت(group sex) ئەو ناوەیان لێنراوە لەو کۆمەڵەیەی کە ئەو کارە دەکەن بە کۆمەڵی (جماعی) بەم شێوەیە بە هەمان دەرزیو سرنج برادەرەکەیو هاورێکەی یەك لە دوای یەك ئەو سرنجو دەرزی هیرۆیینە بەکاردەهێنن تا کۆتایی بازنەی کۆمەڵەکە، کە تیایاندایە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە یان بە نەخۆشیەکە تووش بووە، ئەو کاتە بە خوێنی نیدلی (دەرزی) سرنجەکە پیس دەکات بەم شێوەیە ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە بۆ هەموویان، کە زۆربەی زۆری ئەم کۆمەڵانە گەنجو لاون، هەر بۆیە دەوڵەتەکان وایان لێهاتوە کە داوای لێخۆشبون بکەن، چونکە ناتوانن چارەسەری کێشەی ئالودە

بووان بکەن، بۆیە سرنجو دەرزی زۆر تازەو بەکار نەهاتوو پێشکەش ئەکەن بە ئالودە بوان تاوەکو تەنها یەك سرنجو نیدل بۆ یەك جار بەکار بهێنن، تا لەوێوە رێگە بگرن لە گواستنەوەی ڤایرۆسەکەو نەخۆشیەکە بۆ لاوانو گەنجانیتر.

لە سویسرا باخچەیەك هەیە کە (ئالودەبوانی) تیا کۆئەبنەوە تیا ئەمێننەوە کە ناوی (باخچەی دەرزی)یە(park needles)، تا ئێستا بەمەشەوە هیچ سودێکیان پێ ناگات (هەوڵەکان بێ سود بوون) چونکە بەراستی ئەمە هیچ چارەسەری بنەبڕی دروست نییە بۆ توشبووانو ئالودە بوان.

٢- بەکارهێنانی (دەرزی لێدان)ی پزیشکی لە جارێك زیاتر بەبێ خاوێنو پاکژ کردنیان کە ئەمەش بە زۆری لە ئەفریقا بەکار دەهێنرێ بەهۆی نەزانیو نەفامیو هەژاریانەوە، بەم شێوەیە ئەگەر هاتوو بەکارهێنەری یەکەم توشبوو بوو بە ڤایرۆسی ئایدز ئەوا (نیدلو دەرزیەکە) پیس دەبێت، دوای ئەو هەر کەسێك ئەو نیدڵە (دەرزیە) بەکاربهێنێ ئەوا توش بووە (توش دەبێت)، هەروەها لە ئەفریقا (لادێیەك/ گوندێك) هەیە بەناوی (ئۆگەند) کە تیایدا (٪٣٠-٪٤٠) لە دانیشتوانی توش بوون بەم ڤایرۆسی ئایدزە.

**سێهەم/ شلەیتری لەش (جەستە)**

١- خوێن رۆڵی زۆر گرنگ دەبینێ بۆ توشبوون بەنەخۆشی، لە پێشتردا ئەگەر هاتوو خوێنی وەرگرتبێ لە هەڵگری ڤایرۆسەکەو لە کرداری گواستنەوەی خوێن، ئەم خوێنە گوازرابێتەوە بەتایبەت لە کرداری نەشتەرگەری‌و لە هەموو یەکەیەکی پزیشکیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رۆڵەو جۆرە گواستنەوەی خوێنە لە هەموو وڵاتێکدا کۆتایی پێهاتووە کە پشکنین بۆ خوێن دەکات پێش بەکارهێنانی.

٢- بەکارهێنانی هەندێ پێکهاتە (پلازما، خەپلەی خوێن... هتد)ی خوێنی پیس بوو، بۆ نمونە (کابەرو هۆکار)ی هەشتەم کە ئەدرێ بە نەخۆشی خوێن بەربووی بۆماوەیی (وەك هیمۆفیلیا). هەربۆ زانیاری کە سەنتەری چاودێری ژینگە (CDC) لە ئەمریکا رایگەیاند ئەوەی کە (٦٠%_٨٠%) لە نەخۆشەکانی هیمۆفیلیا لەم رێگەیەوە توش ئەبن بە ڤایرۆسی ئایدز، بۆیە دوبارە کۆتایی هات بەم رۆڵە بەتەواوەتی‌و، ستاندو راگرتنی ئەم پێکهاتانە مەگەر تەواو پاك‌و خاڵی کرابێتەوە لە ڤایرۆس (هیچ ڤایرۆسێك بوونی نەبێت تیایدا).

٣- شیری دایکی توش بوو/ ئەگەر هاتوو دایك توش بوبێت بە ڤایرۆس، لە هەمان کاتتدا بوبێت بە (دووگیان) سکپڕ یان

شیردەر، ئەو کاتە ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە بەهۆی شیری دایکەکەوە بۆ منداڵەکە لە کاتی شیر خواردنو شیر پێدانیدا، یان دەگوازرێتەوە بۆ کۆرپە لەگەڵ خوێنو خۆراك پێش لەدایك بوونی، رۆڵی ئەم هۆو هۆکارانە دەبنەوە بە (سفر) ئەگەر دایکەکە شیری نەدا بە کۆرپەکەیو، ئەگەر (AZT) درا بە دایکەکە لە کاتو لە ماوەی سك پڕیو سك بوونیدا.

٤- لیك/ ئەوە کارێکە کەتا ئێستا جێگیر نەکراوە، تەنها ئەوەیە کە زانستیانە شتێك نیە نەهێڵتو بەربەستو بەرگر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لیك شلەیەکە لە شلەکانی لەش (جەستە) خرۆکەی سپی تیایە لەوانەیە پڕ بێت لە ڤایرۆس.

<u>چوارەم/</u> چاندنی ئەندامەکان/ ئەو ئەندامەی کە دەمانەوێت بیگوازینەوەو بیچێنێن ئەگەر لە کەسی توش بوو بە ڤایرۆسی نەخۆشیەکە بوو هێنامان، ئەوا ئەو ئەندامەش پیس بووە بەو ڤایرۆسە، بەو شێوەیە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا نەخۆشیەکەش لەگەڵیا دەگوازرێتەوە، ئەمە بەتایبەتی لە چاندنی گورچیلەو دڵو گلێنە (بیلبیلە) لە چاودا، روو دەدات تەنانەت کە نەخۆشێك لە لندن بەشێك لە پێستیان بۆ گواستەوە لە (بەخشندە/ بەخشەر)ێك لە پارچە (بەش)ێکی لە

رانی دوای روداوێك ئەم پارچە (بەشە) لە پێست بووە هۆی توشبونی کەسەکە.

**پێنجەم/** بەش بەش و هەمە جۆرەکان:

١- کەل و پەلی (وشم/ خاڵ کوتین) ئەمە دەکرێ لە کەسێك زیاتر خاڵ کوتینی پێ بکرێت بەبێ پاکژ کردنی و (تعقیم) کردنی بەمەش ئەو کەل وپەلە پیس دەبێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی ڤایرۆس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر بەتایبەتی ئەمە باوە لە ئەفریقادا.

٢- کەل وپەلی نەشتەرگەری پیس بوو (الادوات الجراحیە) هەرچەندە زۆر کەم و دەگمەن رودەدات لە نەشتەرگەریدا، بەڵام هەرچۆنێك بێت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە دوای راپۆرتێك کە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا دەرکەوت لەساڵی١٩٩١دا یەکێك لە پزیشکی ددانی ئەمریکی هۆکار بوون بۆ گواستنەوەی ئایدز بۆ ٣ کەس لە نەخۆشەکانیان لە کاتی کار کردنیان لە رێگەی کەل و پەلی پیس بووەوە.

رێگەی زانستی زۆر وردی پێشکەوتوو هاتنەوە ئاراوە بۆ دۆزینەوەی ڤایرۆس لە خوێن و پێکهاتەکانیدا، بۆیە رۆڵی خوێن و چاندنی ئەندامەکان و پیتاندنی دەستکردو

دروستکراوو خاڵ کوتین ئەو کەلوپەلانەو کەلوپەلی نەشتەرگەری پیس بوو کۆتاییان پێ هات رۆڵیان نەما.

بۆیە خەڵکان چاوەڕوانیان ئەکرد کە توشبوون بەم نەخۆشیە بەرەو کەم بوونەوە بڕوات، هەروەها رێکخراوی تەندروستی جیهانیش بەهەمان شێوە وا چاوەروانی ئەکرد کە توشبوون بە ڤایرۆس لە کەم بوندابێت، بەڵام لە کتوپڕێکدا رێژەی توشبووان بەم ڤایرۆسە زیادی کرد، بۆیەو لەبەر ئەمە رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەم نەخۆشیەی بە لیستێك هاوپێچ کرد لەگەڵ نەخۆشیە گوازراوەکان لە رێگەی سێکسەوە، زۆر بە دڵنیایەوە وتی کە سێکسی ناباو نادروستو ناسروشتو زیناو بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ئەمانە رێگەو پێگەو رێچکەو کەناڵی سەرەکیو هۆکارنو بەرپرسن لە بڵاوبونەوەی ئایدز لە جیهاندا.

## (قۆناغ (دۆخ)ەكانی نەخۆشیەكەو نیشانەكانی)

دوای ئەوەی ڤایرۆسەكە بە هەر هۆیەك‌و هۆكارێك بوو چووە ناو جەستەو لەشی مرۆڤەوە بە شێوەیەكی سەرەكی دەست دەكات بە گەران لە هەندێ جۆری خانە لە ناو خوێندا شوێن‌و پێگەی گرنگی هەیە لە سەركردایەتی كردندا كۆئەندامی بەرگری (مناعە) وەك خانەكانی (T.Cells) ئەچێتە ناویەوە ناو( خانەكەوە)، دوای ئەوەی كە چویە ناو خانەكەوە یان تیایدا ئەمێنێتەوەو خۆی حەشار دەدات تیایدا ئەو كاتە ژمارەشیان كەم دەبێت‌و چونكە خۆی مات‌و حەشار داوەو كەمتر كاری تێكدەرانە دەكات‌و شوێنەكانی ناو جەستە وێران ناكات لەم كات‌و حاڵەتەدا، توشبوو پێی ئەوترێت هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز (Carrir) ئەم جۆرە توشبوانە زۆر مەترسیدارو ترسناكن لە سەر كۆمەڵگە لەو نەخۆشانەی كە بە تەواوی توشی ئایدز بوون، لەبەر ئەوەی هەڵگری نەخۆشیەكە هیچ جۆرە نیشانەیەكی لێوە دیار نیەو دەرنەكەوتوە هیچ نیشانەیەكی نەخۆشیەكە نازانرێ، بەم جۆرە كەس ناتوانێت جیایان بكاتەوەو لێیان دور بكەوێتەوە، زۆر بە ئاسانی جم‌وجۆڵ‌و هاتووچۆ دەكات لە ناو كۆمەڵگەداو ڤایرۆسەكەش بڵاودەكاتەوە یان ڤایرۆسەكە بەردەوام دەبێت لە گەشەو نماو

جم‌وجۆڵ‌و چالاکیدا، ناوکی خانە داگیر دەکات‌و هەموو تواناو هێزو ئامێرو کەل‌وپەلی ناوکی خانەکە بەکار دەهێنێ لە بەرژەوەندی خۆیدا، هەروەها خۆراك وەردەگرێ‌و زۆر دەبێت لەسەر حسابی بەشەکانی خانەکە تا وردە وردە گەورەتر ئەبێ‌و ئیتر پەردەی دەوروبەری کە پێی داپۆشراوە ئەدڕێنێ‌و لە ناویدا بە دەیان ملیۆن لە ڤایرۆس دێنە دەرەوە هەریەك لەو ڤایرۆسانەش دەوروبەری خانەیەکیتری نوێ ئەدەن، دەست دەکەن بە چالاکی‌و سوڕی ژیانی خۆیان.

بەڵگەو نیشانەکانی نەخۆش بە ڤایرۆسی ئایدز (HIV) زۆر جۆرن، کە پێك دێت لە بەڵگەو نیشانەکانی نەخۆشیە (الانتهازیە) کان (opportunistic Diseases) کە ڤایرۆسەکە خۆی دروستیان دەکات‌و، دوای رودانی نەخۆشیەکە واتە دوای چونە ژورەوەی ڤایرۆس بۆ جەستەو لەش، چەند قۆناغێکی نەخۆشیەکە دەست پێدەکات‌و رودەدات، بەڵام پێویست ناکات لە هەموو توشبوەکاندا (نەخۆشەکاندا) ئەم دۆخ‌و قۆناغانە دوبارە روو بدەنەوە، هەر بۆ زانیاری کە ماوەی نێوان توشبوون‌و دەرکەوتنی نیشانەکان نزیکە (٦) مانگ بۆ (٦) ساڵ ئەبێت، ئیتر لەم ماوە دورو درێژەدا کە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیەکە دەر ناکەوێت، بۆی هەیە کەسەکە لەو ماوەیەدا

ڤایرۆسەکە بگوازێتەوە بۆ خەڵکانیتر بەبێ ئەوەی خۆیشی و خەڵکانیش پێی بزانن، بۆیە ئەم کارە خۆی لەخۆیدا زۆر گرنگە خۆپاراستن و نەهێشتن و لەناو بردنی ئەم نەخۆشیە.

قۆناغەکانیشی بریتین لە:

١- نەخۆشی توند/ (Acute Illness)

دوای توشبوون بە ماوەیەکی کەم و کورت کە لە هەفتەیەك تێناپەڕێنێت، لەسەر نەخۆشی هەندێ نیشانەی گشتی دەردەکەوێت وەك (تا)و گەورە بوون و ئاوسانی گرێ لیمفاویەکان لە مل و بن باڵ و بن ران و، ئێش و ئازاری ماسولکەکان دەست پێدەکات لەش داهزران و شەکەتی و ماندویەتی و سەر ئێشە و ئارەق کردنەوە بە شەودا کۆکەوو هەموو ئەم نیشانانە لە ماوەی هەفتەیەك یان دوو هەفتە دیار نامێنێت و، ئەگەر لەو ماوەیەدا (١-٢) هەفتەیەدا پشکنینی تاقیگەیی (دژەتەن) بۆ نەخۆشەکە بکرێ، ئەوا هیچ دەرناچێت و دەرەنجام نەرێنیە، چونکە (گۆڕانی شلە /مصل) دەرناکەوێت مەگەر ماوەی (٦-١٢) هەفتەو، لە حاڵەتی گومان لێ کردن لە توشبوونی نەخۆش بە نەخۆشیەکی پێویستە لە دوای ٣ مانگ پشکنینەکەی بۆ دووبارە بکرێتەوە.

٢- قۆناغی مت بوون و خۆشاردنەوە (Latency Period)

دوای قۆناغی یەکەم بە دوایە قۆناغی مت بوون (خۆشاردنەوەو مات بوون) دێت، لە ماوەی چەند مانگێکو چەند ساڵێك دەخایەنێت بەنزیکەیی، کە نەخۆش هەست بە حاڵەتێکی سروشتی تەواو ئەکاتو هەست بە تەندروستیەکی باش دەکات کەچی لە ناوەوە ڤایرۆسەکە خەریکی زۆر بوونو زیاد بوونە، زیاترو زۆرتر لیمفەکان تووش دەکات، دەگونجێتو دەکرێت کە ڤایرۆسەکەش بڵاو بکاتەوە بە ناو کۆمەڵگەدا بەبێ ئەوەی کەس هەستیشی پێ بکاتو (توشبوەکە) خۆیشی هەستی پێبکات.

٣- دەردو نەخۆشی لوو (گرێ)ی لیمفاوی هەمیشە بڵاو (pgL).

دوای قۆناغی مت بوونو خۆحەشاردانو خۆشاردنەوە، لە هەندێ حاڵەتدا ئاوسانو گەورەبوونی گشتی بڵاو، بەردەوام دەرئەکەوێ لە گرێ لیمفاویەکاندا لە دوو شوێندا یان زیاتر لە ناوچەی (بن ران/ شلکەی ران) کە ئەم گەورەبوونو ئاوسانە بەردەوام دەبێت تا چەند مانگێك حاڵەتی توندو تیژی (حاڵەتی گەورەبوون) بڵاوبونەوەکەی کەم ئەکات، دووبارە بۆ جاری دووەم دەردەکەوێتەوە، ئەمە لەم کارانەیە کە دکتۆر (پزیشك)

وا لێ دەکات کە روو لە (بۆچونی وابێت) کە ئەمە نەخۆشی ئایدزە.

٤- پێویستیە پەیوەندیدارەکان بە ئایدزەوە (ARC).

هیچ پێناسەیەکی هاودەنگ، یەك دەنگ‌و گشت گیر نییە بۆ ئایدز، لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام بوونی بەڵگەو نیشانەکان کە ئاماژەیان پێ ئەدەین، (بەردەوام لە بوونی نیشانە کە لەمانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ دەدەین بەبێ هۆکاری زانراو)، کە بە شێوەی گشتی یەکێکن لە نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەم حاڵەتە وەك، کە بریتین:

سك چوونی درێژخایەن‌و کۆن‌و بەردەوام کەمی کێش، شەکەتی‌و ماندویەتی‌و لەش داهێزران بێ حەواسی نەبوونی ئارەزوی خواردن ماندوبوونی سکی (سکێشەو تێکچونی کرداری هەرس)، تا شەو ئارەق کردنەوە سەرئێشە گەورە بوون‌و ئاوسانی گرێ لیمفاویەکان، گەورە بوون‌و ئاوسانی سپڵ.

بێجگە لە گۆرانکاری دەماری (گۆرانکاریە دەماریەکان) ئەبێتە هۆی لاوازی زاکیرەو یادگە، دەردو نەخۆشی دەماری دەوروبەر ئەم نیشانەو بەڵگانە روودەدەن بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ، بەڵام دوبارە دەبنەوە.

٥– **نەخۆشی ئایدز** (AIDS ).

**نەخۆشی ئایدز کۆتا بەش‌و بەهێزترین بەش وێنا دەکات لە بەشەکانی شانۆی بە ئازار بۆ توش بوون، دوای ئەوە نەخۆش لاپەرەی خۆی ئەپێچێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە ناوخۆڵ خۆی داپۆشێت، پێش ئەوە لە زنجیرەکان لە دەردەسەری (معانات)ی بینی، کە تیایدا نیشانەکان دەرکەوتن لەسەر (نەخۆش)ی پەیوەست‌و پەیوەند بە ئایدز، کە زۆر ئاشکرا توندو بەهێز بوون، زۆر قورس‌و نارەحەت‌و بە زەحمەت بوون وەك نەخۆشیە (أنتهازیەکان) هەلپەرستەکان** (Opportunistic)**(گرێ، لووە) شێرپەنجەیەکانی وەك (گرن کاپوسی)**(Kaposis Sarcoma)

**نەخۆشی (أنتهازی) بە پلەی یەکەم لەسەر ماوەی توشبوونی کەسەکە کە ئەوەستێت بۆ میکرۆبەکان، لە ئەفریقادا هەوکردنی کۆئەندامی هەرس هەیەو کە شێوەیەکی سەرەکیە بۆ نەخۆشی، بەڵام لە ئەوروپاو ئەمریکادا زۆرترین نەخۆشیە (أنتهازیەکان) (هەلپەرستەکان) هەن‌و بڵاون، کە هەوکردنی سیەکانە بە (المتکیسە الرئویە الکارنیە)**(Pneumocystic Carini)

**کاتێك کە نەخۆش گەیشتە ئەم ئاستە لە ون کردن‌و نەبوونی بەرگری لەش، ئەو کاتە هەژارو داماو بێدەسەڵات ئەبێ، ئیتر میکرۆبە هەلپەرستەکان هارئەبن‌و بەسەریدا زاڵ ئەبن، کە نابێتە هۆی نەخۆشیە دیاریکراوەکان لە حاڵەتە ئاساییەکاندا، بەڵام لەکاتی نەبوونی یان لەناوچوونی جیهازی بەرگری نەخۆشەکە،**

ئیتر هەموو شتێك ئەكرێت هەر ئەم نەبوونی بەرگریەش كە هۆكاری راستەوخۆیە بۆ زاڵ بوون بەسەریا (بەسەر نەخۆشەكەدا).

(خشتەی ژمارە ١)

هەوكردنە هەلپەرستەكان(الانتهازیە)و ئەو شێرپەنجانەی كە تووشی كەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئایدز

| هەوكردنەكان |
|---|
| • هەوكردنە مشەخۆرەكان: |
| ١- هەوكردنی سییەكان (PCP) كە هۆكارەكەی (Pneumocy) |
| ٢- سكچوونی ماوەدرێژ كە بەهۆی (Cryptosporidia) |
| ٣- سكچوونی ماوەدرێژ كە هۆكارەكەی (Isospora) |
| ٤- هەوكردنی مێشك‌و كۆئەندامی دەماری‌و سییەكان بەهۆی (Toxoplasma) |
| • هەوكردنە كەڕوییەكان: |
| ١- هەوكردنی سورێنچك‌و بۆری هەواو گەروو سییەكان بەهۆی (Candidia) |
| ٢- هەوكردنی مێشك‌و پەردەكانی ناوپۆشی مێشك لەگەڵ سییەكان بەهۆی (Cryptococus). |
| ٣- هەوكردنی توند لە مێشكۆكە بەهۆی (Aspergillus). |
| ٤- هەوكردنی توندو بڵاوبووەوە بەهۆی (Histoplasmosis) |
| ٥- هەوكردنی توندو بڵاوبووەوە بەهۆی (Coccidioidomy) |

- هەوكردنە ڤايرۆسييەكان:

١- هەوكردنەكانی مێشكو چاوو سييەكانو كەناڵی هەرسكردن بەهۆی (C.M.V).

٢- هەوكردنەكانی سييەكانو كەناڵی هەرسكردنو پێست بەهۆی (Herpes).

٣- هەوكردنی پەردەكانی مێشك بەهۆی (HIV).

٤- هەوكردنی پێستیو پێستی سەرو هەڵوەرينی قژی سەر بەهۆی (EBV).

- هەوكردنی بەكتيرييەكان:

١- هەوكردنی چارەسەر سەخت بەهۆی نيمچە بەكتيری زێ (Atypical Mycobacteria).

٢- هەوكردنی سييەكان.

٣- نەخۆشی سيل.

٤- پيسبوونی خوێن بە بەكتيريای سالمۆنيلا.

## شێرپەنجەكان

١- شێرپەنجەی دێوەزمەيی.

٢- شێرپەنجەی رژێنە ليمفييەكان.

٣- شێرپەنجەی هۆجكنز.

٤- شێرپەنجەی دەمو كۆم.

٥- شێرپەنجەی ملی منداڵدان.

# خۆپاراستن لە چارەسەر کردن باشترە

هەرچەندە زانست سەرکەوتنی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە دانانی رێگەی ئاسان بۆ دەست نیشان کردن‌و دیاریکردنی نەخۆشی یان توشبوون بە ڤایرۆس، کارەکە کەوتۆتە نێو بەردەست‌و تاوتوێکردنی، رێگەکانی دۆزینەوەی چارە بۆ نەخۆشیەکان، بەڵام تا ئێستا کەمتر توانراوە سود لەو زانستە پێشکەوتوانە وەربگیرێ، چونکە زانست کەمتەرخەم بووە لە دانان‌و دۆزینەوەی چارەسەری سەرکەوتوو کوتانی خۆپاریێز لەم ڤایرۆسە.

لەگەڵ بێگومانی‌و دڵنیایمدا بۆ بوونی چارەسەر بۆ ئایدزو، زانایان پێی ئەگەن‌و ئەیدۆزنەوە بەڵام دوای چەند ماوەیەك، بۆ راستیەتی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەفەرموێ: (خوای گەورە هیچ دەردێکی نە ناردووە مەگەر لەگەڵیشیا شیفای ناردوە، زانینی لە زانینیەوەیەتی‌و نەزانینی لە نەزانینیەوەیەتی. (ان الله عز وجل لم ینزل داءً الا انزل له شفاءً علمه من علمه وجهله من جهله)

بە تەنها چارەسەر کردن‌و دەرمان بەس نیە، بەڵکو ئەبێ بەدواداچوونی رێگەی تەندروستی خۆپاراستن بۆ کەم کردنەوەی توشبوون بکرێت‌و بگیرێتەبەر، ئەوجا دواتر بەکارهێنانی چارەسەرو دەرمان بۆ ژمارەیەکی کەم توشبوو

بکرێت، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەڵێ لەگەڵ بوونی زۆرێك (برێکی زۆر) لە چارەسەری کاریگەرو کارا، دژی نەخۆشی (زوهری)، کەچی تەنها لە یەك ساڵدا زیاتر لە (٥٠) ملیۆن خەڵك تووش ئەبن بە نەخۆشی (زوهری) بەهۆی (نەبوونی دورکەوتنەوە ڕەوشتە سێکسیەکانەوە) کە ئەم نەخۆشیە بڵاو دەکاتەوە:

ئێستە پزیشکەکان هەرچی هەوڵو ماندوبوونیان هەیە چڕی ئەکەنەوە لەسەر چارەسەرکردنی هەوکردنە (أنتهازیەکان)و شێرپەنجەکانی پێستو، هەوڵی ئەوە ئەدەن کە کۆئەندامی بەرگری (جهاز المناعە) چالاك بکەنو هەوڵ ئەدەن کە ڕێگری ڤایرۆس بکەن لە زۆر بوونو زیاد بوون لەناو لەشو جەستەی توشبووەکەدا، کە (٤) چوار هەزار مادده بۆ ئەم مەبەستە تاقی کراوەتەوەو پشکنینی لەسەر کراوە، بۆ توێژینەوەو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشیە لە تاقیگەی پرۆفیسۆر (لوك مونتینە) لە پاریس.

ئەمە تەنها لە پاریس ئەم توێژینەوەیە کراوە، بێجگە لە ئەمریکاو وڵاتانیتر کە چ هەوڵێك دراوە، کەچی تا ئێستا هیچ دەرمانو چارەسەرێکی شیفا بەخشیان نەدۆزیەوە، تەنها مەگەر کاریگەری شوێنەواری خراپیان بۆ ئەم نەخۆشیە بەجێ

هێشتبێ (خراپیان کردووە باشیان نەکردوە)، هەرچەندە هەندێ نەخۆش چاك بونەتەوە بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی (چارەسەری) (AZT)

بەڵام شوێنەواری لابەلایی خراپی زۆر گەورەی بۆ نەخۆشەکە بەجێ هێشتوە، بەڵام کۆتا دەرمان‌و چارەسەر کە لەم دواییەدا دەرکەوت‌و کە پێی ئەوترا (D.D.I).

کەوا باوەر ئەکرا کە هەندێ چەشتنی ئێش‌و ئازارو ئەشکەنجەی نەخۆشی کەم ئەکاتەوە بەڵام بە تەواوی چاکی ناکاتەوە، لە کۆتایدا بەردەوام کارەکە وەك خۆی ماوەتەوە، هەروەك لە پێشتر چۆن بووە وەك خۆی ماوەتەوە، هەر بۆ زانین لە (١١٪)ی وەچەکانی ڤایرۆسەکە بەرگرییان بۆ دەرمانەکان وەرگرتووە (پەیدا کردوە)، لەگەڵ کەمی سوودی راستەقینەی ئەم چارەسەرو دەرمانانە، هەوڵەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە تێچووی چاودێری‌و پەیدا کردنی چارەسەری تەنها یەك نەخۆشی بۆ کەمکردنەوەی ئێش‌و ئازارەکانی تا چاك بونەوەی بە نزیکی (١٠٠٠٠٠) سەدهەزار دۆلار کەمتر نابێت.

کە ئەم رێژەو بڕە زۆر گەورەیە بۆ تەنها یەك نەخۆش، بەتایبەتی لە ئەفریقا کە رۆژانە تەرمی جەنازەی ئایدز زۆر

ئەکەون، چونکە کارەکە وەك رۆتینی لیٚ هاتووە رۆژانە خەڵك بەدەست نەخۆشی ئایدزەوە جەنازەی لیٚ ئەکەویٚت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زاناکان تویٚژینەوەکانیان چڕ کردوەتەوە لەسەر دۆزینەوەو داهیٚنان بۆ ئەم نەخۆشیە کە هەموویان کار ئەکەنو هەوڵی جدی ئەدەن بۆ گەیشتن بە دروست کردنی کوتانیٚك دژی ئەم ڤایرۆسە بۆ پاریٚزگاری کردنی خەڵك بەگشتیو لە توشبوونیانو، هاوکاری کردنو یارمەتیدانی هەڵگری ڤایرۆسەکە (توشبووەکە) تاوەکو ئەگۆڕیٚ بۆ نەخۆشیەکەو، بۆ پاراستنی کۆرپەلە لەسکی دایکی توشبوودا، کە ئەم ریٚکخراوی تەندروستی جیهانی کاری بۆ دەکاتو هەوڵی بۆ دەدات لە ناوەندو سەنتەرە زانستیە پیٚشکەوتوەکان لە جیهاندا، بە هاوکاری لەگەڵ ئەوەی بە ناو پیٚی ئەوتریٚ (ئەنجومەنی ریٚکخراوە زانستیە پزیشکیە نیٚو دەوڵەتیەکان) (مجلس المنظمات العلمية الطبية الدولية) (C.I.O.M.S.) هەر بۆ زانین کە ئەم هەموو هەوڵو کۆششە بەرەو رووی کۆسپو تەگەرەی مادی زۆر ئەبیٚتەوە (کۆسپو نارەحەتی ماددی زۆر دیٚنە ریٚگە) لەگەڵ کەمی خۆبەخشەکانو (کەم کەس بە خۆبەخشی لەم پیٚناوەدا کار بکات)و، زۆری نەوەو وەچەکانی ڤایرۆسی نویٚو تازە (یەك درهەم خۆپاراستن

باشترە لە (قنطار)یك[3] چارەسەر) وتەیەكی كۆنە بەهاو نرخی زیاد دەكات لە گەڵ كاتدا كە بیردۆزو گریمانە پزیشییكە نوێیەكان زیاتر باوەڕیان پێیەتی لە هەموو كاتی پێشوترو رابردوو، بەڵام بۆ (شانسی خراپ) لە بێ شانسیدا خەڵك زۆر سەلیقەو دەركی بەمە نەدەكرد تا دوای رۆشتنی كات (بەسەر چوونی كات) كار لەكار ترازا، سێكسی ناباو وناسروشتو ماددە هۆشبەرەكان (بێ هۆشكەرەكان)و زینا سەرەڕای نەكردنو دورەپەرێزی لێیان لەلایەن زەوق جوانو پاكەكانەوەو، (مغایرتها) لەلایەن هەموو زانیاریە ئاسمانیەكانەوە، هەرچەندە لە رێكخراوەكانو تاكەكاندا هەیە ئەوەی هەڵیئەگرێت ئەم شیعاری (خۆپاراستنە)و چاو داخستنی هەندێك لایەن كە دەبێتە هۆی وێرانكردنو خراپكردنی وڵاتو ئاوەدانیو بەندەكان.

هەروەها توشبوان بەم ڤایرۆسە ئەبن بە دوو كۆمەڵەی سەرەكیەوە:

١- ئەو نەخۆشانەی كە بە تەواوی نیشانەكانی نەخۆشیەكەی تیا دەركەوتووە، لێی جیا نابێتەوە تا مردن.

٢- هەڵگری (هەڵگرانی) ڤایرۆسی ئایدز سەرەڕای ئەوەی كە هەڵگری ڤایرۆسی مەترسیدارو ترسناكترە لەسەر كۆمەڵگە لەوانەی

---

[3] قنطار:(یەكەیەكی دراوە)

که توشی نەخۆشیەکە بوون، هەرچۆنێك بێت هەردووکیان (هەردوو کۆمەڵەکە) (نەخۆشەکانو هەڵگرەکانیان) ئامادەن کەسانیتریش توش بکەنو بیگوازنەوە بۆیان، بۆیە پێویستە هەڵسو کەوت کردن لەگەڵیاندا بەپێی ڕێنماییە تەندروستیە نێودەوڵەتیەکان بێت کە بریتین لە:

١- پشکنینی هەموو یەکەیەکی خوێن پێش گواستنەوە (پێدانی) بۆ هەر نەخۆشێك کە پێویستی پێی هەبێت، بۆ دڵنیا بوون لە خاڵی بوونی خوێنەکە لە ڤایرۆسی ئایدز.

٢- بەکار نەهێنانی هیچ پێکهاتەیەکی خوێن تاوەکو دڵنیا نەبیت لە خاڵی بوونیو تیا نەبوونی ڤایرۆس بەتایبەتی هۆکار (بەکاربەر)ی هەشتەم، کە بەکار دەهێنرێت بۆ نەخۆشی خوێن بەربوونی بۆماوەیی (هیمۆفیلیا).

٣- نەهێشتنو ڕێگری کردنی هەر نەخۆشێك بە بەخشینی هەر ئەندامێکی بۆ کەسێکیتر بەهەر هۆیەك بووە.

٤- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئامۆژگاری خەڵك ئەکات بە شوێن کەوتنی ڕێگەی سروشتی بۆ جێبەجێ کردنو تێرکردنی هەواو ئارەزوە سێکسیەکان بەهۆی هاوسەرگیریەوە بەس، نەك ڕێگەیتر.

٥- ئامۆژگاری ئەو ژنانە ئەکرێت کە توشبوون با دووگیان نەبێت، هەوڵ بدەن کە دووگیان نەبێت، چونکە منداڵەکانیان

(کۆرپەکانیان) ئەگەری توشبونیان هەیە بۆ ئەم نەخۆشیە (ئەگەر توشبونی ئەم نەخۆشیەیان هەیە) بۆیە پێویستە کە (نەگەیەن/ کۆندۆم) بەکاربهێنن لە کاتی پەیوەندی سێکسیدا لەگەڵ پیاوەکەیدا.

٦- بەکار نەهێنانی ئەو شتومەکانەی کە تایبەتن بەکەسی توش بوەوە وەك فڵچەی ددان، گوێزانی ریش تاشین، هەتا دوایی ... هتد.

٧- پێویستە هەرشوێنێكو ناوچەیەك پاك بكرێتەوە، كە پیس بوبێت بەخوێنی هەر توشبویەك بە ڤایرۆسەكە، بەهۆی بەكارهێنانی پاكۆكەرەوەكان چونكە تەنها ئەمە بەسە بۆ تەواوكردنو كۆتایی پێهێنانی ڤایرۆسەكە.

٨- پێویستە لەسەر توشبوان كە پزیشكەكانیان ئاگادار بكەنەوە بەتایبەتی پزیشكی ددان بۆ ئەوەی یەدەكی پێویستو تەواو وەربگرێتو چی پێویستە بیكات.

٩- پێویستە تیمی پزیشكی ئاگادار بكرێتەوە لەكاتی ئەنجامدانو جێبەجێ كردنی هەر نەشتەرگەریەك بۆ توشبووی ئایدز، بۆ ئەوەی (یەدەكی) خۆیان وەرگرن لە رووی پاكژیو خاوێنیەوە پێویستو تەواو بۆ كەلو پەلو پارچەو ئامێرەكانو، وەرگرتنی وریاییو ئاگاداری لەلایەن ئەندامانی

تیمەکە (تا ئەندامانی تیم وریایی تەواو وەرگرن سەبارەت بەم نەخۆشیە).

١٠- وەرگرتنی (عەینەیەك/ نمونەیەك)ی خوێن لە (تیوب) لولەی تایبەتو لەسەریان نوسرابێت بەروونی بە لەزگە پێوەیان نوسابێت بۆ ئاگادار بوون، کە ئاماژە بێت بە روونی بۆ ئەوانەی کە هەڵسو کەوت لەگەڵ توشبووانی ئایدز ئەکەن، تاوەکو بەرێگەیەکی دروستو نمونەیی کارکەرانی تاقیگەکان پارێزراوبنو قەدەغەو رێگری بکرێت لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی ئایدز (ڤایرۆسەکە).

هەروەها لەکارە سەرەکیە باوەرپێکراوەکان لە بەرنامەی جیهانی بۆ بەرەنگار بونەوەو نەهێشتنی ئایدز (GPA)ی پەیوەست بە رۆشنبیریو هۆشیاریەوە، کە بەراستی چەکێکی زۆر فراوانە لای هەمووان بۆ بەرەنگار بوونەوەی بۆ بەگژا چوونەوەو بەرەنگاربونەوەی ئەم پەتاو دەردو بەڵاو کارەساتەو، ئەکرێ کاری رۆشنبیرکردنی سەرکەوتوو بگۆڕێو بکرێ بەجۆرێكو بەشێوەیەك وەك کوتانی بەرگرو پارێزەر، بەتایبەت ئەگەر خەڵك ماهیەتی نەخۆشیەکەی زانی هەروەها چۆنیەتی گواستنەوەیو خۆپاراستنیو خۆ دورخستنەوە لێی زانی، بەشێوازێکی سادەو ساکارو روونو ئاشکرا بوو لای

هەمووان، خەڵك هەموو لێی تێگەیشتبوو، بۆیە پێویستە ئەبێ دانان و یاد خستنەوەی ئەوە کە پەیویستە بە گۆڕینی هەڵس و کەوت و خوڕەوشت لەلای لاوان و گەنجان پێویستی بە وردبونەوەو تێڕامان و چاودێری و بەدوا داچوون هەیە تا هەوڵەکان بەرهەمدارو بەردار بێت...

هەرچۆنێك بێت و بەهەر حاڵ ئەبی هۆکارە رۆشنبیرییە جیاوازەکان بەکار بهێنرێت لە رۆژی جیهانی ئایدزو، لە رۆژانیتریشدا لە تەلەفیزیۆن و ڤیدیۆو بڵاوکراوەکان (رادیۆکان)و وانەکان و کۆڕەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکان و نامیلکەو بڵاوکراوەو لەزگە جۆراو جۆرەکان.

هەروەها لە وڵاتانی عەربی و ئیسلامیدا ئەبێ لاوان و گەنجان پارێزگاریان لێ بکرێت، پەرژین بکرێن بە خوو رەوشتێکی جوان و بەهێزو زانستێکی بەکەڵك و بەسود رۆشنبیری راست و دروست کە ئەمانە هەموویان دوریان بخەنەوە لە بەڵاو کارەساتی کەوتنە ناو گۆماو زۆنگاوی سێکسی نامۆو نابا و و ناسروشت و زیناو بەدرەوشتی و مادده بێ هۆشکەرەکان (هۆشبەرەکان)، لاوان یاد بخرێنەوە کە ئەو وڵاتەی لاوەکانی دامەزراوتۆکمە نەبن و بناغەیان چاك و باش نەبێت، ئەوا چیان چاندبێت ئەوە ئەدورنەوە، لە ئایدزو سفلس و ماددەی

هۆشبەرو شتانیتر، بۆیە کەسی عاقڵو ژیر ئەوەیە کە پەند لە خەڵکانیترەوە وەربگرێت دور بکەوێتەوە لەو هەموو خلیسکانو هەڵخلیسکاندنانەو، ببێتە هۆکاری بنیاتنانو پێشکەوتن لە وڵاتەکەیدا هیچ عەیبو عارێك نیە هیچ شەرمەزاریەك نیە ئەگەر ئەم کارە جوانو خێرا بکات ببێتە هۆکاری بنیاتنانو پێشکەوتنی وڵاتەکەی.

* خوای پەروەردگاریش لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموی

﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴾ الإسراء: ٣٢

* هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرمویٚ (ما ظهرت الفاحشة في قوم قط يعمل بها فيهم علانية الا ظهر فيهم الوباء والاوجاع التى لم تكن في اسلافهم) حاكم ریوایەتی کردوەو گێراویەتەوە.

# حاڵەتی نەخۆشی جۆراو جۆر بەهۆی (سێکس)ەوە (هۆکارو دەرەنجامەکەی لە سێکسەوە بووە)

* هەوکردنی کۆمو ڕێکە (proctitis)

* هەوکردنی دامێن (کۆئەندامی زاوزێی مێینە) (vulvitis)

* فایمۆسس (phimosis)

* پارا فایمۆسس (par-phimosis)

* بلانۆ پۆسثایتس (Blano-posthitis)

- **<u>هەوکردنی کۆمو ڕێکە (proctitis)</u>**

ئەم حاڵەتە بریتیە لە هەوکردن کە ڕوو ئەدات لە دیواری ناوەوەی کۆمو ڕێکە، کە پەردەی ناوەوەی ڕێکەو کۆم پارچە پارچەو بریندارو ئەڕوشێو ئەبێو دواتر کێمو جراعەت دروست ئەبێت، ئەمە لە بنەڕەتدا ڕونادات تەنها لەو کەسانەدا نەبێت کە کاری سێکسی ئەکەن لە ریگەی کۆمەوە هاوڕەگەزباز (نێر بۆ نێر) یان (مێ بۆ مێ)، ئەمەش ڕونو ئاشکرایە لای پسپۆرانی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بەهۆی داننانی نەخۆشەکانیانەوە بەکارە هەڵەکانیان (بە کردارە سێکسیەکانیان لە ڕێگەی کۆمەوە).

پەردەی ناوەو ناوپۆشی کۆمو ڕێکە زۆر هەستیارو تەنکە، کە ئەم شوێنە (کۆم) ئامادە نەکراوەو یان توانای ئەوەی نیە (بەرگری بەهێزی نیە) لەسەر ئەو هاتو چۆو جوڵەو هێنانو بردنە لە کاتی کردنو ئەنجامدانی کاری (سێکسی ناباوو ناسروشت)دا. بۆیە

زوو به زووو به خێرایی ئەم پەردە ناوپۆشەی کۆم ئەدڕێو دەپچڕێو ئەڕوشێتو زۆر بە خێرایی بریندار دەبێت، کە ئەو شوێنە لە بناغەدا پڕیەتی لە میکرۆب کە لە پیسایدان، ئەوکات دوای لە ناوچوونی پەردەکە ئەو شوێنە ئەبێتە شوێنێکی گونجاو بۆ گەشەو نەشو نما کردنی میکرۆبو بەکتریاکان، دواتر رودانی هەوکردنو دواجاریش دروست بوونی کێمو جراعەت.

ئەم کێمو جراعەتەش هۆکارەکەی ناگەرێتەوە بۆ تەنها جۆرێك (یەك جۆر) لە میکرۆب بەڵکو زۆر جۆر لە بەکتریا رۆڵیان ئەبێت لە دروست بوونی ئەم کێمو جراعەتە بەهۆی ئەوەی پیسایی کێڵگەیەی دەوڵەمەندە بە زۆر جۆر لە بەکتیریای جیاواز کە زیاد لە (١٢٤) جۆر میکرۆب ئەبن.ئەگەر هاتوو پشکنین بکرێت بۆ (کۆم)ی کێماوی بە دوربینو میکرۆسکۆبی تایبەت ئەوا ئەبینی دیواری کۆم یەك پارچە داپۆشراوە بە چینێکی هەوو کێمو جراعەت کە رەنگێکی زەردباو لەخۆ دەگرێت، ئەگەر هاتوو پارچەیەك بەشێك (عینیە) ئەوا لەم (هەوە/ کێمە) لە تاقیگە چێنراو سەیر کراو، ئەو میکرۆبەی بوە هۆی ئەم کێمو جراعەتە زانراو دۆزرایەوە کە هەرچەندە ئەم کارەش زۆر قورسو گرانە دۆزینەوەو زانینی جۆری ئەم میکرۆبانە، ئەو کات ئەتوانرێت کە چارەسەری تەواو پێویستی بۆ دیاری بکرێت.

نەخۆش لەم حاڵەتەیدا کە (دۆزرایەوە) پێویستە یادی بخرێتەوە (ئاگادار بکرێتەوە) کەوا مل کەچ بێت بۆ پشکنینی

پزیشکیتری جۆراو جۆر بۆ دڵنیا بوون لە سەلامەت بوون لە نەخۆشی سێکسیتر.

## *هەوکردنی دامێن (کۆئەندامی زاوزێی مێینە) (vulvitis)

بریتیە لە حاڵەتێکی نەخۆشی کە تووشی ناوچەی (دامێن، زێ) ئەبێت لە مێینەدا کە هۆکارەکەی زۆرن لە هۆکارێك یەکێکیان سێکسە، نەخۆشەکە دوای توش بوونی (بە هەوکردنی دامێنی) توشی نەخۆشی (سیلان)یش ئەبێت.

ئەمەش هۆکارەکەی ئەگەرێتەوە بۆ کەمی پاكو خاوێنی دامێن بەتایبەت، بەکتریاکانی ناو پیسایی کە لەوێوە دزەیان کردوە، یان بەهۆی پیس بوونی بەهۆی هەندێ لە شلەو دەردراو کە لە (مهبل/ زێ)وە دەردەچێتو دێتە خوارەوە یان بەهۆی هەستیاری هەندێ دەرمانەوە کە لەو شوێنەو بۆ ئەو شوێنە بەکارهاتووە.

ئەگەر دوای پەیوەندیو گەیشتنی سێکسی (جوتبون) دامێن هەوی کرد، ئەبێ توش بوو ئەوە باش بزانێو ئاگادار بێت لەو حاڵەتە کە بەسەریدا هاتووە ئەبێ راستەوخۆ خۆی پیشانی پزیشك بدات، بۆ ئەوەی پشکنینی وردی بۆ بکرێت بۆ دۆزینەوەی هەر نەخۆشیەکیتری سێکسیو هەروەها ئەبێ پشکنینش بکرێت بۆ ئەوانەی کە ئەم لەگەڵیدا کاری سێکسیی لەگەڵدا کردون بۆ هەمان مەبەست (تا دڵنیا بێت لە نەخۆشی سێکسیتر).

- **فایمۆسس (phimosis)**

حاڵەتێکی نەخۆشیە تووشی پیاوان دەبێت بەتایبەت ئەوانەیان کە سونەت نەکراون خەتەنەیان نەکردوە، بریتیە لە هەوکردن یان تەسك بوونەوەی پێستی داپۆشەری سەرو هەڵقەی چوك (القلفه)، کە ئەم هەوکردن‌و تەسك بوونەوەیە ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەم پێستی سەری چوکە نەگەڕێتەوە شوێنی ئاسایی‌و سروشتی خۆی، ئەو کات کاری (ڕەق بوون/ ڕەپ بوون)، زۆر بەئازار دەبێت، ئەوە لە کاری سێکسیدا زۆر زۆر بە ئێش‌و ئازارەو بە دەگمەن بتوانرێ‌و مەحاڵە کاری سێکسی ئەنجام بدرێ بەو هەموو ئازارەوە، لەلایەکیتریشەوە کەش‌و هەوا لەبارە بۆ توش بوون بە نەخۆشی سێکسیتر.

بەهۆی ئەو پیسیەی کە کۆبوەتەوە لە نێوان پێستی سەر چوك‌و چوکدا هەوکردنێکی زۆر دروست دەبێت کێم‌و جەراعەت زۆر ئەبێت بەمەش شوێنەکە هاوکارو یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەو نماو زۆر بوونی میکرۆب، ئەم حاڵەتە لە لاوان‌و گەنجاندا، لە هەندێ کاتدا ئەبێتە هۆی توش بوون بە شێرپەنجە لەسەرەتای سەری چوکداو، لە ژنەکانیشیاندا ئەبێتە هۆی توش بوونی بە شێرپەنجەی منداڵدان.

هەروەها چارەسەری ریشەیی بۆ ئەم حاڵەتەو نەخۆشیە کە پیاوان بپارێزرێتو ژنەکانیشیان سەلامەت بن بریتیە لە خەتەنە کردن، دکتۆر (سکۆفیڵد) پسپۆر لە نەخۆشیە سێکسیەکاندا، ئەڵێت: ئەگەر بێتو بهاتایە لاوان لە منالیاندا خەتەنەیان بکردایە ئەوا بە دوور ئەبونو دور ئەکەوتنەوە لە زۆرێك لە ئێشو ئازارو (أحراجی) لەکاتی گەورەبونیاندا.

بۆیە پێغەمبەری نازدار (ﷺ) فەرمانمان پێدەکات کە پێش زیاتر لە ١٤ سەدە بە کردنی سونەت (خەتەنە) کردن کە دەفەرموێت (خمس من الفطرة: الختان، والاستحداد، ونتف الابط، وتقليم الاظافر، وقص الشارب)) متفق علية .

- **(پارافا فایموسیس) (par-phimosis)**

ئەمەش حاڵەتێکیتری نەخۆشیە توشی پیاوان دەبێت دوبارە، ئەوانەیان کە خەتەنەیان نەکردوە سونەتیان ئەنجام نەداوە کە پێستی سەری چوك گرژ دەبێتەوە دێتەوە یەكو ناگەرێتەوە شوێنی سروشتیو ئاسایی خۆی، کە بەمەش ئەبێتە هۆی گرژ بوونی پێستی داپۆشەری سەری چوك، بەمەش ئەو گرژ بوونە ئەبێتە رێگرو بەربەست لە چونو رۆشتنو هاتنی خوێن بۆ سەری چوك، ئەو کاتە کرداری رەقو رەپ بوونو لە کاتی جوتبوندا زۆر بە ئازار دەبێت کە زۆر بە

ئاسانی ناتوانرێ کردارەکە جێبەجێ بکرێت، بۆ دواجار کەش و هەوا لەبار دەبێت بۆ بەکتریاکان تا بتوانن هەوکردنێکی زۆر لە ناوچەکە دروست بکەن و ئەبێ لەم حاڵەتەدا نەشتەرگەری ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی نەخۆش بە تەواوی رزگاری بێت لەم حاڵەت و نەخۆشیە، هەروەها لەدوای نەمانی هەوکردنەکە ئەبێت کرداری خەتەنە کردن ئەنجام بدرێ، وەك چارەسەرێکی ریشەیی بۆ کێشەکە.

## (بلانۆ پۆستایتس)(Blano-posthitis)

ئەمەش حاڵەتێکیترە توشی پیاوانی خەتەنە نەکراو ئەبێت بەتایبەتی، ئەمەش هەر بریتیە لە هەوکردنی سەری چوك لەگەڵ (قلفە) هەڵقەی سەری چۆك، کە زۆر بە ئازارەو ترسناك و مەترسیدارە لە بەر ئەوەی ئەبێتە هۆی ماك و ئەنجامی زۆر خراپ، نەخۆش دوای (٢-٣) رۆژ لەدوای کرداری پەیوەندی سێکسی هەست بەم حاڵەتە ئەکات، کە شوێنەکە زۆر ئەخورێت، ئەو شوێنەی کە لەژێر (قلفە) دایە واتە ژێر هەڵقەی سەری چوك زۆر ئەخورێت، هەروەها شلەیەکی بۆن ناخۆش دەردەکەوێت و ئەبینرێت و دێتە خوارەوەو لەگەڵ بوونی برینی زۆر بەئازار، ئەم حاڵەتە زۆر مەترسیدارە بەتایبەت ئەگەر

**هۆكارەكەی بەكتریای سفلس بێت یان (بەكتریایی) بێ هەوایی (لاهوائیە) بێت، كە ئەم جۆرە كەش‌و هەوایانە ئۆكسجینی تێیدا كەم ئەبێتەوە... ئەم برین‌و كێم‌و جراعەتە روبەرێكی زۆری ناوچەی جەستەی چوك دائەگرێت‌و دادەپۆشرێت، بەمەش ریشاڵەكانی چوك لەناودەچن، ئەوكات هەوكردنەكە شوێنێكی زۆرتر داگیردەكات‌و دادەپۆشێت تا ئەگاتە رژێنە (لیكە رژێنە) لیمفاویەكانی دەوروبەری چوك، ئەوكات نەخۆش هەست بەئازارێكی دەرونی‌و جەستەیی بێزاركەر ئەكات زۆر ئەبێ دەست بەجێ نەخۆش چارەسەری حاڵەتەكەی بكرێت تاوەكو هەوكردنەكەی ئەوەستێتەوە دواجار كرداری خەتەنە كردن بۆ ئەنجام ئەدرێت وەك چارەسەرێكی ریشەیی بۆ حاڵەتەكەی.**

# (ئەو نەخۆشیانەی کە سێکس یارمەتیدەر ئەبێت لە بلاو بوونەوەیاندا)

**سەرەتاو پێشەکی:**

ئەو نەخۆشیانەی کە سێکس یارمەتیدەریان ئەبێت لە بلاوبونەوەیاندا (بەتایبەت بلاوبونەوەی سێکسی)، بریتین لە زۆرێك لە نەخۆشی کە نەخۆشیە گوازراوەکان هەر هەموویان دەگرێتەوە، کە سێکس رۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێرێتو ئەبینێ لە گواستنەوەو بلاوکردنەوەیاندا (بلاوبونەوەیاندا) بەتایبەت ئەوانەیان کە توشی دەمو پێستو کۆئەندامی هەناسە دەبن، لەبەر ئەوەی بەکتریاکەیان دەگوازرێتەوە لەگەڵ هەناسەدانو لیكو دەست لێدانو بەریەك کەوتنو (بەرلێك کەوێ)وشتیتر، ئەمەش هەندێ نمونە:

* نەخۆشیە بەکتریاییە ریخۆڵەییەکان (Enteric Diseases)
* هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری (Infections Hepatitis) B
* هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری (Infections Hepatitis) C
* نەخۆشی(C.M.V) ی ڤایرۆسی(Cyto megalo virus)
* نەخۆشی گوازراوەی منونیکلیوسس (Infuection Mononucleosis)
* نەخۆشی رایتر (Reiter Disease)

* نەخۆشیە کەڕوویەکانی پێست (نەخۆشیەکانی کەڕوی پێست) (FUNGAL INFECTIONS)

* نەخۆشیە مشەخۆریەکانی ریخۆڵە (Protozoal Diseases)

***

١- نەخۆشیە ریخۆڵەییەکان (نەخۆشیەکانی ریخۆڵە) ئەو نەخۆشیانەی توشی ریخۆڵە ئەبن (Enteric Bacterial Diseases).

بەکتریای ئەم نەخۆشیانە ئاسایی‌و لە حاڵەتی سروشتی خۆیدا لە پیسایی نەخۆشەکەوەو بەهۆی پیسایی توش بووەکە بڵاو دەبێتەو، بەهۆی پیس بوونی ئاوو خواردن کە خەڵکی بەکاری ئەهێنن توشی ئەو نەخۆشیانە دەبن، بەڵام دوای ئەوەی کە ئاوەکە پاك کراوەیەو خاوێن‌و پاکژکرایەوە، خواردنەکان پاك‌و پارێزران نەخۆشیەکان دورخرانەوەو نەمان، ئەوکات خەڵکان بەهۆو هۆکارو رێگەیترەوە توشی ئەم نەخۆشیانە ئەبنەوە، ئەویش بەهۆی پەیوەندی‌و گەیشتنی سێکسیەوە (سێکسی ناباو وناموو ناسروشت) (نێر بۆ نێرو مێ بۆ مێ) لە کەسی توش بووەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەرامبەرەکەی (کەسێکی لەش ساغ)، بۆیە دکتۆر (سکۆفیلد) ئاماژە بەوە ئەدات‌و باس لەوە دەکات کە ئەوانەی (سێکسی

ناباو وناموٚو ناسروشت) نێر بۆ نێرو مێ بۆ مێ، کۆم‌و دەم‌و زمانیان‌و قوڕگیان بەکار دەهێنن دەناڵێنن‌و هیلاکن بەدەست ئەم نەخۆشیەوە بە چاك نەبونەوەیان لە نێوانیاندا (نێوەندیاندا)،و دکتۆر سکۆفیڵد دڵنیایی‌و دەدات‌و جەخت ئەکاتەوە کە ئەوانەیان دانیان ناوە بەکارەکەیان بە قسەی خۆیان وتویانە کە لەدوای کاری سێکسیاندا لەگەڵ یەکتر ئاوی پیاو یان (مەنی) یەکتریان خواردوە، بۆیە توش بوون بەکۆمەڵێك لە نەخۆشیە ریخۆڵەیەکانی وەك (دزینتاریا بەکتریایی)و دزنیتاریای ئەمیبی‌و نەخۆشی جاردیاسسی مشەخۆری (جیاردیای مشەخۆری).

**٢- هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری سی (هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر) جۆری سی (Infection Hepatitis B and C)**

ئەم ڤایرۆسی جۆری (بی) یان (سی) لە خوێن‌و شلەی لەشی نەخۆشی توش بوودا هەن هەر جۆرێکیان بێت، لەبەر ئەمە ئەو ڕێگەیەی بگوازرێتەوە بۆ خەڵك‌و کەسانیتر تەنها بریتیە لە ڕێگەی بەیەك گەیشتن‌و پەیوەندی سێکسی ناموٚو ناباو وەك بەکارهێنانی دەم بۆ کاری سێکسی، لەبەر ئەوە، ئاماژە بەوە دراوەو سەرنج‌و تێبینی کراوە کە ئەوانەی کە کاری نێربازی‌و هەتیوبازی (هاورەگەزبازی)و کاری زینا

(داوێن پیسی‌و بەدڕەوشتی ) ئەکەن زیاتر بڵاوە تیایاندا تا خەڵکان‌و کەسانیتر، هەروەها لەوانەشدا کەمتر روودەدات کە تەنها لەگەڵ، (یەك ئافرەتدا ژندا) کاری سێکسی‌و پەیوەندی سێکسی ئەنجام ئەدەن.

توێژینەوەکەی دکتۆر (سکۆفیڵد) دەری خست‌و ئاماژەی بەوەدا کە ٪۸۰ی توشبوان دانیان بەوەدا ناوە کە کاری سێکسیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە لە رێگەی دەمەوەو، لە ٪۵۰ شیان ئاوی پیاو (مەنی) ئەوانەیان خواردوە کە کاری سێکسیان لە رێگەی کۆمەوە ئەنجام داوە، هەروەها (فایولا)و دکتۆر (مری لایوت) ئاماژە بەوە ئەکەن کە ٪۵ بە لایەنی کەمەوە لە لاوان‌و گەنجانی شارە خۆرئاوایەکان ئەوانەن کە (هاورەگەزباز/ هاوڕەگەز خواز) هەتیوبازو نێربازن لە جۆر بکەر (کردە)ن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت‌و کە بەرێژەیەکی کەم هۆکارەکەی ئەگەرێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانەی گەنجان‌و لاوانی ئەورپی‌و ئەمریکی.

٣- نەخۆشی ڤایرۆسی ناسراو بە (کە پێی ئەوترێ)(C.M.V) رۆڵی سێکسی لەم نەخۆشیەدا تا ئێستا بە تەواوی نەزانراو، بەڵام بەڵگەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە ئەم نەخۆشیە لە کۆمەڵگە داوێنپیس‌و بەدڕەوشت و (بەرەڵاخانەکاندا) (ألاباحیە) زۆر زۆرن‌و، زۆر ترو زیاتر ئەبن بە زیاد کردنی کاری سێکسی

(ئەنجامدانی کاری سێکسی) لەگەڵ زیاتر لە یەك کەس (لەگەڵ زۆرتر لە کەسێك کاری سێکسی ئەنجام ئەدەن)، ئەم ڤایرۆسە لە (مەنی) ئاوی پیاوی هەندێ لە پیاوانی توشبوو بوونی هەیەو بینراوەو دۆزراوەتەوەو، لە ملی مناڵداندا (منداڵدان)ی ئافرەتدا هەیەو، زۆرتر لەو سك پرانەو ئەو ئافرەتانە کە دەنکۆڵەی دژی سك پڕی سك بوون (منع الحمل) بەکار دەهێنن.

هەروەها لە هەندێ تاقی کردنەوە کە لەگەڵ هەرزەکاراندا ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە بوونی ئەم نەخۆشیە زیاترە تیایاندا وەك لە خەڵك و کەسانیترو، لە زیاد بووندایە ڕێژەکەی بەجۆرێك کە ڕێك‌وهاوسەنگە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بۆیە بە دڵنیایەوە کە پەیوەندی هەیە بڵاوبونەوەی‌و زیاد بوونی بەرەڵایی و بەدڕەوشتی(أباحیە)، پەیوەندیە سێکسیە ناباو (نامۆکان)و لەبەر ئەوە ئاشکراو رونە کە شلەو ئاوی پیاوی هەتیوبازو نێربازەکان‌و (زیناکەرەکان) پڕە لە ڤایرۆس دەیگوازێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەرەکەی‌و هەر ئەوە بووە بە هەڵگری ڤایرۆسەکە کە بۆ قوربانیەکی نوێیتر، بۆیە هەتاوەکو کاری سێکسی ئەنجام بدرێ‌و زیاترو فراوانتر بێت ئەوا زیاتر نەخۆشی گوازراوە سێکسیەکان زیاتر بڵاوئەبنەوە، پێچەوانەکەشی راستە (هەتا کاری سێکسی کە کەمتر بێت بڵاوبونەوەی نەخۆشیش کەمتر دەبێت).

٤- نەخۆشی مۆنۆنیكلۆسسی گوازراوە (Infections Mononucleosis) باوەر وایە (واباوەر ئەكرێ) كە ئەم نەخۆشیە بەهۆی سێكسەوە بگوازرێتەوە، نەك لە رێگەی جوتبونەوە بەڵكو لە رێگەی ماچ كردنەوە كە ئەبێتە هۆی تێكەڵبوونی لیكەكان‌و گواستنەوەی لە دەمی نەخۆشەوە بۆ دەمی كەسی ساغ‌و (لەش ساغ)، نیشانەكانی ئەم نەخۆشیە بە نزیكی دووای دوو مانگ لە ئەنجامدانی كاری سێكسی دەردەكەون هەتا ئێستاش هیچ بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوەو تەواو نیە كە ئەمە نەخۆشی سێكسی بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە (سێكس) بڵاوبونەوەی زیاتر ئەكات (سێكس رۆڵی زیاتر بڵاوبونەوەی ئەگێرێ)، بۆیە حاڵەتەكان زیاتر ئەبن لە دوای ماوەیەك لە ئاهەنگەكانی سەری ساڵی هەموو ساڵێك.

٥- نەخۆشی رایتەر/ (Reiter Disease) هۆكارەكانی ئەم نەخۆشیە تا ئەمرۆش نەزانراون بەڵام بەسێ شكڵ‌و شێوە دەردەكەون، ئەوانیش (هەوكردنی بۆری میز (لە نێردا) (چوك)، هەوكردنی چاوەكان‌و هەوكردنی جومگەكان‌و، بڵاوترین شێوەیان بریتیە لە (لە هەوكردنی بۆڕی مین)و هەوكردنی جومگەكان)و، ئەم نەخۆشیە زیاتر توشی پیاوان دەبێت وەك لە ئافرەتان بەرێژەی (١-١٠)و تایبەتی توشی لاوان‌و گەنجانی نێر ئەبێت.

دوای هەفتەیەك لە توش بوون بەم نەخۆشیە، نەخۆش هەست بە داهێزرانی گشتی ئەكات، هەست بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما (تا) ئەكات، بەكەم بوونەوەو (دابەزینی كێش)، تا وای لێدێت وردە وردە نەخۆشیەكە ئەگۆرێ بۆ نەخۆشی درێژخایەن، (كۆئەندامی مین) بۆری میز هەوكردنەكەی زۆرو زیاد ئەكاتو ئەبێتە هۆی هەوكردنێكی توندو زۆر لە درژێن (لیكە رژێن)ی پرۆستات.

بەردەوام هۆو هۆكاری ئەم نەخۆشیە تا ئێستاش نادیارو نەزانراون، جاروبار كە وەك لە حاڵەتی دزینتاریا ئەچێتو زۆربەی حاڵەتەكان بەدوای یەكدانو پەیوەستن بە پەیوەندیو بە یەكگەیشتنی سێكسیەوەو، پەیوەندی نێوانیان بە تەواوی نەزانراوو نادیارە، واتە (پەیوەندی نەخۆشیەكەو بەیەكگەیشتنی سێكسی) تەواو نەزانراوەو زانراو نیە.

هەروەها دەرەنجامو ئاكامی ئەم نەخۆشیە زۆر خراپو مەترسیدارە، كە دەبێتە هۆی هەوكردنی درێژخایەنو تێكچونو گۆڕینی زۆرو، ئەم نەخۆشیە هەندێ جار دیار نامێنێو هەندێ جاریش دەردەكەوێتەوە لەگەڵ ئەو هەموو توێژینەوەو لێكۆڵینەوانەی كە لەسەر ئەم نەخۆشیە ئەكرێ، كە زۆر شت تا ئێستاش بەردەوام لای پسپۆڕانو شارەزایان

شاراوەنو نادیارن بۆیەو لەبەر ئەمە چارەسەریشی بەردەوام لەژێر دۆخی تاقیکردنەوەدایە.

٦- نەخۆشیە کەڕوەکان/ نەخۆشی کەڕوەکان (نەخۆشیە کەڕوییەکان) (FUNGAL INFECTIONS) .

لێرەدا کۆمەڵێك (هەندێ) لە نەخۆشیەکان کەڕوەکان توشی پێست دەبن بەشێوەیەکی گشتیو ناوچە شێدارەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، ناوچەکانی (ئەندامەکانی سێکس) زۆر گونجاون بۆ گەشەو نماو زۆر بوونیانو ئەم کەڕوانە زۆر جۆریان هەیە، بەڵام ئەوانەیان کە زۆر بوونیان هەیەو هەن لەم ناوچە شێدارانەی پێست بریتین لە (اپیدیرموفایتن Epidermophytons)و (ترایکوفایتن (Trichophytons) هیتر...و لەکاتی دەست لێدانو بەریەك کەوتنی جەستەیی، ئەم میکرۆبە دەگوازرێتەوە لە پێستی توش بووەوە بۆ پێستی کەسی بەرامبەری ساغو تووش نەبوو، بۆئەوەی لەسەر ئەو پێستە تازەیە دەست بکات بە گەشەو چالاکیو جمو جۆڵی خۆی کەبەمەش دەبێتەهۆی خورانێکی بێزارکەر بەتایبەتی لەشەودا،و شوێنەکە زۆر سور دەبێتەوە لەتاو زۆر خوراندنی، ئەوجا شوێنەکە (پێستی ئەو ناوچەیەی جەستە) بریندار دەبێتو دەروشێتو درزی بچوکی لێ پەیدا دەبێت، دواجار

**کەڕوەکان دەچنە ناو چینی دەرەوەی پێست لەوێ گەشە دەکەن و زۆر دەبن لەسەر ئەو پێستەی دەرەوە کە بریندار بووەو روشاوە، وردە وردە شوێنە توش بووەکە روبەرەکەی فراوانتر دەبێت بەشێوەی بازنەیی، لەگەڵ زۆر بوونی خورانیشدا، شوێنەکە زۆر گەورە دەبێت تا روبەرەکەی ئەگاتە چەند سانتیمەترێك لەسەر چوك و هێلکە گونەکان و بن رانەکان و، ئەم حاڵەتانە بەزۆری لە ناوچە گەرمەکان و نیمچە گەرمەکاندا زۆر هەن و، لەو نێوەندەو لەو چین و توێژەشدا زیاتر زۆر ئەبێت کە کاری سێکسی لەگەڵ کەسێك زیاتر ئەنجام ئەدەن.**

**٧- (نەخۆشیە مشەخۆرەیەکانی ریخۆڵە) (نەخۆشیە مشەخۆریە ریخۆڵەیەکان)**(Protozoal Diseases) .

**ئەم مشەخۆرانە ئاسایی لە ریخۆڵەی توش بوودا ئەژین، لە پیساییەکەیدا دێتە دەرەوەو هێلکەکانی دائەنێت، لەبەر ئەوە کرداری سێکسی نامۆو ناباو (نێربازی/ هەتیوبازی) ئەنجامدانی کاری (هەتیوبازی) نێربازی لە کۆمەوە، واتە پیس بوونی ئەندامی سێکسی ئەو کەسەی کە کاری سێکسی لە رێگەی کۆمەوە ئەنجام ئەدات و، لە دوای ئەوە ئەنجامدانی ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکیتر کە توش نەبووەو ساغە ئەم**

**مشەخۆرانەی بۆ دەگوازرێتەوە، زۆربەی ئەوانەش کە توش بوون ئەوانەن کە کاری سێکسی لە رێگەی دەمەوە ئەنجام ئەدەن چونکە ئەم مشەخۆرانە دەخۆن و قوتی ئەدەن وەك (ئەمیبا، جاردیار، هیتر..) ئەم مشەخۆرانەش دوبارە دەچنەوە ناو گەدەو لەوێشەوە بۆ ریخۆڵەکان بۆ ئەوەی سەر لە نوێ گەشەو نماو زۆر بووونیان دەست پێبکەنەوە دەرەنجام کەسەکە توشی نەخۆشیەکە دەبێت.**

# بەشی چوارەم

# نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان
# سزایی خوایی .... چۆن؟

# نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان
# سزای خوایی.... چۆن؟

خوای پەروەردگار کۆمەڵێك سیفاتی داناوەو دروست کردووە پێی بەخشیوە بەو میکرۆبانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشیە سێکسیەکان کە زۆر جیاوازن‌و جیایان دەکاتەوە لە سیفاتی بەکتریاکانی نەخۆشیە گوازراوەکانیتر، کە جیاوازن لە هەندێکیان‌و هیچ جۆرە لێك چونێك لە نێوانیاندا نییە نە لە شێوەو شکڵیان‌و نە لە چۆنیەتی ژیان‌و گەشەو نما زۆر بوونیان، ئەم بەکتریایەو ئەوە ڤایرۆسیە یان شتیتر، مەگەر تەنها رێگەی گواستنەوەیان بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە وەك یەك بن‌و لەیك بچن، هەروەها ئەم نەخۆشیانەش بەوە جیادەکرێنەوە کە کۆمەڵێك سیفاتیان هەیە شیاون بە سزای توند، کە تاك‌و کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی بە هیلاکا ببات‌و لەناویان بەرێت.

ئەو سیفاتانەی کە ئەم نەخۆشیانەو میکرۆبەکانیان جیائەکاتەوە جیاوازن لە نەخۆشیە گوازراوەکانیتر وایان لێ کردوەکە سزایەکی بە ئێش‌و ئازار بێت بۆ خاوەنەکانیان بریتین لە:

## یەکەم/

**مەناعەی (بەرگری ) سروشتی:**

**ئەگەر هاتوو مرۆڤ تووش بوو بەنەخۆشیەکی (میکرۆبی) وەك سورێژە یان ئاوڵە بۆ نمونە:**

**لە لەشی ئەم کەسەدا دژەتەنی سروشتی دروست دەبێت بەتایبەتی** (Anti bodies) **دژی هۆکارەکانی ئەم نەخۆشیە کە یارمەتی چاك بوونەوەی کەسەکە ئەدات‌و دەیپارێزێت لە دوبارە بوونەوەی توش بوون بەم نەخۆشیە ،بەڵام لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکاندا کارەکە تەواو جیاوازو پێچەوانەیە، لەشی کەسی توش بوو هیچ جمو جوڵێکی نییەو وەستاوەو، هیچ یارمەتی دەرێك نیە بۆ چاك بونەوەو هیچ پارێزەرێکیش نیە بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشی دوبارە توشی کەسەکە نەبێتەوە، لەبەرئەوە بێ بەشە لە دروست کردن‌و دەرکردنی دژەتەنە سروشتیەکان دژی ڤایرۆس‌و تەنە نامۆکان** (Protective anti bodies)، **بۆیە دەست بەجێ دوبارە نەخۆشەکە توشی ئەم نەخۆشیە دەبێتەوە دوای کۆتای لەتوش بوونی یەکەم، (واتە هێشتر تەواو چاك نەبوەتەوە دووبارە توشی دەبێتەوە) بەتایبەتی لە نەخۆشی (سفلس‌و سیلان)دا بەو جۆرە خاڵی ئەبێت لە هێزی سروشتی جەستەیی، کە خوای گەورە**

دروستی کردبوو دایناوبوو تیایدا بۆ پارێزگاری و بەرگری کردن لەهەر تەنێکی نامۆو نەخۆشی و ڤایرۆسێك، کاتێ کە لە فترەت و سروشتی خۆی دەرچوو لایداو لەرێگەی شەرعی یەوە پێداویستی و ئارەزووە سێکسیەکانی جێبەجێ نەکردوو

﴿ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾ غافر: ٨٥

﴿ ٱسۡتِكۡبَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَكۡرَ ٱلسَّيِّيِٕۚ وَلَا يَحِيقُ ٱلۡمَكۡرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهۡلِهِۦۚ فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلۡأَوَّلِينَۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا ﴾ فاطر: ٤٣

**دووەم/**

**ناوەندو رێگەی گواستنەوە:**

میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان تەنها مرۆڤ تووش دەکەن (توشی مرۆڤ ئەبن بەتەنها) بەشێوەیەکی گشتی ناژی تەنها لەسەر مرۆڤ نەبێت، لەسەر ئاژەڵ ناژیت، لەبەر ئەمە توشی هیچ نەخۆشیەکی ناکات وەك بەکتریاکانیتر کە لەسەر ئاژەڵێش ئەژین و توشیان دەکەن هەروەها ناگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ تەنها بە یەك رێگە نەبێت ئەویش رێگەی سێکسە، لەهەمان کاتدا بەکتریاکانیتر لەسەر ئاژەڵ ئەژین وەك میکرۆبی (سیل) بۆنمونە کە توشی نەخۆشی سیلی ئەکات، و ئەم

میکرۆبە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ بەتایبەتی لەرێگەی شیر یان هەوا یان شتیتر، هەروەها میکرۆبیتری گوازراوە بێجگە میکرۆبە سێکسیەکان، بەجۆرەها رێگە ئەگەنە مرۆڤو لەسەری ئەژینو زۆر ئەبن هەروەك چۆن لەسەر ئاژەڵ ئەژین، لەهەمان کاتدا ڤایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان ناگەنە مرۆڤ تەنها لەرێگەی سێکسەوە نەبێت...

هەروەها میکرۆبی نەخۆشیەکانیتر وەك (دفتیریاو کۆلیراو تیفۆئید (گرانەتا)و ئینفلونزا) بۆ نمونە، ئەکرێو دەگونجێت لەدەرەوەی لەش بژین دواتر بگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ لەگەڵ ئاوهەواو خواردن، کەچی لەهەمان کاتدا ڤایرۆسەکانی نەخۆشیە گوازراوەکان ناتوانن لەدەرەوەی لەشی مرۆڤ بژین، کە تەنهاو تەنها لەسەر مرۆڤو لە ناو مرۆڤدا ئەتوانن بژین، هەرچوونە دەرەوەی لەشی مرۆڤ بە ماوەیەکی زۆر کەم لەناو دەچنو ئەمرن، چونکە بەڕاستی زۆر هەستیارن بۆ وشك بوونەوەو گۆڕینی پلەی گەرمی یان ئەو شوێنەی کە ئاسایی تێدا دەژین، هەروەها ئەم ڤایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیانە بەهۆی ئاو خواردن ناگوازرێتەوە وەك ڤایرۆسیتر بەڵکو تەنها بەپەیوەندی گەیشتنی راستەوخۆی سێکسیەوە دەگوازرێتەوە وەك زیناو نێربازی یان هەر هۆکارێکیتر کەبەرەو ئەوانەیان بەرێن وەك ماچ کردن.

هەروەها پرۆفیسۆر (دیرك جۆنز) پسپۆری نەخۆشیە سێکسیەکان، باس لەوەئەکاتو دەڵێ لەوانەیە ڤایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بگوازرێتەوە بەرێگەیتری سێکسی یان پێشەکیەکانی، کارێکە قبوڵی خورافات ناکات،نە بەکارهێنانی دەستە سڕوکلێنسو نە شتیتر بیگوازنەوە، نەخێر نایگوازنەوە،و (٩٩٪)ی توشبوان تەنها بەهۆی سێکسەوە بووە،و لەبەر ئەوەی عەقڵو ژیری سەنگی مەحەکە پەیوەستە بە راسپاردن وداواکردنو داواکاریەوە، بۆیە خوای پەروەردگاری لە ئاژەڵەکان (ئاژەڵان) بوراوەو خۆش بووە لە هەڵسو کەوتیان، بۆیە توشی نەخۆشی گوازراوە سێکسیەکان نابن لەگەڵ ئەو هەموو ئارەزووە سێکسیەکەی هەیانە، لەهەمان کاتدا خوای گەورە مرۆڤی تایبەتمەند کردووە بە ژیریو عەقڵی پێ بەخشیوەو فەزڵو گەورەیی داوە بەسەر زۆرێك لە دروست کراوەکانیدا، بەڵام هەرکات لایدا لەکارو فەرمانەکانی خوای گەورەو لایدا لە فیترەتو سروشت خۆی تاك کردەوەو بەگوێی خودای نەکردو تەنها بەگوێی هەواو ئارەزوی خۆی کرد، هەواو ئارەزوەکانی زاڵ کرد بەسەر ژیریو عەقڵیدا، (ولقد کرمنا بنی ادم وحملناهم... وفضلنا علی کثیر ممن خلقنا تفضیلا) ألاسرا٘ /٧٠

<u>سێهەم/</u>

ڤایرۆسی زوهری لەڕودا وەستانو بەربرەکانێ ی زانایان دەکات لە جیهاندا( تەحەدای زانایانی جیهان ئەکات):

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و زانست و تەکنەلۆژیادا، ئەتوانرێ زانین و ناساندنی زۆرێك لە میکرۆبەکان کە دەبنە هۆی زۆرێك لە نەخۆشی گوازراوەکان، کە ئەتوانرێ جیابکرێنەوەو پیشەسازیانە بچێنرێن لە تاقیگەکانداو تویژینەوەو خوێندنەوەی زۆر وردیان لەسەر بکرێت لەسەر سیفاتیان و زۆر بوونیان و سوڕی ژیانیان بارودۆخی گونجاوو هاوکار بۆ زۆر بوونیان و کاریگەری دەرمان لەسەریان و چەندێتی و چۆنیەتی زۆر شتیتریش، بەڵام ڤایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان وەك ڤایرۆسی (بالوکەی سێکسی) بۆنمونە، کە نایەتە ژێر بارو (خۆی نادات بەدەستەوە) راست نابێـەوە لە چاندن و خوێندنەوەو تویژینەوەیدا، بۆیە زۆر هیچی لێ نازانرێ تەنها سوێندێکی سوك و ئاسان نەبێت،و ئەم ڤایرۆسی زوهری یە بۆ نمونە لەڕودا وەستان وبەربرەکانێ ی زانایانی میکۆبی کردوە لە هەموو شوێنێك کەیەکێکیان توانیبێتی بیچێنێ و خوێندنەوەو تویژینەوەی لەسەر بکات وەك بەکتریاکان کە تویژینەوەو خوێندنەوەیان بۆ کراوە لەلایەن زانایانەوە، بەڵام ڤایرۆسی زوهری تەحەدایان ئەکات کە بتوان شتی ئاوای لەسەر بکەن،و بتوانن کە هەڵس و کەوتی دەرمانی لەسەر بکەن بە رێگەیەك و بەشێوەیەکی باشتر لەم رێگەیەی کە ئێستە لەسەرینی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەمێکە دۆزراوەتەوە کە گەورەترین جۆری بەکتریاشە لە قەبارەدا کەچی ناتوانرێ هیچی لەگەڵدا بکرێت.

ئەم ئاڵۆزیەی ئەم جۆرە ڤایرۆسانە خۆیان پێ حەشارداوەو خۆیان پێ شاردوەتەوە تەنها ئەمانەن وا دەکەن ئەم جۆرە ڤایرۆسانەن کەزانایان دەسەوسانن لە چارەسەر کردنیاندا، هەموو ئەم ئاڵۆزیە چارەسەر نەبوون‌و هەتا دێت زیاد دەکات بەهۆی بڵاوبونەوەی لەش فرۆش‌وبەد رەوشتی‌و زیناکارو نێربازی‌و هەڵوەشانی رەوشت‌و بەرەڵایی‌و (أباحیه) ئاژاوەی سێکسی، کە مرۆڤەکانی ئەم سەدەیە تیایدا ئەژین.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم جۆرە لە میکرۆب بەتەنها ئەو نەك میکرۆبەکانیتر؟

چونکە سزایەکی خواییە ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴾ الفتح: ٤

﴿ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴾ المدثر: ٣١

## چوارەم/

**(تایبەتمەندێتی توانا):**

**میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بەتایبەتمەندیەك چێژ وەردەگرێ (تمتع) جیادەکرێتەوە، کە میکرۆبەکانیتر پێ ناگەن و ئەو چێژ وەرگرتنەی جیاوازە ناوازەی ئەویان نیە، بۆ نمونە میکرۆبی زوهری شێوەی لول پێچ (لولبیە)ی دووسەری تیژی هەیەو توانایەکی سەرسورهێنەری هەیە لەسەر برین و کون کردنی پێستی ئەندامی سێکسی و لێوەکان (شفاه) بۆ ئەوەی لێیەوە بچێتە ناوەوەو ژورەوە توشی نەخۆشی زوهری بکات، وێنەی ژمارە (٢٠)**






**وێنەی ژمارە (٢٠) میکرۆبی زوهری لول پێچی)**

لەهەمان کاتدا شێوەی پێستی ساغو تەندروست ڕێگرو بەرگرێکی سروشتیەوە جەستە دەپارێزێت لە جراپیمەکانیتر کە لە سەرینی یان کەوتونەتە سەر بەهۆی تەپو تۆزەوە، جەستەو لەش مادەیەکی چەوری تێدایە کە هاوکاریو یارمەتی دەرە لەسەر کوشتنیو چونە ژورەوەو چونە ناوەوەی ئەم میکرۆبانە بۆ ناو جەستەو لەش، لەبەر ئەمە بەشێوەیەکیترو لەرێگەیترەوە ئەچێتە لەشەوە بۆ سیەکان لەگەڵ هەواداو، و بۆ گەدەو ریخۆڵەکان لەگەڵ ئاو خواردندا، و ئەم کۆسپو رێگرانە تەواو سروشتین لەبەردەم میکرۆبی زوهریدا بەتایبەت ئەگەر روشاویو برینداریەکی زۆر بچوك هەبێت کەبەچاوی ئاسایی نابینرێ، لێوەی دەچێتە ژورەوە (ناوەوە) دەست دەکات بەکاری خۆ ئامادەکردن بۆ سەر لێشێواندنو سەرلێتێکدانی هێزەکانی جیهازی مناعە (کۆئەندامی بەرگری)، ئەویش بەخۆداپۆشینی ماددەیەك لەجەستەی توشبوەکە خۆی، جیهازی مناعە توانای ناسینەوەو جیاکردنەوەی نابێت کە ماددەیەکی نامۆ دزەی کردبێتو هاتبێتە ناو جەستە بەجۆرێك خۆی وا لێ دەکات کە وەك خانەکانیتری جەستەدا بێتو تا جیهازی مناعە هەستو دەرکی پێنەکاتو زەفەری پێبداتو بیکوژێت، چونکە

لەبەردەم جیهازی مناعە نابینرێ تەنها توێژێك (تویكێك)ی دەرەوەی میكرۆبەكە نەبێت، كە خۆی پێ پێچاندوەو خۆی تیا حەشارداوە (كەئەم توێژەش لەجەستەی مرۆڤەكەیەو) تەنی نامۆ نیە تا جیهازی مناعە هەست پێبكات، بۆكاری خۆی دەست پێدەكات لەكەش‌و هەوایەكی دور لە تەنگەلای‌و كێشمەكێش‌و راكردن‌و خۆحەشاردان، وردە وردە دەست ئەكات بەنەش‌و نماو زۆر بوون، دەست دەكات بە كارە سەرەكیەكەی كەبۆی هاتووە، دەست دەكات بە زۆر بوون‌و زیاد بوون تا بەمەلاین میكرۆبی وەك خۆی دروست دەكات‌و ئەگات بەهەموو شوێنێكی جەستە بەهۆی سوڕی خوێنەوە.

**پێنجەم/**

**جووتی و دوانەیی(چەندینەیی):**

ئەنجامدانی كاری سێكسی لەگەڵ بەرامبەردا ئەگەر تەنها یەك جاریش بێت، لەوانەیە ببێتە هۆی توش بوون بەنەخۆشی، نەك تەنها بەیەك جۆر نەخۆشی، بەڵكو بەهەندێك (كۆمەڵێك، چەند) نەخۆشیەك كە دەگاتە (٥) پێنج جۆر نەخۆشی تەنها بەیەك جار ئەنجامدانی كاری سێكسی لەگەڵ بەرامبەرەكەیدا، هەروەها دكتۆر (مورتن) پسپۆری نەخۆشیە سێكسیەكان باس لەوە دەكات كە (٣/١) كە سێ یەكی ژنانی

توش بوو بەنەخۆشی سیلان، لەهەمان کاتدا ئەنالێنن‌و هیلاك‌و سکالآیان لە نەخۆشی (تراکومونیاسیس) بەو (١٠٥) نەخۆش لە (٢٢٥) نەخۆش کە توشی نەخۆشی ئەسپێی دەوروبەری کۆئەندامی زاوزێ بوون، ئەوانیش ئەنالێنن بەدەست نەخۆشیە سێکسیەکانیتری وەك زوهری‌و سیلان‌و بالوکەو گەڕی‌و کاندویاسیس‌و تراکۆمونیاسیس‌و هەوکردنی جۆراو جۆری چوك‌و (بۆری میز).

هەروەها دکتۆر (مورتن) دوبارە باس لەوە دەکات کە (٥) لە نەخۆشیە سێکسیەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە کەهەموویان لەیەك نەخۆشیدا کۆببنەوە، بۆیە ئاسایی هەرهەموو جۆرە نەخۆشیەکان لەگەڵ هەموو پەیوەندیەك‌و بەیەك گەیشتنێکی سێکسی دەگوازرێنەوە بۆلایەنی بەرامبەر هەروەها ئەمە بازنەو زنجیرەیەکی گەیەنەرو گەیشتووە لە بەڵاو ئازاو ئەشکەنجە، ئەوەی پێشوو ئەیگەیێنێتە ئەوەی دوای خۆی، مادام لە فەوزای سێکسیدا دەژین‌و هەڵس‌و کەوتی سێکسی لەگەڵ یەکتردا ئەکەن، بۆیە پێویستە ئێمە جەخت بکەینەوە دڵنیابین کە زۆر پێویستە توش بووی نەخۆشیە سێکسیەکان مل کەچ‌و هاوکار بێت بۆ چاودێری پزیشکی بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (٣مانگ) بۆ دڵنیا بوونەوە لە سەلامەتی لە نەخۆشیە

سێكسیەكانیتر، هەروەها پێویستە دڵنیابین و جەخت بكەینەوە لە پێویست بوون بەدەست خستن و پەیدا كردنی ئەو ناوانەو شوێن و ناونیشانیان كە ئەم نەخۆشە پەیوەندی و كاری سێكسی لەگەڵدا ئەنجام داون و تاوەكو چارەسەری ئەوانیش بكرێت و چارەیان بۆ دابنرێت. ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى ﴾ طه: ١٢٤

چ هەژاری و نەداری و كوللەمەرگی یەكی دنیایی ئەگات بەم هەژاری و نەداریەی كە مرۆڤ پێوەی ئەتلێتەوەو ئەناڵێنێ، كاتێك هەواو ئارەزووەكانی زاڵبون بەسەریدا ئیتر بەیەك جار ئەبێتە قوربانی كۆمەڵێك (هەندێ) لە نەخۆشیە سێكسیەكان، كە پێوەیان ئەتلێتەوەو ئەشكەنجەو ئازارو سزا دەچێژێت، ئەبێ ئەمە تەنها سزایەكی خوایی بێت، سزایەك و هەژاری و نەداریەی یەك بێت بۆلایەنی بەرپرسی چاودێری تەندروستی.

**شەشەم/**

**سەرەنجام و پاشەڕۆژ:**

ئەگەری زۆر هەیە كە ئەوانەی توشی میكرۆبی نەخۆشی گوازراوەكان ئەبن زۆر دوور نیە كە نەخۆش بمرێت یان ئەندامی توش بووی جەستەی ببڕێتەوەو لابیرێت، ئەگەر لەدوای ئەوەی كە هەوڵ و كۆشش دراو هەموو رێگە ئاساییەكانی چارەسەر كردن

گیرانه بەر یان رێگەی چارەسەر کردن بەتیشك، هیچ ئەنجامێکی نەبوو ئەمجا پەنا ئەبرێتەبەر بڕین‌و لابردنی ئەندامی تووش بووی جەستەی نەخۆش.

بەڵام لەنەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکاندا، دوای ئەوەی میکرۆبەکانی گەیشتنە قوڵایی کۆئەندامی زاوزێی تووش بوو، هەوکردنەکە بویە درێژخایەن، ئەوا ئەبێتە هۆی (نەزۆرکی بەردەوام) تا کۆتایی تەمەن.

بۆیە لەم جێگەو رێ‌و شوێنەدا دکتۆر (سمیث) دەڵێ، نەخۆشی سیلان بۆتە یەکێك لە گرنگترین‌و زۆرترین نەخۆشی کە ئەبێتەهۆی نەزۆکی لە نێرو مێدا وەك یەك(لە پیاوان‌و لە ئافرەتان بەرێژەیەکی وەك یەك)

کە پرۆفیسۆر (سومرز) ناوەناوەو(جارجارە) پێی دەڵێ نەزۆکی گەورە (عقم الاكبر)، هەروەها دکتۆر (کاتیرال) پسپۆری نەخۆشیە سێکسیەکان باس لەوە ئەکات ئەڵێ کە هەوکردنی بۆری میز کە هۆکاری چەندین جۆر میکرۆبی زۆرن دەگوازرێنەوە بەهۆی سێکسەوە لە رێگەی پەیوەندی سێکسیەوە ئەبنەهۆی نەزۆکی، سزای نەزۆکی کە ئیتر دوای ئەمە سزایەکیترنیە، چونکە بەڕاستی لە چەشنی کارەکەیە، (هۆکاری کارەکەیە بۆیە نەزۆکی بەرهەم هێناوە) (پاداشتێکی رێك‌و پێك‌و تەواو پڕبە بەری خۆیانە)، هیچ ئاسەواروشوێنەوارێکی (کاریگەری) دەرونی کەس نایزانێ مەگەر ئەو کەسانەی لەگەڵیداو کەتیایدا ژیابن، یان ئەو کەسانەی (پزیشك)

که چارەسەری ئەوانە ئەکەن کە سکاڵایان هەیەو بۆی ئەگرین، قەدرو بەهای مناڵ بوون ئەزانن چەندە گرنگە، چونکە بەراستی غەریزەیەکی فیتریو سروشتیە لە مرۆڤدا بۆ پاریزگاری جۆری مرۆڤایەتی، هەروەها لەگەڵیشیدا غەریزەی خوش ویستنی مناڵو کۆرپە، ئەگەر هاتوو مرۆڤی لێ بێبەشکراو مەحروم کرا ئەوا هێواو ئاواتەکانیش (خاب)خاپورو روخاو وێران ئەبنو، لایشی روونە ئیتر کە کەسی لێوە زیاد ناکات ، ئەوا بەرەو نەمانو تیا چوون ئەرواتو بونی نامێنێت ، کەئەمە بەڕاستی برینێکی قوڵو جەرگ بڕو شپرزەو شڵەژاوو بە ئازارە، کەلێی جیا نابێتەوە ئەم بێ هێواییو بێ وەچەیی یە هەرچەندە لەبیری خۆیشی بەرێتەوە یان خۆی لێ دەربازو قوتارو خۆی لێ گێل بکات بۆیە بەڕاستی ئەم غەریزە فتریو سروشتیەی مرۆڤ هەمیشە لە ناخیدا داوای دەکات، هەندێ جاریش تایبەتیتری ئەکاتەوەو داوای مناڵ (کوڕ) ئەکات ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ ﴾ آل عمران: ١٤

﴿ الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴾ الكهف: ٤٦

## حەوتەم/

**خۆپاراستن و کوتان(بەرگەگری و قایمکاری و پتەوکردن):**

**زۆربەی نەخۆشیە میکرۆبیەکان ئەتوانن و توانایان هەیە کوتان یان ڤاکسین (vaccines)ی باشیان بۆ ئامادە بکەین و هاوکارو یارمەتیدەری مرۆڤ بن لە خراپەو نەهامەتیەکان بیپارێزن، بۆ نمونە لێرەدا کوتانەکان هەن دژی (دفتریاو کۆکە رەشەو سیل و شەلەلی منالان و ئاوڵەو سورێژە، هیتر...) ئەم کوتانانە ئەگەر بەشێوەیەکی بەرنامە رێژی رێكوپێك لەکات و ساتی گونجاو بەرێگەیەکی تەندروست وەربگیرێن، هاوکارو یارمەتیدەری بەرگریە سروشتیەکانی لەشی مرۆڤ ئەبن و، بەهێزیان دەکەن دژی هەر میکرۆبێك کە بچێتە لەشەوە لەهەمان کاتیشدا یارمەتیدەر ئەبن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو (میکرۆب)انە نامۆیە کە چووەتە لەشەوە، هەروەها (مەصلەکانیش) ئامادەکراون (ئامادە دەکرێن)، کە بەهێزن و چاکن و یارمەتی جەستەی مرۆڤ ئەدەن بۆ رزگار بوونی لەم جۆرە میکرۆبانە، ئەگەر بوونە هۆی توش بوونی نەخۆشی.**

**بەڵام لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکاندا بارودۆخەکە تەواو جیاوازە، پزیشکی (طب) بەرامبەر ئەم جۆرە نەخۆشیە وەستاوە دەست بەدامان (دەست لەسەر ئەژنۆ، دەست**

هەڵگەراو (مكتوف اليدين) دەسەوسانە بەرامبەر ئەم نەخۆشیە) كە لە هەموو ساتەوەختێكدا زۆر زیاد ئەكات، میكرۆبەكانی نەخۆشیە گوازراوەكان زایەندیەكان، بە تەنها میكرۆبێكن كە پزیشكی نەیتوانیوە كوتانو مەصڵی داپۆشەرو پارێزەرو دژی بۆ ئامادە بكاتو هەركات زانایان هەوڵیان دابێت، تاقی كردنەوەو (توێژینەوەیان كردبێت، دەرەنجام سەركەوتوو نەبوون لە تاقیكردنەوەكانیاندا)

وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾ الجاثية: ٢٢

* مطاعیم/ كوتانەكان/ بریتیە لە میكرۆبی نەخۆشیەكە بە كوژراوی یان بەزیندووی یان هەندێ لە ژەهرەكەی بە رونكراوەیی بە جۆرێك كە دەبێتە هۆی توش بوونی مرۆڤ بە نەخۆشیەكە، بەڵام بوونی لە جەستەدا ئەبێتە هۆی ئاگاداكردنەوەو راهێنانی كۆئەندامی بەرگریە سروشتیەكان كە لە جەستەدا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ و توانای ئەوەی هەبێت ببێتە رێگر بۆ هەر چونە ژورەوەیەكی (میكرۆب)انەو بەكتریای نەخۆشی بەخێراییەكی زۆر پێویست چاوەڕوان كراو.

* مەصلەكان/ دژەتەنی سروشتی ئامادەكراون ئەدرێ بەو نەخۆشەی كە جەستەی توانای ئەوەی نیە خۆی ئامادە بكات بۆ بەرگری كردن لە جەستەو نەفسی خۆی، یان لە كاتی

هەندێ حاڵەتدا کە نەخۆشەکە تووش بووە بە هەندێ نەخۆشیتر کە ژەهر زۆر بەهێز ئەرێژنە جەستەوە بێجگە لەوە کە ئایا توانای جەستەی توش بووەکە چەندە لەسەر دروست کردون بەرهەم هێنانی دژەتەنی سروشتی، بۆیە پێویستە ئەم جۆرە (مصل)انەی بدرێتێ بۆ رزگار کردنی ژیانی نەخۆشەکە.

هەروەها دکتۆر (دیرك جونز) باس لەوە دەکات‌و دەڵێ بەڕاستی شەرمەزاری‌و عارە بۆ مرۆڤ کە زیاتر لە (خەرج ١٥٠) سەدو پەنجا بلیۆن دۆلار بکات‌و بیدات بۆ ئەوەی لەسەر رووی مانگ بنیشێتەوە بۆ ئەوەی رەتلێك (واتە پاوەند/ کە کێشێکی ئینگلیزیە کە ئەکاتە ٤٥٦ گرام) لە بەرد ئامادە بکات‌و تاقی کردنەوەیان لەسەر بکات، کەچی بەرامبەر میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، شکست‌و روخاو دەسەوسان بێت، کە هەمو ساڵێك بە مل لەخەڵك توش ئەکەن‌و ئەکوژن.

هەروەها دکتۆر (کنوکس) لە وەزارەتی تەندروستی ئەمریکی دەڵێ، ئەبێت‌و پێویستە بڕێك‌و رێژەیەك دارایی‌و یۆنان پارەو بودجەیەکی زۆر گەورە هەبێت بۆ خەرج کردن لە بواری توێژینەوەو باس‌و لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم نەخۆشیانە، سا بەڵکو سەرکەوتوبن لە ئامادەکردنی چارەسەرێك بۆ کەم کردنەوەی ئێش‌و ئازارەکان‌و غەمەکانی وەچەکانی مرۆڤایەتی.

## هەشتەم/

نەخۆشیە سێکسییەکان:

نەخۆشیە سێکسیەکان بە تایبەت نەخۆشی زوهری، ئەبێتە هۆی حاڵەتی لەبار بردنی دووبارەو بەردەوام لەو کەسانەی کە توشی بوون، ئافرەتی توش بوو بەم نەخۆشیە (زوهری) کۆرپەکەی (کۆرپەی یەکەمی) لە مانگی (٥) پێنجەمی یەکەم سکیدا دوای ئەوە کۆرپەی دووەمیش بە مردووی دێت لە مانگی هەشتەمی دووەم سکیدا، هەروەها ئا بەو شێوەیە لەباربردنو لەبارچوون بەردەوام ئەبێت تا سك بوونی حەوتەمی، دوایی بەدرێژی دێینە سەر باسکردنو، کرداری لەبارچوون کاریگەری زۆر خراپو نادروست بەجێ دەهێڵێ (لەلای) لەسەر ئافرەت لە رووی تەندروستیو دەرونیەوە بەتایبەت ئەگەر لەبارچوونەکە گەیشتە مانگی کۆتایی لەسك پڕی، لەڕووی تەندروستیەوە زیاد لەوەش کە خوێنێکی زۆری لێ دەڕوات لە کاتی لەبارچوونەکەدا بەو هۆیەوە ئافرەت توشی ماکەکانی نەخۆشی دێت لەو کاتی کرداری لەبارچوونەدا.

هەروەها لە رووی دەرونیشەوە زۆر گرانو قورسە هەر ئاوا گاڵتە نیە دایکێك چەند جارێكو لە کۆتایی مانگەکانی مناڵ بونیدا سکەکەی دانێ کە خوا دەزانێ بە چەند نارەحەتیو

بەئێش‌و ئازار تا گەیشتوەتە بەرهەم‌و دواتر بێ بەرهەم‌و رەنج بەخەسارو بەدەست بەتاڵ، ئەمە زۆر خراپ‌و گران ئەکەوێ لەسەر دایك. ﴿ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴾ الطلاق: ٩

**نۆهەم/**

**کارێکی سروشتیە کە میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوەکان لە کەسێکەوە (مرۆڤ) بۆ کەسێکیتر بگوازێتەوەو ببێتە هۆی هەمان نەخۆشی کە کەسە تووشبووەکە بویەتی، بەڵام میکرۆبی نەخۆشی گوازراوە سێکسیەکان، کاریگەری‌و شوێنەواری خراپی تووشبووەکە دەگوازرێتەوە بۆ کەسانیتر بێجگە لە خۆی، بۆ نمونە ئافرەتێکی تووش بوو بە نەخۆشی (زهری)، ئەم نەخۆشیە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانی لە کاتی کۆرپەلەو سکپڕیدا (Congenital) یان لە کاتی منداڵبوونیدا بۆی دەگوازرێتەوە، کە ئەوەندەیتر ئازارو سزاکان زیاد ئەبن لە دەرونی دایکەکەداو، بەو کەسەشەوە کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئەکات‌و ئەو کۆرپەلەیەش کە لەو دایکە لەدایك ئەبێت، (کە ئەو کۆرپانە چ تاوانێکیان هەیە کە دایکیان تووش بووە بە نەخۆشی کەچی ئەمانیش بەهۆیەوە توش ئەبن) بەڕاستی ئازارێکی جەرگ بڕە خۆت بە دەست خۆت کۆرپەکەت توشی ئەم نەخۆشیە بکەیت.**

لەم بوارەشدا دکتۆر (کادت رایت) ئاماژە بەوە دەدات لە کتێبەکەیدا (الامراض والتاریخ) (نەخۆشیەکان‌و مێژوو) کە سکپڕی (سك بوون)ی یەکەم بۆ ئەم تووش بووە لە مانگی (٥)ی سکپڕیدا بە مردووی لە باردەچێت‌و، دووەم سکی لە مانگی (٨) هەشتەمی سکپڕیدا بە مردووی لەبار دەچێت، سێهەم بەزیندوی لە دایك دەبێت بەڵام تووش بووە بە نەخۆشی زوهری، زۆر نەئەژیا ماوەیەکی کەمی ئەبردو ئەمرد سەیری وێنەی ژمارە (١٤) بکە .

چوارەمیش لەدایك دەبێت بەڵام نیشانەی نەخۆشی زوهری لەسەرە دەردەکەوێ‌و دیارن دوای چەند هەفتەیەك لەدوای لەدایك بوونی نیشانەی نەخۆشی زوهری لەسەر دەردەکەوێت‌و دیاری ئەبێ.

پێنجەمیش لەدایك دەبێت بەزیندویی‌و جەستەی سروشتی هەیەو بەڵام چەند ساڵێك دوای لەدایك بونی نیشانەی نەخۆشیەکەی لەسەر دیارو دەرئەکەوێ.

هەروەها شەشەمیش لەدایك دەبێت بەزیندویی‌و جەستەیی سروشتی هەیەو بەڵام لە تەمەنی هەرزەکاریدا نیشانەی نەخۆشیەکەی لەسەر دیارو دەرئەکەوێ، حەوتەم سکیش بەزیندوی لەدایك ئەبێ‌و لەشێکی تەندروست‌و پێکهاتەیەکی لەشی باشی ئەبێت، هیچ نیشانەیەکی لەسەر دیارو دەرناکەوێت بەدرێژایی ژیانی مەگەر رێگەو رێچکەی باوك‌و دایکی بگرێت، خۆی شێت‌و سەرگەردان بکات، بەڵام ئافرەتێکی تووش بوو بە

نەخۆشی سیلان لەوانەیەو ئەگەری ئەوەی هەیە کە میکرۆبەکانی ئەم نەخۆشیە لەبن‌و قولاّی کۆئەندامی زاوزێ هێلانە بکات وگەرا دابنێ بۆی هەیە کۆرپەکە (لەدایك بووەکە) چاوەکانی پیس بکات، ببێتە هۆی دروست بوونی هەوکردنێکی زۆری چاوەکانی کۆرپەلە لەدایك بووەکە، دواجار ئەبێتە هۆی لەدەستدانی چاوەکانی‌و کوێر دەبێت‌و چاوەکانی لەدەست دەدات بۆ هەتاهەتایی، ماوەی ژیانی بەم شێوەیەو بەم جۆرەیە، کاریگەری‌و شوێنەوارە خراپەکانی ئەم نەخۆشیە سێکسیە، تووش بووەکە دەیگوازێتەوە بۆ کەسانیتر بێجگە لەخۆی (غەیری خۆی) چ سزایەك لەمە گران‌و نارِەحەت‌و قورسترە لەسەر دایك کە بەهۆیەوە کۆرپەکانی لەدەست بدات‌و یان بە تێکچونی ئەندامەکانیان (چاو) کوێر بونیانی بیان بینێ کە هیچ گوناهو تاوانێکیان نیە، ئەو کۆرپانە چ ئازارێك بەقەد ئەمە سەختە، کە دایکەکە هەموو بەیانیەك‌و هەموو ئێوارەیەك سزای تاوانەکەی ئەبینێ ﴿ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّىٰ يَأْتِىَ وَعْدُ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴾ الرعد: ٣١

**دەیەم/**

سزا جەستەیەکانی کە شیاوو شایانی ئەوەن کە راستەوخۆ مرۆڤ بکوژن، ئەوە کەمترین ئەشکەنجەو ئازارو سزایەکە بۆ جەستەو دەرونی خۆی کە ئەیان چێژی پێش ئەوەی بیکوژن،

هەستی بە تەواوەتی لەدەست بداتو نەمێنیو بە مردن کۆتایی بەخۆی بێنیّ، نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لەم جۆرانەن.. کە ئازارو ئەشکەنجەو نارەحەتی زۆر دروست ئەکەن بۆ خانەوادەکانیان (توش بووەکان) پێش ئەوەی ببێتە هۆی مردنیان.. مردنەکەیان زۆر لەسەرخۆیە بەهەزار جار لە مردنیتر، بەشێوەیەکی گشتی ئەم نەخۆشیانە بەوە (وەصف) دەکرێن، کە بەڕاستی بە ئازارو ئەشکەنجەن لە مردنەکەیان (مردنیان باشترە تا لەو ئازارو سزایەدابن)، دوای ئەوەی مرۆڤ توشی ئەم نەخۆشیە گوازراوە بوو، هیچ نیشانەیەکی راستەوخۆو خێرای لەسەر دەر ناکەویّ تاوەکو دەرکی پێبکرێتو بزانریّ مەترسیدارو ترسناکە، بەم جۆرە نەخۆش هەست بە نەخۆشیەکەی ناکات تا دوای تێپەڕبوونی کات.

نیشانەکانی نەخۆشی زوهری بۆ نمونە، دوای مانگێك بۆ دوو مانگ (١-٢) مانگ لە دوای توش بوونەوە دەردەکەویّ بەم ماوەیە (٢ مانگ) میکرۆبی نەخۆشیەکە ژمارەیان گەیشتوەتە دەیان ملیۆنو، نەخۆشیەکە چەند قۆناغێکی دیاریکراوی بڕیوە بووەتە (گوازراوە) بۆ ماوەیەکی درێژ کە دەگاتە ٥ ساڵ، دوای ئەوە نەخۆشیەکە هەندیّ جارو هەندیّ کات دەردەکەویو هەندیّ کاتیش دیار نامێنێت، نەخۆش وا گومان

ئەبات کە چاك بوەتەوە، بۆیە نەخۆش هیچ هیوایەکی بۆ نامێنێتەوە (تەواو بێ هیوا دەبێت) چونکە نەخۆشیەکە سەر لەنوێ بەتازەیی و دوبارە دەبێتەوە هەڵدەداتەوەو نیشانەکانی دووبارە دەردەکەونەوەو، ئەم جێگۆڕکێ و سەرەیە جارێك نەخۆشیەکە دەرئەکەوێ و جارێك نامێنێ و دیارنامێنێ و دەرناکەوێت بەردەوام دەبێت تا ماوەیەکی دورو درێژو کاتێکی زۆر دەخایەنێت، لەگەڵ تەمەنی نەخۆشەکەدا درێژەی ئەبێت و (بۆ هەموو تەمەنی لەگەڵیدا دەبێت) نەخۆشیەکە هەموو تەمەنی دەگرێتەوە، بۆیە لەو نێوەندەدا بە هەڵواسراوی و گومان و دوو دڵی و دڵەڕاوکێدا دەمێنێتەوە نە ئەوەتا لەسەر جێگە بۆی بکەوێ و، نە ئەوەتا بە تەواوی چاك بێتەوە، هەروەها ئەمە حاڵی تەواوی نەخۆشیە سێکسیە گوازراوەکانە، کە سزاو ئازاریان زۆرترە لەوەی کە ببنە هۆی مردن (نەخۆش بمرێت)، هەندێکیان (نەخۆشی گوازراوەن) نیشانەکانیان زۆر سادەو ساکارن، بەڵام دۆزینەوەیان زۆر ئاسان نیە (قورس و گران) تا دوای لەدەست چوونی کات، ئینجا نیشانەکانیان دەردەکەون، بۆ نمونە وەك نەخۆشی سیلان کە (٨٠٪) توشبوان نیشانەکانی نەخۆشیەکانی نەخۆشیەکەی لەسەر دەرناکەوێت مەگەر لە قۆناغەکانی

کۆتایی نەخۆشیەکەدا نەبێت ئەوجا نیشانەکان دەردەکەون، ئەو کاتەش کار لەکار ترازاوەو فریای هیچ چارەسەرێك ناکەوێ.

## یانزەهەم/

نەخۆشیە گوازراوەکان بێجگە لە سێکسیەکان توشی مرۆڤ دێن (ئەبن) لەیەکێ لە قۆناغەکانی ژیانیدا، بەڵام نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لە زۆربەی ساڵەکانی ژیاندا توشی مرۆڤەکان نابێت مەگەر ئەوانەیان کە تەمەنیان گەیشتوەتە تەمەنی باڵقی و ئاقڵی و فامیدەیی واتە توشی مناڵان نابێت، چونکە ئەم نەخۆشیە ناگوازرێتەوە مەگەر بەهۆی پەیوەندی سێکسیەوە نەبێت بە تایبەتی پەیوەندی نادروستو ناتەندروستو رێگە پێنەدراو لەلایەن شەرعی خواوەو، چونکە پەیوەندی سێکسی چ شرعی بێت یان نا شەرعی تەنها ئەو کەسانەی کە جەستەیان پێگەیشتوو کامڵو گەشە سەندوە ئەنجامی ئەدەن، یان ئەو کەسانەی کە توانای هەست کردن بەهەڵەو راستو بێ سودو بێکەڵكو زیانو زەرەر لە سودو قازانج لەیەك جیائەکەنەوە هەستی پێئەکەن چ شتێك قازانجو زەرەری هەیەو چ شتێك هەڵەو تاوانو راستو دروستە، کە زۆربەی ئەو خەڵکانە (ئەو کەسانە) راستی چاك دەزانن بەڵام

خۆیانی لێ لادەدەن و خۆیانی لێ گێل دەکەن و چاوپۆشی لەحەق و ڕاستی و دروستی دەکەن، بۆیە دەکەونە (مصیبەت) نەخۆشیە سێکسیەکانەوە ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴾ الفرقان: ٤٣

بۆیە زانایانی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانی وەك (مورتن و سکۆفیلدو دیرك) کۆ دەنگ و کۆکن و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ڕێژەی زۆر گەورە لە توشبوانی ئەم نەخۆشیە گوازراوە سێکسیانە ئەکەوێتە نێوان گەنجان و لاوانی نێرو مێ ئەوانەیان کە تەمەنیان لە نێوان (١٥- ٣٠) ساڵدایەو، ئەگەر زانیمان کە (تەمەن و ساڵی باڵقبون) لە کچاندا زوترە، زوتر کچان باڵق ئەبن کە ئەم پێگەیشتنی (جەستەیی و لاشەیی یە) هاوڕێك نیە لەگەڵ پێگەیشتنی ژیری و عەقڵی و فامیدەیی، چونکە ئەم تەمەنە تازە پێگەیشتوەو کەم شارەزایی هەیە لە ژیاندا بۆیە زۆر بەئاسانی دەکەونە هەڵەو تاوانەوە، بۆیە بێ گومان پێکدادان و تێکچون و لەدەستدان لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات و زۆر دەبێت، ئیتر بەهۆی سێکسیشەوە کەرێگەیەکی زۆر ئاسانە بۆ گەیشتن بەپارووە نانێك بۆ دەستەبەر کردنی ژیان و.

ئەگەر زانیمان کەوا نزیکەی (٢٠٠-٢٥٠) ملیۆن مرۆڤ (کەس) توشی نەخۆشی (سیلان) ئەبن هەموو ساڵێك کەزۆربەی زۆریان لە چین‌و توێژی لاوان‌و گەنجانن لە تافی لاویدان، ئەوەشمان لەیاد نەچێت‌و شایەنی وەبیر هێنانەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر جۆریتری نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانی بێجگە لە (سیلان) بە دەیەها ملیۆن خەڵکیتریان توش کردوە، کە ئەگەر سەرنج بدرێت کە رێژەیەکی زۆر گەورە لەلاوان‌و گەنجان بە نێرو مێوە بەدەست گرفت‌و کێشە کارەساتی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانەوە، جا لەبەر ئەوە سەیرکەو سەرنج بدە کە کۆمەڵگاکان‌و گەلانی جیهان ئەوانەیان کە توشی ئەم نەخۆشیانە بوون لەچ دەردی سەری‌و کێشەو گرفت‌و ژیانێکی تاڵ‌و ناخۆشدان.

**دوانزەهەم/**

نەخۆشیە سێکسیەکان جیاوازن لە تەواوی نەخۆشیەکانیتر، لەبەر ئەوەی خاوەنەکەیان حەزناکات کە هیچ کەس بەکارەکەی بزانێت (بەدەردەکەی) بزانێت، تەنانەت پزیشکیش هەندێ جار ئیتر یان لەنەزانین‌و نەفامیایەتی، یان لەبەر شەرم‌و حەیایەتی کە ماوە، لەبەر ترسی بڵاوبوونەوەی کارەکەی‌و کردەوەکەی تەنها پیشانی خێزان‌و کەس‌و دۆست‌و

هاوڕێکانی ئەدات‌و دەیخاتە ڕوو بۆیان، بۆیە لە دەرەنجامدا ئەم نەخۆشیە ئاوا بە نهێنی‌و بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە کە زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت، ئەم نهێنیە درێژە دەکێشێت لەگەڵ کاتدا (لەگەڵ زروف‌و زەمانەدا) تا وەك بۆمبێکی دانراوی لێ دێت تا دەبێتە بۆمبێکی دانراو، کە خاوەنەکەی (دەروخێنێ‌و وێرانی دەکات) لەناوەوەو دەرونی بە شەو بە ڕۆژ ئەسوتێنێ‌و ئازاری دەدات، هەرچەندە هەوڵ بدرێ بۆ داپۆشین‌و پاراستنی ئەم نهێنیە بۆ دواجار ئەبێ هەر بزانرێت (ئەویش بە هۆی دەرکەوتنی پەنجەمۆری نەخۆشیەکە لە زۆربەی زۆری جەستەی نەخۆشەکە (توش بووەکە))، زیاد لەوەش بەهۆی ئەم چەشتنی ئێش‌و چەرمەسەری‌و بێ تاقەتی بێزاری‌و ئازاری دەرونیەوە، ئەنجامدان‌و کردن‌و نواندنی کۆمەڵێك بەر خوردو هەڵس‌و کەوتی کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی گشتی‌و بە تایبەتی لەسەر خوودی خۆی ﴿ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ البقرة: ٨١

تەنانەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایشدا کە زۆر برەوو گرنگی دراوە بە سێکس بەبێ کۆت‌و مەرج‌و، بوونی زۆرێك لە نۆرینگەی تایبەت بەم نەخۆشیانە، بەمەرجێکیش چارەسەر

کردنیان هەم زۆر نهێنیەو هەم بەخۆرایی‌و بێ بەرامبەرو بە بەلاشە، بێجگە لەوەش کەوا زۆرێك (ڕێژەیەکی زۆریش) نەخۆش هەن کە حەز ناکەن بچنە لای پزیشك بۆ چارەسەر کردنیان (تاوەکو ئاشکرا نەبن)و حاڵەتەکەیان ئاشکرا نەبێت‌و حەیایان بچێت‌و (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) لە راپۆرتە جۆراو جۆرەکانیدا ئاماژەی دا بەم کێشەو گرفتانە، هەروەها پزیشکە پسپۆرەکانی نەخۆشیە گوازراوەکان، ئەوەتا دکتۆر (دیرك جونز) دڵنیایی‌و دوپاتی ئەکاتەوە کە ڕێژەیەکی زۆر (ژمارەیەکی زۆر) لەنەخۆش کە لە سەرژمێریە فەرمیە ناتەواوەکاندا دەرکەوتون، چونکە لایان رونەو جێگیرەو بۆیان دەرکەوتوە کە ژمارەی راستی نەخۆشەکان زیاترە لەو ژمارەیە کەلە سەرژمێریەکەدایە، بۆیە تەنها یەك حاڵەت لە (١٠) دە توش بوو بە نەخۆشی سیلان ئاشکرا دەکرێن، هەروەها نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانیتریش بەهەمان شێوە ئاوا بەو نادروستیەو کەم‌و کورتی‌و فێڵ لێ کردنە ئاشکرا دەکرێن.

لەوەش مەترسیدارترو ترسناکتر ئەوەیە کە ئەوانەی بوونەتە نێچیری ئەم سەرژمێریە هەڵانەی نەخۆشیەکەوە، لەهەمان کاتدا بوونەتە نێچیرێکی شیاو‌و گونجاو‌و کەوتوونەتە داوی نەخۆشیەکانیتریشەوە، ئەگەر هەوڵەکانیش بەردەوام بن

بۆ رزگار كردن‌و دەرباز بوون لەم دەردو بەڵاو گرفت‌و كێشەیەو ئەوا بە ئارەق‌و باقی ماددە هۆشبەرەكان غەرقی دەكەن‌و نغرۆی دەكەن تا بە ژیانی نەتوانێت (تا كۆتای ژیانی نەتوانێت) سەر بێنێتەوە دەرو ئەبێ بەو دەردانەوە بناڵێنێ‌و بتلێتەوە، بۆیە هەتا دێت خەم‌و پەژارەكانی یەك لەدوای یەك زیاد دەكەن. ﴿ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾ البقرة: ٨٥ - ٨٦

## سیانزەهەم/

خودای پەروەردگار بە جوانترین‌و بەگەورەو بەنرخترین شكڵو شێوە مرۆڤی دروست كردوو هێنایە بوون‌و، ڕێزی لێناو گەورەی كردووە بەسەر زۆرێك لە بەدیهێنراو دروستكراوەكانیدا ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴾ التغابن: ٣

ئەم شكڵو شێوەو ڕێزدارو گەورەیەی مرۆڤ بە تەواوی تێك ئەچێو دەگۆڕێ كاتێ كە تووش بوو بەم نەخۆشیانە بۆ نمونە نەخۆشی زوهری لەگەڵ ئەوانیتریشدا (ئەوانیتریش) هەندێ جار دەبێتەهۆی داخوران‌و دارزینی ئەندامی سێكسی ئەبێتە هۆی كۆتایی پێ هاتنی ئەندامی زاوزێو سێكسی مرۆڤ، سەیری وێنەی ژمارە (٢١) بكە.



وێنەی ژمارە (٢١)/ توش بووە بە نەخۆشی زوهری حاڵەتەكەی ئاڵۆزو قورس بووەو تا كار گەیشتوەتە داخوران‌و دارزان‌و لەدەست دانی ئەندامی سێكسی.

ئەوە ئیتر مەپرسە بۆ ئازارو ئێشی جەستیی و دەرونی کە توشی نەخۆش دەبن، کە زۆر ئەهوەنترو سوکترو ئاسانترە هەزار جار لە بڕینەوەی قاچێك یان دەستێك یان لەدەستدانی چاوێك (ئازاری ئەوانەی بەلاوە باشترە) تاوەکو ئازاری دەرونی و جەستەیی ئەم نەخۆشیە سێکسیانە.

هەروەها هەندێ جار ئەم نەخۆشیە دەبێتە هۆی تێکدان و گۆڕینی پێکهاتەو شکڵ و شێوەی مرۆڤ بە تەواوەتی، تەنانەت گۆڕینی هەموو شێوەو روخسار بەتایبەت شێوەو روخسارو دەم و چاو، بەڵام هەرچی نەخۆشی بالوکەی ئەندامی سێکسی گوازراوەش هەیە بە سەیرکردنی وێنەکانی پێشوتر کەچی هاتبوو بەسەر ئەو مرۆڤە داماوە ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾﴾ التين: ٤ - ٦

هەروەها پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت (لتغضن ابصاركم ولتحفظن فروجكم او ليكسفن الله وجوهكم) رواه الطبراني (تەبەرانی گێڕاویەتەوەو ریوایەتی کردوە).

**چواردەهەم/**

دۆزینەوە پزیشکیە نوێیەکان رۆڵێکی باش‌و ئەرێنیان هەبووە لەسەر تەواوی (سائر) نەخۆشیە میکرۆبیەکانی وەك (سیل، تایفۆئیدا (گرانەتا) ئەوانیتریش، لەهەمان کاتدا نەخۆشیە سێکسیەکان هیچ زیادیان نەکرد تەنها ئاڵۆزییان دروستکردو بڵاویش بوونەوە تەنها (ئاڵۆز بوون‌و بڵاو بوونەوە) نەبێت. بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی دەنکۆڵەی دژی سك پڕی‌و سك بوون‌و پەسەندو حەزلێکردنی زۆربەی زۆری ئەنجامدەرانی سێکسی کرد بەبێ ترسان لە داهاتوو پاشەڕۆژی چاوەڕوانکراو، بەبێ گوێدانە تێچوی مادی، تا ژمارەی کچان ئەوانەیان دەنکۆڵەی دژی سك پڕی‌و سك بوونیان پێدراوە لە بریتانیا لەساڵی ١٩٧٠ گەیشتە (ملیۆن‌و پێنج سەدو دە هەزار ١٥١٠٠٠٠)و لە توێژینەوەیەکدا کە دکتۆر (لسترکون) پسپۆری نەخۆشیە سێکسیەکان ئەنجامی دا لەسەر توشبوان بە نەخۆشی (سیلان) ئاشکرای کرد کە ژمارەی توشبوان بەم نەخۆشیە لەوانەی کە ئەم دەنکۆڵە (حب) دژی سك پڕی‌و (رێگر لەسك بوون) بەکارهێناوە، ئەوەندەیتر زیاترە لەو کچانەی کە حەبی (دەنکۆڵەی) دژی سك بوونیان بەکارنەهێناوە، زیاد لەوەش ئەو دەرمانەی کە بەکاردەهێنرێت

بۆ چارەسەر کردنی ئەم نەخۆشیە لەلایەن خەڵکیەوە پێشتگوێ‌و خرابوو، بەکاریان نەدەهێنان بەهۆی ئەو بۆچونە هەڵەیە کەوا ئەم دەرمانانە ئەیان پارێزن لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان‌و لە ویلایەتەکانیان کە زۆر پشتیان پێبەستوە، تاوەکو بە ئارەزووی خۆیان چیان بوێت بیکەن، بیریان چووبوەوە کەوا ئەم دەرمانە وای لێ هاتووە کە زۆربەی زۆری رۆڵ‌و کاریگەریەکەی لەدەست داوە دژی میکرۆبی ئەم نەخۆشیانە، بۆ نمونە پنسلین کە دائەنرێ بە باشترین چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی (زوهری‌و سیلان) ئێستە وای لێ هاتووە کاریگەری‌و رۆڵی خۆی لەدەست داوە دژی میکرۆبی سیلان بەتایبەتی ئێستە جۆرێکی نوێ پەیدا بووەو دەرکەوتوە کە هیچ کاریگەریەکی نیە، هەروەها بەکارهێنانی دەنکۆڵەی دژی (رێگر) لەسك بوون کە هیچ کاریگەریان نابێت لەسەر میکرۆبی نەخۆشیەکە، هەروەها بیرو بۆچونە هەڵەکان لەسەر کاریگەری چارەسەرەکانی (نەخۆشیە سێکسیەکان) لەبڵاوبونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لە جیهاندا.

هەروەها لەو سەرژمێری‌و ئامارانەی کە رێکخراوی تەندروستی جارو بارو ناوە دەریان دەخات (دەردەکەوێت)، لە یەکێك لە ئامارەکانیدا ئاماژە بەو کەسانە

دەكات كە توشی نەخۆشی سفلس بوون لە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكادا لە ساڵی ١٩٦٥دا زۆر زیاترن لە ڕێژەی ئەو كەسانەی كە تووش بوون لە ساڵی ١٩٥٧، هەروەها هەموو ساڵێك توشبوانی نوێ زیاد ئەكەنو لە زیاد بوندان، هەروەها ڕێژەكە زیادی كرد لە ساڵی ١٩٧٠ بەڕێژەی (٨,٥٪)و دوای ئەوە ڕێژەكە دابەزیو كەمی كرد بە دابەزینێكی (كەمبونێكی) چاوەڕوان كراو، بە فەزڵی ماندوبوون هەوڵێكی لێبڕانەی تەندروستیانە، دوبارەو سەر لە نوێ ڕێژەكە زیادی كردەوەو بەرز بوویەوەو بەرزبونەوەی زۆر بەرز، ڕێژەی توشبوانی نوێ بە نەخۆشی سفلس زیادی كرد بە ڕێژەی (٦،٤٨٪) تا ساڵی ١٩٩٦ ڕێژەكە بەو شێوەیە مایەوە، هەروەها نەخۆشی (سیلان)یش زیادی كرد بەڕێژەی (٨٧٪) هەروەها ڕێژەی توشبوان بە نەخۆشی كلامیدیا زیادی كرد ئەویش بەڕێژەی (١٠٨٪) بە پێی راپۆرتێك كە لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا دەرچووە، هەروەها تا ئێستاش ڕێژەو ژمارەكان لە بەرز بونەوەی بەردەوامدان، هەروەها بە هەمان شێوەش حاڵی (باری) نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەكانیش لە زیاد بوونو بەرز بوونەوەی بەردەوامدان.

**پانزەهەم/**

راستی ژیانو زیندەگی لە رۆژئاوادا ئەوەی کەوا لەسەر سێکسو خوێندنەوەکان، چڕبونەوەو وردبونەوەی خستوەتە سەر هەستانەوەو بە ئاگاهێنانەوەی غەریزەی سێکسی، گەش کردنەوەی بڵێسەی ئاگری (سێکس)و لایەنو بواری خۆشو چێژ لێوەرگرتنی، ئاسانکاریو کارئاسانی لەو هەموو شتەی کە بە سێکسەوە پەیوەستە، لەوانە (وەك) کەمیو کەمتر کاریگەر لە داهاتوو کەمتر دەرکەوتنی دیاردەکانی یان داهاتووی ئەنجامدانی کاری سێکسی زۆر کەمەو بەو شێوەیەش نیە، بۆیە بوو بەهۆی بڵاو بوونەوەی بە ئاشکرا بە رۆژی روناك، هەروەها فێرکردنو وتنەوەی وانە بۆ لاوانو گەنجانی هەردوو رەگەز کەوا ئەم کاری سێکسیە بە تەنها کردارێکی بایۆلۆجیە بۆ سێکس، لەگەڵ (جەخت) خستنەسەر لایەنی چێژو خۆشیو تیایداو بەدەر نەخستو شاردنەوەی کۆسپو تەگەرو داهاتوی نەخۆشیەکانی ئەم کرداری سێکسیە، تاوەکو جێگیر ببێت لە مێشکیاندا بچەسپێنێ کە توش بوون بە نەخۆشی سیلان هیچ کاریگەری زیاتری نابێت لەسەر مرۆڤ، وەك کاریگەری هەڵامەت لەسەر مرۆڤ هەروەك یەك کاریگەری ئەبێت لەسەر مرۆڤ (وا حاڵییان کردون وامێشکیان

زاخاو داون) ئيتر كار ئاوا ئاسان بێت، نەخۆشی سيلان وەك هەلأمەت وابێت ئيتر پێويست بەو هەموو ترسە ناكات، هيچ پێويست ناكات مرۆڤ خۆی لەو چێژیو نەخۆشی سێكسيە بگرێتەوەو لە خۆی حرام بكات.

بەراستی ئەمە بيرو بۆچونێكی تەواو هەڵەيە كە پيشانی گەنجێك ئەدرێتو كە لە ئاژاوەو جەنجاڵی سێكسيدايەو، لەگەڵيدا ئەژيیو ئەم هەموو خراپانەی هەبێت تۆبێيت پێی بڵێی رابوێرەو خەمت نەبێت هيچ خراپەيەكی نيە مەگەر تەنها بەقەدەر هەلأمەتێك خراپەی هەبێتو، ئەمە بانگەوازێكی توندو بانگهێشتو هاوارێكە بۆ سێكس، هەرچۆنێك بۆی بڕوانرێت (سەير بكرێت)و هەرچەندێك قسەی لەسەر بكرێت، لەگەڵ زۆری فەرام هێنانی رێگەكانی دوركەوتنەوە لە دووگيانبوونو بەرپرسياريەتەكەیو رێگری كردن لەدووگيانبوون، بە ئاسانكردنی رێگەكانی سك لەباربردنو كار ئاسانی كردن بۆ لەباربردنی سكەكانيان، ئاسانكردنی رێگەی چارەسەر كردنی ئەو نەخۆشيانە كە بەهۆی سێكسەوە توشبوون بەبێ بەرامبەرو تێچونی مادی چارەسەريان بۆ دەكرێت.

زياد لەوەش (پشت بەستن) بەو دەرمانەی كە ئەوان (توشبووان) بە هەڵە دڵنيان لێی، ئەمانە هەمووی وادەكەن كە

ئارەزووە سێکسیەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت، بۆیە بەڕاستی ئەم سزایانە کە ئەم نەخۆشیانەیان لە نێوان خۆیاندا بڵاوکردوەتەوەو بڵاوە پێکردوە وەك چۆن ئاگر بڵاودەبێتەوەو پوش‌و پەڵاشی وشك ئەسوتێنێ، ئەمە نەخۆشی هەڵامەت نیە هەروەك ئەوان دەڵێن بەڵکو نەخۆشیەکی ترسناك‌و مەترسیدارو کوشندەیەو تێکدەرەو سك لەباربەرە دەبێتە هۆی نەزۆکی، پاداشتێکی پڕ بە پڕو ڕێك‌و گونجاوە بۆیان (کە کۆتایەکەی بە نەزۆکی و بێ وەچەیی بێت) ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ الجاثية: ٢٣

## شانزەهەم/

ئەگەر خەڵکان لە زۆری باجە سەپێنراوەکان سکاڵایان هەیە، هەروەها بەهۆی ئەنجامی کاری خۆیانەوە باجێکی گەورەتر زیاد ئەکەن بۆ لیستی پێداویستیەکانیان بە دەستی خۆیان ئەبێت باجەکەی بدەن، گەلان دەبێت باجەکەی بدەن بە گرانترین‌و بەهاترین کرێ‌و بەش تیایدا کە ئەویش گەنج‌و لاوەکانیانن، ئەبێت خێزانەکان باجەکەی بدەن کە هەڵوەشان‌و

تێکچونی خێزانەکانە، ئەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە باجەکەی بدەن بەئازاری جەستەیی و سزای دەروونی.

هەروەها لە لایەن و لە روی خەرجی مادیشەوە، دەبێت دەوڵەت بە ملیۆنان دۆلار بدات و خەرج بکات، هەموو ساڵێك بۆ پزیشکان و هونەریە پسپۆرەکانی تایبەت بە نەخۆشیە سێکسیەکان (زایەندیەکان)، بۆ نمونە وەك کرێی عیادەکان نۆرینگەکان کە تایبەت کراون بۆ ئەم نەخۆشیانە، هەروەها نرخێکی زۆر گران بۆ بەکارهێنانی دەرمانەکان و چارەسەرەکان، زیاد لەوەش تێچوی ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر ترسناکی و مەترسی کتوپڕو لەناکاوی ئەم نەخۆشیانە لەسەر کۆمەڵگە.

تەنها لە بریتانیا (٢١٠) نۆرینگەی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیە سێکسیەکان (زایەندیەکان) ئەوە گومانی تێدا نیە کە لەم ژمارەیەش زۆرترو زیاترە لە روسیاو ئەمریکادا، لە توێژینەوەو خوێندنەوەیەکدا کراوە بۆ ئەم نۆرینگانەو ئەو کارمەندو کاریگەرانە (کرێکارانە) کە لەم نۆرینگانە کار دەکەن، دەرکەوتوە کە سکاڵایان هەیە لە سەر زۆری نەخۆشەکانیان و ژمارەی کاتژمێرە زیادەکانیان کە پسپۆرەکان و هونەریەکان کاری تێدا دەکەن، بەس نابێت و زۆر کەمەو زۆرتر کاتیان دەوێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم هەموو

نەخۆشیانە كە رویان تێدەكەن، بە مەرجێ زۆربەی زۆری نەخۆشەكان (مراجعەكان) ناگەرێنەوە بۆ ئەم نۆرینگانەو بۆ لای پزیشك كە بە هۆی هۆكارەكانی كە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا.

ئەگەر زانیمان بڵاوبونەوەی خێرای ئەم نەخۆشیەو بە بلیۆنان دۆلار خەرج دەكرێ بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیانەو ئەو كاتە (دەرك)و هەست دەكەین كە مرۆڤایەتی چەند باجێكی گەورەو قورس و گرانی داوە چەند لایداوەو لە فیترەت و سروشتی خۆی ﴿ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي ۗ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولًا ﴾ الفرقان: ٢٩

**حەڤدەهەم/**

زۆر بە زۆری نەخۆشیە گوازراوە سێكسیەكان لەم دواییەدا (تازەكی دەركەوتن) كە لە دایك بووی سەدەی بیستی پێشكەوتووی ماددین، لە رادەبەدەرو لە ئاستی زۆر بەرزو لە سەدەیەكی هەڵوەشاوەو خراپەكار، كە زۆر لە مەیدانی (گۆرەپانی) سێكسیدا زۆر زۆر لە پێشەوەو پێشكەوتوە، لەگەڵ برەودان و بایەخدانی بەردەوام بەسێكس و بیردۆزەكانی و هونەریەكانی، ئەمانەیان هەموو لەبیروهۆش و ئەندێشەو فیكردا بەجێ هێشت و چەسپاندیان، بڵاویان كردەوەو رایانگەیان و گەیاندیانە هەموو كەس، كە

پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگەو گەلێك بەپێی ماوەی روتیو قوتیو بەرەڵاییەکە ئەپێورێتو بە توانای گەنجەکانو لاوەکانیان دەردەکەوێت لەسەر بەدواداچونی هەموو دەرەنجامێکی کە لە رۆڵی رازێنراوەکانو شمەکی خۆجوانکارەن (جوانکاریەکان) دێتە بەرهەم (لە مۆدەو هاڕاوەو بۆدرەکان)، وایان کردوە لە مەیمون کە نمونو شێوەیەکی جوانی مرۆڤی هەبێتو، وایان لە مرۆڤ کردوە کە وەك مەیمونی لێ بێت، تەنانەت (مۆدە)ی تازەو دەرمانی سپی کردنەوەو (سپیاو) بۆنخۆشو زۆرو زەبەندەی گرانو ناوازە لە هاورێکەیەوە ئەبینرێو، دەبێت لە هەموو شوێنێكو هەموو بوارێکدا ئەم مادە جوانکاریانە هەبن، لە جادەو بانو شەقام، لەسەر کارو فەرمانو فەرمانگەو لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا، مادام ئەمە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، ئەی بۆ کار لەسەر ئەوە نەکرێت کە ببێتە مادەیەكو سەرچاوەو توخمێکی کاریگەر لە خێزاندا یارمەتی خۆی بداتو پیاوەکەیو کەسو کارىو کار بکات بۆ زۆر جۆر هۆکارو پاساوێك کە خۆی دروستی کردووە هەم خۆی پێی قایل بکات هەم کەسو کارەکەی، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێتو هاوکار دەبێت، لای ئەو توانایەکی مادی ئەبێت لەسەر بەدواداچوونی

هەموو تازەیەك، بەم شێوەیەش ئەیسەلمێنێ بۆ گەنجان و لاوان کە سەردەمیانەو ئازادانەیە (سەردەمیەو ئازادە).

ئەی چۆنە ئەگەر پێشکەشکەرەکە (شمەك و خزمەتەکە) کچێکی بەلارو لەنجە بێت، ئایا مەعمیلەکان زیاد ناکەن، بەم جۆرە قازانجەکان (قازانجە مادیەکان) زیاد دەکەن، ئەی چۆنە ئەگەر هەوڵی زیاتر بدرێت لە مەعمیلەکان بە کەمێك لە رەشاقەی دروستکراو مەیلێکی جوان و خۆش و بێفیزییێکی زۆر، ئەی چۆن ئەگەر شمەکەکە خۆشەویست بکرێت بە پشتوێنێکی تازەو بە سندوقێکی جوان و شیك و جوان پۆش لە سەرویەوە وێنەیەکی روت یان نیوە روتی لێ بدرێت، دواجار بێتە سەرچیرۆکێك یان شانۆگەریەك یان تەمسیلێك یان فیلمێك ئەگەر کچێکی جوانی لێ نەبێت و کارەکتەر نەبێت تیایدا ئەوا بەتاڵ دەبێتەوەو هیچ خۆشیەك و جوانیەکی نابێت، هیچ خۆشەویستیەکی تیا دەرنابرێت هیچ سۆزداری و دڵداریەکی تیا ئەنجام نادرێت ئەگەر کچێکی جوان بوونی نەبێت، ئەی چۆنە ئەگەر دامەزراوەیەکی روناك و بریقەدار سەرکەوتوو بێت بەبێ سکرتێرەیەکی لاوو گەنج و قەد باریك و شۆخ، بەم شێوەیە کچانیان داگیر کردوو تێکەڵی پیاوانیان کردن، تاوەکو شکڵ و شێوەو دیمەنی رۆبچێ و کڕنۆش بەرێت و بچوکی خۆی

بنوێنێ لە ژێر پێکانیاندا، ماندوو تینوو بە دوای زەردەخەنەیەکی دروستی کراوو ماچێکی وشكو دەست لەمل کردنێکی هەرزاندا.

بەم شێوەیە سێکسیان تێکەڵ کرد لەگەڵ هەموو بچوكو گەورەیەك لە کاروباری ژیاندا، بە شێوەیەك وای لێهات کە هەموو شوێنێکی گرتەوە، شوێنێك نەبوو (نەمایەوە) بێبەش بێت لە سێکس بەڵکوو بەشی خۆی بۆ دیاری کرا، بەڵکوو لەوەش زیاتر ئەم سێکسە وای لێهات بوو بە موشەكو بۆمبایەكو ئاگرێکی بێ بروسکەو پزوسکەکانی هەموو ماڵێکی گرتەوە، بۆیە ئەم بازرگانیە هەرزانە ئەبێ وردە وردە بڵاوبێتەوە لە سەرخۆ بەرەو زیادبوون بڕوات لە هەڵوەشاندنی خێزانو ژیانی ئاژەڵیانە، تا وای لێبێت رقو قینو تورەبوونی خوای پەروەردگاری (بەشوێن خۆیدا هێنا) لێبێتەوە، بۆیە نەخۆشییە سێکسییەکان پاداشتێکی دونیایی تەواو پڕ بە پڕی خۆیەتی بەرهەمی سروشتی مرۆڤەکانە کە لە خەتو فیترەتی خۆیان لایان داوە، بەو شێوەیە مرۆڤایەتی باجی ئەم بێ ئاگاییە قورسو گرانو گەورەو بەرهەمی ئەم هەڵەشەییە ئەبێ بدات.

﴿ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَۚ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾ الحشر:٢

**هەژدەهەم:**

**لەگەڵ ئەو هەموو سودەی پێشکەوتنی زانستی، داهێنەرەکانو دۆزینەوە نوێکان لەم جیهانی سێکسەدا، کە بە ژیانی نەهاتووە بە مێشكو هزری هیچ مرۆڤێکدا، کە پێچەوانەو دژی سادەترین یاسایی زەوقی تەواوو دروستو بێگەرد بێت، وەك بەکارهێنانی دەم لە بری دامێن (زێ/ شەرمگا) زمان لە بری چوك بێت لە سێکسدا، بڵاوبوونەوەی نێربازیو مێبازی، راهێنانی هەندێ لە ئاژەڵەکان لەسەر ئەنجامدانی کاری سێکسی لە گەڵ ئافرەتدا زۆر شتی نارەواو نادروستیتر، ئەم شکڵو شێوەو شێوازە نامۆیەو شازە لە فیترەتی تەواو دروستو پاكو بێگەردیەدا.**

**بونە هۆی دەرکەوتنو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی نوێو تازە بە بەردەوامی، کە لە پێشووتردا نەزانراون، وەك فەرهەنگو قاموسی، پزیشکیدا نەبونو باس نەکراونو، ئاماژەیان پێنەکراوە، بەڵکو لە دایکبووی شارستانیەتی نوێو تازەن لەدایك بویەکی نەفامو نەزانو لەهەمان کاتتدا خۆ بە رۆشنبیرزان، لەبەر ئەوە ئاڵۆزە وەك ئاڵۆزیەکەیو ترسناكو**

مەترسیدارە وەك ترسناكییەكەی ئەم بارودۆخو زروفە ئاگاداركەرەوەیە بۆ كۆتاییەكی (كەساسو داماو بێچارە) ئەگەر راست نەكرێتەوە بە مەنهەجو پەیڕووپرۆگرامو یاساو شەرعی خوای پەروەردگار كە تیایدا ئەم شەرعی خوایە مرۆڤایەتی پاداشتی خۆی وەربگرێتو جەخت بكرێتەوە لەسەر مرۆڤایەتی مرۆڤەكان.

ئەمە هونەرێكی تازەو نوێیە كە تاقمو كۆمەڵێك، هەندێ كەسی شازو جیاواز ئەنجامی ئەدەن، سادەترین بنەماو هۆكارەكانی ژیانی مرۆڤ بوونی تیا ون ئەبێت، لەدەست ئەدات، دواجار مەگەر تەنها نەخۆشیی تازەو نوێ بێنێتە بەرهەمو دروست بكات وەك (نەخۆشی ئایدز) بۆ نموونە كە بنەماكانی فراوانبوونو بڵاوبووەوەی هەیەو پزیشكەكان بە چارەسەركردنی دۆش داماونو سەرسوڕمانو لە مشتو مڕوو تووێژ دان، ئەو كارەی كە درێژە ئەدات بە نەهامەتیو بەهیلاكدا چوونی مرۆڤایەتیو دەسەڵاتەكەی لەو سزایانەی كە توشی مرۆڤایەتی ئەبێت).

راستی فەرموو پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) كە ئەفرموێ (كيف انتم اذا وقعت فيكم خمس واعوذ بالله ان تكون فيكم او تدركوهن ما ظهرت الفاحشة (الزنا) من قوم قط يعمل

بها فيهم علانية الا ظهر الطاعون والاوجاع التي لم تكن في اسلافهم...) پێشەوا حاكم ریوایەتی كردوەوگێڕاویەتەوە.

**نۆزدەهەم/**

لێرەدا پەندێكی ئینگلیزی بلاو هەیە كە ئەڵێ (ان سوء الحظ لایاتی وحیدا) بەدبەختی‌و چارەڕەشی‌و چارەنووسی خراپ بە تەنها نایەت)، نەخۆشییە گوازراوە سێكسییەكان) خۆیان بە تەنها ناهاتوون بەڵكو یەكێكە لە (موصیبەت)و نەگبەتییەكانی كۆمەڵگە سەرلێشێواوو گومڕاكان، ئەم بەڵگەنامەیە كە پەیوەستوو پەیوەندە بە دەركەوتن‌و بلاوبوونەوەی توندوتیژی‌و دزی‌و كوشتن‌و سەرخۆشی‌و ئالوودەبون لەسەر مادە هۆشبەرەكان‌و خۆكوشتن‌و هەموو ئەمانە رۆژبەرۆژ زیاد ئەكەن‌و لە زیادبووندان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر حاڵەتی دەروونی كە گەیشتووە بە گەنج‌و لاوانی هەردوو رەگەزی ئەم كۆمەڵگەیە، بە ئاشكرا دەر ئەكەوێت لە نەخۆشییە دەرونییەكاندا كە تۆماركراون‌و بەرزبوونەوەیەكی زۆر بەرزیان بە خۆیانەوە بینیوە.

ئەم بارودۆخ‌و شێوەو حاڵەتانە بە تەنها عەقڵ‌و بیرو هۆشی نەخۆشەكانی نەبردووە، بەڵكوو ژمارەیەك لای پزیشكە دەرونییەكان زیادی كردووە فەرموو ئەمە كۆتا خوێندنەوەی

دەروونی کراوە لە کایفۆرنیا، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (فیرس بیتس) ئەڵێ گرێکوێرەی ئەو پزیشکە دەرونیانە، کێشەو گرفتی دەروونی تازەو زۆری خەڵکانیان زۆر بۆ دێت (لە ئامادەکاریدااین بۆ ئەوەی بە بێ بەرامبەرو بە خۆرایی لە پێش و هەموو کەسانیترەوە بەڕێ بکرێن و چارەسەر وەربگرن) لە بەرئەوە هەوەس و ویست و ئارەزووی خۆکوشتن لای ئەوان ئەوەندەیتر سەرکەوتووەو زیادی کردوە لەو هەوەس و ویست و ئارەزووەی کە پێشتر ئەو نەخۆشە دەرونیانە هەیانبووە بۆیە زۆر پێویست ئەکات کە چارەسەری کێشەو گرفتە دەروونییەکانیان بۆ بکرێت لە پێش هەموو خەڵکانیترەوە.

دکتۆر (مۆرتن) لە کتێبەکەیدا (الحرية السيَكسية وأمراضها) ئازادییە سیکسییەکان و نەخۆشیەکانیان، کە ئاماژە بەوە ئەدات و باس لەوە ئەکات کە لە هەموو کاتژمێرێکی ساڵی ١٩٧٠دا (٢-٣) کەس لە بریتانیادا بریندار ئەبوون بەهۆی توندوتیژیەوە، بەڵام لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەموو کاتژمێرێك یەك کەس ئەکوژرێ، گومانی تێدا نییە ئەم ژمارانە زۆر زیادیان کردووە بە دڵنیاییەوە لەم ساڵانەی دواییدا.

هەروەها لە راپۆرتێکدا لە ئەمریکادا باس لەوە ئەکات کە لە یەك رۆژدا:

١- فەرمانی دەستگیرکردن ئەدرێت بەسەر (١٢٥٣) کەسدا. بە تۆمەتی کێشانو بەکارهێنانی حەشیشە.

٢- (١٨٠) ئافرەت دەستدرێژیان لێ دەکرێت.

٣- (٥٣) کەس ئەکوژرێ.

٤- (٢٦١٨) ئۆتۆمبێل ئەدزرێ.

٥- (١٢٨٢) مندالی بێباوكو ناشەرعی (زۆڵ) لەدایك ئەبێت.

٦- (٥٩٦٢) گرێبەست ئەکرێ بۆ هاوسەرگیری.

٧- (٢٩٨٦) گرێبەست هەڵئەوەشێتەوەو (حاڵەتی جیابوونەوەو تەڵاقدان).

٨- (١٨) ملیۆن دۆلار خەسارەتی رووداوی شۆفێرانی سەرخۆش.

٩- (٩٠) ملیۆن بوتڵی شوشەی بیرە ئەخورێتەوە.

١٠- (٢٧٤٠) منداڵ لە ماڵی باوكو دایکی هەڵدێنو ناگەڕێنەوە.

١١- (٢٧٤٠) کچی گەنج سکی پڕئەبێت بەهۆی زیناوە، (دووگیانی ناشەرعی/ زۆڵ).

١٢- (٣٢٣١) ئافرەت سکەکەی لەبارئەبات (حاڵەتی سك لەبارچوون)

١٣- (٩٣) كەس تووش ئەبێت بە ڤایرۆسی ئایدز هەموو شەوێك لە نیۆیۆرك.

لە سیمیناری دکتۆر (محمد سعید دەرویش)دا لە نەخۆشخانەی زانکۆی (مانچستەر)دا ئەڵێ نەخۆشییەکی تازە زیاد بوو هاتە سەر لیستێکی نوێی نەخۆشییەکانی منداڵانو ئەو نەخۆشییە نوێیەش بریتییە لە حاڵەتی ئەشکەنجەو ئازاردانی جەستەیی منداڵان لە لایەن باوکە سەرخۆشەکانییانەوە، کاتێك هەموو پەیوەندیەكو خۆشیو سۆزێك نەماو لێك هەڵوەشا، ئەگەر نا چۆن باوکێك جورئەت ئەکاتو چۆن دڵی دێت کۆرپەو مناڵی خۆی بە ئاوی گەرم بسوتێنێ، یان بە جگەرە یان دەمبوس بچەقێنی بە سەر مناڵەکەیداو یان زۆر شتیترو هۆکاریتر، ئەم نەخۆشیانە پەیوەستو تایبەتن بە رۆژئاوا، چونکە لەدایك بووی ئەو ژینگەیەو ئەو حاڵەتە دەرونیە خراپو هەڵەیەیە کە ئەم کۆمەڵگەیەی تێدا ئەژیت.

بۆیە نەخۆشییە گوازراوە زایندییەکان بە تەنها خۆیان نین لە گۆڕەپانی سزاکاندا کە ئەم کۆمەڵگەیە بە دەستییەوە گیری خواردووەو، ئەناڵێنێ بە دەستییەوە، بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی درێژ ئامادە کراوە بە ئەوانەی ئەقڵیان ئیش

ناکاتو لە دەستداوە، دوای هەواو ئارەزووەکانیان کەوتوون، لە یادی خوای گەورە دوورکەوتوونەتەوەو دورەپەرێزن ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَـٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ ﴾ طه: ١٢٤ - ١٢٦

**بیستەم/**

بڵاوبوونەوەی هاوڕەگەزبازیو نێربازی لە جیهانی ڕۆژئاواو پارێزگاری کردنو پاراستنی بە یاسا لە هەندێ وڵاتدا وەك بریتانیا بۆ نمونە، هاوکارو یارمەتیدەر بوو لە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان، هەرچەند هێشتا نیشانەی نەخۆشییەکە بە روونیو بە تەواوی دەرنەکەوتووە لە سەریان، وەك لە سەر کەسانیترو وڵاتانیتر دەرکەوتووە، ئەمە وای کردووە کە زیاتر توانایان هەبێت لەسەر بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵگەدا.

بۆیە لەم نێوەندەداو لەم بوارەدا، دکتۆر (مۆرتن) ئاماژە بەوە ئەداتو باس لەوە ئەکات کە، هاوڕەگەزبازی ڕێژەکەی زیادی کردو لە نەخۆشییە سێکسییەکاندا.

ڕێژەی نێربازی لە نەخۆشییە سێکسییەکاندا زۆر زیادی کردو لە بریتانیاو فەڕەنساو دانیمارکو هۆڵەنداو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە بەردەوام لە زیادو زۆربووندایە، هەروەها دکتۆر (جیفرس) ئاماژە بەوە ئەکات کە ٦٥٪ی حاڵەتەکانی نەخۆشی (زوهری) کەوتۆتە نێوان ساڵەکانی (١٩٦٠-١٩٦٢) لە لەندەن کە ئەو کاتە هۆکارەکەی نێربازی بووە.

زۆرترین ڕێژەی بەرزبوونەوە لەم نەخۆشیانە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا بووە لە سەر ئاستی جیهان لەلای هاوڕەگەزبازەکان بووە، زۆرترین ڕێژە لە نێوان (ڕەوشت نامۆو ناوازەکان) کاری بەدڕەوشتی (اللواط) نێربازی لە زۆربەی وڵاتو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا بە شەرعی کراوە بوەتە کاری شەرعیو بە یاسا پارێزگاری لێئەکرێو ئەپارێزرێت، کارئاسانی بۆ ئەکرێ، یانەی تایبەت بە خۆیان هەیە کۆڕو سیمیناری تیائەگرنو کاری خراپەو بەدرەوشتی تیا ئەنجام ئەدەن لە یانەکانیانداو کاری پیشەیی خۆیان قسەوباسو گفتو گۆی خۆیان تیایدا ئاڵوگۆڕو باس ئەکەن، لە ئەمریکادا زیاتر (زیاد) لە دوو ملیۆن (رەوشت نائاسایی و جیاواز) بە فەرمی تۆمار کراون لە یانە تایبەتییەکانی خۆیاندا، ئەمە بێجگە لەوانەی کە ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە لەبەر ترسی خۆیان کە پارێزگاریان لێ نەکرێت.

کار لەوەدا نییە کە تەنها پارێزگاریان لێبکرێتو بپارێزرێن، بەڵکو کارەکە لەوە تێپەڕیوە کار گەیشتۆتە ئەوەی پێویسە نەرمو نیانیو سۆزو خۆشەویستی لەگەڵیاندا بنوێنرێتو بەرگرییان لێبکرێت.

لەم بوارەدا پەیمانگای (نەتەوەیی ئەمریکی بۆ تەندروستی ژیری) باس لەوە ئەکات کە تاکی ئەم کۆمەڵەیە لە خەڵکی (ڕەوشت نائاساییو جیاواز) هەرچەندە مافی خۆیانیان هەیە، مافی خۆیان پێدراوە لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش ستەم لێکراون، پێویستە لەلایەن کۆمەڵگەوە بە شێوەیەکی سروشتیو سادەو سەیربکرێنو، وا دانەنرێن کە ئەمانە (ڕەوشت نامۆو ناوازەن)و، لە ڕووی سۆزو دەرونەوە وا سەیر نەکرێنو بە چاوێکی سووکەوە سەیر نەکرێن، هەروەك چۆن دکتۆر (دێرك جۆنز) ئیعتیباری بۆ کردوونو وتویەتی ئەگەر هەست بەمە نەکرێت، ئەوا کۆمەڵگە بەهرەیەکی گەورەی لێخەسار ئەبێت، یان کۆمەڵگە (خەسارەتمەند ئەبێت لەم بەهرە گەورەیە).

ئەم سۆزو شەفەقەیە عاقڵانی نییەو ژیریو لۆژیکی نییە، پاتراستنو پارێزگاری یاسایی نێربازەکانو جیاوازەکان، ئەوە کارێکی پێچەوانەی فیترەتی پاکی مرۆڤایەتییە، سزا ئەدرێت لەلایەن یاسا ئاسمانییەکانەوە بە سزایەك، قورسترو زیاتر بێت لە نەخۆشییە سێکسییەکان، هەر چۆن ئەم سزایە جێبەجێ کرا بە

**سەر گەلی لوط پێغەمبەردا** ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ
ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمۡ
لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقۡطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأۡتُونَ فِي نَادِيكُمُ ٱلۡمُنكَرَۖ
فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُواْ ٱئۡتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٣٠﴾ وَلَمَّا
جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُوٓاْ إِنَّا مُهۡلِكُوٓاْ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِۖ إِنَّ
أَهۡلَهَا كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطٗاۚ قَالُواْ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَن
فِيهَاۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَلَمَّآ أَن
جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا وَقَالُواْ لَا تَخَفۡ وَلَا
تَحۡزَنۡۖ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهۡلَكَ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٣٣﴾ إِنَّا
مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ
﴿٣٤﴾ وَلَقَد تَّرَكۡنَا مِنۡهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾ العنكبوت: ٢٨ - ٣٥

**پێغەمبەری ئازیزیش (ﷺ) فەرموویەتی (إذا استحلت امتي خمسا فعليهم الدمار، إذا ظهر التلاعن وشربوا الخمر ولبسوا الحرير واتخذوا القينات واكتفى الرجال بالرجال والنساء بالنساء) پێشەوا بەیهەقی ریوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.**

# بەشی پێنجەم

# بانگەشەو بانگەوازەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

# ئاگاداریو وریاکردنەوەن یان هاواری فریاگوزارین (فریاکەوتن)ن؟!

## بانگەشەو بانگەوازەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

## ئاگاداری و وریاکردنەوەن یان هاواری فریاگوزارین (فریاکەوتن)ن؟!

* ئاگادارکردنەوەن یان هاوارکردنن بۆ داوای هاوکاری کۆمەکی و فریاگوزرای؟

دوای ئەوەی (مرۆڤایەتی) وازی هێناو دەستبەرداری لە یاسای ئاسمانی (یاسا ئاسمانییەکان) بوو لایداوو ترازا.

هەڵس و کەوتی ژیانی ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیای پەسەند کرد لەگەل پڕۆگرامی دروستکراوی دەستی (مرۆڤ)و، مرۆڤیش ماوەیەکی (سنورداره) ناتوانێ دەوروبەری (بێسنور بدات)، بۆیە مرۆڤ تەنها وەك مادە بەهێز ئەبێت دور لە رۆحەوە، بۆیە پڕۆگرامەکەشی کورت ئەهێنێ هەمیشە لە گۆڕانکاری و تێکچوندایە، مرۆڤ لەسایەیدا هەمیشە لە تێکچوون و دڵەڕاوکێ و تێکچوونی دەروونیدا ژیان ئەباتەسەر.

بۆیە بە راستی لە ژیانێکی هەژاری و نەداری و نەبونیدا ئەژی بە هەموو شێوەو وێناکانی لە (بێ هیوایی و ئازارو بێزاری و شێواوو بێ ئەنجامی و سەرکێشی و یاخی بون وو

شیبونەوەو لەدەست چوون)، ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴾ طه: ١٢٤

رزگاری نابێت فریای ناکەوێت نزمایی و چالاّیی و کەندو کەلەبەر، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر گەورە کە پێی گەیشتووەو هیچ بیردۆزێکی تازەو نوێ کە داهێنانی تێدا کردوەو زانایانی کۆمەڵناسی و بانگەوازو بانگەشەی بۆ ئەکەن، ئەمانە هیچی دادی نادات.

دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوە لە بەرنامەو شەرعی خواو یاساو رێسای خوای گەورە، هیچ سوودی پێ ناگەیێنیو بێکەڵکە، گواستنەوەی لە بەندایەتی خوای گەورەوە بۆ بەندایەتی مادەی بێگیان، بۆیە تووشی زۆر جۆر لە (کارەسات و بەلاّو خەمو پەژارە) ئەبێت لەوانە (نەخۆشییە سێکسییەکان). ئەم کێشەو گرفتە وەنەبێ لەگۆڕەپانەکەدا هەتیوو بێکەس و بێ دەست بێت، بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی درێژ لە کێشەو گرفتی مرۆڤ لەم سەردەمەدا.

ئەمە بڕوانامەیەکی پەیوەستە بە زۆرێك لە کێشەکان کە لە ژێر باریدا ئەناڵێنی و کەمتریش نیە لە ئابڕووچوون، بۆ ئەوەی هەموویان بەشداربن لەو دڵڕاوکێی و بێئارامی مرۆڤو بێهیوایی و بێئومێدی و وێرانی و کاولبون. کە هیچ سودێك و

کەڵکێك ناگەێینێت پێی لەو شتە زۆرانەی کە هەیە لە (پێشکەوتنی زانستیو پزیشکیو نۆڕینگەو کلینیکە تایبەتەکانو پسپۆڕییەکانو، چارەسەرە جۆراوجۆرەکان، ڕێگەو هۆکارو شمەكو کەلوپەلی تازەو نوێکان بۆ دۆزینەوەو دیاری کردنو چارەسەرکردن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم نەخۆشیانە زیاترو زۆرتر بڵاوئەبنەوەو، زۆر ئەبنو زۆر جۆریتر دروست ئەکەنو هەتا دێت بارەکەو دۆخەکە ئاڵۆزتر ئەبێت، ئەو کارەی کە زیانو زەرەری بە حکومەت (دەوڵەت) گەیاندووە، بە جۆرێك کە (دانپیانانو پێلێنان) بەم کێشەو گرفتە مەترسیدارەو، گرنگو پێویستە، چەندە زوو بکرێت بۆ دانانی ڕێیو شوێنی گونجاو بۆ ڕێخستنو زاڵبوون بەسەر ئەو کێشە مەترسیدارە یان دانانی سنورێك لە بڵاوبوونەوەی.

چلو دوو(٤٢) دەوڵەت بانگکرانو داواکران بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لە بەلجیکا لەساڵی ١٩٤٢دا بۆ قسەکردن لەسەر (تاوتوێکردن)و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، لەسەر ئەم گرفتو کێشەیە، ئەندامانی کۆنگرە ڕێکەوتننامەیەکیان واژۆ کرد بەناوی ڕێکەوتننامەی بڕۆکسل دەقی ڕێککەوتن نامەکە ئەڵێت (لەسەر هەموو دەوڵەتێك کە واژۆی کردووە لەم ڕێکەوتننامەیەدا کەوا ئەبێت، نۆڕینگەی تایبەت دابنێو لە

کەنار دەریاکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان کە تووشی دەریاوانەکان بوون لە هەر شوێنێك هەن لەبەر ئەوەی سواربون لە دەریادا لەو کاتەدا زۆر ئاسانو سوك بوەو زۆرترین گەشتیارو سەرنشین هاتوو چۆیان ئەکرد، بڵاوبوونەوەی (پەیوەندی کردنو ڕێگاوبانو هاتوچۆ کردن)، هەروەها ئەوانە بە تواناترین کەسانو خەڵکێکن لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشیانەدا، بەم شێوە ئەمانە (کە لە دەریادا هاتووچۆ ئەکەن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر کۆمەڵە خەڵکێکن کە ئەبنە هۆی گواستنەوەی ئەم نەخۆشیانە لە نێوان وڵاتانیتردا.

لەساڵی ١٩٤٦دا، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەشێکی تایبەتی دروستکرد (بنیاتو بناغەیان نا، بە ناوی (بەشی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان) کە پەیوەست بوو بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو نەخۆشیانەو، پێکهێنانو ڕێکخستنی ڕێو شوێنو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی پێویست بۆ چارەسەری (جیهانیانەی) کێشەو گرفتی نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان لەسەر ئاستی جیهان.

بۆ ئەم بەشە بودجەیەکی تایبەت دابین کرا، دیاری کراو تایبەتکراو کۆمەڵێك (تاقمێك) لە پسپۆڕان لە فەرمانبەران دامەزرێنران بۆ ئەو بەشە، (کارمەندی پسپۆڕ بۆ ئەو بەشە دانرانو دیاری کرانو دامەزرێنران) ئیتر لەو کاتەوە ڕێکخراوی

تەندروستی جیهانی بەرپرسیارێتی (بەدواداچوونی) هەرچی لە رێکەوتنامەی برۆکسلدا هاتووە گرتیە گەردنو ئەستۆی خۆی (هەرچی لە رێکەوتنی برۆکسلدا هاتووە لە بەدواداچوونی نەخۆشییە گوازراوەکان) وەرگرتو خستییە گەردنو ئەستۆی خۆی).

بەشی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی لیژنەی (لقی) دروستکردو پێکهێنا کە (بریتیی بوون) پێکهاتبووە لە شارەزای پسپۆڕو تایبەت لەو بوارەدا، هەموو لیژنەیەك خوێندنەوەیەك (لەسەر لایەكو بەشێك) لە گرفتو کێشەکانی وەرگرتو خستییە گەردنی خۆیەوە.

لیژنەیەکیان هەستا بە جێبەجێکردنی رومالێکی پێوەرێکی پزیشکی جیهانی بۆ زانینی ژمارەی توشبووان لە جیهاندا، لیژنەیەکیتریان هەستا بە خوێندنەوەیەك بۆ هۆو هۆکارەکانی ئەم گرفتو کێشەیە، لیژنەیەکیتریان مایەوە بۆ بیرکردنەوە (بیرو هۆشیان) خستە گەڕ بۆ دۆزینەوەو دانانی رێگاچارەیەك (چارەسەرێك)ی گونجاو بۆ کێشەکە، بۆ ئەم مەبەستە زۆرێك لە دانیشتنو کۆبوونەوە (دەورییەکانو کۆنگرە ساڵانەییەکان ئەنجامدرانو گرێدرانو بەستران.

زۆرێك له راپۆرتی دەرئەنجامی خوێندنەوەكان دەرچوون‌و بەیانكران، هەروەها زۆرێك ژمارەیەك له راپۆرتی زانیاری‌و ئاگادارییەكان (ئاگالێبووەكان) دەرچوون‌و گەیەنران.

ئەوەی شایانی باسە له بەدواداچون‌و سەرنجدانی ئەو هەموو ماندوبوون‌و شەونخوونیەی كه رێكخراوی تەندروستی جیهانی كێشای‌و بە خەرجیدا لەم بوارەدا، هیچ گۆڕانكارییەكی ئەرێنی چاك نابینرێ (بەدی ناكرێ) ئاماژەی پێنەدراوەو نەهاتووە.

نەخێر، بەڵكو دەرەنجامێكی پێچەوانەی سەرسوڕهێنەر بەدی ئەكرێ له ماندوبوونەكانیاندا، ئەویش ئەوەیە كێشەو گرفتەكە له زیادبوونی بەردەوامدایە ئیتر له جۆری ئەم نەخۆشیانە بێت یان ژمارەی تووشبوان بەم نەخۆشیانە، بە جۆرێك ئەوەندە زیادیان كردووە... ئەویش بەهۆی ئەوەی كه سوود وەرگیراوە له تەكنەلۆژیا، یان بەهۆی ئاسانكاری لەگەیاندن‌و گەشت‌وگوزارو هاتووچۆو ڕێگەوبان یان له لێكهەڵوەشانەوەی بەدڕەوشتی.

لەسەرەتادا راپۆرتەكانی رێكخراوی تەندروستی جیهانی كارەكە زۆر گەشبینانەو دڵخۆشكەرە بوون، زۆر

هیواخوازبوون، دواتر دەستیان کرد بە پاشاکشە (بۆ دواوە هاتن) وەك میزی وشتر بۆ دواوە گەڕانەوە.

هەتا کۆتا راپۆرتیان دڵنیاییدا کە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان زۆرترین نەخۆشین لە جیهاندا کە بڵاوبونەتوە، (زۆرترین نەخۆشیەك کە لە جیهاندا بڵاو بوبێتەوە بریتین لە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان) وتەبێژی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ئەوروپا رایگایاندو ئاشکرای کردو وتی: ئەم ماوە زۆرو زیادبوونەی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان ئێستە بووەتە گرنگترین و مەترسیدارترین گرفت و کێشەی بەپەلەی تەندروستی کە رووبەڕووی ئەوروپا ئەبێتەوە یەخەی ئەوروپای گرتووە.

هەروەها لەو راپۆرتەی لیژنەی پسپۆڕو شارەزاکانی نەخۆشی سفلس ساڵی ١٩٥٠ کە ئەڵێ: ئێستە وای لێهاتووە زۆر قورس و گرانە بە دەستخستنی ژمارەی راستی تووشبووان بەم نەخۆشییە (ناتوانین ژمارەی تەواوی راست و دروست وەرگرین و بەدەستی بهێنین) لەبەر ئەوەی تووشبوانی ئەم نەخۆشیانە لە نۆڕینگە تایبەتییەکاندا چارەسەر ئەکرێن و چارەسەر وەرئەگرن، ئەم زانیاری و ژمارانە بەرز ناکرێنەوەو ناگەیێنرێن بەنوسینگەی رێکخراوی تەندرەستی جیهانی، لەبەر پاراستنی شۆرەت و ناوبانگی نەخۆشەکانیان، لەبەر ئەوە ئەو

ژمارانەی کە لە سەرژمێرییەکانی رێکخراودا ئاماژەیان پێئەدرێت، ناگەنە چارەکە ژمارەیەکی راستو دروستو تەواو.

لە راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی ١٩٥٣دا هاتووەو ئەڵێ:

بنکەو گۆگاو گەنجینەکانی نەخۆشی سیلان زۆر زیادی کردوە لە ئەمریکای باکورو ئەمریکای باشورو ئەوروپاو، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاو، وڵاتانی رۆژهەڵاتی حەوزە (حوض)ی دەریای سپی ناوەڕاستو هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیا.

لە راپۆرتێکی دکتۆر (ثورستن فوت) سەرۆکی بەشی نەخۆشییە سێکسییەکان (زایەندییەکان) لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەڵێ: لە ساڵی ١٩٥٤دا زانیاری بەکەڵكو بەسود لەلایەن رێکخراوەوە کۆکرانەوە، کەوا ٢٠٠٠٠ بیست هەزار کەس توش بوبون بە نەخۆشی سفلس کە ئەم ژمارەیەش ئاساییو بە دڵنیاییەوە چارەکی راستیەکانە (راستیەکی زۆر زۆر زیاترە لەوەی کە خراوەتە روو).

هەروەها لە راپۆرتێکیتری رێکراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی ١٩٥٩دا هاتووە کە نەخۆشی سیلان بەرەنگاریو بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی تەندروستی ئەکات لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا، چونکە بەهۆی ئەوەی کە زۆر بە شێوەیەکی گەورەو فراوان بڵاوئەبێتەوە، لە راپۆرتێکیتری

**ساڵی ١٩٦٠دا هاتووە کە ئەڵێ: ناکرێو نابێ خوگێل کردنو (تجاهل) بکرێت چاوی لێ بنوقێنرێت سەبارەت بە (بەرامبەر) کێشەو گرفتەکانی نەخۆشییە گوزراوە زایەندییەکان بەڵکو ئەمە گرنگترین کێشەو گرفتی (هەرزەکارانو لاوان)و سەربازەکانو ئەوانەش لە دەریادا کار ئەکەنو کرێکارە کۆچبەرەکان لە هەردوو رەگەز، هەروەها ناکرێ بێخەمیو خۆگێل بکرێت بەرامبەر ئەو زەرەرو زیانە مادیەی کە روو ئەدات و بەهۆیو دەرەنجامی ئەم نەخۆشیانە کە زۆربەی زۆری توشبوان پێی لە گەنج و لاوانو، لە ساڵی ١٩٦٢ لە لێدوانێکدا سەرۆکی ئەمریکا (کنیدی)دا رایگەیاندو ئاشکرای کردو وتی: گەنجانو لاوانی ئەمریکی شلو شێواوو گەمژەو گەلحۆو لێکترازاوو هەڵوەشاوو ئاسودەو خۆشگوزەران غەرقو نغرۆی هەواو ئارەزوو شەهوەت بووەو، لە نێوان (٧) حەوت گەنجدا کە رەوانەی (تجنید/ سەربازگیری) ئەکرێن بۆ سەربازی (٦) گەنجیان باشو چاك نینو بەکەڵك نایەن بۆ بوون بەسەرباز بەهۆی خۆ خەریك کردنیانو سەرقاڵبونیان لە شەهواتو ئارەزوو رابواردنیان، کە ئەمەش بەدڵنیاییەوە مەترسییەکە لەسەر داهاتووی ئەمریکاو،پرسو راوێژی کرد بە زانایانو چاکەکارانو چاکەخوازانی کۆمەڵناسان، کە لێکۆڵنەوەو**

توێژینەوە بکەن لەسەر ئەم مەترسییەو چارەسەرێکی بۆ بڕیاربدەن.

لەهەمان ساڵداو لە ساڵی ١٩٦٢دا سەرۆکی روسیا (خروشۆف) ورياكردنەوەو ئاگادارییەکی دەرکرد بە هەمان شێوەو تیایدا وتی: (لاوان‌و گەنجانی شیوعی وا خەریکە دەست ئەکەن (دەستیان کردووە بە لادان‌و خراپەکاری‌و فەسادی خۆشگوزەرانی‌و هەواو هەوەس حکومەتی ئاگادارکردەوە کە بکۆڵیتەوە (بەدواداچون بکات) لە ئاکارو رەوشت لە ژێر دەستی پۆلیسدا لە چارەسەرکردنی لادەران، ئەوەتا سەربازگەی نوێ ئەکرێتەوە لە سیبیریا بۆ رزگاربوون لە لاوانی لادەر (المنحرف) لەبەر ئەوەی مەترسین بۆ سەر داهاتووی روسیا).

هەروەها فەیلەسوفی ئەمریکی (ول دیورانت) لە کتێبەکەیدا (مناهج فلسفه/ پرۆگرامی فەلسەفە) باس لەوە ئەکات‌و ئاماژە بەوە ئەدات کە داهێنان‌و دۆزینەوەی رێگری‌و قەدەغەو نەهێشتنی دووگیانی‌و بڵاوبوونەوەی (بڵاوکردنەوەی) هۆکاری سەرەکی‌و راستەوخۆ بوو لە گۆڕینی رەوشت‌و ئەخلاقمان.

چونکە لە کۆندا یاسای ئەخلاقی پەیوەندی سێکسی کورت کرابوويەوەو کورت بوو بويەوە لە هاوسەرگیریدا، چونکە

ئەبێتە هۆی (دروستبوونی) باوکێتی‌و دایکێتی تاوەکو نێوانیان جیانەبێتەوەو لێك جیانەبنەوە.

بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان سێکس‌و وەچەخستنەوە (بەیەکگەیشتنە سێکسیەکان‌و سۆزی زیادبوون بوون بە باوك‌و دایك‌و خستنەوەی وەچە) هەڵوەشاوەو تێکچووە کە وای لێهاتووە بووە بە دیاردەیەکی مەترسیدار کە بە خەیاڵی باوك‌و باپیرانماندا نەهاتووە، بۆیە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان پیاوان‌و ژنان بەرەو گۆڕان ئەڕۆن‌و لە گۆڕانکاریدان، بەهۆی دەرەنجامی ئەم هۆکارو کارەوەو، ژیانی شار کۆتایی پێهێنان‌و لێك جیابونەوە بەروە ئەوە ئەرشوات کە بێمتمانەیی‌و بێ ورەیی دروست ببێت دەربارەی هاوسەرگیری شەرعی.

لەو کاتەدا کەوا هەموو توێژەرێك پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبوو (شارەزابوو بوو، بوو بوو بە پسپۆر لە پەیوەندی‌و بەیەکگەیشتنە سێکسیەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی ژنهێنان‌و هاوسەگیری دواکەوت (دوا ئەکەوێ) بە تایبەتی لە پیاواندا بۆ تەمەنی دوای ٣٠ساڵی، بۆیە لێرەدا هیچ دەرچوون‌و خۆ دەربازکردنێك نیەو راکردنێك نیە لە دەست هەڵچون شۆڕشی جەستەو تا بەرگری لێبکرێت‌و بتوانرێت جەستەو لەش بەری پێ بگرێت، بۆیە هێزی سەرکوت کردن (رێك‌وپێك دەست بەسەرا گرتن) نەفس‌و دەروون هەواو

هەوەس لاواز کرا (لاوازبوو)و پاکی و پاکیزەیی و پاك داوێنی بوو بە شوێنی لاقرتیٚ و مەخسەرەجاڕیو گاڵتەپێکردنو، حەیاو شەرمو شکۆ شارایەوەو بەر کەنارکراو داواکرا لە ژنانو ئافرەتان کە داوای مافی خۆیان بکەن لە سەرەرۆیی و سەرکەشییێکی بیٚسنور کە داواکەیان گەیشتە ئەوەی کە لەگەڵ پیاواندا مافیان یەکسانە هیچ جیاوازییەکیان نیەو، پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری (ژن هێنان) بوو بە کارێکی ئاسایی و سادە،

لەش فرۆشەکانیش لە جادەو کۆڵانەکان شارانەوە لابران بە رکابەریو بەربەرەکانێی باوەش بۆ کردنەوەیان، ئەم شکڵو شێوەو وێنەیەش (بە لابردنی لەش فرۆشەکان) لای پیاوان کەم نەبوو بۆیە توشی نەخۆشی خەمۆکیو دڵەڕاوکیٚو بێتاقەتیو نەخۆشی دەرونی بوون، ئا لەو کاتە کە ژنانی لەشفرۆش دیار نەمان (پیاوانیش تامەزرۆی ژنانن)و ژن هێنان پێش ئەخریٚو پەلەی لێئەکرێت کە ئەبیٚ هاوڕێیەکی سەر جادەو لەش فرۆشێك بکەیت بە هاوەڵو رەفیقت، ئەم کارەش لە لایەن یاساکانو نەریتەکانەوە پارێزگاری لیٚ ئەکرێت (یاساکانو نەریتەکان) ئەیپارێزنو بەرگری لیٚ ئەکەن.

زۆربەی گومان ئەوەیە کە ئەم ئارەزوو مەیلە لەسەر وەرگرتنی خۆشیو چێژو ئارەزوو هەموو بەرهەمی سروشتە (طبیعة)، لە هێرشەکەی (داروین) بۆ سەر بیرو باوەڕە دینییەکان (ئاینییەکان)، دوای ئەوەی کە لاوانیان بۆ دەرکەوتو زانیان بایی چەندن، بە پارەو ماڵ کڕییانن‌و دەستیان بەسەراگرتن‌و پێیان وتن‌و بردنیانە مێشکیانەوە کە ئاین ناوزڕان‌و (جوێن)و سوکایەتی ئەکات بە یانەو شوێنی رابواردنەکانیان بۆیە ئێوەش لەڕێگەی زاستەوە هەزار رێگەو هۆکاریان گرتەبەر بۆ تەشهیروسوکایەتی کردن بە ئاین.

لە ساڵی ١٩٦٢ لە راپۆرتەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی باس (ئاماژە) بەوە کراوە کەوا شۆڕشی سێکسی وای کرد کە نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان روو لە زیاد بوون بکەن‌و ساڵانە توشبوانیان لە بەرزبوونەوەدان لە (٥٣) وڵاتدا، لە ساڵی (١٩٥٧)وە لە دوای (٥) ساڵ لەم بەروارو مێژووەوە دەرکەوت کە ئەم نەخۆشیانە بەرزبونەتەوەو بڵاوبوونەتەوە لە (٧٦) وڵاتدا.

لە راپۆرتێکدا کە رێکخراوی تەندروستی جیهانی بڵاویکردۆتەوە لە ساڵی ١٩٦٩دا کەوا ژمارەی نەخۆشانی سفلسی تۆمارکراو لە تۆمارگەکانی رێکخراوی تەندروستیدا،

زیاترن له (٥) پێنج ملیۆن نەخۆش، هەر بۆ زانین که بەشێکی زۆر گەورەشیان له سەرژمێره فەرمییەکاندا ئاشکرا نەکراون‌و ئاماژەیان پێ نەکراوه.

له مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٤دا له وڵاتی سوید هات‌و هاوارو هەڵای گەوره نرایەوه کاتێ (١٤٠) پزیشکی بەناوبانگ یاداشتێکیان روبەڕووی پاشاو پەرلەمان کردەوه، تیایدا (له یاداشتەکەدا)و وایان کرد که لێپێچینەوه‌و کارپایی به پەله بکرێت‌و بۆ دانانی سنوور (رێگرتن) لەو ئاژاوه‌و بێ یاسایی سێکسییه، که به راستی هەڕەشه له ژیان‌و گەشه‌و تەندروستی گەل‌و نەتەوه ئەکات‌و داوای یاسایەکی بڕنده‌و یەکلاکەرەوه ئەکەن دژی هەڵوەشاندنەوه‌و لێکترازانی سێکسی.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی نەك هەر خۆی به تەنها نەوەستایەوه بەرامبەرو روبەڕوی نەخۆشییه گوازراوه زایەندییەکان، بەڵکو لقەکانی دەسته‌و دەستگای نەتەوه یەکگرتووەکان هاوکاری بوون‌و یارمەتی دەری بوون بەڵام بێهوده‌و بێ سودبوو، بۆ ئەم مەبەسته رێکخراوی (یونیسکۆ) زۆر هەوڵیدا که روبەڕووی ئەم کێشه‌و گرفته ببێتەوه بۆیه لیژنەیەکی تایبەتی له ساڵی ١٩٦٩دا دروست کرد (تشکلت)، دوای توێژینەوەیەکی زۆر له راده بەدەرو له پێوویست زیاتر، لیژنەکه نزیکەی (٥٠) پەنجا ملیۆن نەخۆشی تووشبوو به

سفلس‌و ٥٠٠ ملیۆن نەخۆش بە سیلانی دۆزیەوە کە سالآنە توش ئەبن لە جیهانداو، ئەم نەخۆشیانە ئێستا پەتاو دەردو کارەساتن لە جیهانداو بوونەتە مەترسییەکی گەورە.

بۆیە دواجارو لە کۆتاییدا دوای هەموو هەوڵە بێسوودەکان، رێکخراوە جیهانییە نا حکومییەکان هەستان بە هاوکاری‌و یارمەتیدانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەم کارە گرنگەدا بۆ چارەسەری ئەم کێشە مەترسیدارەی جیهانییەو، گرنگترینی ئەم دەستانە لە رێکخراوە ناحکومییەکان (یەکێتی جیهانی بۆ لەناو بردن‌و نەهێشتنی نەخۆشییە سێکسییەکان (I.U.V.D.T) بوو، زاناکان (شارەزایان/ پسپۆڕان)ی ئەم دەستەیە لەسەر دوو تەوەرەو بواری پزیشکی (چارەسەری، خۆپاراستن) بواری کۆمەلآیەتیش کاریان ئەکردو چالاکیان ئەنجام ئەدا.

بۆ ئەم مەبەستەش هەستان بە رۆڵی خۆیان بە دروستکردنی لیژنەیی (بەش/ کەرت)، ئەم لیژنانەش کۆتاییان پێهات تا ئەو کاتەی رێکخراوی تەندروستی کۆتایی دەهێنێت بە بڕیارو راسپاردەو ئاگادارییەکانی واتە (تەنها کاری رێکخراوە بووە دروست کردنی لیژنەو لیژنەکاری‌و دەرکردنی بڕیارو راسپاردەو هیچیتر).

هەروەها دکتور (کنج) پسپۆڕ لە نەخۆشییە سێکسییەکان لە راپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە ئەدات کە فەشەل‌و سەرنەکەوتن لە زاڵبوون بەسەر نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان ئەوەیە کە بریتییە لە ئێمە کاتێ ئەمانەوێ کە بڕیار بدەین کە گەورەترین کێشەو گرفتی پزیشکی کامەیەو (چی)یە کە رووبەڕوویان ئەبێتەوە، هەروەها ئەو کێشەو گرفتەی کە گەورەترین‌و زۆرترین خەڵك داوائەکات بۆ حەل‌و چارەسەری بۆ ئەبێ بە دڵنیاییەوە دابنرێ بەبێ دوودڵی‌و حەزو خاترو لایەن گرتن بەوەی کەوا کێشەی نەخۆشییە گوازراوەکان یەکەمین‌و لەپێشی پێشەوەی لیستەکەدان.

کرداری زاڵبون بەسەر ئەم نەخۆشیانە بە تەواوی نییە لە ژێر دەستی پزیشکی پسپۆڕدا، هەروەك دکتۆر (سدنی لارد) ئەڵێ: کە یەکێکە لە (پسپۆڕە یەکەمینەکانی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان)، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە گۆڕاوە لە رووی ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەوە لۆمەو گلەیی‌و گازندە ئەخەنە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی کەوا لە کاروباری سێکسیدا شلی‌و نەرمی نواندووە، تا لە جڵەو ترازاو زاڵبوون بەسەریدا قورس‌و گران بووە.

تەنها وەنەبێت کە بەردەوام بەتەمان‌و هیوایان هەیە بە دروستکردنی (کوتانێك) بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە شەڕو خراپەو زیانەکانی ئەم نەخۆشیانە، لەگەڵ ئەو هەموو فەشەل‌و سەرنەکەوتنە خێرایانەی کە هەموو هەوڵەکانیشی تا ئێستا بێ سوودو بێ‌کەڵك بوون.

(برستون) هیچ گرنگیەك‌و پاساوێك نابینێت لە ئامادەکردنی وێنەی ئەم کوتانانە کەوا وەك پاساوێك، بڕوای وایەو بە رای ئەو (برستون) کە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان نەخۆشییەکی هەڵبژاردەیین کەسەکە خۆی هەڵیئەبژێرێ‌و تووشی کەسەکە ئەبێ بە ویست‌و ئیرادەو هەڵبژاردەی خۆی، کە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ نەخۆشییە میکرۆبیەکانیتر بە تەواوی.

گەنجان‌و لاوانی هەردوو رەگەز خۆیان چاك ئەزانن کەوا بەیەك گەیشتن‌و پەیوەندی سێکسی ناشەرعی بەبێ دودڵی‌و بە دڵنیاییەوە ئەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییە سێکسییەکان، زیادو (زیاتر) لەوەش گرژی‌و ئاڵۆزی‌و تێکچونی پەیوەندی خێزانی، نەبوون‌و نەمانی هەستکردن بە خۆشبەختی‌و دڵئارامی‌و توندوتیژی، لێك هەڵوەشانەوەی خێزان‌و زۆری تەلاق‌و جیابونەوەو هەڵهاتن‌و پەرتەوازەبون

ونبون‌و لەدەستچون‌و شتیتر، ئەمانە هەموویان ئافات‌و دەردی کوشندەو لەناوبەرن.

گریمان ئەگەر ئێمە سەرکەوتووبووین لە ئامادەکردنی (کوتانەکان/ مطاعیم) بە تایبەتی دژی نەخۆشی سیلان یان سفلس بۆ نمونە، گومانی تێدا نییە کە هەڵە لەگەڵ خۆمان ئەکەین‌و خۆمان ئەخەڵەتێنین، هانی زیادکردنی ئەم کێشەو گرفتە ئەدەین لە کۆمەڵگەدا بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، چاکترین ڕێگەی نمونەیی بۆ زاڵبوون بەسەریدا (ئەم کێشەیە بریتییە لە دەستگرتن بەسەر (سەرکەوتن بەسەر) هەموو ئەو شتانەی کە ئەبنە هۆی ئەم کێشەو گرفتانە لەسەر ئاستی تاك‌و کۆمەڵ، لە لادان‌و ئاژاوەو بێیاسایی سێکسی لە نێوان‌و لەلای خەڵکدا.

سەرەڕاو زیاد لەوەش کەوا پێویستە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تێبگات کەوا سەرکەوتوو نابێت، زاڵنابێت بەسەر نەخۆشییە سێکسیەکاندا بە سەپاندن‌و دانانی یاساکانی (هێزو بە زۆر) بەسەر خەڵکیدا، بەڵکو بەسەربازیکردنیان بە دژایەتی‌و بە گژداچوونەوەی ئەم نەخۆشیانە لە ڕێگەی دەرونی خۆیانەوە، کە ئەوەش بۆ ژیانەوە پێویستە کە پێی ئەوترێ (تەندروستی روحی) واتە

بەكارهێنانی كاریگەری‌و رۆڵی روحی بەرامبەر لایەنی (بواری) هۆكاری ماددی.

بەم شێوەیە هەموو خوێندنەوەكان رایان گەیاند كە كێشەكە گەیشتۆتە قۆناغی مەترسی‌و زۆر ترسناك، هەتا وای لێهاتووە كە نەخۆشییە گوازراوەكان زایەندییەكان‌و ئاسەوارە (شوێنەوارە) تەندروستی‌و كۆمەڵایەتی بوونەتە باسی كۆنگرەی رێكخراوی تەندروستی جیهانی (ژمارە ٢٨) كە لە ساڵی ١٩٧٥ بەستراو سازدرا لە هەوڵێكی نەزۆك‌و بێهیواو نائومێدیدا بۆ سنورێك لە بڵاوبوونەوەی، دانانی رێگە چارەیەكی نوێ بۆ زاڵبوون بەسەریدا، كە زۆر سەركەوتوو نەبوون نەیانتوانی سەركەوتن بەدەست بهێنن زاڵ بن بە سەریدا، بۆیە پەنایان برد بۆ بەكارهێنانی ئەو شتەی كە پێی ئەوترێت تەندروستی رۆحی كە لە راپۆرتی ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٩دا ئاماژەیان پێداوە كە لە ژێر ناونیشانی (اهمیە الصحە الروحیە/ گرنگی تەندروستی رۆحی) ئەمەش وا دەر ئەخات ئەمە ئاشكرای ئەكات بە پەنابردنی بۆ (رێكخراوی تەندروستی جیهانی بۆ لای زانایانی ئاینی كە بە دورو درێژی لە راگەیاندنی قاهیرەدا كە لەم كتێبەدا بڵاو كراوەتەوە.

بەهەر حاڵ هەر چۆنێك بێت لەگەڵ ئەو هەموو هیلاکیو هەوڵو تێکۆشانەش تا ئێستاش کێشەی نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدان خۆزگە هێڵکارییە بەیانییەکانو زمانی ژمارەکان، کە گۆڤارەکانو خولە زانستییەکان هەڵسو کەوتی لەگەڵدا ئەکەنو هەندێ لایەنی کێشەکە رون ئەکەنەوە، (هەرچەندە) ئەگەر چی تەنها ئەوانەیان کە ئامادە ئەبن بۆ چارەسەر کردنو چارەسەر وەرگرتن، بەلاّم ئەوانەیان کە ئامادە نین بۆ چارەسەر وەرگرتنو دەسەلاّتی تەندروستی پێیان نازانێ، ئەوانە بە راستی ئەوەندەیترنو زیاترن لە ئامادەبوانو وەرگرانی چارەسەر.

هیچ شوێنێ یان دەوڵەتێك نەماوە کە ٨٩٪ لە سەدا هەشتاو نۆی ئەندامانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە نەخۆشیە گوازراوە زایەندییەکانیان تیا دەرکەوتووە بەتایبەتی ئایدز، کێشەکە خراپترو زیاتر ئاڵۆزاو زۆر گەورەتر بووە بە جۆرێك کە زیانو زەرەر بێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سارێژکردن لە کۆنگرەی نائاسایی، هەلاّوێردوودا بۆ کۆمەڵەی گشتی (الجمعیە العامە)و لەگەڵیشیدا رێکخراوە ناحکومییەکان لە ساڵی (٢٠٠٠)دا بە مەبەستی دەرچوون بە بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی کە دەست پێوەگرتنی لەلایەنی هەموانەوە پێویستە، تا سنورێك لە بلاّوبوونەوەی ئەم بەلاّو کارەساتە

جیهانیه، لەگەڵی ئەو هەموو کۆنگرە سالأنەییانە کە ئەگیرێن، کەچی کێشەکە تا ئێستاش بە بەردەوامی هەر ماوەو خراپترو زیاتر ئاڵۆزاو.

لە کۆتاییدا ئەوەی بە دواداچوون بکات بۆ ئەم باسە لە رێگەی ئەم راپۆرتانە یان شتیتر کە لەم بوارەدا نوسراون، ئەوا بە روونیو بەئاشکرا دەرك ئەکات (هەست ئەکات) کە هەموو هەوڵو تێکۆشانێك کە دراوە بۆ سەرکەوتنو زاڵبوون بەسەر ئەم نەخۆشیانەدا یان رێگەگرتنو سنوردانانێك لە بڵاوبوونەوەیاندا.

جێگیر بوو وەك یەك وەستایەوە کە هەموویان فەشەلیان هێناو سەرکەوتوو نەبوون، لە پێشتردا حکومەتە ئەوروپییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەو گرفتانەو دوای ئەوەی هەموو وڵاتێك حەلو چارەی گونجاو بە وڵاتی خۆی جێبەجێ کرد ئەوە بوو هەندێکیان پەنایان بردە بەر هێزو داخستنی ماڵە سۆزانیو خراپەکانو ماڵە لەشفرۆشو داوێن پیسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکە ئەوەندەیتر خراپو ئاڵۆز بوو ئەوە بوو خانووە سادەکانیش جێگەی شوێنە تایبەتییەکانیان گرتەوە هەمان رۆڵیان ئەبینیو، هەندێکیتر لەو وڵاتانە پەنایان بردە بەر کوشتنی سۆزانیو داوێنپیسو هەڵهێنانو راونانیانو گواستنوەیان بۆ لای فرۆشیارانی ئارەزوە گەڕۆکەکان ئەوە بوو شێوەیەکی

نیمچە نێودەوڵەتی وەرگرتو، هەندێکیتر لە وڵاتان پەنایان بردە بەر هۆکارو شێوازیترو کە لە کۆتاییدا پەنایان بردە (پشتیان بەست) بە بەکارهێنانی هێزو زۆرو ستەم.

لەم کاتو زەمانە نوێیەدا وڵاتە هاوپشتیوانو یارمەتی دەرەکان رووبەڕوو بوونەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەو گرفتە لە رێگەی (رێکخراوی تەندرستی جیهانی) ئەوە بوو هەرچی وزەی زانستی بوو خستیە کارو خستییە گەڕ، ماڵو پارەیەکی زۆرو زەبەندو بێشوماری پێشکەش کردو، زانستو زانیاریو شارەزایی پسپۆڕەکانی بەکارهێنا بێهودەو بێسود بوو، لەگەڵ ئەمەشدا (وبذا) هەموو کۆمەڵە دەوڵەتو وڵاتەکان بە کۆمەك كاریان کرد بۆ رێگەگرتنو چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە، ئەوە بوو هەموویان فەشەلیان هێناو سەرنەکەوتن هەروەك چۆن خۆشیان بەتاڵو وەتاڵ دەرکەوت فەشەلیان هێنابوو لەم جارەش بەدەستەجەمی (کۆمەڵ) هەر فەشەلیان هێنا لە دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ ئەم کێشەیە بەم شێوەیە (بەم جۆرە) هیچ شتێك نەمایەوە لەبەردەم رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو تەواوی رێکخراوەکانیتر کە هەوڵیاندا، تەنها زاخاودانی زیاتری راپۆرتەکانیانو ناردنی نیشانەو ئاماژەی ئاگادارکردنەوەو فریاگوزاری نەبێت.

بەم شێوەیە ئەم کێشەو گرفتە ئەمێنێتەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تووشی دڵەڕاوکێ ئەکەن لە دوودڵی و دڵەڕاوکێ و بێ ئارامیدا ئەبن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تووشی بێ ئارامی و بێ ئاسوودەیی ئەبن توشی ئێسقان و ئێسك بۆش و شکاوی ئەبن، مادام لە سێکسدا ڕێگەیەك ئەگرنە بەر کە ڕێگەیەکی جیاو جیاوازە لە فیترەتی پاك و ساغ و تەندروست و سەلامەت.

بە راو هەڵسەنگاندنی ئێمە هەموو هەوڵە نێودەوڵەتیەکان و وڵاتە کۆمەڵگاییەکان یان وڵات و دەوڵەتە جیاوازەکان، بۆ ڕێگاچارەو چارەسەری ئەم کێشەو گرفتە بەرەو دواوە گەڕانەوەو سەرکەوتوو نەبوون و فەشەلیان هێنا.

بەم شێوەیە پێویستیەکانیان بۆ مرۆڤ درێژە ئەکیشێ، بە ئاگرەکەی ئەیسوتێنێ و باجەکەشی ئەدات کە گیان و ژیانیەتی، تا ئەو کاتەی ئەگاتە یەقین کە هیچ پەناو پەناگەیەك نیە تەنها خوا نەبێت کە پەنای بۆ بەرێت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە خاوەنی هەموو خەڵکییەو، خوای پەروەردگار خۆی باش ئەزانێت کە چی بۆ خەڵکی باشەو بەسودە، دەستورو یاسایەکی بۆ هێناون و دایبەزاندوە، بۆ هەتاهەتایی و نەمرە کە هیچ ناهەق و ناڕەوا لە نێوان دەستەکان و لە دواوەیدا نابێت ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴾ ق: ١٦

# بەشی شەشەم
# ئیسلام چارەسەرە

# ئیسلام چارەسەرە

ئیسلامو سێکس:

خوای پەروەردگار مرۆڤی دروست کردو، بونەوەریشی بۆ رامهێنا خستیە ژێر رکێفیەوە رۆژ (خۆر) بە تیشکەکەیو گەرمییەکەی هاوکارو یارمەتیدەرو بەدەمیەوە ئەبێت دەستی لێبەر نادات، مانگیش بە روناکییەکەی هاوکارو یارمەتیدەرەو بەدەنگیەوە ئەبێت، زەویشی راخستووەو رامی کردوەو باری هێناوە کە لە سەری بڕوات لەبەر پێیدا بۆی بتوێتە، لە خێرو بێری زەوی بخوات.

ئاژەڵیش زەلیلو زەبونو ملکەچو بێدەسەڵات کردوە بۆی، بۆی گوێڕایەڵ کردووە لەگەڵ ئەو هەموو هێزو توانایەی کە ئاژەڵ هەیەتی.

دەریایشی بۆ رام کردووەو فەراهەمی هێناوە بە کەیفی خۆی هاتوچۆی لەسەر ئەکاتو لە ئاوەکەشی ئەخواتەوەو، گەشتی ئاسمانەکان ئەکاتو لە هەواکەشی هەناسە وەرئەگرێت، بە شەودا پشوو حەوانەوەو بە رۆژیش کارو کەسابەتو، لەبەر ئەوە بە خۆڕاو گۆترەو کوێرانە دروستی نەکردووە، ویستیشی نیە کە لەم ژیانی دونیایەیدا پشت گوێی بخاتو گوێی پێنەدات، بەڵکو نامەیەكو پەیامێکی بۆ

ناردوەو پێی داوە (هەڵگرتوە)، کارێکی زۆر گرنگیشی هەیە کە لای کەمیەکەی ئاوەدانکردنەوەی زەوی‌و جێنشینی پەروەردگاریەتی لە سەر زەوی.

عەقڵ‌و ژیری داوەتێ‌و وزەو توانایشی پێبەخشیوە، تاوەکو ئەم عەقڵ‌و ژیریەی کار پێبکات لە سنوری وزەو تواناکانیدا، بۆ ئەوەی ژیانی لەسەر، ئەم زەویە رێك‌و پێك‌و خۆشگوزەران‌و چاك‌و خۆشبەخت بێت، لە ژیانی دواییشیدا بەهەشتی نەبڕاوەی بۆ هەیە، دروستی کردووەو بە تەنها بەجێی نەهێشتووە، بەڵکو بەبەردەوامی چاودێری ئەکات هەتاوەکو پێشەوایەتی جێنشێنی خوای بەتوانا بکات‌و ببێتە میراتگری خوا لە سەر زەوی، ئاوەدانی بکاتەوە لەگەڵ ئەوانەدا کە لەسەری ئەژین، لە رێگەی نێردراوان‌و پێغەمبەران‌و، پیاوچاکان‌و چاکەخوازانی، بۆ ناردوون‌و، لەسەری هەموو سەدەیەکەوە (١٠٠)ساڵ جارێك کارو بارو کێشەو گرفتەکانیان بۆ چاك ئەکەن‌و هەڵئەسن بە چاولێکردنیان‌و شوێن پێ هەڵگرتنیان، تاوەکو مرۆڤایەتی بچەسپێ‌و دامەزراوو راوەستاوبێت‌و، بۆ ئەوەی بەهەشتەکەشی بە سەوزایی پێگەیوی‌و پێگەیشتوویی بمێنێتەوە، تاوەکو ئەهیریمەنی ئینسی‌و جنۆکە، زەفەریان پێنەبەن یاری‌و

گاڵتەیان پێ نەکات، لە ئاوەدانکردنەوەی زەوییەوە هەڵیبگێڕنەوەو بەرەو خراپەو فەسادو وێرانکاری بەرن، لە بەهەشتێکی خۆشگوزەرانەوە بۆ جەهەنەمێکی سوتێنەر.

لەو هەموو ئەو شتانەی کە خوای پەروەردگار لە خەزێنەو کۆگاو گەنجینەکەیدا بە مرۆڤی داوە لە غەریزەو هێزو توانا، کە غەریزەی سێکسی بۆ پاراستنو پارێگاری مرۆڤو بەردەوام بوونی ژیانییەتی، ئەوە هەر ئێستا، دوای ئەوەی کە (زایۆنیەت/ زایۆنیزم) بە ناوی زانستەوە گاڵتەی پێ هات) چاوی لێ نوقاندووە، بۆیە ئەبێو پێویستە لە بەرامبەریدا بوەستیت بە یەکێ لەم سێ هەڵوێستانە:

- یان ئەوەتانێ جڵەوی بۆ شل کرد بەبێ ڕێكوپێكیەك یان سنورێك، هەروەك بەرەڵاییەك (الاباحیە)، مرۆڤ لە ژێر سایەیدا ئاژەڵێکە لە رانە مەڕو گەلە ران، هەوڵو تێکۆشانی هیواو ئاواتەکانی لە ژیاندا کورت کردۆتەوە لە خواردنو خواردنەوەی سێکسی ئیتر ئاژەڵ چیتر داوا ئەکات زیاتر لەمانە، ئیتر کۆمەڵگە ئەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاژەڵی، کەسەکان تەنها بۆ خۆیان ئەژینو هیچ ماڵێك نازانێت بچێت پەنای بۆ بەرێتو تیایدا بحەوێتەوەو، هیچ خێزانێك نابێت کە تیایدا زۆر خۆشەویستی بۆ بنێوێنێت، هیچ پیرۆزیەكو

کەسێك شك نابات تا بەرگری لێبکاتو، هیچ پەیوەندییەکیشی نییە کە ماڵو سەروەتی بۆ دیاری بکات، بەڵکو تەنها لاوازیو هێزو توانای بۆ دیاری ئەکات، بەم شێوەیە دابەش بوون بە مرۆڤ ئەکرێت بۆ پلەو پایەی ئاژەڵ.

- یان ئەوەتا بوونیو هاتنی خۆی نەزانێت، (نەزانێت بۆچی هاتووە بوونی چییە) ئەژماری بکات لە پشت کۆڵەکەو پایەی زۆر بەرزدایە کە کپو کەبتی بکاتو بیبەستێتەوە بە زنجیرو کەلەبچەیەکی رەهاو سەربەخۆو سەربەستەوە هەروەك لە رەهبانییەکاندا دەر ئەکەوێ.

کە ئەمەش دوورە لە راستیو حەقیقەتەوە، پێچەوانەو دژو بەر یەککەوتنە لەگەڵ فیترەتی پاكو بێگەردا، (حەزو ئارەزوویەکە) سۆزو خۆشەویستیەك کە خوای گەورە تیایدا (دروستی کردووە) لەگەل نەفسی خۆیدا لە زۆرانبازیدانو لە ململانێدان.

لەگەڵ بوونەوەرو لەگەڵ دەوروبەریشی لە ململانێدان، بۆیە سنورێك بۆ سێکس دائەنێت بەردەوام ئەبێت لە جۆری سێکسەکەیو بۆیە خۆشبەختو ئاسوودە نابێت، سەرکەشو ملهوڕ ئەبێت، بۆیە ژیانیشی دامەزراو نابێتو، زۆر صەبرو ئارام ناگرێت لەسەر ئەم ژیانەی، لەژێر پاڵەپەستۆی (پەستانی) (فشاری) غەریزە فیترییەکانی (حەزو ئارەزوە فیترییەکان)

- یان ئەوەتانێ راستگۆیە لەگەڵ نەفس‌و دەروونی خۆیدا ئەزانێ بوونی چییەو بۆ چی هاتووەو، سوورە لەسەر داواکارییەکانی‌و هەوڵی بۆ ئەدات‌و پێداویستی قەشەنگ‌و جوان چاك تاوەکو تێریان بکات‌و مافیان بداتێ، تێریان ئەکات بەپێی یاسایەکی دیاریکراو، دوور لە کپکردن‌و بەستنەوەیەکی خراپ‌و سوك‌و ریسوا، یان بەردانێك‌و بەرەڵاییەکی شێتانە، بەم شێوەیە بەریەك کەوتن لەگەڵ فیترەتیدا رو نادات‌و، لەگەڵ نەفسی خۆیدا پێچەوانەو دژنین، هەروەها لەگەڵ بوونەوەرو دەوروبەریشیدا هیچ پێکدادان‌و بەریەك کەوتنێك روونادات بەم شێوەیە ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی جێنشینی لەسەر زەوی دێتە ئەنجامدان‌و جێبەجێ بوون.
- ئەو پرسیارەی کە نەفسی خۆی ئەیکات لێرەدا بریتییە لە (کوا ئیسلام (ئیسلام لە کوێیە)؟ هەڵوێستی ئیسلام چی بێت‌و، چۆن هەڵوێست بنوێنێ‌و وەرگرێت.
- لەسەرەتادا هات بۆ مرۆڤ لە خوای مرۆڤەوە، کەوا جێنشینی خوای پەروەردگار بێت، تەکلیفیشی لێکرد کە سەرزەوی ئاوەدان بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش رێگەی بۆ رۆشن کردەوە، رێگەی پیشاندا کە چۆن جێنشین‌و سەر زەوی ئاوەدان بکاتەوە، عەقڵ تیایدا قسەکەرەو روحیش لەگەڵیدا، هەردووکیان بەیەکەوە تێر ئەکات تاوەکوو بە کەم‌و کورتی

ژیان بەسەر نەبات‌و ئەژێنێت)، بۆیە عەقڵی بەجێنەهێشتووە تا بە کەیفی خۆی گەشە بکات لەسەر حیسابی روح یان بە پێچەوانەوە (هەردووکیانی بەیەکەوە گرێدراوەو هەق‌و مافی هەردووکیانی داوە) بەم شێوەیە بەرزی ئەکاتەوە ناهێڵێت دابەزێتە پلەو ئاستی ئاژەڵ‌و حەیوان، ئەویش بەوەی هاوسەرگیری وەك رێگەیەکی دروست‌و رەوا بۆ دیاری کردووە (یاسای هاوسەرگیری بۆ داناوە بۆ تێرکردنی ئارەزووە (غەریزە) سێکسییەکان)و رێگەیەکیش بێت بۆ دروستکردن‌و بنیاتنانی خێزان تاوەکوو سۆزو ئارامی‌و حەوانەوەی تیابکات‌و ببێتە شوێنی پشوو سۆزو وەفاداری، ماڵ‌و حاڵێکی هەبێت کە بتوانێ تیایدا بحەوێتەوە بمێنێتەوەو لانکەیەکی هەبێت، هۆکارێکیش بێت بۆ پارێزگاریکردن لەو جۆرەی کە بەبەردەوام لەگەڵیدایە لە ئاوەدانکردنەوەی سەرزەویداو، دوورخستنەوەی پێکدادان‌و بەریەککەوتن لەگەڵ نەفس‌و دەروونی خۆیدا.

لەبەر ئەمانە خوای گەورە واجب‌و پێویستی کرد کە ژن بهێنی‌و هاوسەرگیری بکات‌و حەرام‌و یاساغی کردووە لەسەری کە رەهبانی بێت‌و هاوسەرگیری لەسەر خۆی حەرام‌و قەدەغە بکات، واتە: گۆشەگیری‌و خۆگرتنەوە لە دونیاو خۆدورگرتن لە لەزەت‌و خۆشییەکانی دونیای یاساغ‌و قەدەغە کردوە).

ئەمەیە هەڵوێستی دادپەروەری مامناوەندی ئیسلام، لە نێوان شێتیەکی بەرەڵاو بێسنوری هەواو ئارەزوو لەگەڵ ئاژاوەو جەنجاڵی ئەنجامدانی کاری سێکسیو، لە نێوان کپکردنو گوێپێنەدانو حەرام کردن لە خۆو تاکیو خۆشبەختو دڵخۆش، بەم شێوەیە هەموو مرۆڤایەتیش دڵخۆشو خۆشگوزەرانن‌و، پاراسستنو پارێزگاری بەردەوام لە جۆری مرۆڤایەتیو ئاوەدانکردنەوەی سەرزەویو بە تەواوی پێکەوە ژیانو پێکەوە تێکەڵ بوونو سازان لەگەڵ یەکترو بە تەواوی لە نێوان مرۆڤو دەرونی خۆیو لە نێوان بوونەوەرو گەردونو دەوروبەریدا.

تێڕوانین بۆ سێکس تێڕوانینێکی گشتیو گشتگیرە، پاڵپشت بەو سروشتەی مرۆڤ کە بە تەواوی دەورەی داوەو، ئەو پێکهاتە فسیۆلۆجییە دەروونیەی مرۆڤو، مەبەستیەتی کە بە شێوەیەکی هاورێکو پێکەوەبونو ڕێکو گونجاو چون بەناو یەکدا بێتەدیو ئەنجام بدرێ لە تێربوونی ئارەزوە سێکسیەکانداو ڕێگە نەدراوە بە تاکەکان بە کۆکردنەوەو هەڵگرتنی وزەی سێکسی تاکو بە درێژایی تەمەنی شتی ئاوا نییەو نابێت، چونکە بەراستی جیاوازیو ئاڵوگۆڕو بەبێ ئەویش دانامەزرێو، راوەستاو نابێتو خۆی ناگرێت، نەخێر

بەڵكو ئەمە كارێكە لەگەڵ شەرعی خواو یاساو ڕێسای خوای گەورە گونجاوەو ڕەزامەندی نواندوە، بۆ لێكۆڵینەوەی مەبەستەكانی مرۆڤەیاتی هاتووە، (غریزەی سێكسی) بە شێوەیەك كە شەرع پێی ڕازی بێت یەكێكە لە مەبەستەكانی شەریعەت.

دەرهێنانو دەركردنی ئەم غریزەیە تەنها بۆ چێژ وەرگرتنی خۆشی، نابێ ئەم غەریزەیە كورت بكەینەوە لە تەنها یەك مەبەستدا، واتە (چێژو خۆشی وەرگرتن)، بەڵكو لە لایەكیترەوە مەبەست دروستكردنو بنیاتنانی خێزانە، پتەوو بەهێزی پەیمانو پەیوەندی هاوڕێیەتیو خۆشەویستی دروستكردنی سۆزو خۆشەویستیو دڵسۆزیو بەزەییو دڵنەرمی لە نێوان پیاوو ژنو كچو كوڕو دایكو باوكو هەردوكیاندا چونكە خێزان شوێنی حەوانەوەو ئسراحەتەو پشوو دامەزراویو جێگیریەو، خێزان كاریگەری دروستكردنی نەوەكانە، هەروەها بەردەوامی لە جۆرو زۆربوونی وەچەو ئاوەدانكردنەوەی سەر زەوی.

لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەنجامدانی كاری سێكسیشی بۆ دابین كردووە ویستو حەزو ئارەزوەكانی بە ڕەوای بینیوە بە شێوەیەكی دروستو شەرعی، تاوەكو

پاکداوێن‌و پاکیزەبێت، خستنەوەی منالّ (بوونی منالّ لەدایك بوونی منالّ) بەندایەتییەکی پاداشت لەسەر وەرگیراوەو، لەم بارەیەوە (لەم روەشەوە) بەو بۆنەیەشەوە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) ئەفەرموێ: (.... وفي بضع احدكم صدقة، قالوا: اياتی احدنا شهوته يارسول الله ويكون له فيها صدقة؟ قال: اليس ان وضعها في حرام كان عليه وزر؟ فكذلك اذا وضعها في حلال كان له اجر...؟.

# ئیسلام و پەروەردە

ئیسلام به تەنها تۆوێك نیه له هەوادا بچێنرێت، بەڵكو پێویستی به واقیعێك (كەش‌و هەوایەكی لەبارو گونجاو هەیه)و پێویستی به زەمینەیەك هەیه، تاوەكو به رێگه تایبەتەكەی خۆی ئاماده بكات، تاوەكو ئامادەببێت بۆ گرتنه خۆی مرۆڤەكان به رێگه تایبەته جوانەكەی، به پێی سروشتی مرۆڤ‌و وزەو توانای فیتری‌و ئەو واقیعه مادییەی كه تیایدا ئەژی ئیسلام رەچاوی ئەم حاڵەتانه ئەكات‌و به هەند وەری ئەگرێت.

كاتێك كه خەڵكی هەست‌و دەرك بەم بەڵگه نەویسته ئاشكراو دیاره ناكات له سروشتی ئەم دینەو رێگەی كاركردنی له ژیاندا ئیتر له بیروبۆچوون‌و تێڕوانینیدا كۆمەڵێك هەڵەی زل‌و گەوره كەڵەكه ئەبن سەبارەت بەم دینه له هزرو بیری خەڵك ئیتر هەندێ لەو خەڵكانه چاوەڕوانیی ئەوه ئەكەن كه مادام لەلایەن خوای گەورەوه ئەم دینه هاتووەو دابەزیوه ئەبێ‌و پێویسته له ژیانی مرۆڤدا به شێوەیەكی سیحرو جادوویی‌و بێسنوورو هۆكارنەزانراوو نادیار ئەم دینه كاربكات‌و، كاتێك ئەم شتانەیان بۆ نایەته دی‌و جێبەجێ نابێ ئیتر تووشی بێهیوایی‌و نائومێدی ئەبن، پشێوی دروستكردن له متمانەو هەتەری (جدیّ) بوونیان وەك پەیڕوو پرۆگرامێك بۆ ژیان.

له راستیدا ئەم ئاینه پرۆگرام‌و (منهج)و یاسای خواییه بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، ئامادەی كردووەو گشتگیرو فراوانه به

تەواوی بەشەکانی و گشتیەکانی، بە هەوڵ و تێکۆشان و وزەو توانای مرۆڤ دێتەدی و جێبەجێ ئەبێ و تەواو ئەبێت و، بەپێی هەوڵ و بەخەرج دانی وزەو تواناکان و کارکردن تیاندا، ئەوەندەش بەرهەم و بەروبومی لێوەرگرێ و دەست ئەکەوێ، کاتێك کە کاروباری بەڕێوە بردن وەرئەگرێ ئیتر ڕێگەی بۆ ئاسان و سوك ئەکرێ تاوەکو کۆتایی، ڕێگە بە تێهەڵکێشان و چوونەناو یەکی تەواوی نێوان مرۆڤ و نەفس و دەروونی و بەدیهێنەرو دروستکەری (خالق) و ژیان و کۆمەڵگەو دەروبەری دواجارژیانی ئەگۆڕێ بە ژیانێکی خۆش و کامەران و خۆشبەخت و خۆشگوزەرانی.

بۆیە لە ژێر سایەیدا هەموو نەخۆشیەکان نامێنن و خۆیان ئەشارنەوە لە جیاتی (لەبری) ئەو نیشانەو بەڵگانەی کە یاساوپڕۆگرامە دروستکراوو دەستکردەکان کە کەم و کورتیان هێناوە لە چارەسەرکردنیاندا، بەڵێ، چارەسەری ئەکات، چارەسەرێکی ریشەیی و بنەبڕی، مرۆڤ پارێزراو ئەبێت لە خراپەو فەساد، نور (روناکی) ببینێ واتە لە خەمی مرۆڤدایە کە تووشی شەڕو خراپە نەبێت پێش ئەوەی چاوی بە روناکی بکەوێت و، لاشی شاراوە نیە (لەلای شاراوە نییە کە کێشەو

گرفتی سەرەکیو بنەڕەتی مرۆڤ تەنها یەك دانەیە ئیتر هەر ڕەنگ‌وڕێنگەو زمانو دیمەنو سەرو سیمایێکی هەبێت.

ڕێگەی ئیسلامی پیرۆز بۆ چارەسەری ڕەمەك (غریزە) ئارەزووە سێکسییەکان بۆ تاك، وەك هەموو چارەسەرەکانی بۆ ڕەمەك (غریزە)و هەواو ئارەزووەکانیتری مرۆڤ، بەم شێوەیە، چارەسەری بۆ کێشەی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان بۆ نمونە پێویستی بە نۆڕینگەو تاقیگەو دەرمانو پسپۆڕییەکان نییە، هەروەها پێویستیشی بە دەستەو تاقمو ڕێکخراوەکانیش نییە، پێویستی بە کۆڕو کۆنگرەو بەڵگەنامەو ئامێری تایبەتی نێودەوڵەتی نیە، بەڵێ (بەبێ تێچوونی مادی) تەنها بیرو بۆچوونو تێڕوانینی تاكو کۆمەڵگە ڕاست ئەکاتەوە سەبارەت بە سێکس)، ئەویش پێشکەشکردنی هەڵوێستێکی ڕاستو دروستو مامناوەند (الوسط) لە نێوان (شێتانە ڕەها دەرچوون بۆ ئارەزووەکانو بێ یاساییو هەرکەس بۆخۆیو ئاژاوەگێریو بێ سەروبەرە سێکسییەکان)و کپکردنو خەفەکردنو سەرنەهێنانە دەرو سەرکوتکردنی) نەهێشتن لە تێربوونی ئارەزووی غریزەی سێکسی بە تەواوی ئەویش دوای ئەوەی کە هۆو بیانو بەهانەکان داخرانو، چاودێرە ناوخۆییو ناوەکییەکان دانرانو دەست بەکاربوون، هەروەها دوای ئەوەی (تێڕوانینەکانو فیترەت) جێگیرو دامەزراوبوون، بە تەنها وشەیەك کۆتایی دێت ئەویش (...

لعكم منتهون) يان بە پيتێکى نەڤى (نەخێر، نا) (ولاتقربوا الزنا...) لە کتێبە (قوران)ە پیرۆزەکەیدا، تاوەکو مرۆڤایەتی بگەڕێتەوە بۆ راستی و ڕاستینە.

بەم جۆرە بە هیچ شێوەیەك (اصلا) نەخۆشییە سێکسییەکان گەشە ناکەن و تەشەنە ناکەن و دروست نابن (لاتنشأ)، ئیسلامی پیرۆز چارەسەری نەخۆشی ئەکات و ریشەکێش ئەکات نەك نیشانە لاوەکییەکانی نەخۆشییەکە، کە ئەمە حاڵی پڕۆگرامە دەستکردو دروستکراوەکانە کە تەنها هەوڵی چارەسەری نیشانە لاوەکییەکان ئەدەن، ئیسلامی پیرۆز هەڵس و کەوت لەگەڵ ئینساندا ئەکات و هەر لە سەرەتاوە ئاگادارەو بڕیار لەسەر ئارەزووی سێکسی ئەدات کە لە ناو ناخیدا خۆی حەشارداوەو بوونی هەیە خوا خۆی دایناوەو بڕیاری لەسەر داوە تاوەکو دونیا بەم شێوە جوان و رێك وپێکەیەوە بەردەوام بێت، خوای پەروەردگار ئەم رەمەکە (غەریزە)یەی دروست کردووە بۆ ئەوەی بژیێت، جا بۆ ئەوەی ژیانی بەردەوام بێت و بژێیت ئەوا پێویستی بە خۆراك هەیە، ئەگەر نا برسی بوونی. زیانبەخش شێت و وێت و گێلی و گەمژەیەو کارەسات ئەنێتەوە، بۆیە پێویستە تێر بکرێت بەپێی رێکخستنێکی فیتری (ضوابط)و تاوەکو تێربوونەکەی

بێنێته دی‌و تحقیق بێت، تاوەکو تاك‌و كۆمەڵگە پارێزراوبن‌و بژین بە سەلامەتی‌و ئاسوودەیی ئەمین‌و ئەمان‌و دڵنیاو دڵ تەئمین بێت لەگەڵ نەفس‌و دەروونی خۆی‌و لەگەڵ بەدیهێنەرو دروستکەری‌و (خالق) لەگەڵ كۆمەڵگەو دەوروبەری.

ژن (ئافرەت) خۆراكی ئەم غەریزەو ئارەزوەیەو، نیوەی كۆمەڵگەیە، خوای گەورە بۆ ئەوە دروستی نەكردووە ببێتە (بووكەڵە) بە دەست پیاوەوە بە كەیف‌و ئارەزووی خۆی یاری پێبكات‌و چی بوێت پێی بكات، بەڵكو هاودەم‌و هاوڕێ‌و شەریكی پیاوەو دروستكەری نەوەكانە، بۆیە پێویستە بە جوانترین‌و باشترین سەیری بكرێت‌و بەرزو گەورەو بەڕێزتر لە (بوكەڵە) بە گۆترەو كوێرانە، ناوی نەنراوە ئافرەت نیوەی كۆمەڵە بە راستی نیوەی كۆمەڵگەیەكی چاك‌و باشن، رۆڵ‌و دەورێكی زۆر گەورەیان پێدراوەو پێسپێردراوە، بە كەسیتر ناكرێت تەنها بەوان ئەكرێت، بۆیە دووبارە پێویستە زۆر رێزی لێبگیرێ ئیتر كچە، خوشكە، دایكە، ژنە، یان ئەندامێكی كارای كۆمەڵگەیە.

رێگاش بۆ ئەمە بڕیاردراوە لەسەر (غەریزەی سێكسی) كە بە شێوەیەكی (رێك‌و پێك‌و ئەخلاقیانە)، لە روانگەی رێزلێنانییەوە بە پێی سروشتی خۆی كە دروست كراوێكی مرۆیی، كە پێداویستیەكی (پێویستیەكی) ئەندامی‌و دەورنی‌و

روحی و جەستەییەکی تەواوە هەروەك تەواوی هەموو غەریزەو ئارەزووەکانیتر.

بەم شێوەیە بەرنامەی ئیسلام (ئەم بەرنامەیە) بە تەنها خۆی (تاکە بەرنامەیەکە)و جیاواز لە بەرنامەو مەنهەجەکانیتر کە هەڵس و کەوت و مامەڵەئەکات لەگەڵ مرۆڤ (وەك مرۆڤ بە تەواوی غەریزەو هەست و وزەو تواناکانییەوە هەموو ئەمانە بە ئیعتبار وەرئەگیرێن کە ئەم بەرنامەو مەنهەجە بڕیاری لەسەر داون، هەر بۆ ئەوەش هاتووە کە ڕێك وپێکی بکات، شیاو بێت بۆ ژیانی مرۆڤایەتی زۆر وردەکار تاوەکو مرۆڤایەتی پارێزراوبێت، ژیانی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت دوربێت لە تێکچوون و نەمان، تاوەکو ژیان پاك و بێگەرد بێت دوور بێت لە لادان و دژەباوو ئەنجامدانی کاری جیاوازو ناپەسەند، هەروەها ژیان بێگەرد بێت لە بەریەککەوتن، شەڕو کوشتار کپکردن و خەفەکردن ئەنجامدان و کەوتنە ناو کاری نا دروست و ناشەرعی و حەرام، جا بۆ بەئەنجامدان و جێبەجێ کردنی هەموو ئەمانە پشتگیری و پاڵپشتمان پێویستە بۆ دروستکردن و بونیات نانی چاودێری خۆیی لە ناخ و دەروون و نەفسی مرۆڤەکاندا، هەڵکەندنی ناکۆکی و دوشمنایەتی نەزعەی شەڕو ئاژاوەو پاڵنەرە هەواو ئارەزووەکان، ئەوەیش

که ئەبێتە هۆی خراپ بوون و تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی.

له باشیەکانی ئەم شێوەو شێوازە له پەروەردە ئەوەیە کە تاك وا لێئەکات کە هەمیشە چاودێربێت بە سەر نەفس و دەرونی خۆیەوە لە ئاشکراو پەنهانداو، هەمیشە هەست بەم چاودێرییە ئەکات و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکات بەهۆی تەرازویەکەوە کە هەموو کارو کردەوەکانی پێ کێشانە ئەکات، بەو تەرازوەی کە لە نەفس و دەروونی و خۆیدا دایناوە هەموو کارەکانی پێ کێشانەو پێوانە ئەکات.. هەرچی شتی خراپ و ناشەرعی و نادروست هەیە وازی لێ ئەهێنێت و لێی دوور ئەکەوێتەوەو، شتە باش و جوان و دروست و شەرعییەکان زیادو زۆر ئەکات بە بێترس لە یاسا یان نەریت و خوو.

تەنها بە ژیانەوەی ویژدان و زیندوو کردنەوەی لە مرۆڤداو لە شعورو هەستیدا چونکە ئەو نزیکە لە خوای پەروەردگار، هەموو خراپەو چاکەکانی لای ئەو تۆمارکراون و ئەژمار کراون ئەبێ رۆژێك بێت کە لە بەردەم دادگای خوای پەروەردگار بوەستێنرێت و کە ئاگادارو زانایە بە خیانەت کردنی چاوەکان (خیانەتکاری)و چیش لە دڵەکاندا خۆیان حەشارداوەو ئەم هەستە دروست ئەبێ و زیندوو ئەکرێتەوە لە نەفس و دەرونی و

ترس له لادان‌و پێچه‌وانه‌ی یاساو شه‌رعی خواو سه‌رپێچییه‌کان‌و کردنی گوناهو تاوان، مه‌یل‌و ئاره‌زوو له سۆزو ره‌حمه‌ت‌و ره‌زامه‌ندی دڵئارامی‌و دڵنیایی‌و ئاسووده‌یی له دادپه‌روره‌ی‌و چاکه‌و چاکه‌خوازیدا،

قورئانی پیرۆز ئاماژه‌ی داوه به هه‌موو ئه‌م داتا جوانانه له زۆر شوێندا، خوای گه‌وره له قورئاندا ئه‌فه‌رموێ ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾ العلق: ١١ - ١٤

هه‌روه‌ها ئه‌فه‌رموێ ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴾ ق: ١٦

﴿ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ۚ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴾ الزخرف: ٨٠

هه‌روه‌ها ئه‌فه‌رموێ ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ ﴾ ق: ٣٥

بۆ هاتنه دی‌و جێبه‌جێکردنی واتاکانی (شرع)ی خوای په‌روره‌دگارو ته‌واوی (په‌رستش)و به‌ندایه‌تییه‌کانی بۆ گه‌شه‌پێدانی ئه‌م دابه‌شیاره‌ی که مرۆڤ به‌رز ئه‌کاته‌وه که هه‌میشه به‌ره‌و سه‌ره‌وه هه‌نگاو هه‌ڵبگرێ‌و به‌ره‌و ئاسۆ

بڕوانێ، بەرزببێتەوە لە هەموو بچوکێك ﴿ ٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَصۡنَعُونَ ﴾ العنكبوت: ٤٥

بەندایەتیی و خواپەرستی بە بەڵگە ڕاستەقینەکەی و بە دەسکەوتە ڕەسەنەکەی، نێرراوەو هاتووە بۆ وزەی ڕوحەکان کە دڵ بەخەبەر دێنێتەوەو ئەیهەژێنێ و، لە بەخەبەر هێنانەوەو ژیاندنەوەی (دڵ)و بەخەبەر هێنانەوەو ژیانەوەش بۆ نەفس و دەرون و ویژدان و، لە مردنی و بێ ئاگابوونیداو دڵیشیدا ئەوکات زەمیرو ویژدانیش ئەمرێت و خێرو چاکەش نامێنێت نورو ڕوناکیش لە قوڵایی و کرۆکی نەفسی مرۆڤایەتیدا ئەکوژێنێتەوەو بۆیە پێپێغەمبەری ئازیزیش (ﷺ) ڕاستی فەرمووە کە ئەفەرموێ (ألا إنَّ في الجَسَدِ مُضْغَةٌ إذَا صَلُحَتْ صَلُحَ الجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ ألا وَهِيَ القَلْبْ) رواه الشيخان.

کاتێ دەرونی مرۆڤایەتی بەم شێوە (ڕیتمە/ شێوەو شێوازە) لە پەروەردە ژیانی ئەباتە سەرو ئەژیی.

ئیتر لای ئەو چاودێری خۆی تەرازوی وردو وردەکار دێتەدی بە ئاکام و ئەنجام ئەگات، خاوەن نیشاندەرێکی زۆر هەستیار ئەجوڵێ بەرەو کێشانەی (باتزان) خێرو چاکە

ئەنجامدەرانیو، بە شپرزەو پەشۆکاویو سەرزەنشتو تانە لێدانەوە بەرەو خراپەو شەڕو شەڕ خوازانو ئەنجامدەرانی.

لەم بوارەشدا پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: (إذا أراد الله بامرئٍ خَيراً جَعَلَ لهُ واعظاً من نفسه) رواه الديلمي. ئەگەر خوا ویستی خێرو چاکەی هەبێت بە کەسێك ئەوا لە دەروونی خۆیدا (لە خۆیدا) ئامۆژگاریکەرێکی بۆ پەیدا ئەکات).

هەروەها بەهەمان شێوە لەم بوارەشدا مامۆستا (ابو حسن الندوی) ئەڵێ: (ئیمانو باوەڕ قوتابخانەو خوێندنگەیەکی رەوشتیو ئاکامییەو پەروەردەیەکی دەروونیو ئەو کەسە پڕ ئەبێت لە بەهاو رەوشتی زۆر چاكو جوانو گەورە (فضائل)، لە ئیرادەیەکی زۆر بە هێزو داکوتراوو پتەوو توندو، هێزی دەروونیو سەرکۆنەو لۆمە کردنو بە ئینصاف بوون لەگەڵیدا، بە راستی (ئیمان بڕواو باوەڕ) بەهێزترین بەربەستو قەدەغەکەرە کە مێژوو ئەخلاقو زانستی دەروونو دەرونناسان ناسیبێتیو پێناسەی کردبێت، لە لادانو هەڵەو تاوانو کەوتنە ئەخلاقیو بەهاییەکان، هەڵەو کەمو کورتیە مرۆییەکانی، کاتێ ئەگەر هەندێ جار وێنە ئاژەڵییەکان یاخیو سەرکێشی بکەنو مرۆڤ بکەوێتە ناو هەڵەکانییەوەو دوور لە چاوی یاساوەو ئەو کاتە ئیمانو باوەڕ ئەگۆڕێ بۆ

نەفسێکی لۆمەکراو (لوامە)ی توندوتیژ ئەو کاتە ویژدان ئیشێکی کەمو توندی لە ناکاوی پێئەگات، خەیاڵێکی ترسناك کە خاوەنەکەی لەگەڵیدا ئاسوودە نابێت، تاوەکو دانبنێ بە هەڵەو تاوانو گوناهیدایە لەبەردەم یاسادا.

دەروونو نەفسی خۆی ئامادە بکات بۆ سزایەکی توند کە بە دڵنیاییەوەو بە ئاسوودەیی بەرگە ئەگرێ، دورە پەرێز بێتو خۆی بپارێزێ لە خەشمو کینی خوای پەروەردگارو سزای رۆژی دوایی.

لێرەدا ئەمەمان بەیاد ئەهێنێتەوە کە لە چیرۆکی دانپیانانەکەی ماعزی کوڕی مالکی ئەسلەمی کە مسلم بۆمان ئەگێڕێتەوە (خاوەنی صحیح) لە سەنەدەکەیدا لە عبداللە کوڕی بریدە لە باوکییەوە کە ماعز دێت بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پێی ئەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا من ستەمم لە خۆم لە دەرونو نەفسی خۆم کردووەو زینام کردووەو، من ئەمەوێ کەوا پاکم بکەیتەوە، پێغەمبەری ئازیزیش(ﷺ) ناردییەوەو وەلامی نەدایەوە، بۆ سبەینێش بە هەمان شێوە هاتەوە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) دووبارە پێی وتەوە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من زینام کردووە، بە هەمان شێوەی دوێنی وەڵامی نەدایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بە شوێن قەومەکەیداو پێی فەرموون:

ئایا ئەزانن بە عەقڵی توشی شتێك نەبووە (شێت نەبووە) (اتعلمون بعقله بأسا تنكرون منه شيئا)، قەومەکەشی وتیان : هیچی لێنازانین بێجگە لە ژێریو عاقڵی دابێتو یەکێکە لە چاکەکارانو پیاوچاکان وامان بینیوە، دووبارە بۆ ڕۆژی سێهەم بۆ جاری سێهەم ماعز هاتەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەهەمان شێوەو دووبارە ناردی بە شوێن قەومەکەیداو پێی فەرموون، ئەم کابرایە عەقڵی لە دەست نەداوەو شێت نەبووە، قەومەکەشی وەڵامی پێغەمبەریان دایەوەو وتیان نەخێر توشی هیچ نەبووەو عەقڵی لەدەست نەداوەو شێت نەبووە، دوای ئەوەی بۆ جاری چوارەمو ڕۆژی چوارەم هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) چاڵێکیان بۆ هەڵکەندو فەرمانی کردو ڕەجم کراو بەردباران کرا. مسلم ریوایەتی کردووەو گێڕاویەتییەوە.

بەڵێ نمونەی ئەم چیرۆکە داپۆشەرە کاریگەری ویژدان بەدەردەکەوێتو بەرز ئەنرخێنرێت لێیەوەو لەمەوە ئاسەوارو شوێنەواری ویژدانو چاودێر دەرئەکەوێتو بەرزئەبێتەوە، کە ئیسلامی پیرۆز سورەو جەخت ئەکاتەوە لەسەر بنیاتو دروستکردنی لە نەفسیو دەرونی مرۆڤایەتیدا بۆ ئەوەی (رابەرو پێشەنگ/ بەرێوەبەری) خاوەنەکەیو کۆمەڵگاو دەوروبەری بگەیێنێ بە کەناری ئارامیو ئاسوودەییو دڵنیایی.

## (ئیسلام و كۆمەڵگە)

دوای ئەوەی كە (زینا/ داوێن پیسی و بەدڕەوشتی) ڕێگەیەكی لارو لادەرە بۆ بەتاڵكردنەوەی و لەناوبردنی وزەی سێكسی، كە بە هۆیەوە (ئەبێتە هۆی) تێكەڵبوونی رەچەڵەك و نەوەو داڕمان و روخانی خێزان و كۆمەڵگەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ستەمو (ستەمكاری)و زۆرداری خراپەو كاری ناپەسەندو ناشیرین، كەمبونەوەو لەناوچونی چاكەو پیاوەتی)، چونكە بەراستی دوژمنن و دوژمنایەتی ئەكەن لەگەڵ فیترەتی پاك و بێگەردی مرۆڤایەتی و دوژمنایەتی ئەكەن لەگەڵ خێزان لە هۆگری و سۆزو خۆشەویستی و دڵئارامی و ئاسوودەیی و دڵجێگیری و دامەزراوی و نیشتەجێبون و، روخانێكی دیارو دەركەوتووی كۆمەڵگەیەكە لەسەر تاك ئەكەوێ و یەكەم جار تاك تیا ئەچێ و وێران ئەبێ ئەوجا دووەم جار خێزان خراپ و وێران ئەبێت دوای ئەوەی كەوا ئاكامو دەرەئەنجامی نەخۆشییە سێكسییەكان مەترسی دارو ترسناكە.. لیستی نەخۆشییە (درم/ پەتا)ییەكان لە پێشەوەو لە سەرەتادان هەروەها تاكەكان تێك وپێك ئەشكێنێ و دواترو دواجاریش كۆمەڵگەكان.

بینیمان كە ئایینە ئاسمانییەكان هەموویان كۆكن و كۆدەنگن لەسەر حەرام كردنیان و دژایەتی كردنیان، بە تایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام كەوا زۆر بە توندی نەهی لێكردووەو

دورکەوتنەوە لێیان‌و نزیك نەکەوتن‌و توخن نەکەوتنیان کێشەو گرفتی زیانبەخشی لێئەکەوێتەوە، لەم روەو لەم بارەیەوە، خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ ﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ﴾ الإسراء: ٣٢

هەروەها ئەفەرموێ ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ﴾ الفرقان: ٦٨

کاتێ ئیسلام زینا حەرام ئەکات (ئیسلام ئەگەر زینا حەرام بکات ئەوەش ئەبێتە هۆی زیناو بەرەو زینا ئەڕوات) ئیسلام حرامی کردووە بۆ ئەوەی لە دوای ئەوەوە کۆمەڵگەیەی باش‌و بەرزو بەڕێزو ئەخلاق بنیات ئەنێ، کەوا تاك لە ژێر سێبەرو سایەیدا ئەحەسێتەوە لەگەڵ دەروون‌و بونەوەرو دەوروبەری گونجاوو رێك‌و تەبایە، تاوەکو خێزانێکی تۆکمەو پتەوو بەهێز بەرهەم بهێنێ، کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ‌و هاوڕێك‌و پاك‌و بێگەرد بێنێتە ئاراوە، هەروەها لە رێگەی ئەوەشدایە کەوا بنکەو بناغەو پێداویستی پێویست بۆ ئەنجام گەیاندن‌و بەدیهێنانی ئەم مەبەستە بنیات بنێ‌و دروست بکات.

کاتێ ئیسلامی پیرۆز رەفتارو ئاکارێکی ناپەسەند (یاساغو قەدەغە) ئەکات لە هەڵشەیی و زۆرداریو نارەوایی)ەوە نییە، خوای گەورە لە پێشدا ئاگادارە بە ئاسەوارو شوێنەواری خراپەو گوناهو تاوان لە سەر مرۆڤ.

کاتێ کە دروستی کردووەو هێناویەتە بوونو خەڵقی کردووە لەسەر جوانترین شێوەو شکڵو پێکهاتە دروستی کردووە، کاتێ کە زینا حەرامو یاساغو قاچاغ ئەکات بۆ نمونە، زاناو ئاگادارە بە ئاسەواری وێرانکەر لە سەر تاکو کۆمەڵگە.

بۆیە زۆر بە توندی نەهی لێئەکاتو حەرامی ئەکات کە نەکرێتو توخونی نەکەونو بە دوور بن لێی.

خوای گەورە بەڵێنی خۆی ئەباتەسەر بە بکەری ئەم کارەو ئەو کۆمەڵگەیەیش کە ئەم کارەی تێدا ئەنجام ئەدرێو بڵاوەی تێدا ئەکرێت بە خراپی داهاتووی ئەو گەلو کۆمەڵگەیە لە دونیاو لە رۆژی دواییشدا خوا تۆڵەیان لێئەسێنێتو سزای توندو سەختیان ئەدات.

بۆیە بینیمان کە ئەو کارانەی حەرامو (یاساغ) کردووە هەرچیش کە ئەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەیو ئەو کارانە حەرامی کردووە بۆ داخستنو نەهێشتنی بیانو بەهانەیە، هەموو پێشەکیەکانو بانگهێشتەکانی حەرام کردووە لە (خۆرازاندنەوە) نەفامیو خەڵوەتی گوناهو تاوان، تێکەڵاوی

بێکەڵك‌و بێسوودو پوچ‌و بێ ئەنجام‌و وێنە رووتەکان‌و (ئەدەب‌و هونەری بێڕەوشت‌و بێ ئابڕووی (دیارو گۆرانی بەدرەوشتی لەرادەبەدەر.

بۆیە زانایانی فقه بڕیاریان دا ئەو شتانەی کە ئەبنە هۆی دروست بوون‌و هاندەرو رێخۆشکەری کاری حەرام، ئەوانە هەموویان حەرامن، کاری حەرام تەنها لەسەر بکەرەکەی کورت ناکرێتەوەو ناوەستێتەوە بەڵکو بازنەکەی فراوانتر ئەبێت بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی بەشداریان کردووە لەم کاری حەرامە، بە هەوڵی ماددی (پارەو پول) یان بە ئەدەبی (قسەو نوسین) هەر هەموویان بگرێتەوەو شمولی هەموویان بکات، بۆیە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەبنە هۆی وروژاندنی غەریزەی نوستوو هەر هەموویان حەرام‌و یاساغن،

هەموو ئەو کارانە کە ئەبنە هۆی کردنەوەی دەرگای فیتنە لەسەر پیاوان‌و ژنان‌و یان حەزبزوێن‌و وروژێنن بۆ بەد رەوشتی‌و داوێن پیسی یان نزیك بکەوێتەوە لەو کارانەو یان بەرەو ئەو کارانەو رێ‌و شوێنی ئەو کارانە بگرێتە بەر هەر هەموویان حەرامن.

لە بەرامبەریشەوە (لە بەرامبەر ئەوەشەوە) ئیسلام هەوڵی جیدی خۆی ئەدات بۆ بڵاوبوونەوەو رەخساندنی کەش‌و

هەوای کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی پاك و بێگەردو، ژینگەی پاك و خاوێن و دوور لە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤەکان فریودان و دەسخەرۆ ئەکەن، سەرکەشی ئەکەن و ئەبنە هۆی دروستکردنی کاری خراپە (کەوتنە ناو) کاری خراپەو ناشیرین و نا پەسەندەوە بۆ ئەوەی خەڵکی یەکلاببنەوەو دەستیان نەگرێ و سەرقاڵی شتیتر نەبن بەڵکو بەکاری باش و بەرهەمدارەوە خەریك بن و خۆیان سەرقاڵ بکەن.

لەم رێگەیەشداو لەم پێناوەشدا لە تاکەوە دەستی پێکرد بە پەروەردە کردنی چاکی تاکەکان، لە دەروونیاندا تەرازوویەکی هەستیاری چاند کە هەموو کارو کردەوەکانی خۆی پێ بکێشێت.

تاکی دروست کرد کە بۆ خۆی ئامۆژگاریکەرێك بێت، کاری خێرو چاکەی لا خۆشەویست ببێت کاری خراپەو تاوانی لەلا خراپ و تاوان بێت و خۆی بە دوور بگرێت لێیان و، دواتر خێزانی بەرێزی دروست کردو بونیات نا لەسەر بناغەی هاوسەرگیری شەرعی، کەش و هەوایەکی بۆ خولقان لە ئارامی و هێمنی و سۆزو وەفاو پەیوەندی و پەیوەست بوون، دواتر بە کۆمەڵگە کۆتایی پێهێنان واتە پەروەردەی تاك و

دواتر خێزان‌و دواجار کۆمەڵگە لەگەڵیشیاندا بنکەو بناغەو یاسایەکی بۆ دابین کردن‌و بۆ رەوانەکردن،

هەروەها بناغەیەکی خۆپاراستنی بۆ فەراهەم هێنان تاوەکو دەرگاکانی شەیتان بگرێت‌و لێیەوە دزە نەکات‌و زەفەر بە مرۆڤو تاك‌و کۆمەڵگە بەرێت، هەموو پەیوەندییەکی سێکسی کە لەسەر بناغەی هاوسەرگیری شەرعی بنیات نە نرا بێت حەرامی کردووەو، هەموو کارو کردەوەو قسەو گوفتارێکی حەرام کردووە کە دەرگای پەیوەندی حەرام بکاتەوە.

## (ڕاپەڕاندنو وجێبەجێ کردنی کارە خۆپاراستنەکان بۆ ڕێگەگرتنو داخستنی دەرگاکانی شەڕو خراپەو فیتنە).

١- دوورکەوتنەوە لە هەژێنو وروژێنەرەکان/ المثیرات).

هەموو رەوشتو ئاکارو هۆکارێكو قسەو گوفتارێكو نوسینێك کە ببێتە هۆی وروژاندنی رەمەك (غەریزە)و (ئارەزوو)، بڵاوکردنەوەی داوێنپیسیو بەدڕەوشتی، ئەمەش بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی پاكو خاوێندا بژیتو ژیان بەسەر بەرێتو هیچ پەستانێکی دەرەکی کار نەکاتە سەریو کاریگەری نەبێت لەسەر (اعصابە/ هەستو شعوری).

٢- دوورکەوتنەوە لە تێکەڵاوی/ بۆ نەهێشتنو برینی بەهانەو بیانو بڕینو بنەبڕکردنو لە ریشە دەرهێنانی شەڕو خراپەو فیتنەو داوێنپیسیو بەدڕەوشتی.

ئیسلام قەدەغەو ڕێگەو مۆڵەتی نەداوە بە تێکەڵاوی مەگەر تەنها بۆ مەبەستەکانی شەریعەت نەبێت وەك (خواپەرستی بەندایەتیو زانستو جیهادو تێکۆشانی)و، لە سنوری شەرمو شکۆو رەوشت جوانی وریابونو پەریزو پاراستنی شەرعو بەرنامەی خوا دەرنەچێت، شاراوە نیەو ئاشکرایە کە تێکەڵاوی لەنێوان هەردوو رەگەزدا (نێرو مێ)، ئەوە یەکەمین

هەنگاوە کە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی کۆتایی پێهاتووە کە لە ئێستادا تیایدان لە بێئابڕویی و بێشەرمی ریسوایی و گیراوو بەندکراوی)، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە تێیکەوتوون کە ئێستە گیرۆدەن بەو دەردەوە ئەتلێنەوە.

٣- چاوداخستن/ بۆ خۆپاراستنی مرۆڤ کاتێ کە ئارەزوەکانی ئەجوڵێ و مەیلەکانی ئەوروژێنرێت، ئیسلامی پیرۆز فەرمان ئەدا بە چاوداخستن لە ئاست نامەحرەم و دوانەکەوتنی ناموس و شەرەفی خەڵکی، ئاشکراوو شاراواوە نیە کە روانین و سەیرکردن نامەبەرو سەرەتاو رێخۆشکەری زینایە، دەرگایەکە کە لێیەوە (لە رێگەیەوە) هۆکارەکان و پاڵنەرەکان مەیل و هەواو ئارەزوو درێژە ئەکێشێ، خوای پەروەردگار بینایی چاوەکانی کردووەتە ئاوێنەی دڵ ئەگەر مرۆڤ چاوی داخسن ئەوا دڵیشی ئارەزووەکانی دادەخاو دادەپۆشێ، روانین و سەیرکردن وەکو ئەڵێن کاری تیر ئەکات لە تیرو کەوانەکەیدا ئەگەر نەیشیکوژێ بریندار ئەکات، لە ئاستی روانین و سەیرکردن لە مەنزیلەی پزوشك و ئاگرو چەخماخە لە ناو چیلکەدایە، ئەگەر هەمووی نەسوتێنێ هەندێکی (کەمێکی لێ) ئەسوتێنێ.

٤- داپۆشینی ئافرەت/ لە رێگەی دورخستنەوەی بەدخوی و بەدرەفتاری، ئیسلامی پیرۆز واجب و پێویستی کردووە لەسەر

ئافرەت کە جلو بەرگێك بپۆشێ کە لەشو جەستەو جوانیو دڵفڕێنو شەیدایەکانی دابپۆشێ، لەبەر ئەوەی ئەمە ڕێزێکە خوای گەورە لێی ناوە داپۆشەرێکە بۆی خۆی پێ داپۆشێو کە هەر لە سەرتاوە بۆ ئەوە دروست کراوەو، پارێزەرێکیشە (ئەیپارێزێ) لە تیرە هەڵچوو بێمەبەستەکانو تیرە هەڵەشەییو سەرکێشەکانو سەیرکردنو بینینە رابواردنو گاڵتە ئامێزەکان.

## (هاوسەرگیری چارەسەری سروشتیو فیترییە)

ئیسلامی پیرۆز (پەت/ حبل) سێکسی پەیوەندیو بواری سێکسی وازلێنەهێناوەو پشتگوێی نەخوستووەو لە نامۆییدا بەجێی نەهێشتوە، بەبێ سنور یان بەبێ کۆت بەند هەروەها ڕێگەشی نەداوە بە پێکدادانو بەریەککەوتنو کردنی غەریزە (هەواو ئارەزوو)ی سێکسیو کۆتو کۆتو بەندکردنی، لەبەر ئەمە بانگەواز بانگەشە ئەکات بۆ ژنهێنانو هاوسەرگیریو ڕێگەشی گرتووە (نەهی کردووە) لە وازهێنانو خۆخواردنەوە، بۆ موسڵمان دروست نییەو راستو حەڵاڵ نیە کە پشت هەڵکاو وازبێنێ لە ژنهێنانو هاوسەرگیری لەگەڵ بوونی تواناو دەسەڵات لەسەر ژنهێنانو هاوسەرگیری، بە بڕو بیانوو بە بەهانەو بانگەشەی ئەوەی کە خۆی یەکلا ئەکاتەوە بۆ

خواپەرستی، واتە یەك لابووەتەوە تەنها ئیش‌و كاری بریتییە لە خواپەرستی‌و بەندایەتی كردنی خواو دوركەوتنەوە خۆدابڕان لە دوونیا.

پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) موسڵمانی فێركردووە كەوا كاتێ فەرمووی (...إِنَّمَّا أنا اعلمكم بالله واخشاكم، ولكن اقوم وانام واصوم وافطر واتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني)، ئیسلام هیچ فرسەتێك‌و هەلێكی لە كیس نەچووەو لە دەست نەداوە مەگەر هاندان‌و جەختی لەسەر هاوسەرگیری كردووەتەوە تیادا، هاندان لەسەر سوك‌و ئاسان كردنی هاوسەرگیری‌و بەبێ كۆسپ‌و تەگەرەو كۆت‌و بەند، لەبەر ئەوەی بە چارەسەری كرداری‌و سەرەكی تۆكمەی داناوەو، باشترین رێگەیەكی فیتری/ سروشتی ساغ‌و سەلیمە بۆ خاڵی كردنەوەی بارگە سێكسییەكان، پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) روو ئەكاتە لاوان‌و گەنجان بە گشتی‌و بانگیان ئەكات ئەفەرموێ (يامعشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فانه اغض للبصر واحصن للفرج، ومن لم يستتطع فعليه بالصوم فانه له وجاء) (بوخاری‌و مسلم) ریوایەتیان كردوەو گێڕاویانەتەوە.

ئیسلامی پیرۆز بەهۆی پایەداری‌و گرنگی مرۆیی‌و تاك‌و كۆمەڵگەكان، رێگەی داوەو شیاوە بە موسڵمان كە

هاوسەرگیری بکاتو زیاتر لەیەك (یەك ئافرەت) بە مەرجی دادپەروەری لە نێوانیادا، لەبەر ئەوەی کە ژمارەی ئافرەتانو ژنان زیاترە لە ژمارەی پیاوان، بۆیە لێرەدا بەرژەوەندی کۆمەڵگەو بەرژەوەندی ژنان خۆیانن کە هەوێداریو ژن زۆری قبوڵبکەن نەك بژین هەموو ژیانیان بەسەربەرن لە قەیرەییو شونەکردوییداو تاوەکوو مەحرومو بێبەش نەبن لە ژیانی هاوسەرگیری ئەوەی کە دەستیان ئەکەوێ لە ئارامیو جێگریو سۆزو خۆشەویستیو قەڵغانو پەرژینو، نیعمەتی دایکایەتی خستنەوەی وەچەو بانگەشەی سروشت).

دکتۆر قرضاوی ئەڵێت (ئەمە یەکێکە لەو سێ ڕێگایانەی کە لەبەردەم ئەوانەی کە ژمارەیان زیاترە لە ژمارەی ئەو پیاوانەی کە توانای هاوسەرگیریو ژنی دووەمیان هەیە یان ئەوەتانێ هەموو تەمەنیا بەسەربەرن لە تەنگو چەڵەمەو تاڵاوی ژیانو داخو حەسرەتو نائومێدو بێبەشو بەشبڕاوی، یان ئەوەتانێ جڵەویان بۆ شل بکرێت تاوەکو لە هەواو ئارەزووی خۆیاندا بژین یان ئامرازی گەمەو گاڵتەو رابواردن بنو پیاوان بخەنە حەرامەوە، یان ئەوەتانێ بۆیان رەواو دروستو شیاو ڕێگە پێدراو بێت لایان شوو بکەن بە پیاوێکی هاوسەردارو بە تواناو کە توانای نەفەقەی هەبێتو بتوانێ ژیانیان بۆ دابین

بكات به دادپەروەرانە، گومانی تێدا نییە کە ئەمەی کۆتایی و ڕێگەی سێیەم باشترین ڕێگەچارەسەرو حەلی دادپەروەرانەیە، هەر ئەمەشە کە ئیسلام حوکمی پێ ئەکات ئەم دادپەروەرییە کە ئیسلام بۆی هاتووە.

﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ المائدة: ٥٠

زینا/ داوێنپیسی و بەدڕەوشتیش یەکێکە وەك تاوانەکانیتر ئەکرێ و ئەبێ هۆکاری دروست و (ماقوڵ و گونجاوی هەبێت لەلای خاوەنەکەی (داوێنپیسەکە) بەڵام ئیسلامی پیرۆز دەوری دەرونی مرۆڤایەتی بەگشتی داوە زانایەو دەرك ئەکا بەو شتە شاراوانەی کەلەدەرونی مرۆڤەکاندا خۆیان شاردۆتەوەو حەشارداوەو ئەو وەسوەسەیەش کە شەیتان پێی ئەکات، بۆ هەموو شتێك حساباتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ئیسلامی پیرۆز خۆی ئەپارێزێ لەم پاکانەو بڕو بیانووو هۆکارانە کە لە دەروونی مرۆڤدا هەیە بۆیە هەڵئەسێ بە چارەسەرکردنی بە جوانترین و باشترین دەرمان و کە بەسودبێت، بێپایان و بێسنورو گشتی و درێژخایەن بێت... چارەسەرەکەشی بریتییە لە (هاوسەرگیری) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رودەدات کە هەندێ خەڵك لە ڕێگەدا توشی کارەسات و بەڵا ئەبن و تاوانی

داوێنپیسی و بەدڕەوشتی ئەنجام ئەدەن و ئەکەونە ژێر سزایەکی توندو سەختەوە﴿ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ﴾ المعارج: ٣١

﴿ كَذَٰلِكَ ٱلۡعَذَابُۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٣٣ ﴾ القلم: ٣٣

**سوپاس بۆ خوا تەواو بوو**

**لە رۆژی هەینی بەرواری ٢٠١٦/٩/٢**

**کە بەرامبەرە بە رۆژی یەك ی**

**(ذی الحجه) ی ساڵی ١٤٣٨**


دورة الإعداد المدربين
مشروع وقاية الشباب
الأمراض المنقولة جنسياً
بالتعاون مع الاتحاد العالمي
للجمعيات الطبية الإسلامية
في محافظة السليمانية



# پێڕست

**بابەت** | **لاپەڕە**


پێشەکی.............................................. ٥

بەشی یەکەم............................................ ١٠

نەخۆشییە گوازراوە سێکسییە کان لە رابردوودا.............. ١١

نەخۆشیە گوازراوەسێکسیەکان لە سەدەی بیستویەکەمدا........... ٢١

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە........................ ٤٥

بەشی دووەم: ........................................... ٥٥

کۆئەندامی زاوزێی پیاوان.................................. ٥٥

کۆئەندامی زاوزێی ژنان.................................. ٥٥

پێشەکی.................................................... ٥٨

کۆئەندامی زاوزێ لە پیاودا.(نێرینە)........................ ٥٨

جۆگەی گۆزەر (گوازەرەوە)................................... ٦٢

جۆگەی (دەرپەڕ/ هەلقولاو)................................. ٦٢

سیکلۆچکەی تۆواو.......................................... ٦٣

رژێنەپاشکۆییەکان.......................................... ٦٣

(کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا) (مێینە)....................... ٦٥

هێلکەدانەکان (المبیضان).................................... ٦٥

(بەشی سێیەم).............................................. ٧٧

(نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکان)............................ ٧٨

نەخۆشی زهری (سفلس) (Syphilis)............................ ٨٠

قۆناغی یەکەم/ primary syphilis.........................................٩٠
قۆناغی دووەم/ secondary syphilis..............................٩٠
قۆناغی سێیەم/ (Tertiary syphilis) .......................................٩٤
نەخۆشی (سیلان/ Gonorrhoea) ..........................................١١١
(نەخۆشی (القرحه الرخوه) شلو نەرمه برین) ...........................١٢٨
(لوو/ گرێ)ی زیپکۆکەیی (حبیبی) لیمفاوی سێکسی)...........١٣٤
(لوو/گرێ)ی زیپکۆکەیی (حبیبی) ئیربی).............................١٣٩
هەوکردنی جیاجیاو (جیاوان)ی چوك..................................١٤٤
نەخۆشی ترایکۆ مۆنیاسس.................... .......................١٥١
نەخۆشی کاند دیاسس ..........................................١٥٩
(گەڕی/ الجرب) ............................................................١٦٤
ئەسپێی دامێن...................................................................١٦٩
نەخۆشی (مولوسکم)ی گوازراوە.............................................١٧١
(نەخۆشی هبرسی سێکسی) ..............................................١٧٤
(بالوکەی ئەندامی سێکسی گوازراوە) ...................................١٧٧
ئایدز AIDS ............................................................١٨٢
(ڤایرۆسی ئایدز) ...............................................................١٩٠
رێگەی بڵاوبونەوە..................................................................١٩١
(قۆناغ (دۆخ)ەکانی نەخۆشیەکەو نیشانەکانی)...............٢٠٠
قۆناغەکانی........................................................................٢٠٢
١- نەخۆشی توند/.................................................................٢٠٢
٢- قۆناغی مت بوونو خۆشاردنەوە...........................................٢٠٢

٣- دەردو نەخۆشی لوو (گرێ)ی لیمفاوی هەمیشە
بڵاو (pgL)..............................................٢٠٣
٤- پێویستیە پەیوەندیدارەکان بە ئایدزەوە (ARC)............٢٠٤
٥- نەخۆشی ئایدز (AIDS )...............................٢٠٥
خۆپاراستن لە چارەسەر کردن باشترە.....................٢٠٨
حاڵەتی نەخۆشی جۆراو جۆر بەهۆی (سێکس)ەوە (هۆکارو
دەرەنجامەکەی لە سێکسەوە بووە)...........................٢١٨.
هەوکردنی کۆمو ڕێکە (proctitis)..........................٢١٨
هەوکردنی دامێن (کۆئەندامی زاوزێی مێینە) ..................٢٢٠
فایمۆسس....................................................٢٢١
(پارافا فایموسیس.........................................٢٢٢
(بلانۆ پۆستایتس..........................................٢٢٣
(ئەو نەخۆشیانەی کە سێکس یارمەتیدەر ئەبێت لە بڵاو بوونەوەیاندا)
..........................................................٢٢٥
سەرەتاو پێشەکی..........................................٢٢٥
بەشی چوارەم...............................................٢٤٠
نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان سسزایی خوایی چۆن؟......٢٣٦
یەکەم/ مەناعەی (بەرگری ) سروشتی..........................٢٣٧
دووەم/ ناوەندو ڕێگەی گواستنەوە...........................٢٣٨
سێهەم/ ڤایرۆسی زوهری لەڕودا وەستانو
بەربرەکانێی زانایان دەکات لە جیهاندا

( تەحەدای زانایانی جیهان ئەکات ٢٤٠.
چوارەم/ (تایبەتمەندێتی توانا) ........................ ٢٤٣.
پێنجەم/ جووتی و دوانەیی(چەندینەیی) ........................ ٢٤٦
شەشەم/ سەرەنجام و پاشەڕۆژ........................ ٢٤٨
حەوتەم/خۆپاراستن و کوتان(بەرگەگری و قایمکاری و پتەوکردن).٢٥١
هەشتەم/ نەخۆشیە سێکسییەکان........................ ٢٥٤.
نۆهەم/کارێکی سروشتیە کە میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوەکان
لە کەسێکەوە (مرۆڤ) بۆ کەسێکیتر بگوازێتەوە........................ ٢٥٥
دەیەم/ سزا جەستەیەکانی کە شیاوو شایانی ئەوەن کە راستەوخۆ
مرۆڤ بکوژن........................ ٢٥٧
یانزەهەم/ نەخۆشیە گوازراوەکان بێجگە لە سێکسیەکان توشی
مرۆڤ دێن (ئەبن) لەیەکێ لە قۆناغەکانی ژیانیدا........................ ٢٦٠
دوانزەهەم/ نەخۆشیە سێکسیەکان جیاوازن لە تەواوی
نەخۆشیەکانیتر........................ ٢٦٢
سیانزەهەم/ خودای پەروەردگار بە جوانترین و بەگەورەو بەنرخترین
شکڵو شێوە مرۆڤی دروست کردوو هێنایە بوون........................ ٢٦٥
چواردەهەم/ دۆزینەوە پزیشکیە نوێیەکان رۆڵێکی باش و ئەرێنیان
هەبووە لەسەر تەواوی (سائر) نەخۆشیە میکرۆبیەکانی وەك (سیل)
........................ ٢٦٨
پانزەهەم/........................ ٢٧١
شانزەهەم/........................ ٢٧٣

حەڤدەهەم/..................................٢٧٥
هەژدەهەم/......................................٢٧٩
نۆزدەهەم/..................................٢٨١
بیستەم/.......................................٢٨٥
بڵاوبوونەوەی.هاوڕەگەزبازیو نێربازی..................٢٨٦
بەشی پێنجەم بانگەشەو بانگەوازەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.......... ....................٢٨٩
ئاگاداریو وریاکردنەوەن یان هاواری فریاگوزارین (فریاکەوتن)ن) ......................................٢٩٠
بەشی شەشەم...........................................٣١٣
ئیسلام چارەسەرە.....................................٣١٤
ئیسلامو سێکس.......................................٣١٤.
ئیسلامو پەروەردە. ...............................٣٢٣
(ئیسلامو کۆمەڵگە) . .................................٣٣٥
(ڕاپەڕاندنو وجێبەجێ کردنی کارە خۆپاراستنەکان بۆ ڕێگەگرتنو داخستنی دەرگاکانی شەڕو خراپەو فیتنە) .. ..................٣٤١
(هاوسەرگیری چارەسەری سروشتیو فیترییە) ..........٣٤٣